گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٥
ساڵی هەشتەم
رەشەمێ ٢٧١٢ی کوردی
فێبرایەر ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هەنار

دەستەی نووسەران:
کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:
مونا عەبدوڵڵا
ئاشنا جەمال

مۆتیف:
هاوژین عومەر

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| هەڵهاتن لە سنووری پێوەرەکان و دیالکتیکی... | کەمال ئەمینی | ٧ |
| ژن لەتەوراتدا.. خوێندنەوەیەک بۆکتێبی... | سارا فەقێ خدر | ٢١ |
| تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت... | سەید قادر هیدایەتی | ٢٧ |
| شانامە کوردییەکان... | سیاوەش گۆدەرزی | ٤١ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| شەش... | سەباح رەنجدەر | ٥٥ |
| تۆ کە نابیتە ژنم... | حەمە کاکەڕەش | ٦٢ |
| دڵێک لە تەنهایی و شەوێک لە باخچەی هەنار... | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٦٤ |
| مەنزڵ... | نیا کامیل | ٧٤ |
| ئەلوەستەیەک و نیگایەکی یاقووتی بۆ تۆ... | موحسین ئاوارە | ٧٨ |
| قەفەزێک لە ناخی باڵندەیەکدا!... | گۆران رەئوف | ٨١ |
| مۆم... | بەرزان بابەشێخ | ٩٢ |
| بیرچوونەوە... | عەلی ئەحمەد | ٩٨ |
| ئەوین... | بەختیار محەمەد | ١٠١ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| ژاک درێداو ئەدەب... | عوسمان ئەحمەد | ١٠٩ |
| یانزە چامەی بورهان شاوی... | جەلال زەنگابادی | ١١٦ |
| کورتەباسێک لەسەر رۆمانی "پیرەمێرد و دەریا"... | ناسر حەقپەرست | ١٣٢ |
| "ئەو پیاوەی لە پەستا چەترەکەیم بەسەردا... | قادر عەلی خا | ١٣٨ |
| میرنامە... شاعیر و میر... | سەباح ئیسماعیل | ١٤٢ |
| بەستێنی سێهەمی چۆم... | یوونس رەزایی | ١٥٢ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| زریان و نزیکبوونەوە لە ئەسترۆفسکی! | کامەران سوبحان | ١٦١ |
| دیدار لەگەڵ نیهاد جامی | عەبدولستار جەباری | ١٦٦ |
| دیدار لەگەڵ غەمگین فەرەج | شەنکار عەبدوڵڵا | ١٧٥ |
| دیدار لەگەڵ ئازەر نەجیبی | شۆڕش محەمەد | ١٨٣ |
| سینەمای سێرجی بارادجانۆف | و. هێمن مەحمود حەسەن | ١٨٧ |

# لێکۆڵینەوە

- هەڵهاتن لە سنووری پێوەرەکان و دیالکتیکی ترازان... — کەمال ئەمینی
- ژن لەتەوراتدا.. خوێندنەوەیەک بۆکتێبی (چیرۆکەکانی... — سارا فەقێ خدر
- تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت — سەید قادر هیدایەتی
- شانامە کوردییەکان — سیاوەش گۆدەرزی

# هەڵهاتن لە سنووری پێوەرەکان و دیالکتیکی ترازان لە چێژی گشتی

کەمال ئەمینی

**١-وەک بەرایی: زمان وەک جیهان- کانتێکستی بوون**

شوێنپێیەکانی جیهانی ئەمڕۆ ئەوەندە لێمان دوورە کە تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەتوانین بیبینین.

نکۆڵی هەڵناگرێت کە ئێمەی جیهانی سێیەم توانای گۆڕینی دونیای مۆدێرنمان بە پێی جۆری ژیان و بیرکردنەوەی خۆمان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە لە ئاڕاستەی ڕەوت و خواستی جیهاندا خۆمان بگۆڕ بکەین، کامۆ گوتەنی ئێمە مەحکوومین بە مۆدێرنبوون، ئەگەرچی لەم حاڵەتەشدا مەترسی ونبوون و پێشێلبوونمان زۆرە، بەڵام تەنیا شتێک کە دەمانپارێزێت زمانە و هیچی تر.

ئاشکرایە کە بەکارهێنانی دەستکەوتەکانی تەکنۆلۆژیا وەک بەرهەمی ڕەوتی پیشەسازی مۆدێرنیتە بە واتای تەنیا ڕێگە بۆ نزیکبوونەوەمان لە شوێن پێیەکانی جیهانی ئەمڕۆ، هەڵەیەکە و دەمانخاتە ناو قەیرانێکەوە کە نە ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ دەهێڵێتەوە نە ڕێگەی دۆزینەوەی خۆمان و نە ڕێگەی بەرەوپێشچوون و بەردەوام هەڵواسراو لەنێوان دوو فەزای دژواز و نا تەبا دا دەمانهێڵێتەوە، وەک ئێستاکەمان کە بە ئەقڵییەتێکی ڕەسەنخواز و نەریتییەوە هەموو کاروباری ژیانی ڕۆژانەشمان گرێی خواردووە بە تەکنۆلۆژیا کە زادەی ئەقڵی مۆدێرنە. ڕێگەی سەرەکی بۆ دەرچوون لەم دۆخە یان لانی کەم پەیبردن بە سووچ و تایبەتمەندییەکانی ئەو قەیرانەی کە

تێیدا دەخولێینەوە و لێکدانەوە و شیتاڵی کردنەوەی ئەوە و گەورەکردنی پانتاییەکانی زمان و زیندووکردنەوەی خەسڵەتی دینامیکی زمانە کە سنوورەکانی دونیای بەرتەسکی ئێمەی پێوە گرێدراوە. هاوردەکردنی تەواوی دەسکەوتە بابەتییەکانی جیهانی مۆدێرن بە بێ ئەو ئەقڵییەتەی کە لە پشتییەوە هەیە تەنیا ناوی گەورەمان بۆ دروست دەکات و دێی وێران.

گادامێر وتەنی: «ئەو بوون-ە کە دەتوانین تێبگەین زمان-ە»و پێموایە ئێمەش بۆ دەرککردن بە جیهان و گەورەترکردنی دونیای خۆمان دەبێ سنوورەکانی زمان بەربلاوتر و تێگەیشتنمان لەوە قووڵتر بکەین.

وەک وتم زمان دیاردەیەکی دینامیکییە و زەین لە رێی دیالکتیکی بگۆڕی نێوان دال و مەدلولەکان و نیشانەو کۆدەکانەوە بزۆزی خۆی دەردەخات و لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕدرێت، لە جۆرێک بیرکرنەوەوە کە شیاوی واقیعی دوێنێیە بۆ چەشنێک بیرکردنەوەی نوێ کە شیاوی مرۆڤی ئەمرۆیە، لە ئەقڵییەتی دێ و خێڵ بۆ ئاوەزمەندی شار و تاک خوازی، لە جوانیناسی کۆن لەسەر ئەساسی سروشتێکی یاخی بۆ دیدێکی جوانی ناسییەکی شیاوی ژیانی نوێ و لە سووچی روانینی جیاواز و تاکخوازانەوە.

لێرەوەیە کە دەبێت بپرسین، زمانی کوردی وەک کانتێکستی جیهانی ئێمە تا چەند رێگەی داوە کە تاکی کورد خۆی لە بەردەم پرۆسەی گۆڕانی فیکری دا ببینێتەوە؟ تا چەند ئیزنی داوە گومان بکەین لە تەواوی ئەو وەڵامە ئامادەیانە کە دەستی خستۆتە سەر تەواوی پرسیارە گرنگەکانی بوون؟ ئایا چۆن دەکرێت دەرفەتێک بۆ ترازان لە عەقڵییەتی باو لە ناو زماندا بدۆزینەوە و لە سووچێکی تەرەوە هەستین بە خوێندنەوەی بوون؟ ئایا زمانی کوردی دەتوانێت هەڵگری باری قورسی شارستانییەتی نوێ بێت؟ ئایا شار، هەڵسوکەوتی شار، جوانیناسی شار، مۆراڵێ شار بە مانا راستەقینەکەی لە زمانی ئێمەدا کە بارگاوی کراوە بە مێژوویەک ئەقڵییەتی سوننەتی لەسەر بنەڕەتی خێڵ و عەشیرەت و گشتیی خوازی و رەهاگەرێتی کە هەڵگری بارێکی دەسەڵات خوازانەیە دەگونجێت؟

### ٢-شیعر؛ شوناسی رووداوێکی زمانی- زەینی

یەکێک لە دیاردە و رووداوەکانی ناو زمان ، شیعرە و باڵاترین ئاستی زمانە بۆ درکاندن و بابەتی کردنەوە- سیلیۆ پلات وتەنی- گشتی کردنەوەی ئەزموونی ژیان کراوی شاعیر، ئەگەرچی لە هەمان ئاستی باڵای زمانییەشدا شیعر هەمیشە مەحکوومە بە شکست لە بەرانبەر ئەزموونی ژیان کراو، هەر بۆیە گەرەنتی بەردەوامبوونی خۆی لەسیاقی شوێن/ کات دا بەدەستدێنێت تا شیاوبێت بۆ دەرخستنی گۆشەیەک لە هەقیقەتێک کە نیتچە وتەنی بوونێکی رەهای نییە مەگەر لە

لێکدانەوەکان و تەئویلەکان دا .کەم نین ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانە کە بە شیوەی جیدی و تایبەت ئاوڕیان لێداوەتەوە و شوێن و پێگەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێن و لە دەروازەی شیعرەوە راڤەی بوون و ژیان و واقیع و... دەکەن.

دیارە رووبەروبوونەوە لەگەڵ هەر دەقێکی شیعری بە مانا بارت – ییەکەی لە راستیدا رووبەرووبوونەوەیە لەگەڵ کۆمەڵێک دال و نیشانە کە لە مانۆڕێکی جوانیناسانە و بە ئارایشتێکی تایبەتەوە کە بە خەسڵەتێکی ئەدەبییەوە بارگاوی کراوە و کۆنتاکتی تایبەت و بگۆڕ دروستدەکات لەنێوان خۆی و خوێنەرو خوێنەرو کۆمەڵگا. رووداني ئەم دیاردە زمانییە هێند گرنگە کە زانستی شیعرناسی وەک یاکوبسن ئەڵێ: تەواوکەری زانستی زماننا‌سییە.

ئەگەر لە سۆنگەیەکی تریشەوە سەرەنجی شیعرو هەموو تایبەتمەندییەکانی بدەین دەبینین کە کانتێکستی زەینی و زمانی هەر شیعرێک واقیعێکی شوێن/کات – ییە کە تێیدا خولقاوە، ئەگەرچی بڕیار نییە ئەو واقیعە دەقاودەقی خۆی لە شیعردا بنوێندرێتەوە و ئەمە شاعیرە کە واقیع لە سووچی نیگای خۆیەوە دەبینێت و لە سیاقی ئەزموونی ئەدەبی خۆیدا هەڵیدەشێوێنێتەوەو سەر لەنوێ دایدەڕێژێتەوە، تەنانەت ئەگەر واقیعخوازانەش بێت. ئەگەر بەوە مەحکووم نەکرێم کە دیدێکی مارکسیستیم بە نیسبەت شیعرەوە هەیە بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەقە شیعرییانە کە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتن لە رەوتی ئەدەبی ئێمەدا لە رووی جوانیناسی و زمان و... زۆر کاریگەریی واقیعیان لە سەرە. بۆ نموونە دەزانین کە سەردەمی نالی دا سوپای داگیرکەری عوسمانی هێرش دەکاتە سەر سلێمانی، ئەمەش وا ئەکات کە لە هەندێک لە شیعرەکانی نالیدا جوانیناسی لە سروشتەوە بۆ جوانیناسی سوپایی بگۆڕێت:

**سیلاحی پەرچەمی پڕخەم ئەگەر تارە ئەگەر مارە**
**برۆ و خەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەودا**

(ئەگەرچی کاریگەری شیعری حافزی شیرازیش لەسەر شیعری نالی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لە بیرمان نەچێت جوانیناسی لە شیعری حافزیشدا لە ژێرکارتێکەری هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر ئێران بووە).

یان زمانی شیعری و جوانیناسی لە لای شاعیرانی بەرەی بەرخۆدان لە رابردووی شەڕەوە تا ئەمڕۆ یان پەنابردن بە زمان و ستراتیژی داداکان لە لای گرووپی جوایز لە کاتی شەڕی ناوخۆ (براکوژی).

دیارە ئەوەی باسی دەکەم شتێکی ئاشکرا و روونە، بەڵام ئەو ئاماژە کورتە رێگەی ئەوەم بۆ دەکاتەوە کە چەند پرسیارێکی دیکە بخەمە ئاراوە: تایبەتمەندییەکانی واقیعی کوردی ئەمڕۆ کامانەن؟ ئەگەر نوێبوونەوەی شیعر هەر لە سەرەتاوە و لە لای

کەسانی وەک واڵت ویتمەن و بودلێر و ... دەرنجامی نوێبوونەوەو شارستانییەت و مەدەنیەتە ئایا نویٚ بوونەوەی شیعر لە لای ئەوەی تورک و عەرەب تا دەگاتە ئێمەی کورد و پاشان فارسەکان دەرەنجامی گۆڕانی واقیع بوو؟ یان دەرەنجامی سەفەر بۆ شار بە مانا تەساموٚحییەکەیەوە و هەست بە پێویستی نوێکردنەوەی شیعر؟ ئایا شار لە لای ئێمە هەر کەڵەکەبوونیماڵەکان و سەرهەڵدانی ئەپارتمان و بەکارهێنانی دەستکەوتەکانی تەکنۆلۆژیایە؟ ئایا مۆراڵ و جوانیناسی، هەڵسوکەوت و ئەقڵییەت لە کۆمەڵگای کوردی لەسەر پاشخوانی دێیە یان بەرەو مەدەنییەت دەچێت؟

بێگومان هێشتا زۆرمان ماوە کە بە شار بگەین، بەڵام کەسێک ناتوانێ نکۆلی لە دروستبوونی کۆمەڵێک کەڵکەڵەو پرسیاری نوێ و ئەندێشەو بیری تازە لە کۆمەڵگای کوردی بکات، خوێندنەوەی ئەو چەمک و تێرمانە کە هاتوونەتە ناو زمان و زەینی کوردیەوە و دروستبوونی چەند گوتارێکی فیکری جیاواز و جاری لە کۆمەڵگا لەپەنای گوتاری زاڵدا خۆی پیشاندەری پرۆڤەی شارستانیەتی نوێیە ئەگەرچی گوتاری زاڵ لە ڕێی هەموو ئاژانسەکانییەوە بەردەوام ویستویەتی کۆمەڵگا بە سونەتەوە گرێ بدات، بەڵام دەروازەکانی وەرگێڕان وخودی تەکنەلۆژی وەک پەنجەرەیەک بەرەوە دەستکەوتە فیکری و زانستییەکانی ئەویدییەکی پێشکەوتوو مەسیری ئەو پرۆڤەیە ساناتر دەکات، دیارە هەر لە سەرەتاوە ئەو پرۆڤەیە لە هەناوی زماندا دەگونجێت، زمانێک کە ڕادێت لە بەرانبەر وەڵامی ئامادەدا پرسیار دروست بکات و لە بەرانبەر مۆنۆلۆگدا دیالۆگ سازبدات و لە بەرانبەر دەنگی گشتی دەنگی تاک بەرجستە بکاتەوە و ... . لێرەوەیە کە سنوورەکانی نێوان شیعری کلاسیک و شیعری نوێ لە زمان و جوانیناسی و ئەندێشەی شیعری دەرئەکەوێت.

### ٣- زمانی شیعری لە جەبری چنین تا ئیختیاری تەنین

ئاشکرایە کە شیعری کلاسیک مەحکووم بوو بە چوار چێوە و کێش و سەروا، ئەو یەکدەستییەی کە لە هەر دوو ڕەهەندی عەینی و زەینی پێکهاتەی دێدا دیارە لە بنەما و پێکهاتی شیعری کلاسیکدا لە چوارچێوەی مسرەع و بەیت بە تەرازووی کێش و سەروا خۆی دەبینێتەوە، زمانێک کە ناتوانێت لە سنوورەکانی کێش و سەروا جوانیناسی گشتی لەسەر ئەساسی سروشت بترازێت وەک تاکێک کە ناتوانێت تەجاوزی سنوورەکانی عەقڵی گشتی و دەسەڵاتی زمان وەک هەڵگری ئەو ئەقڵییەتە نەریتییە بکات لە کۆمەڵگای هاوسان و گشتی خوازدا تاک-یش هەمیسان هەر گشتی خوازە مەگەر ئەوەی وەک نوخبە هەڵبێت تەنانەت ئەگەر ئەو تاکە ڕۆشنبیرە نالی و سالم بن یان قانع و هێمن.

لە شیعری کلاسیکدا شاعیر هەر چەندە بەتواناش بێت، چوارچێوەکان دەرفەتێکی بەرتەسک بۆ درکاندنی ئەزموونی ژیانکراو لە بەردەم شاعیردا دادەنێن،

کێش و سەروا وادەکەن کە دالەکان ئەوەندە کە لە پەنای یەکدا چنراون نیو ئەوەندە نەتوانراون ئەمە خەسڵەتی چوارچێوەکانی شیعری کلاسیکە و پێوەندی بە ئەزموونی شاعیرەوە نییە. بە واتایەکی تر ئەوە چوارچێوەکانن کە توانا و ئەزموونی شاعیر دەخەنە کێشەوە هەر لە چنینی دالەکانە کە ریتم وەکوو لایەنی دەرەکی مۆسیقا دروست دەبێت و چێژی گشتی لەگەڵ خۆی راکێش دەکات.

**زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکوو عەقرەب**
**شیعری لەف و نەشرن چ موشەوەش چ مورەتەب**
**جێی دەم جەمە جێی لەب لەبە ساقی وەرە ئەمشەب**
**هەم ماچی دەمادەم بدە هەم جامی لەبالەب**

«نالی»

ئازادی زمان لە شیعری نوێدا هەمان ئازادی تاکە لە کۆمەڵگای شاریی. ئازادی دالە وەک تاک لە زماندا کە بێگرێدان بە دالی دیکەوە مانۆر و رۆڵی تایبەت بە خۆی بێت بۆ سازدانی فەزایەک بۆ تەئویلی جیاواز لە زەین و بیری جیاوازدا. ئەمە هەمان رەوتی نزیککردنەوەی کردەی شیعری لە ئەزموونی ژیانکراوە و دووبارەکردنەوەو بەردەوامی پرۆسەی شکست.

ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر و ئەدەب جوانیناسانەکردنی ئەمری واقیع و دیاردە و رووداوەکانە تەنانەت ئەگەر ئەو دیاردانەش ئەزموونی خراپ بن لە راستیدا واقیعی دێ هەمان زاڵێتی سروشتە لەسەر زەین و زمان:

**نەرگس نیگە و ساق سەمەن و کورتە بەنەفشەن**
**موو سونبول و روومەت گوڵ و لالە کولاهن**

«نالی»

**خونچەی دڵ بوونم لە حەسرەت لێوی تۆیە خونچە دەم**
**خونچەکەی تۆ مەر شیفا دا خونچەکەم ئەی خونچەکەم**

«مەحوی»

بەڵام جوانیناسی شاعیری نوێخواز سەرەڕای ئەمئەوییکی ئاشکرا لەگەڵ واقیعی دێ کە لە گۆرانەوە تا ئەمرۆ بەردەوامە و رۆژ لە دوای رۆژ لە لای نەوە نوێکاندا بێڕەنگتر دەبێتەوە لە سەرەتاوە وا جیاوازی خۆی دەردەخات:

**کڵاو لار گورجی کەو رەفتار نەزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر**
**لە ئاهی سەردی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر**

«گۆران»

**تۆ دەریامی**
**بە روانینی دوو چاوی شینی بێ بنت**
**بە خاوێنیت بە ئارامیت تۆ دەریامی**
**بە شەپۆلی لەنجە و لارت**
**بە تووڕەیی جار بە جارت بە شەنگە ژنیت**
**بە سامیت**
**تۆ دەشتی ئەو پەڕ نادیاری**
**بۆ چۆڵ بەری لە پێ کەوتوو**
**تاپۆی شاری...**

«سوارە»

وەک ئاماژەم پێدا شوبهاندن بە «کەو رەفتار» لە لای گۆران لەو نموونە شیعرییەدا و لارولەنجە لای سوارە وەک جوانی لە شیعری تۆ دەریامی هەمان ئەمئەوییە لەگەڵ جوانیناسی دێ، بەڵام هێنانی «کڵاو لار» وەک نیشانی جوانی لای گۆران و بەکاربردنی تاپۆی شار بۆ خۆشەویست لای سوارە و دەیان نموونەی تر سەرەتای ترازان لە چێژی باوی گشتی بوو کە مێژوویەک جوانیناسی کلاسیکی لە پشتەوەیە.

**پاییز پاییز**
**بووکی قژ زەرد**
**من مات تۆ زیز هەر دوو هاو دەرد...**

«گۆران»

ئەمە یەکەمجاربوو کە لە شیعری کوردیدا پایز دەبێ بە بووک لە بەرانبەر موتیڤی هەمیشە ئامادەی بەهار بەتایبەت کە دەزانین گۆران بە زۆری لەژێر کاریگەری شیعری بڕگەیی مەولەویدا بوو شیعرێک کە وەسفە ئیجابییەکانی لەسروشت هەمیشە بەهاری بوو.

**وەهارەن سەیرەن سەوزەی دیاران نم کەوت نە دیدەش چون شەو بێداران**
**پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالاک سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان**

«مەولەوی»

لەگەڵ رەوتی شیعری نوێ لە پرۆسەی زەماندا، زمان تایبەتمەندی تازە بە خۆیەوە دەبینێ و جوانیناسی لە شیعردا مەجالی تازەبوونەوە پەیدا دەکات.

**زەنگۆڵەی بارانی پاییز**
**لە ژەنگی بەفری رەشی چاوەڕوانیدا**
**هەڵئەوەرێ...**

«لەتیف هەڵمەت»

**ئێستاکە ئەوەڵی سترانی لەرزۆکی پاییزە و**
**ئەوەڵین داگەڕان بە زەردا بۆ خوارێ و**
**یەکەمین خەزانی قژی گوڵ لە باخدا...**
«شێرکۆ»

**گونا کانم گەڵای زەردن**
**پاییزانێ لەداری ژیان وەریون**
**لێوەکانت دووشکۆفەی شلێرەن**
**بەسەر گەڵای پاییزانا ناچنمەوە...**
«مارف»

لە شیعری نوێدا ئەمە تەنیا زمان و بنەما و جوانیناسی نییە کە گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵکو ورووژاندنی پرسیار و گومان، ئامادەکردنی بەستێنێک بۆ رامان و تێفکرین ئەو تایبەتمەندییانەن کە لە ئەندێشەی شیعری نوێدا بە رێژەی شیعری کلاسیک بەرجستەترن.

**٤- شیعر پرۆسەیەکی لادەر لە ستانداردەکان**

گومانێک لەوەدا نییە کە لەوەتەی دیاردەیەک بە ناوی شیعر رویداوە ئەو دیاردەیە بەردەوام لە رەوتی ترازان جولاوەتەوە، ترازان لە سیستمی رێسایی دالەکان کە گرێدراوە بە مەدلوول یان چەند مەدلوولێکی دیاریکراو یان ئیختیاریی، لەسەر ئەساسی سیستمی نیشانە ناسانەی سوسورشوناسی نیشانە وەک پۆکەتێک لە دال و مەدلوول لە رێی جیاواز بوون لەگەڵ نیشانەکانی دی دەردەکەوێت و مەدلوول بە سەر دالدا زاڵە و ئەوەی کە گرنگی پێدەدرێت مەدلوولە، واتا چەمکە نەک خودی دال. شیعری نوێی کوردیش لە گۆڕانەوە تا هەنووکەش ترازانی خۆی لەو سیستمە تەنیا لە سێ ئاستدا خۆی نواندووە یەکەم: لادان لە پێوەندی دال و مەدلوول لە شێوە باو و رێساییەکەیدا کە چەشنێکە لە ئاشنایی سڕینەوە لە خودی دال وەک پاژێک لە ستانداردی زمان واتە هەڵوەشاندنەوەی نیشانە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی پێوەندییەکی تازە لەنێوان دال و مەدلوول. دووەم: لادان لە پێوەندی دالەکان لەگەڵ یەکدی واتە ترازان لە رێزمان وەک ئاشنایی سڕینەوە لە بنەمای زمانی ئاخاوتن و نووسین لە ئاراستەی جوانیناسی زمانی و دروستکردنی ریتم یان مۆسیقا. سێیەم: لادان لە فۆرم و بنەمای باوی شیعری و خولقاندنی شێوە نووسینی جیاواز لە شێوەکانی پێشوو لە سیاقی زەمەندا بۆ تازەگەری و خود ئایینی

وەک شوناس بۆ تاک لە کۆمەڵگا. دیارە ئەم سێ حاڵەتە لە لادان دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی ئاشنایی سڕینەوە لای شکۆلۆفسکی.

ئەو سێ ئاستەی کە ئاماژەم پێدا خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندی بنەڕەتی خودی شیعرن واتە تەجاوزکردن لە هێڵە ڕێساییەکانی زمان وەک تەجاوز لە هێڵە پێوەرەکانی زەینی گشتی. ئەمە تا ئەو رادەیە کە خودی ستانداردەکانی زمان و زەین وەک تێزێک ڕووبەڕوی ئەنتی تێزی تەجاوز لە سنووری ستانداردەکان دەبێتەوە و سەنتێزی خولقان و تازەگەری لێ سەر دەدات، بەڵام پرسی گرنگ لێرەوە دەست پێ دەکات لە ڕەوتی زەمەندا و لە هەناوی ئەو زمانە کە کەوتۆتە بەر تێزی تەجاوز دووبارە جۆرێک لە ئاشنایی و نۆرمێکی ستاندارد دروست دەبێتەوە کە زەرفییەتەکان و پۆتانسیلەکانی زمان تەنیا لە یەک یا چەند حاڵەتی بەر تەسکدا بەکاردێنێت و هاوکات دەبێتە چەشنێک لە دەسەڵاتی زمانی کە هەڵگری جوانی ناسی و ئەندێشەی باوی شیعرییە. لێرەوەیە کە پرۆسەی داهێنان دەکەوێتە حاڵەتی لێوڕێژبوونی زەرفییەتەکان و مەترسی داهێنانەوە (باز تولید) واتە سازبوونی جۆرێک لە زمان و جوانیناسی و ئەندێشەی شیعری لە ئاراستەی چێژی باوی گشتیی. کێشەی سەرەکی لە ڕەوتی شیعری نوێی کوردیدا هەر لێرەوە دەستپێدەکات کە شاعیر لەم فەزایەدا کە ستانداردێک بۆ شیعر پێناسەدەکرێت لە بەردەم خۆیدا کۆمەڵی هێڵی سوور دەبینێت کە دەرنجامی داهێنانی قۆناخێکی شیعرییە و بێگومان شاعیری گەورە وەک باوک و شیعری گەورەش وەک سەرچاوە و ئولگووی لێکەوتوەتەوە. دەسەڵاتی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، چونکە کەوتۆتە ئاراستەی چێژی گشتی وگوتاری دڵخوازی خوێنەری گشتی. لێرەدا ترازان لەو ستانداردە کە خۆی پێشتر لە ستانداردێکی تر لای داوە بڤەیە. درێژەدان بە ڕەوتی رازیکردنی چێژی گشتی لە واقیعدا دەکەوێتە ئاراستەی دروستبوونی گوتاری زاڵی شیعری کە تەنیا و تەنیا شیعر لە سنووری خۆیدا بە هەق دەزانێت و سەرچاوەکانی لە لایەن کۆمەڵێک قارەمانی شیعری کە لە سیاقی زەماندا دەبنە باوک و لە رای گشتیدا کەس بۆی نییە رەخنەیان ئاراستە بکات. ستانداردخوازی شیعریی لە واقیعدا لە مەیلی دەسەڵاتخوازانە و شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەبێتە هۆی نکۆڵیکردن لە واقیعی هەستپێکراوی ژیان لە ڕێی غیابی ڕەهەندە کارکردییەکانی دیکەی زمان. زمانی ستانداردی شیعری نەک هەر پێوەندی لەگەڵ توێیە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی فیکری/ کۆمەڵایەتی خوێنەر دەخاتە سیاقێکی مۆنۆپۆلەوە، بەڵکو بیەوێ یان نەیەوێ ڕەوت و مەبەستی کۆتایی ئەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە دیاری دەکرێت. پێویست نییە ئەو دەسەڵاتە حەتمەن دەسەڵاتی سیاسی بێت، بەڵکو دەتوانێت گوتاری باوەڕپێکراوی کۆمەڵگا و خوێنەری گشتی بێت تا هەراو هوریای ئافەرین و چەپڵە و مەرحەبای بەردەوامی چێژی سواوی گشتی بەردەوام دان بە گەورەیی بەرهەمەکەیدا بنێت.

زۆربەی شاعیرە ناودارەکانی ئێمە بۆ خۆیان قامووسێکی تایبەتیان هەیە کە لەوەدا هەر دالێک گرێدراوە بە مەدلولێکەوە کە ژوەرتر لە دەمامک و ڕێساکان هەنگاو دەنێت، بەڵام ئەمە بە تەنیا ناتوانێت ئەو توێی قورس و قایمەی کە دەسەڵات تەنیوبەتە دەوروپشتی زمان لا بەرێت، بەڵکو پێویستە بەگرنگیدان بە هەموو توخم و پاژەکانی ناو زمان لە ڕێی بەکارهێنانی ڕەهەندەکارکردییەکانی زمان لە ئاستی تەواوی شکڵە زمانییەکاندا بە تایبەت ئەو ڕەهەند و پۆتانسیلانە کە هێشتا لە گۆشەی فەرامۆشی یان بە بەرچەسبی نا ئەدەبی بوونەوە بێ کەڵک ماونەتەوە و هەروەها دەسبردن بۆ ختوکەدانی ئەو توخمە زمانییانە کە دەسەڵات بە گشتی و دەسەڵاتی شیعری بە تایبەتی ڕەنگ و بۆی پیرۆزییان پێداوە، وەک کەلان ڕەوایەتەکان و دوورکەوتنەوە لە دەنگی گشتی و رووکردن بە دەنگی تاک لە فەزایەکی تاکخواز و جوڵە لە مۆنۆلۆگی دەنگی تاک بۆ دیالۆگ لە ئاراستەی پێشوازی لە فەزایەکی پلۆرال، وازهێنان لە ئەندێشەیەکی تاک ڕەهەند و لووکال لە ئاستی لووکال دا بۆ ئەندێشەیەکی گلۆبال لە ئا ستێکی گلۆبال و گونجاو لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتی واقیع. ئەگەرچی ئەم کارە دژایەتییەکی سروشتی لە لەلایەن چینی دەسەڵاتداری شیعری و چێژی باوی گشتی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە کاتی لێدانی شەپەزیللەیەک لە قەپۆزی چێژی خوێنەری گشتی و دەسەڵاتی زمان و گوتاری باوی شیعری هاتووە، تەنانەت ئەگەر ئەو شەپەزیللە مەودایەکی گەورە لەنێوان دەق و خوێنەر دروست بکات. بێگومان ئەرکی شیعر پڕکردنەوەی ئەو مەودایە نییە، خۆ ئەگەر پێمان وا بێت ئەوە ئەرکی شیعرە دەبێ رووبکەینەوە کێش و سەروا کە چێژی خوێنەری گشتی هێشتا لەو بازنەیەدا دەجووڵێتەوە ئەمە سەرەڕای تێپەڕینی پتر لە ٨ دەیە لە نوێبوونەوەی شیعر لەسەر دەستی گۆران .

**چەند ئاماژەیەکی کورت:**

یەکەم: دەسەڵات لە زماندا یانی مێژوویەک بارگاویکردنی زمان بە گوتار و ئایدیۆلۆژی جیاواز و زاڵ و راهێنانی زەینی گشتی بە ئایدیاکانی گوتاری زاڵ واتە دەرکی داخراو لەهەموو چەشنیکی دیکەی بیرو ئەندێشەی یاخی بە ڕێژەی دەسەڵات.

دووەم: دەسەڵات لەزمانی شیعریدا واتە بە ستانداردکردنی فۆرمێکی شیعری لەهەموو بار و قەوارەیەکدا لەهەناو دەسەڵاتی زمان و لە ئاڕاستەی گوتاری دەسەڵاتخوازی و رازیکردنی رای گشتی.

سێیەم: شیعر لە بەرانبەر زمان و زەینی بارگاویکراو بە دەسەڵات لە هەناو زمانێکی تازە، جوانیناسییەکی جیاواز دەوەستێ تا هاوتەریبی پرنسیبی ڕێژەیی شیعرییەت بەردەوامی خۆی بپارێزێت.

چوارەم: شیعر لە بەرانبەر دەسەڵاتدا یاخییە تەنانەت ئەگەر ئەو دەسەڵاتە

خودی شیعر بێت. كه بێگومان وەستانی شیعر له ئاستێكی زماندا یانی وازهێنان و پشتگوێ خستنی زەرفییەت و تواناییەكانی تری زمان و قایلكردنی خوێنەر له ئاستێكی جوانیناسیدا.

**نشێوی یاخیبوونی شیعری له سوارەوە تا بەرەی چوار**

به درەنگێكی زۆرەوە به رێژەی نوێبوونەوەی شیعر له لای گۆران، سواره به چەند شیعرێكی شازەوە دەبێته پێشەنگی نوێخوازی له رۆژهەلات، بەلام نەک لەسەر دەستی گۆران بەڵكو لەژێر كارتێكردنی شیعری فارس. چەند دەقێكی شاز پڕ له موتیڤی شار و توخمی تازە لەسەر كێشی نیمایی به جوانیناسییەكی ترازاو له جوانیناسی شیعری هێمن بەلام هاو كات ئەمئەوییەكی ئاشكرا، كه ترسی دژوازییەكان و ژیانی رەق و سەختی شاری له پەنای نۆستالژیای شاعیریدا دەیگەڕێنێتەوە بۆ دێ. واته ئەزموونی رەهەندەكانی دونیای مۆدێرن له چوارچێوەی شار و تایبەتمەندییەكانی له هەمان كاتدا كه دەبێته بەستێنێک بۆ جورئەتی نوێكردنەوەی شیعر هاوكات ئەو ئەزموونه كرچ و كاڵه زەینی سواره بەرەو دێ دەباتەوە.

**گوڵم**
**دڵم پڕه لەدەرد و كوڵ**
**دەڵێم برۆم له شارەكەت**
**ئەڵێم به جامێ ئاوی كانیاوی دێیەكەم**
**عیلاجی كەم كوڵی دڵی پڕم له دەردی ئیتیزارەكەت...**

ئەمه هەمان خراپ ئەزموونكردنی مۆدێرنیتەیه كه له زەینی شاعیردا خۆی له خۆیدا ئەزموونی خراپ له قەڵەم ئەدرێت، بەلام وەكو دەسپێک ئەو ئەمئەوییه شتێكی ئاساییه كه ئەگەر ئاوڕێ له یەكەمین ئەزموونەكانی شیعری مۆدێرن بدەین پەی دەبەین كه ئەمئەوی خەسڵەتی زۆربەی یەكەم كەسەكانی شیعری نوێیه وەک چۆن لای نیمای فارسیشدا ئەو گەڕانەوە نۆستالژیكه دیاره. ئەوەی كه بەر لەهەر شتێ گرنگه ترازانی سواره له چێژی گشتی و كۆنتاكتی سواره لەگەڵ دالەكان له قەوارەی تاكخوازی دایه له هەمان شیعری شاردا. سواره لەو شیعره دا زۆر بەجوانی دالەكان ئازاد دەهێڵێتەوە و له گرێدانی دال به دالەوە خۆی دەپارێزێت هاوكات له زمانی منی شاعیرەوە دەدوێ نه له زمانێكی گشتی.

به داخەوە ئەزموونی سواره وەک گواستنەوەی ئەزموونی نیمایی بۆ ناو زمانی كوردی ئەزموونێكی كەم و نەزۆک بوو ئەگینا له بەرانبەر نوێبوونەوەی شیعر له باشوور بەو پێیه كه گەڕابوەوە سەر شیعری بڕگەیی و زمانێكی ساكارتری پێوه دیاربوو درێژەدان به ئەزموونی سواره وەک ئەزموونێكی ئاڵۆزتر دەیتوانی رەوتی

شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتدا مەیلۆ ڕێگەیەکی تر ببات. وەک پرسیارێک: ئەگەر گۆران لە نوێخوازی خۆیدا لە ژێرکارتێکردنی زمانی نالی و مەحوی و ئاڵۆزی زمانی ئەو شاعیراندا ببوایە ئێستای شیعری کوردی چۆن بوو؟ خۆ ئەگەر هاوڕێیانی سوارەش بیانتوانیبایە دەرێژە بە کاری سوارە بدەن و لە سیاسەت بردە کردنی شیعر خۆیان بپارێزن ئایا مارف و هاو قۆناخەکانی ئەکەوتنە ژێرکاریگەری شیعری ئەودیوەوە یان بە پێچەوانەوە شاعیرانی گەورەی ئەو دیو ڕویان لە ئەزموونی ڕۆژهەڵات دەکرد؟ ئەم پرسیارە بە مانی خواستی بەربەرەکانی نییە بەڵکو برپایەکە بۆ دروست بوونی چەند ئەزموونی شیعری لە ئاستێکی باڵادا لە هەناو زمانی کوردییدا.

وەک ئاماژەم پێدا دوای تەمەنی کورت و دەقی کەمی سوارە وەک ئەزموونیکی تازە لە زمانی کوردی، شاعیرانی هاوکاتی سوارە ئەگەرچی هەوڵیاندا کە درێژە بەو ئەزموونە بدەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی دەقی باشتر لە سوارە بخولقێنن بە پێچەوانەوە شیعر لەژێر ڕکێفی سیاسەت بردەیی و پەیامخوازی ونبوو بە واتایەکی دیکە شیعربووبە قوربانی پەیام و ئایدیۆلۆژیی. نازانم ڕەنگە زۆر کەس ئەوە بە ڕەساڵەتی ئەو کاتەی شیعر بزانن لەوانەیە لە دیدێکی ترەوە ڕاست بیت بەڵام یارمەتییەک بە ڕەوتی شیعری نەداوە.

**«وەرە جەلاد**
**وەرە گیانم هەمو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم**
**ئەتۆ جەلاد ئەگەر دەر بێنی ئێسکانم**
**ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت ئەزیزانم**
**بە وەللاهی بە خاکی پاکی کوردستان**
**ئەمن کوردم قەتیش ناڵێم پەشیمانم»**

عەلی حەسەنیانی (هاوار)

**«چەن ڕۆژێک بوو**
**باوکی نازدار**
**چووبوو بۆ شار**
**چووبوو جلی بۆ بستێنێ**
**کراسی جاو**
**سەڵتەی بەر و پشت بەلاشە**
**نازداری خۆم پیی داپۆشێ رووتی لاشە»**

فاتیح شێخولئسلامی(چاوە)

چاوە و هاواریش ئەگەرچی هاو قۆناخی سوارە بوون و دوای مەرگی سوارەش

درێژەیان بە کاری خۆیان دا، بەڵام هەرگیز شیعرەکانیان بە قوەتی شیعری سوارە نەبوون لە راستیدا وەک وتم زۆر لە خودی شیعر دوورکەوتنەوە.

پاشان کەسانی وەک قاسم موئید زادە و جەلال مەلەکشا لەم بوارە دا تەقەلای خۆیان دەرخست کە هەمیسان پەیامخوازی و سیاسەت بردەیی شیعرییەتی نووسینەکانیانی دەبردە بەر پرسیار و کێشە. لەم بەرەیەدا شیعری جەلال مەلەکشا بە رێژەی هاو قۆناخەکانی خۆی زۆرتر و باشتر خۆی نواند.

پاش ماوەیەک بۆشایی شیعر وەکو کەڵکەلەی فۆرم و واتاخوازی شاعیرانێک وەک مارف ئاغایی، ساڵح سووزەنی، کامبیز کەریمی، فەریدون ئەرشەدی و ژیلا حسێنی بە کۆمەڵێک دەقی شیعری تازەوە کە گرنگی بە فۆرم و واتاخوازی دەدا هاتنە مەیدانەوە، لەم قۆناخەدا واز لە زمانی پرۆپاگەندەیی و ئارمانخوازانە دێنن و زمان لە حاڵەتی ئامێریدا مەیلۆ زمان بە واتای خودی شیعر دەبەن.

**تەنیا یەک جار**
**هەڵفڕین تەجرەبە دەکا**
**گەڵا:/**
**لە پاییزدا**
**لە لکەوە هەتا زەوی**
**ئەمنیش تەنیا یەک جار ژیان**
**لە گریانی کاتی لەدایک بوونەوە**
**تافرمێسکی کاتی گیاندا**
«مارف»

**لە تەنگەبەری ئێوارەیەکی تەماویدا راوەستاوم**
**نە ئەم هەورانە وا بە هێمنی بە سەرما رائەبوورێ**
**نە گوڵەکانی سەر پەنج بلوور**
**نە دەنگی حەسەن**
**نە تەقینەوەی پلووسکی بەر هەنسکم**
**هیچکام**
**من لە چوارگۆشەی تەنگی تەنیاییم رزگار ناکەن...**
«کامبیز کەریمی»

شیعری ئەم قۆناغە کە لەژێر کاریگەری شیعری باشوور بوو و توانی شیعر بخاتەوە سەر سیاقی راستەقینەی خۆی، بەڵام هەمیسان نا ئەمئەوی زمان و ئەزموونی ژیانکراو لە جۆری روانینیان بۆ چەمکی شار و دەس پێوەندەکانی

دونیای مۆدێرن وایکردووە لە هەمان کاتدا کە ناشتوانن نکۆڵی لێبکەن لێی دوور ببنەوە. خاڵی بەرچاوی ئەم بەرەیە ئەوە بوو کە شیعریان هێنایەوە ناو سیاقی خۆیەوە، بەڵام هیچ پێشنیارێکی تازەیان بۆ شیعر نەبوو کە بە ڕێژەی بەرهەمە شیعرییەکانی باشوور بەر چاو بێت و نەوەی نوێ پێ لەسەر ئەزموونی ئەوان دانێ. لە نیوەکانی دەیەی هەفتا و لەگەڵ کرانەوەی دەروازەکانی کتێبخانەی فارسی بە شێوەیەکی بەر بڵاوتر لە پێشوو بەرەو ئەزموونە شیعریی و زانستییەکانی دونیا، هاوکات کرانەوەی ڕێژەیی فەزای فەرهەنگی و... لە ئێران و بەربڵاوبوون کۆمەڵێ چەمک وەکو دیموکراسی، پلۆرالیزم، شوناس، ڕۆشنبیر و... نشێوی ڕەوتی شیعری لە کوردستانی ئێران کە وەک باشوور بەرەو بەرهەمهێنانەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکان دەچوو بە زاوییەیەکی گەورەوە گۆڕا کە هەندێک لە شاعیرانی بەرەی پێشووش لەم نشێوە توندەدا بەشدار بوون کە هەولیان دەدا ئەزموونی مۆدێرنیتە لە زمان و جوانیناسی شیعرەکانیاندا بگونجێنن وەک سالح سووزەنی، کامبیز کەریمی، لە شاعیرانی تری ئەم نشێوە ئەکرێ بە بهزاد کوردستانی، ئیبراهیم ئەحمەد نیا، یۆنس ڕەزایی و لەیلا سالحی و فاتمە فەرهادی و... ئاماژە بدەم پاشان چەند شاعیری دیکە بە ئەزموونی جیاوازو تازەترەوە وەک ڕەزا عەلی پوور، کەمال ئەمینی، موحەمەد موەفەقی، بەیان عەزیزی جەمال مەلایی و شاهۆ مەحموودی، شەهاب شێخی، ئیبراهیم ئەحمەدی و...

بەڵام ئەگەر کەمێک ورد بینانە تر باسی تایبەتمەندیەکانی هەرکام لەو قۆناخانە بکەین سەرەتا پیویستە ئاماژە بە هەندێک تایبەتمەندی هاوبەش لەشیعری زۆربەی ئەو شاعرانە کە ئیستاش خەریکی چالاکین بکەم،

فۆرم خوازی، دال گرایی، چەند سەنتەری و سەنتەر گوریزی، پاژ بینی، چەند دەنگی، ئایرۆنی، پارۆدی، بنەما شکێنی لە ئاستی زەین و زمان و دژ وەستان بە کەلان ڕەوایەتەکان، تیپ گەریتی، چەند پێکهاتەیی ئاشنایی سڕینەوە لە هەموو ڕەهەندێکەوە و کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتە ژنریکەکانی ژانرە ئەدەبی هونەرییەکانی تر و... لە بەرانبەر واتا خوازی، بنەما خوازی، گشتی بێژی، قەتعییەت گەرێتی، تاک دەنگی و قارەمان سازی و... لە شیعری پێشوودا.

وەک دەزانین لە هەر دوو دەستەی ئەو شاعیرانە کە من لێرەدا یەکەمیان بە بەینا بەینی و دووەم دەستە بە بەرەی چوار ناو دەبەم پاژ بینی تایبەتمەندییەکی بەرچاوە هەر بۆیە لەسەر ئەو قەناعەتەم دیدێکی پاژ بینانەیە پێویستە کە خاڵی جیاوازییەکان دەربخات. هەلبەت لە بەرەی چواردا چەندیەتەکان زۆرتر ئەنوێندرێن و ئەو تەمهیدانە لە بەرەی بەینابەنی تەنیا لە شیعرە ساتی ساڵح سووزەنی خۆی ئەنوێنێتەوە کە وەک دەقێکی تەواو ڕادیکاڵ بە نیسبەت زمانەوە و فەزای دژە ماناییەوەدا دەیتوانی لە ئاڕاستەی قەیران کە شتێکی پێویستە بۆ شیعری کوردی هەنگاو بنێت، بەڵام بە

داخەوە نەیتوانی قەیران ساز بێت . جوانیناسی لە بەرهەمەکانی ئەم دوو بەرەیە لەسەر جوانیناسی شاری بنیاتنراوە و خۆی داوەتە قەرەی دژوازییەکانی ژیانی مۆدیرن.

**ڕێگایەکم نییە بۆ نەڕۆیشتن**
**سەرقاڵییەک بۆ نەخەوتن**
**گریمان نیشتمان**
**وەک ئەویە سەندەلییەک خاپوورم کا**
«ڕەزا عەلی پوور»


**یابڕۆ**
**ئەبرۆکانی بە خۆرنشینی درەختێکەوە قالاو کە زەرد**
**مەترسە قالاو یانی قەفەسێکی خاڵی**
**ئەزانی دڵتەنگی ئەم خۆت و خۆمە**
**هەندە لە چوارڕێیەکیشدا چەندە چراکانت سوورە**
**کە بێدەنگی ئەڵێی**
**هەڵووژەیەک بە پاییزەوە ماوەتەوە ...**
«کەماڵ ئەمینی»

**تۆ گوڵی کراسەکەت**
**لەژێر ئەم چەترەدا و**
**تا سنووری کاڵی سێ شەممە لیمۆییەکان جێماوە**
**گوڵ ئەستێرە!**
**خۆزگەم بە خەزەڵوەر... بە سۆزانی!**
**خۆزگەم بە سۆزانییەکانی خەزەڵوەر**
**کە تا ئەبەد لەم ژیانە سەگییە بێ سنوورن**
**خۆزگەم بەسەگ!**
«موحەمەد موەفەقی»

**سەرچاوە:**

١-داریوش مبهودی، مجله پاپریک ش٢، لحن گردانی و...
٢-بابک احمدی، ساختار و تاویل متن.
٣-مراد فرهاد پور، پارەهای فکر.
٤-مراد فرهاد پور، عقل افسردە.

# ژن لەتەوراتدا




## خوێندنەوەیەک بۆکتێبی (چیرۆکەکانی ناو تەورات)



سارا فەقێ خدر

کتێبی (چیرۆکەکانی ناو تەورات) یەکێکە لە کتێبە دەگمەنەکانی نووسەرو رۆماننووس (جەبارجەمال غەریب) کە لەساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە و پەنجەرەیەکە بۆ لێکدانەوەی ئەفسانەو هونەری گێڕانەوە لەئاییینەکاندا. ناوەرۆکی کتێبەکە بێجگە لە پێشەکی، لە شانزە بەش پێکدێت. هەندێکیان چیرۆکەکانی نێو تەوراتن و ئەوانی دیکە لێکدانەوەو شیکردنەوەن.

سەرەتا وەک کتێبێکی ئاسایی دەستم بەخوێندنەوەی کرد. دواتر بۆم روونبۆوە، کە بابەتەکانی سەرنجراکێشن و لێکدانەوەی وردیان تێدایە دەربارەی گێڕانەوە لە چیرۆکداو پەیوەندی نێوان ئەفسانەو ئایین وکاریگەرییان لەسەر

ئاراستەکردنی مرۆڤ. هەرچەندە نووسەر لەکۆتایی پێشەکیەکەیدا دەڵێ: "من رایەکانم بۆئەوە نانووسم کەس لێمەوە فێربێ". بەڵام ئەمە بەویستی ئەو نییە و مرۆڤ گەر بخوازێ، دەتوانێ زۆرشت لەو کتێبەوە فێربێت و هەندێک شت ببیستێ کە پێشتر بەرگوێی نەکەوتوون. لێرەدامەبەست تەنیا دەقەکان نین، چونکە چیرۆکەکانی تەورات لەئایینە ئاسمانییەکانی دیکەشدا دووبارەبونەتەوە.

بەڵام شیکردنەوەکانی نووسەرو ئەو پرسیارانەی دەیانکات، ناچارت دەکات بیربکەیتەوە و هەست بکەیت شتێکی نوێ دەخوێنیتەوە. بۆنمونە لەلاپەڕە ٢٧ ی کتێبەکەدا، لەباسی سزادانی حەوا لەلایەن خواوەندەوە، نووسراوە: "ئازاری سکپڕی حەوا زیاددەکات و دەبێت بەژانەوە منداڵی ببێت." نووسەردەڵێ: لێرەدا لە وشەی زیادکردنی ژان تێناگەم، چونکە حەوا هیچ منداڵبوونێکی پێشتری نییە.

لەشوێنێکی دیکەی چیرۆکی ئادەم و حەوادا، هەرچەندە نووسەر ئاماژەی پێنەکردووە، بەڵام پرسیارێک دروستدەبێت. بەپێی چیرۆکەکە پێشئەوەی ئادەم و حەوا لەدرەختی چاکەو خراپە بخۆن، چاویان نەکراوەتەوە، بەڵام لە لاپەڕەی ١٣ و ٢٥-دا هاتووە: "مارەکە بەژنەکەی ئادەم دەڵێ: خوا دەزانێ ئەو رۆژەی دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خواتان لێدێ. دەزانن چاکە و خراپە چییە. ژنەکە کە بینی دارەکە بۆ خواردن باشەو چاو ئارەزوی دەکا و وات لێدەکا دانا ببیت، جا لەبەرەکەی کردەوەو خواردی و دای بەمێردەکەشی کە لەگەڵیدابوو. ئەویش خواردی. ئیتر چاویان کرایەوەو زانیان کە رووتن".

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کە چاویان نەکراوەتەوە، ژنەکە چۆن بینی و چاوی ئارەزووی کرد؟ بڵێی ئەو بینینە مەبەست لێی بینینی چاو نەبێت.

لایەنێکی گرنگی دیکە لەو کتێبەدا، روونکردنەوەی پێگەی ژنە لەچیرۆکەکانی تەوراتدا. هەروەها نووسەر پێش دواچیرۆکی کتێبەکەی، وتارێکی تایبەتی لەسەر ژن بەناوی (ژن، بنیاتنەراتی دونیا) وە نووسیوە. لەلاپەڕەی ٢٢٧ هەتا ٢٤٢ی بۆ تەرخانکردووە و دەڵێت: "لەوتاری ئەمجارەمدا تەورات وەک جیهانێکی سەربەخۆ دەبینم و لە تەواوی ئەو دنیایەدا بۆ وێنەی ژن دەگەڕێم".

نووسەر لە وتارەکەیدا ئەو راستیانە دەخاتەڕوو کە تەورات لەپەنای ژیانی پێغەمبەرانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابوری نیشانداوە. هەموو پێغەمبەرەکان پیاوبوون و گوتاری زاڵ رەگێکی پیاوانەی هەیە و سزاکان بۆ ئافرەت توندترن. سەرەڕای ئەمانەش ئەوە ژنە وێنەکان تەواو دەکات و لەتەنیشت هەموو پێغەمبەرێکەوە ژنێک یان زیاتر هەبووە. دواتر باسی بنەچەو رەچەڵەک دەکات، کە پیاو ناوی خانەوادەو ناوی پێغەمبەران دەپارێزێ و ژن

تەنیا کێڵگەیەکە بۆ چاندن و عەمبارێکە بۆ هەڵگرتنی منداڵ. بەڵام سەرەڕای شاردنەوەی، ژن بەشداری لە کارکردن و نەوە خستنەوەدا هەبووە. لە ژنە گرنگەکانی ناو تەورات ئاماژەی بەچەند ناوێک داوە. لەوانە: "حەوا –ژنی نوح– ژنی لوت– سارا(ژنی ئیبراهیم) –هاجەر(کەنیزەی سارا) –رظقە(ژنی ئیسحاق)– راحێل و لێئە (دووخوشک و دووژنی یاقوب) –تامار (بوکی یەهودا) و دینە(کچی یاقوب)."نووسەر چیرۆکی هەندێک لەو ژنانەی سەربەخۆ باسکردووەو هەندێکیشیان لەگەڵ روداوەکانی دیکەدا باسکراون. ئێمەش دەمانەوێت چیرۆکی هەریەک لەو ژنانەی ناو تەورات، بەباروەدۆخی ئەمڕۆی ژنانەوە ببەستینەوە.

١- حەوا لەپەراسووی ئادەم و بۆ رەواندنەوەی تەنیایی و ئاسودەیی ئادەم دروستکراوە. ئەمە رێک ئەو بۆچوونە پیاوسالاریەی ئەمرۆیە کە ژن موڵکی پیاوەو بۆ خۆشگوزەرانی ئەو و منداڵ خستنەوە دروستبووە.

٢- سارا هیچ منداڵی لە ئیبراهیم نەبوو. بۆیە کەنیزەکەکەی خۆی، کە هاجەرەی میسری بوو، دا بە ئیبراهیم و رێگەیدا منداڵی لێی ببێت. دەکرێت ئەمە بەرەگی پەیدابوونی فرەژنی دابنرێ، کە دواتر لەئاینی ئیسلامدا بەتەواوی چەسپاو وایلێهات نەک تەنیا بۆ منداڵبوون، بەڵکو بۆ تێرکردنی ئارەزووی پیاویش ئەمە بکرێت. نموونەش ئەو پیاوانەن کە لەیەک کاتدا چوار ژنیان هەیە. نووسەر، سارا بەشاژنی ناو تەورات ناودەبات. بەوەی کە کاریگەری لەسەر ژیانی ئیبراهیم هەبووە و خواوەندیش سزای نەداوە و پشتیوانی لێکردووە. بەدیوێکی تردا دەکرێ بڵێین سارا نموونەی ئەو ژنانەی ئەمڕۆیە کە خۆیان ژن بۆ مێردەکانیان دەخوازن، تا منداڵیان ببێت. بەڵام لەبەر بێدەرامەتی و بێنواییی، لەژێر سایەی مێردەکانیاندا دەمێننەوە و ئازاری دەرونی دەچێژن. تا وایان لێدێ، لە کەسێکی نەرم و نیانەوە دەبن بە چەوسێنەر و ئەگەر وەک سارا بۆیان بکرێت، ژنی دووەم زەلیل دەکەن. ئەگەرنا بۆخۆیان زەلیل دەبن. لەهەردوو حاڵەتەکەدا ژن دەبێتە قوربانی!.

هەروەها نووسەر دەڵێ: سارا تاکە ژنی ناو تەوراتە کە رێورەسمی ناشتنی بۆدەکرێت. ئەمە راستە نەک هەر رێورەسم بەڵکو ئیبراهیم بەسەریشیدا دەگری. ئەویش نموونەی پیاوانی ئەمڕۆیە کە لەکاتی مردنی هاوسەریاندا، شیوەن دەکەن و لەماوەیەکی زۆر کەمیشدا هاوسەرگیری دەکەنەوە. هەروەک ئیبراهیم لەو تەمەنە زۆرەیدا کردی.

٣- نووسەر لەباسی رظقەی ژنی ئیسحاقدا دەنووسێ: "رظقە لەپەنهاندا خۆی بڕیاردەرە. تادەگاتە ئەوەی دەسکاری سیستمی پێغەمبەرایەتی دەکات و

ڕێڕەوی ژیانی سروش یان پەیامهێنەرەکان دەگۆڕێت."

**رظقە** نموونەی رۆڵبینینی ژنە بەنهێنی و لە پشت پەردەوە و بۆی نییە بەئاشکرا بڕیاربدات. بۆیە لەکاتی سەرنەکەوتنیدا خۆی بۆ نەفرەت ئامادە دەکات. ئەمڕۆش ژنانێک هەن بۆ گەیشتن بەخواستەکانیان، پەنادەبەنە بەر هەوڵ و پیلانی نهێنی و هەندێجار نەشیاو، لەسەر ئەمەش زۆرێک لەپیاوان، سیفەتی فێڵباز و جادوگەر و مەکرباز دەخەنە پاڵ ژنان.

٤-لەچیرۆکی هاجەردا کەپێشتر لەگەڵ سارادا باسکرا، نووسەر دەڵێ: "ئیرادەی هاجەر لەهەموویان زیاتر (کۆنترۆڵ) کراوە. هاجەر ناچارە بەو ژێردەستەییە رازی بێت، چونکە مافەکانی ئەو لە ژێردەستەییدا دەدرێن".

لێرەدا دەپرسین کام ماف؟.. ئەوەی کە کەسایەتی فەرامۆشکراوە، ئەوەی کەس لێی ناپرسێ داخوا سەرجێیکرنی ئیبراهیمی پێخۆشە یان نا، دەیەوێ منداڵی ببێت یان نا، یان ئەوەی چونکە کۆیلەیە جارێک بەسکپڕی و جارێکیش لەگەڵ منداڵەکەی ئاوارە دەکرێ؟ بێگومان ئەو ژیانی بێمافی و کۆیلایەتیەی هاجەر، تائەمڕۆش میراتی زۆرێک لەژنانی نەخوێندەوارو دوورەدەستی ناوچەکانی جیهان و کوردستانە.

٥-چیرۆکی دینەی کچی یاقوب نموونەی نەریتی توندوتیژی و کوشت و بڕە لەسەر مەسەلەی شەرەف. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ، ئەو نەریتە دزێوە لەنێو نەتەوەکاندا بەتایبەتی کورد، درێژەی هەیە. هەروەها کێشەی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان، هەروەکو بەسەر دینەدا هاتووە.

٦-ڕوویەکی دیکەی ژن لەتەوراتدا یاخیبوون و دەرچوونە لە یاساکانی خواوەندو نەریتی کۆمەڵایەتی. هەروەک لەچیرۆکی ژنی لوت و چیرۆکی تامار(بووکی یەهودا) دا دەردەکەوێ. کاتێک لوت و ژنەکەی و کچەکانی، پێش وێرانکردنی لەشاری سەدوم دەردەچن، بەپێی فرمانی خواوەند نابێ ئاوڕبدەنەوە. بەڵام ژنەکەی پاش ماوەیەک لەرۆیشتن، ئاوڕێک بۆدواوە دەداتەوە، کە لەوانەیە لەپەرۆشی بووبێت بۆ شارەکەی، بەڵام ڕووبەڕووی سزایەکی توند دەبێتەوە و دەبێت بەستوونێک لەخوێ!

هەرچی تامارە بەهەستیارترین و ترسناکترین شێوە یاخی دەبێت. دەیەوێ تۆڵە لەیەهودای خەزووری کە پێغەمبەربووە، بکاتەوە. چونکە دوای دووجار بێوەژنبوونی بەهۆی مردنی دووکوڕی یەهوداوە، یەهودا بۆ ماوەیەکی زۆر تامار لەماڵی باوکی دادەنێ بۆ ئەوەی چاوەڕێ بێت تا کوڕی سێیەمی گەورەدەبێت. بەڵام کە گەورەش دەبێت، کەس لە تامار ناپرسێتەوە. دیارە ژنیش وەک میرات

بووه و بۆی نەبووە شوو بەکەسێکی دیکەی دەرەوەی خێزانی مێردەکەی بکاتەوە. کاتێکیش یەهودا ژنەکەی دەمرێ، دەیەوێ سەردانی (تیمنە) بکات، ئەو شوێنەی تاماری لێیە. تامار بەمە دەزانێ و خۆی لە خەزوری دەگۆڕێ. بەرگی بێوەژنی دادەنێ و رووپۆشێک دەپۆشێ و وەک ئافرەتی سووک خۆی دەردەخا. وا لە یەهودا دەکا لەگەڵی بنوێ. مۆرو قەیتان وگۆچانەکەشی بە بارمتە لێوەردەگرێ. دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ، بەیەهودا رادەگەیەنن کە بووکەکەی داوێنپیسی کردووەو سکی پڕە. ئەویش فرمان دەدا بیهێنن بیسوتێنن. تاماریش نهێنییەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێ ئەوەی من لەگەڵی نووستووم خاوەنی ئەمانەیە. یەهوداش مۆرو قەیتان و گۆچانەکەی خۆی دەناسێتەوە!

لێرەدا تەنیا لێکدانەوەی نووسەر بەسە بۆ بەستنەوەی ئەم چیرۆکە بەبارودۆخی ئەمڕۆوە: "ئەو کوێرییە کلتوریە تائێستا بەرۆکی پیاوی بەرنەداوە. پیاو لە کلتوری نێرسالاریدا بەجلەکانیەوە دەژی. بەهەیبەتەوە حوکم دەکات. بەڕواڵەتی پڕفێڵ و کەتنکارییەوە خۆی بادەدات. پیاو لەڕواڵەتدا هەموو ئازادییەکان، هەموو شەرەف و بەخشندەییەکان، ناوبانگ و خۆڕاگری و خۆپارێزییەکانی دەوێ و شانازییان پێوەدەکات. بەڵام لەناوەوە لەو پەڕی ریسواییدا دەژی. بەلای یەهوداوە خودی کردارەکە ریسوایی نییە، بەڵکو ئاشکرابوونی حەیاچوونە. ئەوەش هەوڵێکی (جدی) مرۆڤە بۆ دوورخستنەوەی خودا لەخۆی. هەروەها دەڵێ: تاکە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە، دانەوەی جەستەیە بەمرۆڤ خۆی. ستاندنەوەی جەستەیە لەکۆمەڵگا وخێزان و دین."

٧- نووسەر دەربارەی خۆشەویستی لەتەوراتدا دەڵێ: "زۆرکەم باسی پێکەوە نەگونجانی ژن و مێردەکان کراوە. لەهەمان کاتیشدا زۆرکەم باسی خۆشەویستی کراوە. بۆ یەکەمجار وشەی خۆشەویستی لەنێوان یاقوب و راحێڵدا بەکاردێ. لەو پێناوەشدا یاقوب حەوت ساڵ خزمەتکاری دەکات. کەچی لەبەر نەریتی باو کە دەبێت کچی گەورە لەپێشدا شووبکات، باوکی راحێل، دوای حەوت ساڵەکە لەجیاتی راحێل، لێئەی کچە گەورەی بۆ لەپەردە دەکات. کەسیش ناتوانێ ژنەکەی لێوەرگرێتەوە. ناچار حەوت ساڵی دیکەش خزمەتکاری دەکات، تا راحێلیش بەدەست دێنێ".

لێرەدا خۆشەویستی قوربانی گەورەی پێویست بووە کە چواردە ساڵ خزمەتکاری و چاوەڕوانی بووە لەلایەن یاقوبەوە. بۆ راحێلیش لەدەستدانی هەستی خوشکایەتی و جێگرتنەوەی بووە بە هەوێساری ململانێ و رکابەری.

لەکۆتایی وتارەکەیدا نووسەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەرچەندە زەمەنێکی

درێژ بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا تێپەڕیوە، بەڵام پەیوەندی ژن و پیاو زۆرکەم گۆڕانی بەسەرداهاتووە. کەواتە پێشکەوتنی (فکر) کارێکی زۆر قورسە. دەشێ شێوازی دەربڕینی لەسەدەیەکی دیکەدا جیاوازبێ، بەڵام جەوهەری بیرکردنەوەکە هەریەکە.

دوا ئەنجام کە لەو خوێندنەوەیە پێیدەگەین، ئەوەیە کە ناکرێ هۆکاری ئەو تێڕوانینانەی ئەمڕۆ بۆ ژن هەیە، لەڕەگی ئاییني بەدووربگرین. هەرچەندە لەئایینەکانی دوای تەوراتدا گۆڕان بەسەر نەخشەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاودا هاتووە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ژن لەچەوساندنەوە رزگاری ببێت. ئەمەش بەو مانایە نییە، کە هۆکارەکانی دیکەی پشت ئەو دیاردەیە فەرامۆش بکەین.




# تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت

سەید قادر هیدایەتی

دوایین وشەی رۆمانی دۆن کیشۆت (ئامین)ە. بڵێی نیشاندەری ئەوە بێت کە سێروانتێس ئەوکاتەی قامکی بە دوایین وشەوە دەلەرزی، دەیزانی رۆمانەکەی دەبێتە دەقێکی پیرۆز و خۆشەویست؟! کۆندرا دەڵێت: "رۆماننووس نابێت غەیری دۆن کیشۆت سەر بە هیچ شتێک بێت". چی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو رۆمانە ئاوا وەک مانیفێستێک چاوی لێبکرێت و دوای سێ سەدە هەر بمێنێتەوە و رۆژبەڕۆژ خوێنەر و لایەنگری زیاتر بێت و لە هەموو رۆمانێک پتر خۆشەویستتر و لەبەردڵانتر بێت؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە گرێدراوە بە سیحری گێڕانەوەوە؛ ئەو ماکە سەرەکییەی هەموو رەگەکانی دیکەی چیرۆک لەسەر بنجی ئەو دەڕوێن و گەشە دەکەن.

دیاره چیرۆک کاتێک سەرکەوتووە کە تەواوی توخم و ماکەکانی (وەک گێڕانەوە، کەسایەتی، فەزا، دیالۆگ و رووداو و...)، بەباشترین شێوە پێکەوە پێکهاتەیەکی پتەو پێک بێنن. لە دۆن کیشۆتدا سیحر و جادووی گێڕانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ١٣٠٠ لاپەڕە، بێئەوەی هەست بە ماندووبوون و وەڕزی بکرێت، بە تام و چێژەوە، بخوێنرێتەوە و جارلەگەڵ جار پاڵەوانە سەیرەکەی مانێش، لەپێش چاوی خوێنەر، خوێنشیرینتر و رەزا سووکتر بێت. جادووی گێڕانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی زنجیرەی رووداوەکان بتوانن دوو کەسایەتی بێوێنە و نەمری وەک سانچۆپانزا و دۆن کیشۆت بەدی بێنن؛ یان دۆن کیشۆت و سانچۆ، رووداوی سەیروسەمەرە بخوڵقێنن و ببنە هۆی بەدیهاتنی بەسەرهاتی جۆراوجۆر و سەرقاڵکردنی سێ چوار سەدەی خوێنەرانیانەوە. ئەم وتارە، بەگشتی لەو ئامراز و شێوازی گێڕانەوانە دەدوێت کە بوونە هۆی پێکهێنانی گێڕانەوەی جادوویی دۆن کیشۆتی ناودار و سەربەدەرەوە.

پێش ئەوەی بپەرژێینە سەر تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت، پێویستە ئەوە بگوترێت کە ستراکتوری گشتیی دۆن کیشۆت لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی خەیاڵی(ادبیات تخیلی) وەک دێکامێرۆن و هەزارویەک شەو دارێژاوە. زنجیرەی دوابەدوای یەکی رووداوەکان، ئاڵقەییبوونی چیرۆکەکان لەنێو یەکدا، هەروەها دەوری سەرەکی چارەنووس و هەڵکەوت لە گێڕانەوەی دۆنکیشۆتدا، شوێن و رۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە. ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێکرا، لە پێکهێنانی ئەدەبی خەیاڵیدا چەند فەکتەرێکی سەرەکین. ئەدەبی خەیاڵی لەسەر تەوەرەی رووداو دەخولێتەوە و رووداو لە دەقە فانتازی و چیرۆکە فۆلکلۆریکەکاندا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت؛ هەر بۆیە کاتێک رۆمان (بە مانا مۆدێرنەکەی) لە زەینی سێروانتێسدا دەگووڕێ و لەدایک دەبێت، دەکەوێتە پێ و شوێنی رووداوەوە. لە دۆن کیشۆتیشدا وەک ئەدەبی خەیاڵی، زۆربەی هەرە زۆری رووداوەکان بەشێوەیەکی هەڵکەوت (اتفاقی)بەسەردا دێن و قەزاوقەدەر دەسەڵاتێکی زاڵی بەسەر رووداو و بەسەرهاتەکاندا هەیە. لە ئەدەبی خەیاڵیی کۆن، وەک هەزارویەک شەودا بەهۆی تێپەڕینی خێرا و یەک لەدواییەکی رووداو و بەسەرهاتەکان، دارشتنی کەسایەتی، زۆر ساکار و خۆکرد و بگرە لاوازە، بەڵام سێروانتێس وێڕای ئەوەی لەو پتانسێل و هێزە گرینگەی ئەدەبی خەیاڵی کەڵکی وەرگرتووە، بەسەر دارشتنی کەسەکانیدا زاڵە. نزیکی شەشسەد کەس لە دۆن کیشۆتدا هەن، کە زۆریان وەک کەسایەتی دارێژاون؛ بەتایبەت دوو کەسی هەرە سەرەکی (دۆن کیشۆت و سانچۆ پانزا)، کە ئێستا بوونە دووکەسایەتی

زۆر بەناوبانگ و ناوبەدەرەوە، تەنانەت بوونە پێشەنگ و نموودە بۆ زۆرێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانی دوای خۆیان؛ سەیرتر ئەوەی کە لە نووسەر و داهێنەرەکەیان (سێروانتێس) سەربەدەرەوەتر و بەناوبانگترن!!

لە ئەدەبی خەیاڵیدا زۆریی ڕووداوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی گێڕانەوە هەوا و ریتمێکی بەپەلە و خێرا بەخۆیەوە بگرێت. سێروانتێس وێڕای ئەوەی لەم پتانسێلەش بەباشی بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆمانەکەی کەڵکی وەرگرتووە، زۆرجار ڕستە و گوزارەکانی گێڕانەوەکەی، بە جۆرێک دەهۆنێتەوە کە گێڕانەوە هێواش و لەسەرەخۆ (شایەد بەپێی ڕۆیشتنی ئەسپە نەخۆش و لەڕ و لاوازەکەی دۆن کیشۆت!) بڕواتە پێش و جارجاریش توند و خێراتر رابکات. ڕاست وەک تێپەڕینی ژیان؛ هێندێک جار توند و بەپەلە و هەندێک جاریش هێواش و لەسەرەخۆ و تاقەتپڕووکێن.

یەکەم تایبەتمەندیی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت، هەڵکەوتە بوونی ڕووداوەکان و شوێندانانی چارەنووس و قەزاوقەدەرە لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەیە. چارەنووس و هەڵکەوت لەو وشە سەرەکییانەن کە زۆر دووپات دەبنەوە و تەنانەت بەپێی زۆر دووپاتبوونەوە و گرنگییان، دەکرێت وەک کۆد و ڕەمزێک تەماشایان بکرێت. زاراوەی ئەزقەزا و هاوتاکانی (وەک: خوداوڕاستان، بەپێی هەڵکەوت و چارەنووس وایکرد) زیاتر لە ٥٠٠ جار لەو ڕۆمانەدا دووپات دەبنەوە.

هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە سێروانتێس پێمان دەڵێت کە دۆن کیشۆت وەها سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبە پاڵەوانییەکان بووە، کە پاڵەوانییەتی و جوامێری و تەنانەت دڵدارییەکانی ئەوان گیرۆدەیان کردووە. بەجۆرێک کە شەو هەتا ڕۆژ و ڕۆژ هەتا شەو، سەر لەسەر ئەو کتێبانە هەڵناگرێت؛ تاکو وای لێ دێت لەبەر بێخەویی و زۆرخوێندنەوە، مێشکی برش دێنێ و عەقڵی دەگۆڕێ! دایمە و دەرهەم، سیحر و جادوو و شریخەی شیر و شەڕی دەستەویەخە و ڕمبازێن و دڵداریی پاڵەوانەکان لە مێشکیدا جمەی دێت و وا باوەڕ دەکات کە ئەو بەسەرهات و ڕووداوە سازکراوانە، لە ڕاستەقینەش ڕاستەقینەترن! هەربۆیە کاتێک عەقڵی وەها برش دێنێ کە ئیدی بە هیچ شتێک چاری نایە؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان، بڕیار دەدات ببێتە پاڵەوانی گەڕیدە و لە پێناوی خزمەت بە لێقەوماوان و لاگیریی لە بەشخوراوانی دنیا، بەپێی دابونەریتی کتێبە پاڵەوانییەکان، خۆی دەڕازێنێتەوە و ئەسپی لێ زین دەکات و لە گوندەکەی وەدەردەکەوێت. بە لاسایی پاڵەوانە سەربەگێچەڵەکانی نێو کتێبان، بەدووی ڕووداودا دەخولێتەوە: "پاڵەوان ڕێیگرتەبەر؛ هەڵبەت ئەو ڕێیەی کە ئەسپەکەی پێیدا دەڕۆیشت". ئەسپەکەی بۆ هەر کوێیەک بڕوا، ئەویش

دەڕوا و ڕووداو لەدوای ڕووداو بەسەریدا دێت. ئەوەش نەریت و سوننەتێکی پاڵەوانییە کە بوێرانە خۆی بداتە دەستی چارەنووس. دەکرێت بگوترێت کە ئەو ئەسپە، ئەسپی خەیاڵی سێروانتێسـە کە بەبێ لە غاو و هەوسارێکی تایبەت دەڕوات و خۆی داوەتە دەستی چارەنووس و ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان دەخوازێت. لێرەدا دەردەکەوێت ڕووداو لە دۆن کیشۆتدا بەشێوەیەکی هەڵکەوت و چاوەڕواننەکراو واتای هەیە. دۆن کیشۆت تەنیا لەگەڵ ڕووداوە کوتوپڕەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. وەختێک لە شوێنێک وەک زۆربەی شوێنەکانی دیکە، دۆن کیشۆت دەکەوێتە بەر لێدان و بە ئیشتیا خوریشۆر دەکرێت، تاوانی هەموو ئەو شکەست و نامرادییە دەخاتە ئەستۆی ئەسپەکەی و پێیوایە ئەگەر ئەسپەکەی بەو شوێنەدا نەڕۆیشتبایە، ئەو تووشی لێدان و چەرمەسەری نەدەبوو! (بەرگی یەک، ل٤٣) بەو پێیە زۆر بە دەگمەن دۆن کیشۆت بەپێی بەرنامە و لە رووی نەخشەی دیاریکراوەوە بەرەو شوێنێک دەڕوات، چونکە چارەنووس و هەڵکەوت، هەمیشە ڕووداو و بەسەرهاتی تایبەتییان بۆ پاڵەوانە گەڕیدەکان پێیە و پاڵەوانەکانیش کاتێک جوامێریی و ئازایەتی خۆیان دەسەلمێنن کە لەگەڵ ڕووداوە کوتوپڕ و چاوەڕواننەکراوەکان بەرەوڕوو ببنەوە.

لە بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەدا (هەوەڵجار دۆن کیشۆت بەتەنیا بەڕێ دەکەوێت و لە گەڕانەوەدا بۆ جاری دوایی سانچۆپانزا لەگەڵ خۆی دەبات)، ئەسپەکەی دۆن کیشۆت سەری دادەخات و ملی ڕێگا دەگرێتەبەر و گوێدرێژەکەی سانچۆپانزاش بەدوایدا؛ ڕوو لە هەر کاروانسەرا و شار و گوندێک دەکەن ڕووداوی تازە، یەک لەدوایەک، بەسەریاندا دادەبارێت. لە بەرگی دووەمیشدا، ڕووداو هەر بەشێوەیەکی هەڵکەوت و (تەسادوفی)یە؛ بەو جیاوازییەوە کە لە بەرگی دووەمدا ڕووداوەکان وەک شانۆیەک لەلایەن دۆک و دوشێســەوە پێشتر بۆیان ئامادە دەکرێت.



ڕۆژێکیان ئەسپەکەی دۆن کیشۆت ملی بەردەداتەوە و دەڕوا دەڕوا، هەتاکو پاڵەوان و مەیتەرەکەی لە کوێستانی سیراموورنا دەگیرسێنێتەوە. لەوێ بەهەڵکەوت تووشی کەسێک دەبن بە ناوی کاردنیۆ. کاردنیۆ کە جاریوایە عاقڵ و ساغ و سەلیمە و جاریواشە سەرشێت و دەل و دێوانەیە (شایەد وەک دۆن کیشۆت؟)، بۆیان دەگێڕێتەوە: لە داخی دڵدارەکەی خۆی (لۆسیند) کە پەیمانشکێنی کردووە و بەڵێنی بە کوڕی پادشا (دۆن فێرنان) داوە، وەکێو و بەندەن کەوتووە. لە نیوەی بەسەرهاتەکەدا دۆن کیشۆت و کاردنیۆ لێیان دەبێتە کێشە و لێک جودا دەبنەوە. هەر بەپێی هەڵکەوت دەلاک و قەشەی گوندەکەی دۆن کیشۆت کە بە دووی دۆن کیشۆتدا دەگەڕێن و هاتوون کیشۆت و سانچۆ ڕازی بکەن بیانبەنەوە، بەهەڵکەوت کاردنیۆ دەبینن و کاردنیۆ پاشماوەی بەسەرهاتەکەی خۆیان بۆ دەگێڕێتەوە. کاتێک هەڵدەستن ئاه و ناڵەیەک دەبیستن، تەماشا دەکەن چارەنووس (دۆرووتەی) دڵداری کوڕی پادشای گەیاندووەتە ئەوێ و ئەویش لەداخی کوڕی شا، داویەتی بە کەژ و کێودا. کاتێک قەشە و دەلاک بە بیانووی ئەوەی کە دێو و درنج زوڵمیان لە دۆرووتە کردووە و ئێستا پێویستی بە دۆن کیشۆتی پاڵەوانە تاکو بچێ و لەسەری بکاتەوە، دۆن کیشۆت ڕازی دەبێت لەبەر دۆرووتەی لێ قەوماو لەگەڵیان بڕواتەوە؛ بەو فێڵە نەبوایە لەگەڵیان نەدەڕۆیشتەوە! لادەدەنە کاروانسەرایەک و لەوێ چارەنووس وا دەسووڕێت کوڕی شا و لوسیند بە هەڵکەوت و لە ڕووی شانس و قسمەتەوە ڕێیان بکەوێتە ئەوێ و لەوێ هەر چوار دڵدارەکە پێکدەگەن و ئاو بە ئاوردا دەکرێت و هەرکەس بە گراوی خۆی دەگات و خوداو ڕاستان گرفتی هەمووان چارەسەر دەکرێت؛ گرفتی ئەوینە سەیرەکەی دۆن کیشۆت نەبێ!! (بەرگی یەک ل٢١٧-٣٤٨). مەبەست لە هێنانەوەی ئەوکورتەیە ئەوە بوو کە ڕادەی کارتێکەریی هەڵکەوت و چارەنووس و قەزاوقەدەر لە گێڕانەوەی دۆن کیشۆتدا نیشان بدرێت...

بەڵام ئایا هەڵکەوت و چارەنووس و قەزاوقەدەرییبوونی بەسەرهات و ڕووداوەکان، چ شوێنێک لەسەر گێڕانەوە دادەنێت و دەبێتە هۆی بەدیهێنانی چ جۆرە گێڕانەوە و چیرۆکێک؟

لە نووسیندا هەڵکەوت و قەزاوقەدەرییبوونی ڕووداوەکان ئەو دەرفەت و دەرەتانە بۆ نووسەر دەڕەخسێنێت کە بتوانێت زۆر دەستئاوەڵایانە و بەربڵاو، ڕووداو و بەسەرهاتەکان بێنێتە کایەوە و بە بیانووی شتێکی چکۆلەوە چیرۆک بگێڕێتەوە و زنجیرەی ڕووداوەکان درێژ بکاتەوە، یان بە لاڕێدا بڕوات؛ دەستی نووسەر بۆ هێنانەکایەی کەسی تازە، یان بەدیهێنانی ڕووداوی

تازه و چاوەڕواننەکراو، ئاوەڵاتر و ئازادترە. دەتوانین ئەم شێوە نووسینە بە دەمودەستنووسی (بداهەنویسی) ناوبنێین. هێزی خەیاڵ (تەخەییول) دەوری سەرەکی دەگێڕێت و نووسەر ئازادییەکی ئێجگار زۆری لە هێنان و هەڵبژاردنی رووداو و بەسەرهاتەکاندا هەیە و پێشتر پێویست بە نەخشە و پلانێکی زۆر ورد و ئەندازیارانە نییە. بەو جۆرە پێکهاتەیەک پێکدێت کە لە دەروونەوە رووداوەکان بەشێوەیەکی هەڵکەوت و قەزاوقەدەریانە روودەدەن؛ نەوەک بەپێی پێداویستی و زەرورەتێکی حەتمی و نەگۆڕ. زۆربەی رۆمانەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدە بەتایبەت دوو رۆمانی گەورە و شاکاری دۆن کیشۆت و تریسترام شەندی بەو شێوازە نووسراون. پەراوێزهەڵواسین و لاڕێ رۆیشتن لەم رۆمانانەدا نەک تەنها زیادە نین، بەڵکو بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتین لە ستراکتوری رۆماندا، بەڵام لە سەدەی نۆزدە بەملاوە شێوازێکی نووسین بەدی دێت کە پێویستی بە چوارچێوە و نەخشەیەکی تایبەت هەیە؛ بەو واتایە کە هەرکام لە ماک و توخمەکانی رۆمان بەتایبەت رووداو، دەبێت پێداویستییەکی حەتمی بیهێنێتە ئاراوە؛ دەنا زیادی دەبێت و دەبێتە هۆی لاوازیی و لاسەنگبوونی رۆمان. هەربۆیە نووسەر بۆ ئەوەی بتوانێت بەگوێرەی نەخشە و چوارچێوەی داڕێژراو بڕواتە پێشێ، لە هەر جۆرە پەراوێزهەڵواسین و لاڕێ رۆیشتنێک خۆی دەپارێزێت. بۆ وێنە (هێمێنگوای) دەڵێت: "دەمتوانی پیرەپیاو و دەریا زیاتر لە هەزار لاپەڕە درێژتر بکەمەوە... بەڵام نووسەرانی پێش من، ئەو کارەیان بە باشی ئەنجامداوە... من هەوڵمدا کارێکی دیکە بکەم. هەوڵمدا ئەو رووداو و ئەزموونانەی پێویستی و زەروورەتی بۆ خوێنەر نییە وەلا نێم..."، پیرەپیاو و دەریا ناگاتە سەد لاپەڕە، بەڵام ئەو رۆمانە بەجۆرێک داڕێژراوە کە بەپێی پێداویستییەکی دەروونیی، هەرکام لە ماکەکانی چیرۆک، لە جێگای تایبەتی خۆیاندا دانراون. بەجۆرێک کە کەم و زیادکردنی رستەیەک لەوانەیە ببێتە هۆی نامیزانکردن و لاسەنگبوونی رۆمانەکە. قەوارەی پیرەپیاو و دەریا، ئەوە نیشان دەدات کە ئەو رۆمانە دەبێت بەپێی گەڵاڵە و نەخشەیەکی زۆر ورد و رێکوپێک، ئەندازیاری کرابێت. (هێمێنگوای) ساڵی ١٩٣٦، نەخشەی پیرەپیاو و دەریا، دادەڕێژێت. دوای چواردە ساڵ، جا لە ساڵی١٩٥١دا تەواوی دەکات! دەڵێن ساڵی١٩٤٠، هەتا ساڵی١٩٥٠، رۆژی چەندین سەعات لەپشت مێزەکەی دادەنیشت و تەنیا و تەنیا فکری دەکردەوە!

بەڵام لە شێوە نووسینی سەربزێو و چالاکی دەمودەستنووسیی (سێروانتێس) دا ئەو هەستیارییە سەبارەت بە داڕشتن و دانانی گەڵاڵە و نەخشەی تایبەت نابینرێت. هەربۆیە بەربڵاوی و ئازادیی خەیاڵی نووسەر لەوانەیە تووشی هەڵەی

بکات: لە بەرگی یەک، بەشی ٢٤دا، گوێدرێژەکەی سانچۆ دەدزرێت؛ دواتر لە بەشی ٢٥دا، سێروانتێس لەبیری دەچێتەوە کە وتویەتی گوێدرێژەکەی سانچۆ دزراوە و دەڵێت: سانچۆ سواری گوێدرێژەکەی دەبێت و دەڕوات!! ئەم دوو ستایل و شێوازە، هەرکام بەجۆرێک لەگەڵ ماکەکانی چیرۆکدا دەحەوێنەوە و هەرکام جۆرێکی تایبەتی کەسایەتی و رووداو و فەزا و... دەخوڵقێنن. دەکرێت بگوترێت کە لە ستایل و شێوازی دەمودەستنووسیدا گەڵاڵەی پێشوەخت، لەوانەیە رێگری رەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆری و فانتازیبوونی گێڕانەوەبێت و بەرنامەی ورد و ئەندازیارانە لەوانەیە ببێتە هۆی باڵکردن و لە باڵەفڕەخستنی گێڕانەوە. هەروەها لە نووسین بەپێی نەخشە و گەڵاڵەی دیاریکراودا، پەڕاوێزهەڵواسین و ئازادکردنی خەیاڵ، ئەگەر بەپێی پێداویستیی دەروونی چیرۆک نەبێت، دەبێتە هۆی لە گرێژەنەبردنی چیرۆک؛ لەم شێوازەدا دەبێت هەموو شتێک بەپێی بەرنامە و گەڵاڵەی سەرەکی بڕواتە پێش.

هەڵکەوت و رێکەوتی بوونی رووداوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە زنجیرەی گێڕانەوە درێژەی هەبێت؛ بەو جۆرە چیرۆکی لاوەکی و فەرعی (بە بیانووی جۆراوجۆرەوە) سەرهەڵدەدا و بەدی دێت. چیرۆکی لاوەکی، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی مەودای چاوەڕوانیی خوێنەر؛ ئەگەر بە فێڵ و لێزانینێکی لێهاتووییەوە بکرێت (یانی ئەگەر بخرێتە نێو بازنەی چاوەڕوانڕاگرتن "تەعلیق"ەوە)، خوێنەر کەلێن بە کەلێن و قوژبن بە قوژبن، بەبێ ئەوەی هەست بە وەڕەزی بکات، بەدوای رووداوی سەرەکیدا دەڕوات؛ ئەوکارە (خوێندنەوەی چیرۆکە لاوەکییەکان و گەڕان بەدوای سەرەهەودای بەسەرهات و چیرۆکی سەرەکیدا؛ شێوازێکی تایبەتی تەعلیق) تاموچێژێکی تایبەتی بۆ خوێنەر هەیە.

چارەنووس و هەڵکەوت، وێڕای ئەوەی رەنگاوڕەنگی رووداو بەدی دێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گێڕانەوە زیاتر لە ژیانی راستەقینە و واقیعیی نزیک ببێتەوە، چونکە ژیان ئەوەندەی بەپێی عەقڵ و هزری بەرنامەڕێژ و بەپێی نەخشەی عەقڵ بەرەوپێش دەچێت، ئەوەندەش لەژێر کارتێکەری چانس و بەختدایە و لەسەر رووداوە کوتوپڕ و هەڵکەوتە چکۆلەکان هەڵدەخولێ. خوێنەر زۆر ئاسایی و زۆر زوو بە وتنی ئەزقەزا، یان خوداوڕاستان یان چارەنووس وایکرد، باوەڕ بەوە دەکات کە دۆن کیشۆت بەپێی هەڵکەوتێکی چکۆلە، تووشی کاردنیۆ بێت و چارەنووس وابکات کە رێگای دڵدارەکەی کاردنیۆش بەوێدا تێپەڕێت و لەوێ پێک بگەنەوە و حەق بە حەقدار بگات، چونکە ئەوە رووداوێکی نامۆ نییە و ژیانی مرۆڤ گرێدراوە بە رووداوە چاوەڕواننەکراو و هەڵکەوتە چکۆلەکانەوە.

جودا لەوانە قەزاوقەدەرییبوون، یان بە واتای ئەم رۆژییانە هەڵکەوتەبوونی رووداوەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی گێڕانەوە دەرفەت و مەودای بۆ بڕەخسێت، تاکو پێش ئەوەی خوێنەر لە دەمودووی بگێڕەوە (راوی) وەڕەز بێت، راوێژی خۆی زۆر بە ئاسانی و ئاسایی بگۆڕێت. هەروەک لە بەسەرهاتی کاردنیۆدا (ل٢١٧-٣٤٨) کاردنیۆ لە زمانی خۆیەوە (کەسی یەکەمی تاک) ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. بەو جۆرە هەم خوێنەر و هەم بگێڕەوەی هەموو شتزان، دەرفەتێکیان بۆ دەلوێت، تاکو پشوویەک بدەن. هەرچەند خوێندنەوەی دۆن کیشۆت لەنێو قرمە و هەرای ژیان و هارەهارِی دنیای واقیعیدا، خۆی پشوودان و دەرفەت و حەسانەوەیە. بە وتەیەکی دیکە، خوێندنەوەی دۆن کیشۆت بەرینکردنی ئەو دنیا تەنگەبەر و وشک و رەقوتەقەیە کە بەردەوام گوڕەوشارمان دەدا. هەڵبەت ئەوەش بە مانای ئەوە نییە کە خوێندنەوە، خۆشاردنەوە لە تاڵییەکانی ژیان و هەڵاتن لە واقیعییەت بێت! چونکە رۆمان لایەنە نادیارەکانی ژیان کەشف دەکات و بەستێنی بەرتەنگی واقیعییەت بەربڵاو و بەرینتر دەکات؛ راوێژی دۆن کیشۆت دەرفەتێکە بۆ دەربازبوون لەژێر بارستایی قورسی دەم و کاوێژی واقیعییەت.

بۆ سەرگرتنی باسی هەڵکەوت و تەسادوفی بوونی رووداوەکان لە دۆن کیشۆتدا و کردنەوەی باسێکی نوێ، پێویستە باسی ئەو بابەتە سەیرەش بکەین کە سێروانتێس خودی کتێبی دۆن کیشۆت بە هەڵکەوتێکی دەگمەن دەزانێت و پێیوایە کە چارەنووس ئەو کتێبەی لەسەر رێگای ئەو داناوە؛ دەنا ئەو نەینووسیوە! واتە ئەگەر چارەنووس وای نەکردبایە کە ئەو، ئەو کتێبەی لە بازاڕ نەدیبایە، ئەوڕۆ خوێنەران لە خوێندنەوەی وەها کتێبێک بێبەری دەبوون. لە بەشی ٩ی بەرگی یەکەمدا، دەگێڕێتەوە کە رۆژێک لە بازاڕی تۆلێدۆ دەگەڕا، منداڵێک بەسەرهاتی دۆن کیشۆتی کە بە زمانی عەرەبی نووسرابوو، دەفرۆشت. سێروانتێس لێی دەکڕێتەوە و بەو جۆرە لە فەوتان و تێداچوون رزگاری دەکات!!

دووەمین تایبەتمەندیی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت بابەتێکە بە ناوی داتاشینی بەڵگە و سەرچاوە، یان (جەعلی سەنەد): خوێنەر دوای خوێندنەوەی هەشت بەش (فەسڵ) گیرۆدەی سیحری گێڕانەوەی سێروانتێس بووە و خووی بە پاڵەوان و مەیتەرەکەی گرتووە و بە ناخ و قووڵایی چیرۆکدا رۆچووە. لە وەها کاتێکی ئەستەم و هەستیاردا کوتوپڕ، چیرۆک وشکایی دێت: "بەڵام لە هەموو شتێک ناخۆشتر ئەوەیە کە نووسەری ئەم چیرۆکە، لێرەدا... بەسەرهات بە ناتەواوی دێڵێتەوە..." بگێڕەوەی فێڵزان، دەیەوێت خۆی لەو راگرتن و تەواوکردنەدا بێتاوان بکات و تاوانەکە بخاتە سەر چارەنووس و هەڵکەوت؛ تاکو بەو جۆرە خوێنەر

ئەوەندەی دیکە تامەزرۆی خوێندنەوەی پاشماوەی چیرۆکەکە ببێت. ئەگەر هەڵکەوت و شوناس بەپیرمەوە نەهاتنایە، دنیا لە خوێندنەوەی خۆشی دۆن کیشۆت بێبەری دەبوو... رۆژێک لە شاری تۆلێدۆ، مێرمنداڵێکم دی، دەیویست چەند دەستنووسێکی کۆن بە دوکاندارێک بفرۆشێت. وەختێک هاتم یەکێک لە دەفتەرەکان بیخوێنمەوە، دیتم کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە... خودای کرد و قەزاوقەدەر عەرەبێکی بۆ گەیاندم. ئەو کتێبەکەی کردەوە و هێشتا چەند رستەیەکی نەخوێندبووەوە، دەستیکرد بە پێکەنین. من هۆی پێکەنینەکەیم لێپرسی... وەختێک ناوی دۆلسینە (دڵدارە خەیاڵییەکەی دۆن کیشۆت)م لێ بیست، لە جێی خۆم وشک بووم... داوام لە عەرەبەکە کرد کە هەرچی زووترە نێوی کتێبەکەم پێ بڵێت. ئەو ئاوای وەرگێڕاوە: "بەسەرهاتی دۆن کیشۆتی مانێش، نووسراوەی سەیدحامیدی ئیبنی ئینجیللی مێژوونووسی گەورەی عەرەب" دەستبەجێ دەفتەرەکانم کڕییەوە و... عەرەبەکەم بردەوە ماڵێ و لە ماوەی شەش هەفتەدا هەمووی بەسەرهاتەکەی بە کرێ بۆ وەرگێڕام:... دیارە ئەم شێر و رێوی هێنانەوەیە، داتاشراو و دەستکردە، بەڵام دەتوانین بپرسین کە دەبێت هۆی داتاشین و دانانی نووسەری دەستکرد بۆ نووسراوەیەک چ بێت؟ زۆرێک پێیانوایە کە لە سەردەمی سێروانتێسدا، نووسەران بۆ ئەوەی باوەڕ بە نووسراوەکەیان بکەن، مەجبووربوون نووسەری دیکە بۆ نووسراوەکەی خۆیان داتاشن. یان هەندێکیش دەڵێن، چونکە لەوسەردەمەدا چیرۆک بە خەیاڵاتی پڕوپووچ زانراوە، سێروانتێس ویستوویەتی بۆ سەلماندنی واقیعیبوونی رۆمانەکەی سەرچاوەیەکی راستەقینەی بۆ دانێت، تاکو بخوێندرێتەوە، بەڵام ئەم دوو هۆیە کە وێڕای ئەوەی هیچیان لە هەڵە ناچن و لە راستی بەدوور نین، هۆی بنچینەیی و سەرەکی نین، چونکە ئەگەر وا بوایە سێروانتێس نەدەهات راست لە بەشی نۆدا ئەو کارە بکات؛ ئەوکات هەر لە سەرەتاوە نێوی سەیدحامیدی ئیبنی ئینجیللی دەنووسی! بەپێی تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوە، دەبێت هۆکاری ئەو کێشەیە لە زمانی تەنز و فۆرمی گێڕانەوەی رۆمانەکەدا ببینرێتەوە؛ نەوەک لە تەفسیرکردنەوە و بۆچووندا (بۆچوون را دەربڕینێکی بە شک و گومانەوەیە، جیاوازی هەیە لەگەڵ را و تێبینی). گێڕانەوەی دۆن کیشۆت گێڕانەوەیەکی تەنزی و بەرپەرچدانەوەی گێڕانەوە حەماسی و رۆمانسییەکانی پێش خۆیەتی. سێروانتێس بە زمانێکی تەنز، بەناوی رۆمانس و گێڕانەوە پاڵەوانییەکاندا دەگەڕێت و تەنانەت دەمەلاسکەیان دەکات! بۆیە زۆر کەس دۆن کیشۆت و سانچۆ بە کارتۆن و کاریکاتۆری کەسایەتی دەزانن. گێڕانەوەی دۆن کیشۆت گاڵتەکردنە بە رەوایەتە

سوننەتییەکانی پێش خۆی؛ تاکو کۆتایی بە زمانی سواو و سوننەتی رابردووان بێنێت و لە باو و برەویان بخات. بە لەدایکبوونی رۆمانی دۆن کیشۆت، کۆتایی بە سوننەتی سەدان ساڵەی رۆمانس هات و گێڕانەوەیەکی نوێ بنیاد نرا. وێدەچێ سێروانتێس لە داتاشینی نووسەری دەستکرد بۆ دۆن کیشۆت، مەبەستی ئەوە بووبێت کە بەجۆرێک گاڵتە بە فۆرمی ئەو رۆمانس و کتێبە پاڵەوانییانە بکات کە بۆ دەرخواردانی درۆ و دەلەسەکانیان مەجبوور بوون پەنا بۆ نووسەری دیکە ببەن و خۆیان بە ناوی ئەوانەوە هەڵواسن. سێروانتێس زۆر بەڕاشکاوی گاڵتە بەو کتێب و نووسەرانە دەکات کە ریزێک ناوی قەبەی نووسەرانی ناودار لە نووسراوەکانی خۆیاندا دێننەوە، تاکو بەوجۆرە لەپێش چاوی خوێنەر، خۆیان شیرین بکەن! هەروەها لە پەنای ئەوەشەوە بەدوور نییە سێروانتێس کە سەردەمانێک وڵاتەکەی کەوتە بەر تاڵان و پەلاماری عەرەبەکان، کاریگەری لە فۆرمی گێڕانەوەی حەدیسەکانی پێغەمبەری ئیسلام (بەتایبەت حەدیسی متواتر کە سێ راوی هەیە) وەرگرتبێت و بەو جۆرە گاڵتەی بە سوننەتێکی گێڕانەوەی عەرەب کە سەردەمانێک خۆیان بەسەر وڵاتەکەی ئەویشدا سەپاند، کردبێت. دۆن کیشۆتیش سێ بگێڕەوە (راوی)ی هەیە: سێروانتێس، وەرگێڕە عەرەبەکە و سەیدحامیدی ئینجیللی...

سێروانتێس لە سەرەتای زۆربەی بەشەکانی دۆن کیشۆتدا ئەو نووسەرە دەستکردە، وەبیری خوێنەر دێنێتەوە و بەو جۆرە وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ دەستپێکی هەر بەشێک، کەڵکی لێ وەردەگرێت. هەتاکو لەلایەکەوە گاڵتە بەو رەوایەتانە بکات کە بۆ سەلماندنی خۆیان مەجبوورن پەیتا پەیتا خۆیان بە سەرچاوە و بەڵگەی دیکەوە هەڵواسن؛ لە لایەکی دیکەشەوە بە هێنانەوەی ناوی وەرگێڕە عەرەبەکە، یان سەیدحامید، چیرۆک لە جێگایەکی ئەستەم و هەستیاردا رادەگیرێت؛ کە زۆر وێدەچێ بۆ زیاتر تامەزرۆکردن و هاندان و راکێشانی هەرچی زیاتری خوێنەر، جۆرێک فێڵ و لێزانینی گێڕانەوە بێت. بۆ وێنە سەرەتای بەشی ٢٤، بەرگی دوو: "وەرگێڕ (عەرەبەکە) دەڵێت کاتێک بە بەشی... گەیشتم ئەم بابەتەم بە دەستوخەتی سەیدحامید لە پەڕاوێزدا بەرچاو کەوت..." یان سەرەتای بەشی ٨، بەرگی دوو: "سەید حامید وەختێک بە بەشی هەشت دەگات، یەک بە خۆی هاوار دەکات سبحان ربی الاعلی و بحمده و ئەم دوعایە سێ جار دەڵێتەوە و دوایی دەڵێت..." بەشی١٨، بەرگی دوو: "... لێرەدا نووسەر (سەیدحامید) هەمووی بەسەرهاتەکەی بە وردیی گێڕاوەتەوە... بەڵام وەرگێڕە عەرەبەکە وای بەباش زانی کە واز لەو باسە بێنێ..." دواتر ئەم شێوە نووسینەی

سێروانتێس (داتاشینی نووسەری دەستکرد) لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی سەدەی نۆزدە بەملاوە جێی خۆی کردەوە و بوو بە پێشەنگ و نموودەی فێڵ و تەکنیکێکی ئەدەبی.

سێیەمین تایبەتمەندیی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت ئاڵقەیی بوونی چیرۆکەکانە لەنێو یەکدا. لەنێو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی دۆن کیشۆت و سانچۆپانزادا (وەک چیرۆکی سەرەکی) گێڕانەوە بەرەو بەسەرهاتی لاوەکی و فەرعی بە لاڕێدا دەڕوات و بەهۆی لاڕێ ڕۆیشتن، بەشێوەیەکی کاتیی، بەسەرهاتی سەرەکی رادەگیرێت و لەو نێوەدا چیرۆکێکی لاوەکی بیچم دەگرێت. زۆرجار کاتێک بەبۆنەی چیرۆکێکی لاوەکییەوە بەسەرهاتی سەرەکی رادەگیرێت، چیرۆکە لاوەکییەکەش بە کۆتایی ناگات و ئەویش لە جێگایەکی ئەستەم و هەستیاردا رادەگیرێت و بە ناتەواوی دەمێنێتەوە؛ تاکو لە دەرفەتێکی دیکەدا بێتەوە گۆڕ و بە کۆتایی بگات. بەو جۆرە ئاڵقەیەکی گێڕانەوەیی بەدی دێت. یان جاری وایە کەسەکانی نێو چیرۆکەکە چیرۆک بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

ڕاگرتن و پچڕانی چیرۆک و بەسەرهاتەکان لە دۆن کیشۆت-دا بە سێ جۆر دەبینرێت: ئـ/ ڕاگرتن و پچڕانی چیرۆک بە ئێجگاری و بەجۆرێک کە بە ناتەواوی بمێنێتەوە و لە هیچ جێگایەکی ڕۆمانەکەدا پاشماوەکەی نەبیندرێتەوە: لە بەرگی یەک، بەشی بیست دا، سانچۆ دەیەوێت چیرۆکێک بۆ دۆن کیشۆت بگێڕێتەوە، لە نیوەی چیرۆکەکەیدا دەگاتە شوێنێک کە شوانی چیرۆکەکەی سانچۆ دەبێت مەڕەکانی لە چەمێک بپەڕێنێتەوە... سانچۆ بە دۆن کیشۆت دەڵێت: دەبێت هۆشت بێت، کە چەند مەڕ دەپەڕێتەوە؛ ئەگەر ژمارەی مەڕەکانت لەبیر بچێت، چیرۆکەکە تەواو دەبێت و دواییەکەیت بۆ ناگێڕمەوە! دوای ماوەیەک سانچۆ لە دۆن کیشۆت دەپرسێت، **شوانەکە تا ئێستا چەند مەڕی** پەڕاندووەتەوە؟ دۆن



کیشۆت لەبیری نامێنێت و سانچۆ دەڵێت ئا لێرەدا چیرۆک بە کۆتایی دەگات!
دۆن کیشۆت دەڵێت: "بەڕاستی ئەم چیرۆکە یەکێک لە سەیرترین چیرۆکەکانی جیهانە، (چونکە) ئەو جۆرە کۆتاییە کەس نەیدیوە و کەسیش نایـــبـــینێت"
ب/ راگرتنی چیرۆک بەشێوەیەکی کاتی و هاتنەوەی پاشماوەی چیرۆکەکە لە شوێنێکی دیکەدا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو: بەو واتایە کە خوێنەر ناتوانێت پێشبینی بکات، کە ئایا ئەم چیرۆکەی بە نیوەچڵی ماوەتەوە، پاشماوەکەی دەبینێتەوە، یان نا؟ هەروەها خوێنەر بۆی روون نییە کە پاشماوەی چیرۆکە پچڕاوەکە لە کوێدا دەخوێنێتەوە. بۆ وێنە لە بەرگی یەک، بەشی ٢٤دا، کاردنیۆ بەسەرهاتی خۆی بەشەرتێک بۆ دۆن کیشۆت و سانچۆ دەگێڕێتەوە کە نەپەڕنە نێو قسەکانییەوە و چیرۆکەکەی پێ نەبڕن! کاردنیۆ دەست پێدەکات و لە نیوەیدا دۆن کیشۆت خۆی پێ راناگیرێت و قسە دەکات؛ کاردنیۆ رقی هەڵدەستێ و بەسەرهاتەکەی بە نیوەچڵی و ناتەواوی دێڵێتەوە! ئەوە لە کاتێکدایە کە خوێنەر زۆر تامەزرۆی خوێندنەوەی پاشماوەی بەسەرهاتەکەیە. دوای چەندین بەش کە ئەو بەسەرهاتە فەرامۆشکراوە، لە بەشی ٢٧دا، پاشماوەی باسەکە درێژە دەدرێت. زۆربەی چیرۆکە لاوەکی و فەرعییەکانی بەرگی یەکەمی رۆمانەکە بەم شێوازە رەوایەتکراون. ج/ راگرتن و پچڕانی بەسەرهات بە شێوەیەکی رێکوپێک و یەک لە دوای یەک: بەو مانایە کە خوێنەر دوای خوێندنەوەی یەک دوو بەش، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت پێشبینی بکات کە پاشماوەی ئەو بەسەرهات و چیرۆکە پچڕاو و راگیراوە، کەی و لە کوێدا دێتەوە. لە بەرگی دوو، بەشی ٤٤ هەتا بەشی ٥٧، وەختێک سانچۆپانزا دەکرێتە حاکمی دوورگە و لە دۆن کیشۆت دوور دەخرێتەوە، نزیکی پازدە بەش، یەک لە دوای یەک، بەشێک بەسەرهاتی دۆن کیشۆت رەوایەت دەکرێ و بەشەکەی دوایی بەسەرهاتی سانچۆپانزا. بەرگی دوو، کۆتایی بەشی ٤٤: "... لەم بارودۆخەدا پاڵەوان بەجێدێڵین، چونکە سانچۆپانزای مەزن دەیەوێت بە کەبکەبە و دەبدەبەوە حکومەتەکەی دەست پێ بکات و ئێمە بەرەو لای خۆی بانگێشتن دەکات..."، کۆتایی بەشی ٤٥: "... باشتر وایە سانچۆپانزای دلۆوان لێرەدا بەجێبێڵین و بچین بۆ لای ئاغا و خاوەنەکەی...".
چوارەمین تایبەتمەندی گێڕانەوەی دۆن کیشۆت هاتنەکایەی راستەوخۆی نووسەرە. کە بریتین لە: سەید حامیدی ئینجیللی، سێروانتێس وەک بگێڕەوە، وەرگێڕی عەرەب کە دەفتەرەکان بۆ سێروانتێس وەردەگێڕێت. سەیر ئەوەیە کە جاریوایە وەرگێڕە عەرەبەکەش لە گێڕانەوەی بەسەرهاتدا دەوری هەیە: بۆ وێنە لە بەرگی دوو، بەشی ١٨دا، سێروانتێس دەڵێت: "... لێرەدا نووسەر (سەیدحامید)

بەسەرهاتەکەی بە وردی گێڕاوەتەوە... بەڵام وەرگێڕە عەرەبەکە، وای پێ باش بوو کە واز لەو باسە بێنێت، چونکە ئەو پێیوابوو لەگەڵ ئەسڵی بەسەرهاتەکە یەکناگرنەوە".

بگێڕەوە یان نووسەر، لە زۆر جێگادا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ گاڵتەکردن بە فۆرمی گێڕانەوە، یان گرنگ نواندنی ئەو رووداوەی بڕیارە روو بدات، یان بۆ پێداگریکردن لەسەر رووداو و بەسەرهاتەکان دێتە نێو رۆمانەکەوە. سێروانتێس لە هەندێک جێدا پێش وەخت سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت و باسی توانایی لە رادەبەدەری سەیدحامید وەک نووسەری دۆن کیشۆت دەکات، یان بۆ زەقکردنەوە و گرنگ نیشاندانی ئەو رووداوەی بڕیارە رووبدا، فێڵ و تەکنیکی تایبەت بەکار دەبات: سەرەتای بەشی ٤٠، بەرگی دوو: "... هەموو ئەوانەی چیرۆکی ئاوایان پێخۆشە، دەبێت مەمنوون و سوپاسگۆی نووسەری سەرەکی، سەیدحامیدی ئینجیللی بن، چونکە ئەو حەول و دەولێکی ئێجگار زۆری داوە تاکو ورد و درشتی ئەم بەسەرهاتەمان بۆ بگێڕێتەوە..."... "ئاخ، ئەی نووسەری ناودار! ئەی دۆن کیشۆتی بەختەوەر! ئەی دۆلسینەی بەناوبانگ! ئەی سانچۆپانزای قسەخۆش و لەبەردڵان! یارەبی هەمووتان هەتاهەتایە بۆ خۆشی و جەفەنگی جیهان و جیهانیان هەر بژین و خۆش بن!..."، یان لە بەرگی دوو، بەشی ٣١دا، وەختێک کەسێک قسە بە دۆن کیشۆت دەڵێت و بێحورمەتیی پێ دەکات، سێروانتێس زۆر وریایانە هەر لەوێدا ئەو بەشە بە کۆتایی دەگەیەنێت و دەڵێت: "وەڵامەکەی دۆن کیشۆت شایانی ئەوەیە کە بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت". لێرەدا وێڕای ئەوەی فێڵ و تەکنیکێکی ورد و جوان بۆ کۆتایی ئەو بەشە و کردنەوەی بەشێکی نوێ بەکارهاتووە، خوێنەر وا بیردەکاتەوە کە دەبێت ئەو وەڵامەی دۆن کیشۆت چ بێت و زۆر تامەزرۆیانە هەڵدەکوتێتە سەر بەشی دوایی، تاکو وەڵامەکەی دۆن کیشۆت بخوێنێتەوە و بزانێت ئەو وەڵامە چییە و چۆنە کەوا شایانی ئەوەیە بەش (فەسڵ)ێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت! بەگشتیی ئەم وردەکارییانە کە لە گێڕانەوەی دۆن کیشۆتدا شوێنێکی بەرچاویان هەیە، ئەرکێکی زۆرگرنگیان لە خۆشکردن و رازاندنەوەی گێڕانەوەدا لەسەرشانە؛ دواتریش بوونە بنەو بنەڕەتێک بۆ بەرینکردنی بەستێنی تەکنیکە گێڕانەوەییەکان. لەخۆڕا نییە ویلیام فاکنێر کە تواناییەکی بەهێزی بۆ گێڕانەوە هەیە، وتوویەتی ساڵی جارێک دۆن کیشۆت دەخوێنێتەوە!!

ئەگەرچی ناتوانرێت پێنجەمین بابەت وەک تایبەتمەندی گێڕانەوە باس بکرێت، بەڵام لەو وردەکارییە سەیرانەیە کە ناکرێت لێی تێپەڕین و باس نەکرێت! وەک

پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە بەرگی یەک، بەشی ٢٤دا، گوێدرێژەکەی سانچۆپانزا دەدزرێت و بەشێک دواتر، سێروانتێس لەبیری دەچێتەوە کە گوێدرێژەکەی سانچۆ دزراوە "سانچۆ سواری گوێدرێژەکەی دەبێت و دەڕوا..."(!) بەرگی یەکی دۆن کیشۆت بەو هەڵەیەوە(؟) چاپ دەکرێت. لە بەشی سێی بەرگی دوودا، وەختێک خوێندکارێکی زانکۆ تووشی دۆن کیشۆت دەبێت، پێی دەڵێت کە "بەسەرهاتی تۆ چاپ بووە و من خوێندوومەتەوە... بەڵام خوێنەران نووسەری ئەو کتێبەیان زۆر بەدڵ نییە، چونکە بێ ئەوەی باسی بکات کە گوێدرێژەکەی دیوەتەوە، دەڵێت سانچۆ سواری گوێدرێژەکەی بوو ڕۆیشت..."، بەو جۆرە سێروانتێس ئەو هەڵەیەی لە بەرگی یەکدا روویدابوو، نەک تەنیا زۆر وریایانە قەرەبووی دەکاتەوە، بەڵکو گومانی ئەوە دروست دەکات کە شایەد هەڵەیەکی بەئەنقەستی نووسەر بووبێت (واتە ئیمکانی ئەوە لە لای خوێنەر دروست دەکات کە ئەسڵەن هەڵە نەبێت)، تاکو خوێنەر فریو بدات! بۆ ئەوەی ئەو گومانە زیاتر بکات و تەواو خوێنەر لە گێژاوی سیحری گێڕانەوەی خۆیدا ون و سەرسام بکات، لە بەرگی دوو بەشی ٤٥دا، بەئەنقەست هەڵەیەکی دیکە دەکات و دواتر راستی دەکاتەوە!!

بە خوێندنەوەی دۆن کیشۆت دەردەکەوێت کە سێروانتێس تواناییەکی بەهێزی بۆ گێڕانەوە و سەرقاڵکردنی خوێنەرەکانی هەیە؛ لە چکۆلەترین شت، لە هەر وشە و هێما و نیشانە و دەنگ و رەنگ و هەڵە و پەڵەیەک، دەتوانێت بۆ دەوڵەمەندکردنی گێڕانەوەکەی کەڵکوەرگرێت و بۆ هەتاهەتایە، هەتا خوێنەری رۆمان بمێنێت، دۆن کیشۆت بخوێنرێتەوە و خوێنەرانی سەرسام بکات. سەرسام لەوەی کە ئەم هەوەڵ رۆمانە چۆن ئەو هەمووە توانایی و وردەکارییانەی لە خۆیدا حەشارداوە... "ئیدی لەوە زیاتر هیچ ناڵێم". بەرگی دوو، کۆتایی بەشی ١٤.

ئامین!

# شانامە کوردییەکان



● سیاوەش گۆدەرزی

لەنێو کورددا دوو جۆری سەرەکی شانامە هەیە. یەک شانامەی نووسراو و یەکێکیش شانامەی زارەکی، کە رەنگە دەیان شێوازی جیاوازی ئەگەر لە بەیتبێژان و میرزاکانی کوردستان بە دەنگ تۆمار کرابن، هەبێت. هەر دوو جۆری شانامە بۆ خۆیان بە دەیان شێوازی جیاوازیان هەیە، کە بە پێی ناوچە و هەرێمی جیاواز گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. خاڵی سەرەکی و هاوبەشی هەموو شانامە کوردییەکان ئەوەیە کە باس و گێڕانەوەی پاڵەوانێتی و قارەمانانی جیڤانۆکی دەکەن. لە هەر داستان و چیرۆکێکی کوردیدا باسی پاڵەوانگەلی جیڤانۆکی بکرێت، ئەوە ئەو چیرۆکانە چ زارەکی و چ نووسراو دەکەونە نێو کاتەگۆری شانامەی کوردی یان وەک "بێهروز چەمەنئارا" دەڵێت "رەزمنامە" یان "شەڕنامە" کە هەر سێکیان لەنێوەڕۆکدا یەکن[1]. زۆربەی هەرە زۆری شانامە کوردییەکان بەتایبەتی ئەوانەی نووسراونەتەوە بە شێوەزاری گۆرانی یان هەورامی نووسراونەتەوە[2].

تێکەڵی و لێک نزیکی ئەم دوو زاراوەیە وایکردووە کە لە شانامەکاندا جێگۆڕکێ بە ناوی هەورامی لە باتی گۆرانی، یان بە پێچەوانەوە بکرێت[٣].

بێجگە لە شێوەزاری گۆرانی، شانامەی کوردی بە شێوەزاری کوردی وەک لەکی و لوڕی (دیارە ئەگەر وەک شێوەزاری کوردی بۆ خۆیان بیسەلمێنن) و کرمانجی سەروو (چیرۆکی زارەکی) هەیە.

شانامە کوردییەکان بە گشتی سەرچاوە لە شانامەی فیردەوسی وەردەگرن، بەڵام بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی، مەزهەبی و ئێتنیکی گۆڕانکاری بەرچاو لە شانامە کوردییەکاندا هاتوونەتە گۆڕێ. هەربۆیە نەک وەک وەرگێران لە شانامەی فێردەوسی، بەڵکو ناسنامەی تایبەت بە خۆیان وەک "شانامەی کوردی" وەرگرتووە. شانامە کوردییەکان تەنیا لە باری زمانییەوە نا، بەڵکو لە باری فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ شانامەی فیردەوسی هەیە[٤]. سەرچاوە کوردییەکان بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە شانامەی کوردی سێ بەشن: یەکەم، ئەدەبی زارەکی، وەک چیرۆکە جیاوازەکانی شانامە، دووەم، دەقە پیرۆزەکانی یارسان و سێیەم، دەستنووسەکان[٥]. شانامەکانی گوێیئاگردان بە پێی هەرێم، شێوەزار، مەزهەب بە شێوازی جیاواز وتراون و ئەگەر هەتا ئێستا تۆمار نەکرابن، رەنگە لە هەموو کوردستاندا چەند کەسێکی قامکژمێر مابن، کە چیرۆکەکانی شانامەی کوردییان لە بەر مابێت. لە شانامەی گۆرانی گۆیا بەشێکی زۆر لەو شانامانە تۆمار کراون[٦]. هەروەها لە کرمانجی ژوورووشدا هیچ نەبێت چەند بەشێک لە داستانی رۆستەمی زاڵ لە وتنەوەی عەبدولقادری دەنگبێژ[٧] کۆکراوەتەوە. جێگەی سەرەنجە کە شانامەی زارەکی زیاتر لە لای کوردە کۆچەرەکان، هەر لە لوڕستانەوە بگرە هەتا باکووری کوردستان باوی زیاتری هەبووە و لەو ناوچانەش بە پێی سرووشتی خێڵەکی و ناوچەیی لێکجیان.

دەقە پیرۆزەکانی یارسان وەک دەفەتەری سەرئەنجام ئەو سەرچاوە ئاینییانەن کە چیرۆکەکانی شانامەی کوردی هەتا رادەیەکی بەرچاو تێدا رەنگی داوەتەوە. ناوی پادشا و پاڵەوانگەلێکی وەک کەیقوباد، کەیکاوس، جەمشید، ئارش و رۆستەم و زۆراب و هەروەها چیرۆکەکانی وەک رۆستەم زۆراب و رۆستەم و ئەسفەندیار لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا هەن[٨]. بێجگە لەوە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی شانامەش کاریگەری گەورەی ئاینی یارسانی پێوەیە. بۆ نموونە لە داستانی رۆستەم و زۆرابدا، باوەڕی ئاینی دونادون یان تەناسوخ کە بنەمای ئاینی یاری لە سەر راوەستاوە، بە روونی دەبیندرێت.

بە پێی بێهروز چەمەنئارا، زیاتر لە سی جۆری شانامە و زیاتر لە شەست

هەزار بەیت، شانامەی کوردی هەیە[9]. من پێموایە هەژماری شانامە زۆر لەوە زیاترە ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاوبگرین، هەر خێڵ و هۆزێک یان تەنانەت بنەماڵەیەکی کورد خاوەنی جۆرێک شانامەی خۆیان بوون. تەنانەت ئەگەر شانامە کوردییەکان بە کرمانجی سەروو نەژمێرین، دیسان هەژماری شانامەکان لەو هەژمارە ئاماژە پێکراوە زۆر زیاترن.

بێجگە لە شانامە چاپکراوەکان[10]، گۆیا دەستنووسێکی شانامەی کوردی لە کۆکردنەوەی ئوسکارمان لە کتێبخانەی بەرلیندا هەیە و هەروەها دەستنووسێکی دیکە لە چیرۆکی رۆستەم و زەردەهەنگ و مەنیژە و بیژەن لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئێراندا لە تاران پارێزراوە. چەند دەسنووسێکی دیکەی شانامە وەک رۆستەم و زەردەهەنگ، رۆستەم و زۆراب، سیاوەشنامە و حەفت لەشکەر لە کتێبخانەی بێهروز چەمەنئارادا هەیە[11].

### چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی و فارسیدا لێکچوونەکان، جیاوازییەکان:

لە وەبەردانێکی سەرپێی، کە لەنێوان چیرۆکی رۆستەم و زۆراب[12] و دەقی هەمان چیرۆک لە شانامەی فیردەوسی[13] کردم بۆم دەرکەوت کە کرۆکی داستانەکە لە هەر دوو دەقی فارسی و کوردییدا هەروەک یەک دەچن. لە زۆر شوێندا تەنانەت وردەکارییەکانی نێو داستانەکە بە شێوەیەک وەک یەک دەچن، کە وەک ئەوە وایە وەرگێڕی کوردی هەوڵی داوە، تەنانەت وەرگێرانێکی دەقاودەق بکات، بەڵام کە لەناوەڕۆکی شانامەی کوردی ورد دەبینەوە، بە تەواوەتی لە شانامەی فیردەوسی جیاوازە.

لە دەستپێکی داستانەکەوە هەتا کۆتایی وەک رەوتی رووداوەکان لە چیرۆکەکەدا، ناوەکان و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە بە بڕێک جیاوازییەوە وەک یەک دەچن. لەدەقی کوردی چیرۆکەکەدا، چەند رووداوێک لە رەوتی داستانەکەدا هەڵگیراوە یان زیادکراوە کە لە دەقی فارسی شانامەدا نییە.

کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە لە هەر دوو دەقی داستانی رۆستەم و زۆراب لەم شانامە کوردییەو و لە دەقی شانامەی فێردەوسی وەک یەک دەچن: لە بەرەی تورانی ئەم کەسایەتییانە هەن: ئەفراسیاب پادشای تۆران، زۆراب کوڕی رۆستەم، تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان و دایکی زۆراب، هومان و بارەمان و ژندەڕەزم[14]. لە بەرەی ئێرانیدا کاوس یان کەیکاوس شا، رۆستەمی زاڵ، گیو، توس و گۆدەرز و هەژیر چوار پاڵەوانی ئێرانی، کەژدەهەم

فەرمانداری قەڵا سپی و کچەکەی گوردئافەرید هەن. لەم دەقە کوردییەدا لەگەڵ ئەوەی باسی داستانی شەڕی گوردئافەرید لەگەڵ زۆراب کراوە، بەڵام ناوی گورئافەرید نەهاتووە. لە کەسایەتییە لاوەکییەکانیشدا لەم دەقەدا باسی"روودابە" دایکی رۆستەمی زاڵ نەهاتووە، بەڵام لە شانامەی فیردەوسیدا باسیکراوە کە شینگێڕی زۆراب دەکات و وەک بڕگەیەکی جوانی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسیدا دەژمێردرێت.

هەژماری بەیتەکان لەم دەقە کوردییەدا ٩٥٩ بەیتە، بەڵام لەو دەقەی شانامەی فیردەوسیدا کە لەم بەراوردکردنەدا کەڵکی لێوەرگیراوە، ١٤٣٥ بەیتە.

## کاریگەری ئاینی وەک جیاوازی سەرەکی:

دەکرێت کاریگەری مەزهەبی وەک پێناسەیەکی تایبەت بۆ شانامەی کوردی دابندرێت. وەک جیاوازی بەرچاو، چ لە دەستپێک و چ لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لە دەقی کوردییدا بە شێوەی جیاواز لە دەستپێک و کۆتایی چیرۆکەکەدا بە ژمارەیەک بەیتی تایبەت رازاوەتەوە، کە هێمان بۆ بیروبۆچوونی نووسەر یان بێژەری کوردی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب. ئەم بەیتانە دەکەونە دەرەوەی چیرۆکەکە و هیچ پەیوەندییەکیشیان بە ناوەرۆکی شانامەی فیردەوسییەوە نییە[١٥]. وەک ناوی ئیمامانی شیعە و بیروباوەڕی مەزهەبی، کە زۆرجار تێکەهەڵکێشی چیرۆکی شانامە لە دەستپێک و کۆتاییدا کراوە. بێجگە لەوە، لە نوسخەی کوردیدا لە مناجات یان پارانەوەی رۆستەم لە یەزدان چەند بەیتێک هەیە کە هیچ پێوەندی بە دەقی فارسییەوە نییە و دانەر لە بەر باوەڕی مەزهەبی خۆی، کە ئەماژە بە باوەڕی مەزهەبی شیعەیە، تێیخستوون. وەک نموونە باسی حەزرەتی رەزا ئیمامی هەشتەمی شیعەکان لە مەشهەد لە ئێران، شەهیدانی کەربەلا و ناوی ئەسپەکانی حەزرەتی مەحمەد کراوە[١٦]. هێندێک چەمک و دەستەواژەی ئاینی ئیسلامی وەک بۆ نموونە وشەی "قەساس" لە باتی "تۆڵە" هاتووە، کە دیسان گوزارە لە باوەڕی مەزهەبی دانەری شانامەی کوردییەوە دەکا. لە لایەکی دیکەوە شوێنەواری ئاینی زەردەشتی کە هێشتا بە دەقی فیردەوسییەوە ماوە لێرە سڕدراوەتەوە یان زۆر کەم رەنگ کراوە. وەک نموونە، لەم دەقە کوردییەدا لە باتی مۆبدی زەردەشتی لە شانامەی فیردەوسیدا وشەی وەزیر داندراوە[١٧].

بەڵام ئەوەی لە هەموو زیاتر پێناسەیەکی کوردی بەم چیرۆکە دەدا، کۆتایی چیرۆکەکەیە. لە کۆتایی چیرۆکی رۆستەم و زۆرابدا لە دەقی فیردەوسیدا، دوای ئەوە تەهمینە لە مەرگی زۆراب ئاگادار دەبێت دوای ساڵێک لە غەم و خەفەتی

زۆرابدا دەمرێت، کە لەم دەقە کوردییەدا ئەمە نییە. بەڵکو چیرۆکەکە درێژەی دەبێت. دوای ٤٠ رۆژ ئازیەتباری تەهمینە بە لەشکەرێکی گەورەوە دەچێتە شەڕی رۆستەم، دواتر بە نێوبژیوانی زاڵ ئاخرەکەی تەهمینە ئاشتی لەگەڵ رۆستەم دەکات و ئیتر پێکەوە ژیانێکی نوێ لە زابول دەست پێدەکەن و دوای نۆ مانگ کوڕێکی دیکەیان دەبێت کە ناوی دەنێن "فەرامەرز" و بەو شێوەیە زنجیرەی پاڵەوانانی سام بەردەوام دەبێت. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەمە لە فەلسەفەی دونادونی ئاینی یارسانەوە سەرچاوەی گرتووەو زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەش بە شێوەزاری گۆرانی هەمان کۆتایی چاوەڕێی چیرۆکەکان دەکا(١٨). خاڵی جێگەی سەرەنج ئەوەیە کە لێرەدا کاریگەری مەزهەبی شیعە و یارسان پێکەوە لە سەر چیرۆکەکە دیارە.

## تراژیک یان بەپێچەوانە

لە لایەکی دیکەوە کە دەقی کوردی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب بە کوردی بەو شێوەیە کۆتایی دێت و چیرۆکەکە نەک مردن، بەڵکو ژیان و دووبارە تێهەڵچوونەوە دەکاتە وشەکانی کۆتایی، ئەمەش لە خۆیدا حاڵەتی تراژیک و خەمهێنەری چیرۆکەکە لادابات. هەر ئەمەش وادەکات لە باری ناوەڕۆک و فۆرم و شێوازی داڕشتنی چیرۆکەوە دەقی کوردی لە دەقی فیردەوسی کە وەک تراژیکترین چیرۆکی شانامە ناسراوە، جوێ بکرێتەوە. کەواتە ئەمەش پێکهاتێکە کە هەموو رەوتی فۆرم و داڕشتنی چیرۆک لە شانامەی کوردیدا دەگۆڕێت و بەو شێوە پێناسەیەکی دیکەی جیاواز لە فیردەوسی بە شانامەی کوردی دەدرێت. لە لایەکی دیکەوە لە دەقی کوردیدا رۆستەم و تەهیمنە شەوێکی رۆمانتیک بەسەر دەبن، کە لەودا باسی ماچ و دەستلەملکردن و مەمکەگوشین کراوە، ئەمە بە درێژی لەم دەقە کوردییەدا هاتووە، کە هەمان دەق لە فیردەوسیدا بە هەمان جوانی و دووورودرێژی نەهاتووە. ئەمەش وەک لایەنێکی دیکەی جوانکاری کوردیی شانامەی کوردی لە دەقی فیردەوسی دادەبڕێ.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دەقە کوردییە ئەوەیە بە دەگمەن لەنێو ١٠٠٠ بەیتدا رەنگە تەنیا یەک دوو بەیتێک هەبن کە دەقاودەق وەک شانامەی فیردەوسی لە یەک بچن(١٩). وەکو دیکە هەموو چیرۆکەکە لە داڕشتن، فۆرم، شێواز، هەڵبژاردنی وشە، ئاماژە و دەستەواژە کاریگەرییەکی خۆماڵی و کوردەواری پێوە دیارە.

**ڕۆستەمی زاڵ لە کرمانجی سەروو**

گوتنێکی زارەکی لە باکووری کوردستان هەیە کە دەبێژێت: "رستەم بە ئەسلێ خوە کوردە". تەنانەت شاعیر و نووسەری کوردی واش لە باکووری کوردستان هەن کە ناسناوی "زاڵ" باوکی ڕۆستەمیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. هەر لەم ماوەیەدا (هاوینی ٢٠١٢) لە ماڵپەڕێکی کوردیدا وتارێکم[٢٠] بینی کە بە بەڵگەهێنانەوە لە شەرەفخانی بیتلیسی و سەعیدی نورسی کوردی باسی ئەوە دەکات کە ڕۆستەمی زاڵ نە فارس یان تورک، بەڵکو کوردە.

شاعیری ناسراوی کورد جگەرخوێن[٢١] لە زۆر شیعردا باسی ڕۆستەمی زاڵی وەک کورد کردووە. هەروەها زۆر پێشتر لەوەش، سەعیدی نورسی کوردی[٢٢] لە "رەسالەی" نووردا باسی ڕۆستەمی زاڵی وەک کورد کردووە، بەڵام گۆیا لە چاپی دواتری رەسالەی نووردا بە زمانی تورکی ناوی کورد بە ڕۆستەمی زاڵەوە سڕدراوەتەوە. بێجگە لەوەش دەزانین کە شەرەفخانی بتلیسی[٢٣]ش لە شانامەدا باسی ڕۆستەمی زاڵ و بنەماڵە و بنەچەی ئەو وەک کورد دەکات.

چەند ساڵ لەمەوبەر ڕۆمانیک بە ناوی ڕۆمانی "رستەمێ زاڵ" لە لایەن خوەرشید میرزەنگی[٢٤]بڵاوکرایەوە. ئەم داستانە لە سەر بنەمای چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم جارێکی دیکە داڕێژراوەو نووسەر بە پێی زەوق و تێڕوانینی خۆی و لە شێوازێکی نوێدا چیرۆکەکەی داڕشتووە.

لە کتێبی دیکەدا بە ناوی "داستانێن کوردی ژ زارگوتنا کوردی"[٢٥] لە بەشێک لەم کتێبەدا چیرۆکێک بە ناوی "رستەمێ زاڵ" بڵاوکراوەتەوە. کە بە تەواوەتی لەگەڵ داستانی ڕۆستەم و زۆرابی کوردی و فارسی (لانیکەم ئەو سەرچاوانەی من دیومن) جیاوازی هەیە. ئەم چیرۆکە ئاوا دەست پێدەکات، ڕۆژێک ئەسپەکەی ڕۆستەم بە ناوی رەخشی بەڵەک هەڵدێ و دەچێتە شاری زابول (هەمان شاری ڕۆستەم)، ڕۆستەمیش ئەسپ لە ماڵە مەزنی شارەکە بە ناوی مەسیخان پەیدا دەکا، دواتر مەسیخان بە راوێژ لەگەڵ وەزیر و گزیر کچەکەی خۆی بە ناوی فەرەنگ شەهابی دەداتە ڕۆستەم، ڕۆستەم دوای چل ڕۆژ دەگەڕێتەوە ئێران و دواتر فەرەنگ کوڕێکی دەبێت بە ناوی زۆراب. زۆراب هێرش دەکاتە سەر ئێران و کوڕێکی ڕۆستەم، واتە براکەی خۆی بە ناوی فەرامەرز دەکوژێ و هەتا دواتر...
ئەم چیرۆکە چ وەک فۆرم و چ وەک کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە و هەروەها ناوەڕۆک جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب هەیە. ئەمەش نیشان دەدا کە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب و هەموو چیرۆکێکی دیکەی نەنووسراوی سەر زارەکی لەم بەیتبێژ بۆ ئەو بەیتبێژ ، لەم هەرێم بۆ ئەو هەرێم،

گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ڕێی ئەوەشی تێدەچێ ئەم چیرۆکە لە بناغەوە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بێت و دواتر بەو شێوەیە گۆڕادرابێت.

کتێبێکی دیکە بە ناوی "ڕۆستەمی زاڵ" لە کۆکردنەوەی ئەدیپ پۆڵات[٢٦] هەیە. لەم کتێبەدا هەموو بەسەرهاتی ڕۆستەمی زاڵ لە شانامەدا کۆکراوەتەوەو بە ناوی یەکەم ڕۆمانی فلۆکلۆری، یان گەلەری کوردی بڵاوکراوەتەوە. لە بەشێک لەم کتێبەدا چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە درێژی لە شێوازی نەسردا بڵاوکراوەتەوە. چەند سەرەنجێک لە سەر ئەو کتێبە و پێوەچارانی لەگەڵ ئەم باسە:

یەکەم، چوارچێوەی ئەم چیرۆکە بە کرمانجی سەروو هەروەکو نوسخەی شانامەی فیردەوسی و هەم وەک نوسخە کوردییەکانی بە کرمانجی خواروو یەکە؛ واتە دەستپێک و ڕەوتی چیرۆک و ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە و هەروەها کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە هەر وەک یەکن.

دووەم، هێندێک دەستکاری بەرچاوی تێدایە کە لە هیچ کام لە نوسخەکاندا چ فارسی و چ کوردی نین[٢٧]. وەک نموونە لە زۆر شوێندا باسی هورموز خودای زەردەشتی کراوە. ڕاستە لە هەموو نوسخەکانی دیکەشدا باسی یەزدان دەکرێت و دەزانین سەرچاوەی ئەمەش زەردەشتییە، بەڵام ناوێک لە هورموز لە نوسخەکاندا نییە.

سێهەم، هێندێک پێناس و شیکردنەوە کە لە شانامەدا و لە چیرۆکەکانی دیکەی ڕۆستەمدا هاتوون و لە خودی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا نەهاتوون، لە نوسخەی کرمانجی سەرووداوەبەرچاو دەکەون. ڕاستە ئەمە یارمەتی زیاتری خوێنەر دەدا کە باشتر لە چیرۆکەکە بگات، بەڵام ئەوانە لە دەقی چیرۆکەدا نین. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمەش ئەوە بێت کە چیرۆکەکە لە شیعرەوە بۆ نەسر گۆردراوەو نووسەر دەستی ئاواڵا بووە، کە ئەو گۆڕانکارییانە لە چیرۆکەکەدا بکا. بۆ نموونە ئەوەی کە لە شیعردا تەنیا وەک ئاماژەیەک هاتووە لە نەسردا لە ڕستەیەکدا یەک چەند ڕستەیەکدا دەربڕێ.

چوارەم، بە خوێندنەوەی هەموو چیرۆکەکە بۆم دەرکەوت کە زۆر لە دەقە فارسییەکە نزیکە، کەواتە دەتوانم ئەوە بێژم کە ڕەنگە وەک ئەدیب پۆڵات بۆخۆیشی لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی پێکردووە کە لە شانامەی فیردەوسی بە زمانی تورکی[٢٨] کەڵکی وەرگرتووە، هەموو چیرۆکەکە لە ژێر کارتێکەری دەقی شانامەی فیردەوسیدایە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەر لەم نوسخە کوردییەدا لە چەند جێگادا ئاماژە بە دەقی بەیتەکان بە کوردی دەکرێت، کە ئەمەیان وەک

بۆ خۆی دیسان لە پێشەکیدا ئاماژەی پێکردووە کە لە دەقی بەیتبێژیان[٢٩] کەڵکی وەرگرتووە، کە ئەمانە پێوەندییەکیان بە خودی دەقەکەی فیردەوسییەوە نییە. یەکێک لە جوانترین و بەسۆزترین دەقی گەلەری لەم نێوەدا شینگێڕی رۆستەم بۆ زۆرابە[٣٠]. کەواتە بە کورتی دەتوانن بێژین هەموو نەسری چیرۆکەکە لە شانامەی فارسی فیردەوسی بە هێندێک دەستکارییەوە وەرگیراوەو بەیتە کوردییەکانیش هەمان دەقی گەلەری یان فلۆکلۆری کوردی چیرۆکی رۆستەمی زاڵن، کە لە شوێنی دیکە وەرگیراون و کراوەتە ناوئاخنی کتێبەکە. دەقە گەلەرەییەکان بەتەواوەتی پێناسەی شانامەی کوردییان بە کرمانجی سەروو هەیە.

پێنجەم، لەم نوسخەیەدا ئەوەی لە شانامەی فیردەوسیدا وەک "ئایین یان باوەڕی ئێمە" هاتووە وەک "عورف و عادەتی ئێرانی" وەرگێڕدراوە. لە دەقی فیردەوسیدا رۆستەم وەک پاڵەوانی ئێرانی ناسراوە، نەک وەک خەڵکی ئێران و رۆستەم خەڵکی سیستان و بە پێی شانامەی فیردەوسی خەڵکی زابول لە سیستان بووە، کە ئەو سەردەمە سەر بە ئێران نەبووەو ئەو دەم هەرێمێکی سەربەخۆ بووە. کەواتە کاتێک بۆ نموونە رۆستەم یان گیوی گۆدەرزی کەشواد کە خزم و زاوای رۆستەمیشە دەڵێت: لە ئایینی ئێمەدا وایە یان وانییە ئەمە راست بە مانای ئاینی ئێرانی نییە.

شەشەم، ئەو دەقە لە شانامەی فیردەوسی بە زمانی تورکی[٣١] کە لە داڕشتنەوەی ئەم چیرۆکەدا کەڵکی لێوەرگیراوە، نازاندرێت لە سەر کامە نوسخەی شانامە کراوەتە تورکی وەک دەزانین زیاتر لە ٥٠ نوسخەی جۆراوجۆری شانامەی فیردەوسی بە زمانی فارسی هەیە.

## پەراوێزەکان:

١-چمن ارا، بهروز، درامدی بر ادب حماسی وپهلوانی کردی باتکیه برشاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره، ١، بهار ١٣٩٠

٢-دوو شێوەزاری گۆرانی و هەورامی ئەوەندە نزیکی یەکترن کە جیاکردنەوەیان تەنیا لە باری زماناسییەوە دەگونجێت. چەند وشەیەکی نێو شانامەی کوردی بە هەر دوو شێوەزاری گۆرانی و هەورامی: پەشێو (گ: پەشێو، ە: پەشێو) بڵێت (گ: باچا، ە: واچە) خۆی (گ: وێش، ە: وێش) دەیکێشا (گ: مەکێشا، ە: مەکێشا) چییە (گ: چێشەن، ە: چێشەن) خوێن (گ: هوون ە: وون). (چمن ارا، بهروز، درامدی بر ادب حماسی وپهلوانی کردی باتکیه برشاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره، ١، بهار ١٣٩٠).

٣-لە شانامەی هەورامی کۆکردنەوەی مەحمەد ئەمینی رەشیدی لە کۆتایی چیرۆکی رۆستەم و زۆرابدا، میرزا ئەڵماسخانی کەنوولەییە باسی ئەوە دەکا کە ئەم چیرۆکەی بە زاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە:

شوکور وە یەزدان حەی سوبحانی/ تەمام بی داستان لەفز گۆرانی

ئەر سەد مەزمونش ماچان گۆرانی/ ئەی لەفز گۆران شەکەرفشانی

٤-جێی سەرەنجە کاتێک سترانبێژی کورد "شارام نازری" ئاڵبوومێکی گۆرانی بە ناوی "شانامە" کە لەودا چەند برگەیەکی لە شانامەی کوردی خوێند، لە ناوەندە فەرهەنگییەکانی ئێراندا بوو بە مشتومڕ و باس کە ئەوە چ جۆر شانامەیەکە کە نازری بە گۆرانی دەیچڕێ؟

٥- چمن ارا، بهروز، درامدی بر ادب حماسی وپهلوانی کردی باتکیه برشاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره، ١، بهار ١٣٩٠

٦-بە پێی بێهرو چەمەنئارا، دەستنووسێک لە شانامەی کوردی کە لە وتنەوەی مستەفا مەحمەد گۆران زەنگەنە لە چلەکانی ١٩٤٠دا تۆمار کراوە، لای ئەو هەیە. (چمن ارا، بهروز، درامدی بر ادب حماسی وپهلوانی کردی باتکیه برشاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره، ١، بهار ١٣٩٠)

٧ -Evdilqadirê dengbêj – Çavkanî: M. Kizilkaya, di pirtûka Dîwana Wunda de

٨- چمن ارا، بهروز، درامدی بر ادب حماسی وپهلوانی کردی باتکیه برشاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره، ١، بهار ١٣٩٠

٩-هەمان سەرچاوە.

١٠-شانامەیلەکی؛ حەمید ئیزەتپەنا، تاران چاپی اساتیر. شانامەی کوردی گۆرانی؛ ئیرەج بەهرامی، تاران، چاپی هیرمند. شانامەی کوردی هەورامی؛ مەحمەدئەمین رەشیدی چاپی کوردۆنیا سلێمانی. شانامەی کوردی بێهتوون (تەنیا چیرۆکێک بە ناوی بێهتوون)، کۆکردنەوەی

عەزیزمراد ئەکبەری، کتێبخانەی ئەرزان لە سوید.

١١- چمن ارا، بهروز، درامدی بر ادب حماسی وپهلوانی کردی باتکیه برشاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره، ١، بهار ١٣٩٠

١٢-ئەم وەبەردانە تەنیا دەقی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی، چاپی ٢٠١٢، ئاراس، سیاوەش گۆدەرزی وەبەردەگرێ.

١٣-کتێبی "رستم و سهراب" بە هەوڵی "محمد حسین کنگرانی فراهانی" چاپی یەکەم ١٣٦٩، چاپخانەی سازمان تبلیغات اسلامی حوزه هنری.

١٤-ژندەڕەزم یان زندەڕەزم لەم دەقە کوردییەدا تەنیا وەک پاڵەوانێکی رازدار و باوەڕپێکراوی تەهمینە و زۆراب هاتووە. جێگەی سەرەنجە لە چەند نوسخەی فارسیشدا ئەم جیاوازییە هەیە. بۆ نموونە لە نوسخەی چاپی موسکۆدا تەنیا ئاماژە بە پاڵەوانێک کراوە کە لە لایەن تەهمینەوە بۆ ناساندنی رۆستەم بە زۆراب نێردراوە. ئیتر نە ناوی هاتووەو نە باسی خزمایەتی ئەو لە گەڵ زۆراب کراوە. لە نوسخەی دیکەی شانامەی فارسیدا بۆ نموونە لە نوسخەی ژول مول فەرانسایی و مەلەک شوعرای بەهاردا باسی ژندەڕەزم وەک خاڵۆی زۆراب کراوە.

١٥-لە دەقی فیردەوسیدا پێشەکی چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

کنون رزم سهراب رستم شنو/

دگرها شنیدستی اینهم شنو

یکی داستانست پر ئ‌ب چشم

دل نازک از رستم ئ‌ید بخشم

اگرمرگ داد است بیداد چی‌ست/

زداد این همه بانگ وفریاد چیست

ازاینرازجانتوئ‌گاه نیست/

بدین پرده اندرتورا راه نیست

کنون رزم سهراب گویم درست/

ازئ‌ن کین که با اوپدرچون بجست

١٦-بە رە فەرف سوار عەرسەی لامەکان/ بە شەوق پابۆس ئاغەی خوراسان

بە دوڵدوڵ سوار حەلوەلا فەتا/ پەرێش نازڵ بی سوورەی چل ئەتا

١٧-بفرمود تا موبدی پرهنر/ بیاید بخواهد ورا از پدر

١٨-وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکی "گول و بولبول"، نووسەری نەناسراو، لە کۆکردنەوەی سیاوەش گۆدەرزی، چاپخانەی نینا لە سوید بکەین.

١٩-ئەو دەگمەن بەیتانەی کە لەم دەقە کوردییە و دەقی فیردەوسیدا وەک یەک دەچن:

فردەوسی:چنین است رسم سرای درشت/ گهی پشت بەزین وگهی زین بەپشت

کوردی: خەریک مەندەبی بیابانچۆڵ/ گەهێ پشتبەزین گەهێ زین بەکۆڵ

فیردەوسی: کەتیزی وتندی نیاید بکار/ بنرمی براید زسوراخ مار

کوردی: بەتوندوتیزی کان مەبۆ مەیسەر/ بەلەفز شیرین مار مەیۆ وەبەر

فیردەوسی: گرتیغ بودی کنون پیش من/ سرشکندمی چون ترنجی زتن

کوردی: بەیەزدان پاک تیغێ مەشەندم/ سەرت چون ترنج ج تەن مەکەندم

فیردەوسی: چو کاووس پیشم چو یک مشت خاک/ چرادارم ازخشم کاووس باک

کوردی: ئەر مننەتر سۆج یەزدانپاک/ پادشا جلام وێنەی مشتێ خاک

20 - DI SÊ ÇAVKANÎYÊN GIRÎNG DE KURDBÛNA RUSTEMÊ ZAL

http://www.avestakurd.net/dosya/kurdbna-rustem-zala-amadekirin-m-k-dilxr-h٢٢٦.html

٢١-جگەرخوێن لە شێعرێکدا ئاوا لە سەر سەر ڕۆستەم دەڵێ:

"Ka Ferîdûn, ka Direfs, taca Keyan li kû ye,

Ka Guhderz û ka Ristem, ka ew meydan li kû ye?"

لە شیعرێکی دیکە دا جگەرخوێن دەڵێت:

"Em Guhderz in, serbilind in, devçirên in,

Weke Ristem bidin deng..."

22-http://www.avestakurd.net/dosya/kurdbna-rustem-zala-amadekirin-m-k-dilxr-h226.html

٢٣-لە شەرەفنامەدا هاتووە: لە نێو دیرۆکی کورداندا پاڵەوان و قارەمانێکی وەک ڕۆستەمی ئیبن زاڵ دەرکەوتووە کە لە سەردەمی کەیقوبادی کەیانیدا ژیاوە. ئەو مێرخاسە لە هەرێمی زابولستان لەدایکبووە، هەر بۆیە بە ناوی ڕۆستەمی زابولی بەناوبانگە. نووسەری شانامە فێردەوسی ئەو وەک کورد ناودێر دەکات. سەرچاوە:.Şerefname, Şerefxan – Werger: M. Emîn Bozarslan, Weşanên Deng

24-Risteme Zal, Roman, Xursîd Mîrzengî, Wesanen Rewşên

25-Destanên Kurdî ji Zargotina Kurdî, Enstîtuya KurdÎ ya Stenbolê, Reso Zîlan – Serdar Roşan

26-RISTEMÊ ZAL, Destanek Gelêrî, Berhevkar: EDÎB POLAT, Dîarbekir 2000

٢٧-دیارە لێرەدا مەبەست تەنیا ئەو نوسخانەن کە لەم کتێبەدا هاتوون و ئەگەر لە نوسخەیەکی دیکەی شانامەدا ناوی "هورموز" هاتبێ ئەوە من ئاگادار نیم.

28- Şêxname-Fîrdevsî: Çar Cîld. Weşanên Wezareta Perwerdeyîya Nêtewî Turkîye

29-Evdilqadirê dengbêj – Çavkanî: M. Kizilkaya, di pirtûka Dîwana Wunda de

30-Te ev felaket bi min nekir
Dem miftê da destê te
Jîyana min fedaye te kir
Xalo, sûc ne yête ye,
Kuştinriyamêra ye,
MirinemrêXweda ye,
Derdêmezinewderde,
Kêfkêfaneyara ye,
WêbêjinSuhrabkuştin,
Pêlewanî bi me maye...
Ax lo bavo. Lo bavo, wax lo bavo lo bavo….
Biçûkbûm, sewînezinbûmxalo,
Diya min gotibûnîşanênbavo
Emrê min bi hezawîderbasbû,
Lê niha hêviya min jî xelas bê,
Hemî lêgerîna, sewî mezin bûm xalo,
Min ne bav dît, ne reng ne jî rû,
Ez va dimrim, êş û xeter jî li dû
Masî û teyr, hesp an jî stêrk bî tu,
Nafilitî ji bavê min tu zû bi zû.
Ax lo bavo. Lo bavo, wax lo bavo lo bavo….

31-Şêhname-Fîrdevsî: Çar Cîld. Weşanên Wezareta Perwerdeyîya Nêtewî Turkîye

# دمق

| | |
|---|---|
| شەش | سەباح رەنجدەر |
| تۆ کە نابیتە ژنم | حەمە کاکەڕەش |
| دڵێک لە تەنهایی و شەوێک لە باخچەی هەنار | کەژاڵ ئیبراهیم خدر |
| مەنزڵ | نیا کامیل |
| ئەلوەستەیەک و نیگایەکی یاقووتی بۆ تۆ (جۆرجیا) | موحسین ئاوارە |
| قەفەزێک لە ناخی باڵندەیەکدا! | گۆران رەئوف |
| مۆم | بەرزان بابەشێخ |
| بیرچوونەوە | عەلی ئەحمەد |
| ئەوین | بەختیار محەمەد |

# شەش



سەباح ڕەنجدەر

دەستم لەسەر دوو باڵی فریشتە بوو
بە نان و ئاو و ئاگری خۆمەوە دابەزیمە سەر زەوی
بە دەنگی یاد و ستایشەوە هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن
١٨\١١\١٩٦٥-١٨\١١\٢٠٤٥ لە بستە خاکێکی ماندوودا
بەسەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە
ببورە مووچڕکێک چاوی لێڵ کردم و سۆزێکی تایبەت گرتمی
مەلێکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێک نیشتەوە
خوێنی پێی بەسەر لکەکەوە جێما
چووم تەواوی درەختەکە و خوێنەکەم ماچ کرد
وەرە خەونم با ڕووگەنمام
خوێنی پێی باڵندە بێ و لەئاگر ڕابمێنم
لە ئاگر ڕامان ئاشق وەک میوە پێدەگەیەنێ
بستە خاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە مۆسیقا و گۆزەی پڕ
لە ئاکامدا هەر دەگەم بەباڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردان بە
ئا ئەوەتە من ئامادەم
گۆڕهەڵکەن ئەی تۆ لەکوێی

بەپێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ئەرێ مێژوو لە کتێبی چەندەمی ئاسمانی
بەشێکم بۆ تەرخان دەکات
ئەو کاتەی مێژوو باسی خودایی دەکات
من لەناو حیکمەت و هێزی قسەکانی ئەودا
قووڵ و بێدەنگ هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژم و بیر لەخۆم دەکەمەوە
کتێبی ئاسمان وادەیەکی لەگەڵمدا هەبوو
منیش وادەیەک و لە هەستی خۆمەوە ناسیومە
نابێ هیچ ڕازێک لە تاریکیدا بمێنێتەوە
تەرمەکەم لەبەر هەیوانێک داندراوە
پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات
خودای سەد و یەک ناو
حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە
مەنگۆلی و
دڵڕەش و
گوڵدان خاڵی و
نابەخشندەکان بمپارێزە
من پێوەری هەستەکانی زەویم
بەپێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
مێوانداری ئەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ڕەگی میوەی مەی چەترمە و هەڵمداوە
بەتاو وەرن ئەستێرە شەوقدار و برای گیانی هەستەکانم
ئاسمانی ڕوون قووڵ و بێدەنگ ماوەتەوە
تایبەت دیدارمان دەبێت
دەبین بە خاوەنی چاوەکانی
سێبەری شووم لەسەر زەوی لا دەچێ
وەک چاوی ئەو و دڵی خۆمان یاری دەکەین
بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەنەکان

***

هەور لە زەوییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان
بۆیە بەتاو دادەبارێتەوە
خەم بۆ ئەو شتانە دەخوات لێی بەجێماوە
تەنیا جارێک بەرزدەبێتەوە
زۆرتر لە جارێکیش خەم دەخوات
بەرزبووەوە دەوروبەری ئێواران لەسەر پردی نەمری
چاوی بەکانگای جوانی گەرم دەکات
کانگای جوانی رایەڵی هەزار توێی ئەو شەرابەیە
پێی دەڵێین
جەژنی کۆچی باڵندە کۆچەرییەکان و
نان بە دەمی برسییەوە کردن و
زەین نەشڵەقان و
ئاوازی پێی ئاشنا
پاشتر دەتاسێ و بۆ ماوەیەکی زۆر وڕ و داماو دەمێنێتەوە
پاشان زەردەخەنەیەک بۆ خوداوەند و فریشتە دەکات
بە نابەدڵییەوە دەڵێت وام لێرە
تەماشای منی زیندوو بکەن لەناو خۆتاندا
کۆسپ و تەگەرەی خەمخواردنیش لە جەنگەڵ زۆرترن
شێی جەنگەڵ هەناسە تەنگ دەکات
چاویش کول
چاوکردنەوە و داخستنی بۆ چییە ئائەمەیە ژیان
با بەڵێنەکانی پێی دابووی هەڵیدەوشێنێتەوە
داغانت دەکات و دەڕوات
کات لە بەرزبوونەوە یان خەمخواردن کامیان بەشی تۆیە
ئەی وێڵ بەهەموو باڵەکانت
هەرچۆنێک بێت دەبێ هەست بە هەموو شتێک بکەیت
شتێکیش بدۆزیتەوە
ئەفسانەی خۆت
جەستەت لەناو کولێرەی گەرم و رۆحت لە گوڵی لێبووردندا
ژیانی خۆیان دەژین
ڕابردوو ناگەڕێننەوە



هەڵپەی ئایندەشیان نییە
ئومێدیان بە خەونە
موورووی زەردوویی و
دەنووکی پەپوولە سلێمانە و
گوێی کەروێشک و
دەرزی شەوەگری ئەفسوونیان بێنێتە رێ
شتێک داوا دەکەن کۆیان بکاتەوە و بفرێت
ئێمە لەسەر پردی نەمری لە پێشوازیتانین
کوا ئاسمانی خوداو خۆشەویستان
من لە رەگی گەشانەوە ئاسمانم ناسیوە
ببینن چۆن بۆنخۆشانە دووردەکەومەوە
ئارەقەی باڵ لە ماندووبووندا
بۆنی کولێرە و گوڵی لێبووردنە
ئایا بۆنیان دەناسین
ئەوە درەختی بۆنناسینە لە بەرماڵی خودادا و خۆشەویستان
تا نزیک ئەستێرەی باڵدار بەرزبووەتەوە
ئەفسانەی خۆت

***

مار ددانی لە کلکییەوەیە
گورگ برادەرایەتی لە کلکیدایە
رێوی هێزی لە کلکی کۆکردووەتەوە
سیخوڕ کەوانی لە کلکییەوە دەکێشێ
ئای گوڵەستێرەی بەخشندە دژت چەند زۆرن
کە رووناکیت دەرژێتە سەر زەوی
دژەکان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و ون دەبن
ئاسۆ گەرم دادێ و باڵندە تێیدا باڵیان بەهەموو شت دەزانن
باڵندە لە فڕیندا ناوی خۆشەویستان دەزانێ
ئێمە هەمووماں پێکەوە
بێ پەروا بۆنی ئەو رووناکییە هەڵدەمژین کە بەخشندەیە
بەخشندە پەروایی دەبەخشێ و بێ پەروا دەچینە ناو رێگا
دەنگی باڵندەی تاک و جووت

بەشێوەی مۆسیقایەکی ئاسمانی بەسەر ژاوەژاو زاڵ دەبێ
بە هێمنی دێتە ژوورەوە
درەخت لە رەگ پەیدا دەبێ
پاشانیش رەگ وزەی خۆر لە درەخت وەردەگرێتەوە
جارێکی تر وشەی بە جۆشی ئاوازێکی دێرین بەدی دەکرێت
**گوڵەستێرە**

***

رووبار کە چاوی سوور دەبێ و شەپۆل دەدا
گوێ لە کەس ناگرێت و تکا و نزای پیری کێوانیشی بۆ گرینگ نییە
تەنیا چاوی بۆ خوێنی قوربانی دەکاتەوە
کە شەپۆلیشی خاوبووەوە
خوێنی قوربانی وەک پەڵەیەکی ئومێد بەکاردەهێنێ
تۆڕ و داوی لەسەر هەڵدەدا
گیانلەبەری هار لە چلەمین رۆژیدا
تینی بۆ بینین نامێنی[٧]
گیانلەبەرێکی هار لە رووبارێکی هار گیربووە
لە قووڵایی دڵیانەوە تاساون
ناتوانن تەماشای تێپەڕینی هەستی کات بکەن
هەستی کات وەک ماڵێک کە منداڵ تێیدا
دەبدەبە هەڵداتە ئاسمان پشوو دەدا
درەختەکانی بە سروەیەک دەلەرنەوە
ئومێد هەزار باڵی هەیە
ئومێد هەزار خاڵی هەیە
ئومێد هەزار تاجی هەیە
ئومێد هەزار باجی هەیە
ئەو شەقامەی لە ئومێد قەدەغەکراوە
روخساری نییە
وا دەزانم زەوی لە هار خاوێن کراوەتەوە
سییەکانی پڕ لە هەوای پاکە و بەردەوامە
هەموو شتەکان لە خوێنی خۆی دەپاڵێوێ
شەقامی بە ئومێد بە هیچ شێوەیەک



چاوانی داناخات و دڵی تەنگ نابێ
ئەستێرەی تاک و جووت لەسەر شانی ڕێبوارانی دەژمێرێت
ئەستێرە زۆر خەون دەبینن و وەفایان زۆرە
لەگەڵ شانی پاک و گەرمی ڕێبواران هەڵدەکەن
ئەستێرەی تاک و جووت

***

ئاشی پڕنمەک کە دەگەڕێ چ دەڵێت
کە بێدەنگیش بوو حەکایەتی گەنمی بەردەمی
جۆش و خرۆش دەخاتە ڕێ
تەخت مەست و
بەخت گەرم و
خولیا پوخت و
یاری ڕێ
بەرەو یاری ئەزەلی دەچن
بەرەو دیار و دیدار
لە سۆزی پاراوی ئاشنا و ڕۆشنای خاک
بۆ ماڵئاوایی و ماڵی پاک
تیژ و گیانشاد دەکەونە ڕێ
خۆشگۆ دەمی وشک نابێ لەوێ
بە زمانی قۆزاخەی ئاوریشم دەدوێن
جانتامان دەکەینەوە و دەمێنینەوە
فەرموو ماڵی بەهەشتەوانە
حیکمەتی مێوانداری چرای لە نزیکت دادەگیرسێنێت
سەر پەنجەکانت گەرم دەبن
ئاوازی هەموو گۆرانییەکت دێتەگوێ
خۆشگۆ

***

ژیان لەگەڵ مردن دوژمن نییە
یاقووتی ئەنگوستیلەی پەیام لەسەر نووسراوم لە ژیان دۆزییەوە
پاشان لە مردنیش دۆزیمەوە
زانیم چیم کرد و سووڕی دۆزینەوە شکۆ دەنەخشێنێ و دەبخشێ

ژیان دەنگی هەڵێنا خاک هەڵکۆڵە چی دەبینی
مردنیش ویستی ژیانی دووبارەکردەوە
دڵنیابووم هیچ چاوێک
چاوی دوایین لەدایکبووش شتێک زەوی داناپۆشێ
فەرمانێک لە ناخ بەرزبووەوە
چاوت ببڕە تەماشای مەی ئەشق
هەموو بەرزی و نزمییەک لەنێوان ژیان و مردن کۆتایی دێ
ئاخێکی گەرمم هەڵکێشا و سییەکانم سووتان
چاوم بڕییە تەماشای و لە تینی گەرمایی بێبەش نیم
لەگەڵ گشت شتێک دوام
باج
خاچ
تاج
پاچ
ئاسمان و زەوی چ شیرین خەوتوون و چەند پڕتاسە و دڵبەرن
سڵاو
ماڵئاوا
رسکاوی بیری ساکار وەخت بەفیڕۆ نادا
دووبارەکردنەوەی ویست
***






# تۆ كه نابيته ژنم

حەمە کاکەڕەش

**تۆ که نابیته هاوڕێم**
**نابیته دوژمنم**
**نابیته هاوسێم**
**نابیته ژنم**
**من بیرت لێدەکەمەوە**
**خەیاڵەکانم دەگەشێنەوە وەک پشکۆ خەونەکانم پڕ دەبن لە ژنێتی تۆ**
**کلیلم پێ نییە دەرگاکە بە شەق دەشکێنم**
**بە خەیاڵ**

به خەونم دێمە ژوورەکەتەوە
خەوتوویت و دێمە ناو جێگاکەتەوە
لێوەکانت سوورتر دەکەم بە ماچەکانم ستیانەکەت دەکەمەوە
دەستەکانم لە تامەزرۆییاندا دەلەرزن سەرم دەخەمە نێوان مەمکەکانتەوە
بە زمانم تەمی سەر چاوانت
غوباری خەمەکانت
تەنیایی پێستت دەسڕمەوە
دێمە نێوان رانەکانتەوە
دەبم بە دڵۆپێک ئاگر و دەڕژێمە تۆوە
دەبیت بە ئاوێکی شیرین دەتخۆمەوە
من خەون دەبینم
خەون بە تۆوە
کە نابیتە هاوڕێم نابیتە دوژمنم نابیتە هاوسێم نابیتە ژنم
من لاڕەشەمبێت سەردانی دکتۆر ناکەم
هەزار رۆژ باران ببارێ چەتر هەڵنادەم
هەر خەونت پێوە دەبینم
کە تۆ نابیتە ژنم



# دڵێک لە تەنهایی و
# شەوێک لە باخچەی هەنار

● کەژاڵ ئیبراهیم خدر



-١-

بڕیارم داوە
چی وردە ماسی دەریا هەیە
بیانگوازمەوە بۆ رووباری چاوەکانت
چی چۆلەکەی سەر درەخت و گوێسەبانە هەیە
لە باوەشی مناڵیما بشارمەوە
ئەگەر رۆژێ دڵم نەما
عەشقم لە کوێ دەشاریەوە

-٢-

دڵی تۆ ئاسمانێکی تەنهایەو
لەوەتەی خووڵقاوە
چاوەکانی فرمێسکیان لێ دەبارێ
کەچی نەیتوانی بۆ جارێ
هەورێک بیکات بە ماڵی خۆی

-٣-

دڵی تۆ حوزنێکە
لەوەتەی پڕبووە، لە تریفەی عەشق
فرمێسکی شادی دەبارێنێ
کەچی تەنها جارێک سەرمەست نابێ
بە شەرابی لێوەکانم
هەندێ جاریش دڵت ئەستێرەیەکی غەمگینە
عەشقی بۆ زەوی نامێنێ
هەندێ جاریش دەبێت
بە درەختێکی قەترانی
گوڵی جوانی دەوەرێنێ



-٤-

بەو پەڕ و باڵە هیلاکەتەوە
بۆ کوێ دەفڕی
وەرە لای من، با چرایەکت بۆ داگیرسێنم
شەوق بە دڵت بداتەوە
من دەمەوێ لەگەڵ مندا پێبکەنی و
نامەوێ بۆ سپێدەکانی رابردوو بگری

-٥-

من هەمیشە حەزدەکەم
باخەکەی من هەموو رۆژی
گوڵێکی نوێ بۆ پەرچەمت بگرێ
تا نیشتمانەکەم
هەمیشە بە لاوی بمێنێتەوە
بای عەشقێکی فێنک
هەڵکا بە رووی تۆدا
ئەوسا منیش
باوەشێک گەڵای رەنجاو
بۆ دڵی خۆم دەهێنمەوە



-٦-

تۆ بەردەرگای شیعرم پێ مەگرە
من دەمەوێ گوڵی شیعرێکت بۆ بگرم
چاوەڕێم ئێوارەیەکی تر
خۆشەویستی لە سپێدەیەکی تردا سەر هەڵبدا
تا گۆرانییەکان خامۆشتربن و
دەروونمان گۆرانی ئەڤین بڵێنەوە

-٧-

تا خۆشەویستی تۆ هەبێ
مەحاڵە لەسەر بانێژەی ماڵێکەوە
بچمە ناو زەمەنێک خاڵی بێ
لە عەشقی تۆ،

-٨-

مەهێڵە بێدەنگی دامگرێ
من لە ئەهلی ئەو فریشتانەم
بە چرپە بە یەک دەگەن
بۆ هەژار و بێ نەوایان
چادرگەی ئێوارە هەڵدەدەن
تا لە بارانێکی ئەسمەردا
خۆیان نقووم دەکەن

-٩-

من دەمەوێ
هەموو سنگی هەورەکان بگەڕێیت
تاکو گمەی کۆترێک بدۆزییەوە
بەهارێک چاوەڕێت دەکات
تا زستان چاوەکانی خۆی
لە پەنجەرەی بەفرا بنوێنێ

-١٠-

بەفریش فێری کردی تاڵە سپییەکانی
بە مۆسیقا و گۆرانییەوە
پەنجەرەی دڵی بۆ عەشق بکاتەوە
گۆرانی ئەڤین و گریان
بۆ رابردوو بڵێتەوە

-١١-

دەستت دەخەمە نێو دەستی هەورەکان و
سەفەرێک بە ئاسماندا دەکەم
نزا دەکەم
لە ناڵی و خۆشەویستیت دام نەبڕێ
هەمیشە بەدەم خەیاڵێکەوە بژیم
تێکەڵ بە دنیای تۆبێ
تا دنیای جوانیم کاڵ نەبێتەوە
لە باخی گۆرانییەکانی عەشقتدا
شیعرەکانم میوەی وشەی نوێ
بگرێ



-١٢-

من نامەوێ بەفری باخچەکان
لە ئێوارەی دڵی تۆدا هەڵوەرن
ئەو شەوەی لەنێو گوڵ و بەفردا
سەمایان دەکرد
بەیەکەوە چووینەوە بۆ لەزەتی ژیان
دڵۆپ دڵۆپ بەفرەکان ئەبوونەوە
بە فرمێسکی زیوانێک لە گریانی شیعردا

-١٣-



لەوێ کە هەوارم هەڵدەدەم
هەرکاتێک ویستم
دەبم بە گوڵ لەنێو تۆدا
خۆم دەڕوێنم
ئەوسا دەبمە نەمامی حەوشەکەی تۆ
تۆش بەیانیان وەرە پێم بڵێ
کوانێ مێخەکی سەر سنگت
کوانێ شیعری چاوە خەواڵووەکانت
کوانێ رژانی دڵێک
لە باخی عشقدا
ئەوسا منیش
دڵم بۆ هەتاوی رووخسارت رادەخەم

-١٤-

دەمەوێت پارچەکانی هەتاو کۆبکەمەوە
تاکو ئێوارانی تەنهایی
خۆیم بۆ بکات بە رووناکی و
دڵۆپ دڵۆپ
نور برژێتە سەر رووخسارم
تاببمە هاوڕێی ژنێتی باخچەکان
تا سارای رۆحی پاک و بێگەردم
باخچەی دڵم بکێڵن
فێرم بکەن لەزەتی شەراب و ماچ
چۆن لەیەک دی جیا بکەمەوە



-١٥-

زەمەن زەمەنی عەشقی پەپوولە و
پەڕەسێلکە و شیعر بوو
چاومان بۆ ئاسمانێکی فڕین
ئەگەڕا، نەبوو
چاومان بۆ هێلانەیەکی داڵدە
ئەگەڕا، نەبوو

-١٦-

هەمیشە کۆڵانەکانی خۆشبەختی
لەلای تۆوە دەهاتنەوە
لای کۆڵانەکانی مناڵی
نزاکانم لە نوێژی تۆوە ئەچوونە
بەرقاپی خوا
مەهێڵە بەبێ نازی لەبێ عەشقی تۆدا
بژیم
من هەمیشە رووبارەکانت بۆ
پڕ دەکەم لە وەفا
من هەمیشە باخەوانێکی بەوەفاو

قەڵەمێکی بوێری
نووسینەوەی عەشقی تۆم
هەمیشە شیعرم بۆ کردووی
بە گۆرانی و
بەگوێی بادا بۆم ناردووی
هەمیشە هەورم کردووە بە بارانم بۆم ناردووی
کردوومە بە پەڕەسێلکەی شیعر و بۆم ناردووی

-١٧-

هەمیشە چەتری سۆزت بووم
تا گەڕاومەتەوە ماڵی شیعر
نەتهێشتووە تەنهاییەکەم
چەشنی گریانی چیایەک
لە توانەوەی بەفردا
بە ئازاربێ
نەتهێشتووە رۆژێک
بە خەیاڵما بێ نیشتمان
لەخۆم زویر بکەم
تۆ بووی نەتهێشت سیمای وشەم بشێوێ
خەونی شیعرم کاڵ بێتەوە
ئاشنام کەوە بە کۆڵانە
رەش و سپی و پڕسێبەرەکانی
جێژووان
ببمەوە بۆ لای بارانە بەلێزمەکەی
بەهاران



-١٨-

تێکەڵم کە بەو بەفرە سپییە پاکەی
لە ساڵیادی شیعرمدا
بردمییە سەردرەخت
کارێک بکە گەڵاکانی دڵم

لەسەر دەشتی چاوەڕوانی شین بچنەوە
منیش بەڵێنت پێ دەدەم
هەرگیز دڵت لە تەنهاییدا جێ ناهێڵم

-١٩-

لەبەردەمتا خۆمت بۆ دادەگیرسێنم
بەدیار هەڵوەرینی ئەو هەموو ماچەوە
بەدیار بارینی ئەو هەموو سۆزەوە
بەدیار کوشتنی ئەو هەموو پشکۆ گەشانەوە
مەبەرەوە بۆ ناو تابوتێکی خۆڵەمێشی



-٢٠-

من بۆ باخێک دەگەڕێم
لە نزیکماڵی دڵتەوە بێ
پڕبێ لە گوڵەکانی خۆشەویستی
لە گەڵای ماچێک ناسکتربێ
بۆئەوەی پێت بڵێم
فەرموو وەرە و میوانم بە

-٢١-

بە رۆحێکی باراناوییەوە پێشوازیت لێ دەکەم
لە بەردەمتا خۆمت بۆ دادەگیرسێنم
بۆنی بخوردەکان بە سەر و قژتەوە دەکەم
پەنجەرەی ژوورەکەت بۆ دەکەمەوە
تا رووت لە خواوەند دەبارێ

-٢٢-

پەنجەکانم
لە دەفتەری یادگارییەکاندا
جێدێڵم
لەگەڵ قەڵەمەکەمدا

دەستی یاری بگرەو سەما بکە
بەیەکەوە دەشت بەدەشت
رووبار بە رووبار
بۆ ماڵی عەشق دەگەڕێن
تا لەوێوە شیعرێک دەڵێن

-٢٣-

ئەوکاتە شەودێ و
لە دەرگای میحنەتی ئێمە دەدا
منیش دەست دەخەمە دەستی شیعرێکمەوە
باخێک لە بەهەشتت
بۆ دروست دەکەم
تا بەدیار برینەکانی
نیشتمانەوە ئازار نەچێژی
تاکو گۆنا سوورەکانی نیشتمان
بەجوانی دەبینی

-٢٤-

لە کازیوەی ئەو بەیانییەی بەردەماندا
باخەوانێک دێت و
گوڵی فرمێسکەکان دەچێنێ
تا ئەو ئازارە غەریبییە بچێژین
کە دەمانباتەوە لای برینێکی سەخت
تۆش وەرەوە
بمدەرەوە دەست سەفەری خۆت
تا بەیەکەوە لەسەر باڵی
کۆترێک بە ئاسمانی ئەویندا بفڕین

-٢٥-

لە پەنجەرەی چاوتەوە
تەماشام کە،

کاتی باوەش بە بارانێکی شەرمنا دەکەم
لەژێر ساباتی هەتاوێکی عەشقەوە
لەژێرگەڵای ئازارێکدا بۆم بگەڕێ
کە مردیشم لەژێر رەگەکاندا بم شارەوە

-٢٦-

تاڵە پرشنگدارەکانی شیعر
روومەتی هەردووکمانی ئاوێزان دەکرد
لەبەردەم غەریبـی ئاوێنەی
پڕ لە ناسکی رووی عەشقی تۆدا
سێبەری گۆرانییەک دەڵێنەوە
کە خۆی لە رۆشنایی رووبار بچێت و
باخچەی پڕ لە گوڵی ئاوەدانیمان بدەینەوە
تا باخێکت بکاتە بەر
پڕبێ لە پرتەقاڵی ماچ و
پڕبێ لە تریفەی شەوانی هەتاو و
تا داوەتی شەپۆلەکانی شیعر بکەم
پڕبێ لە چرای رەنگ زەرد و
شەقامی چۆڵ و شەوی عاشقان



# مەنزڵ[٧]

**نیا کامیل**



**لە کلاورۆژنەی ژووری تاریکی**
**زیندانی شەوی دڵی منەوە، مانگە**
**شەوی چاوی تۆ دەکەوێتە سەر ئاوێنەی**
**زهنم**
**لاولاوی تینووی خۆزگەمە**
**هەڵزناوە بە باڵای چنار**
**تا**
**گوڕ و گەرمی لەشی هەنگی**
**پۆستە چییە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو**
**نامە شیرینانەی گوڵ بۆ شاژنی شاری**
**هەنگوینی خۆشەویستی دەنێرێت هەموو**
**کات**
**بۆ عاشق وەکو وەستابێت وایە**
**هەر زۆر لەسەرخۆ پەی دەبات بە**
**رێگا**
**بە قاچی رێبوارێکەوە خۆی**
**کۆدەکاتەوە، تا چیتر کەس**



بیر نەکاتەوە لە
کۆچ
دەستی باڵندەیەکی گرتووە
رووەو غروب، سەرەوخوار
کێشی دەکات بەنێو ئاسمانێکی
گەروو گیراودا بە
خۆڵەمێش
مەرگی عەشقێکە، بای رەشی زوڵمەت
داوێتییە بەر شالاّوی خۆی، وەک سووتانی
پەلکێکی
ئەرخەوان
ماوەیەکە گوڵی رەش دەگرێت، چونکە
هەرکە روانییان بینی دایکێکی رەشپۆش
دێت و فرمێسک هەڵدەوەرێنێت بۆ چارەی
رەشی
بۆتە بەرگی شارەکەی من، منیش تامی
مەرگی خۆم دەکەم. رووناکی وەڕستە،
من ماتەم دەگێڕم بۆ بالاّی
خۆر
هەرچی زووتر چاوی خۆی دادەخات
لە زووڵم و ستەمی ئەم شارەی
من
بەسەر دەست و باسکی خۆمدا
داڕووخاوم، لە تەمی پێکێک
شەراب و تۆزێک رووناکی مۆمێکی
سەرشێتدا بە
ئارامی
خەوی شیرینی لەیلاکەمە و من
دەمەوێت ژیان لەسەر ئەم زەمەنە
راگرم، بێداری بکەمە قەفەسەوە
هەتا حەوزی چاوم پڕدەکەم

له ماسییه سووره‌ی نیگاری
ئه‌و
گزنگی پرچی رووناکی بوو، ده‌ستی
فانۆسی گرت بۆ ناو ژووره‌که‌م.
له شه‌وێکی ساردیشدا به‌جێیهێشتم
به‌ته‌نها رۆیشت
خۆی
کردمیه مۆمی گڕگرتوو له
مه‌عبه‌دی عه‌شقیدا، که‌چی
سووتانی پێ که‌مبوو دڵیشی
کردوومه‌ته
زیندان
دڵی منه و هه‌زاران خۆزگه‌ی
سه‌رکه‌شی تیا زیندانه بۆ
عیباده‌تی خۆری چاوی
تۆ
رێکخه‌ری نه‌بزی دڵی منی،
قولاپیت و گیراویته بینی ماسی
دڵم. ئه‌مکوژی ئه‌م ژیه‌نی، ئاگات
لێم نییه یه‌ک
سات
خه‌وبینینی ئاوێنه‌یه به دووباره
ئارایشتدانه‌وه‌ی رووخسارت له چاوی
ئه‌ودا، که هه‌ست بکات نه خه‌و ده‌بینێت نه
خه‌یاڵ
ساتێکی شیرینی ژیانه له‌گه‌ڵ تۆدا بێ
خه‌م
ژماردنی په‌ڕه‌کانی زه‌ڕنه‌قوته‌یه،
تاپاساری دایک به‌رله‌وه‌ی بیکوژن،
فڕین فێری نه‌وه‌یه‌کی نوێ بکات.
چونکه داویانه‌ته به‌ر به‌رد

**چەند رۆژێکە**
**هاتوومەتە سنووری چاوتەوە و دەمەوێت**
**بە قاچاخ دزەبکەمە ناو ناختەوە**
**سواری شەمەنەفەری رەنگ ئاڵی خوێنت ببم،**
**بە جانتایەک وەنەوشەی ژاکاوی هەستمەوە**
**لەدڵتا دابەزم.**
**سەرلەنوێ ئەم گوڵانە لە باڵکۆنی عەشقتدا**
**بڕوێنمەوە و بۆ هەمیشە بیکەمە دوا**
**مەنزڵ**



# ئەلوەستەیەک و
# نیگایەکی یاقووتی بۆ تۆ (جۆرجیا)

موحسین ئاوارە

جۆرجیا... جۆرجیا
کوڵمە سوور و ئاڵەکان
کچ و کوڕە جوانەکانی تۆم بینی
لە شەوێکی شەڕابیدا
کراسە ڕەشەکانی شەویان دائەدڕی
تەسبیحە هیلاک و خەمەکانی ڕۆژەکانیان دەپساند
بە گۆرانییە سۆزاوییەکانیان
لانکی شاریان دەژاند
تۆم بینی لە بەیانییەکی زەردباودا
وەک شمامەیەکی خاڵدار
لەنێو دەستەکانی (لێرمەنتۆڤ)دا
کە دەیگووشێ
بۆنە خۆشەکەی
هەموو جۆرجیا و موسافیرانی مەست دەکرد
جۆرجیا... جۆرجیا
ساڵان و زمانێکی ڕابردووی تۆم بینی



لە خانوویێکی دوو ژووری ساکاردا
ماڵی باوانی دێرینەی (ستالین)
ستالین ئەوسا باقەی سمێڵی نەببوو بە فیلتەر
تاقی شیرینی جۆرجیای پێ نەنۆشرێ
سمێڵی گرژ و بڕیاری گرژ و تووڕەیی
(ئەلکسەندەر سۆلجنستین)ی
نەخستبووە هەشت ساڵ زیندانی
هێشتا (دۆستۆیێفسکی) ئاوارەی سیبریا نەکرابوو
کراسی خەمێکی قووڵ بە باڵای روسیا هەڵنەبڕابوو
جۆرجیا... جۆرجیا
زەمانێ زوو ناوی تۆم دەبیست
ئەگەر یەکێ جوان بووایە
دەیانگووت ئەڵێی گورجیە
ژنانی وڵاتەکەی من جۆرە قوماشێکیان دەکڕی
پێیان دەگووت (جۆرجێت)
دوای هەڵکشانی تەمەنێکم
دەرگەت لێ کردمەوە
باوەشت بۆ گرتمەوە
گورجیەکانی تۆم بینی
هەندێکیان بە گۆچان و چاویلکەوە
پیر و کەنەفت و ماندوو
بەڵام هێشتا ئەسەوەری جوانیان لێ دەتکایەوە
جۆرجیا... جۆرجیا
تەواو رەباس نەببووم
لە شیلە و شیلاوی هۆشبەرانەی جوانییەکەت
لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەفەرانمدا
بڕیارمان دا
سەبەتەیەک لە گوڵە تەڕەکان لە باوەش کەین
بەخۆمان و گوڵەکانەوە
ئاوابین بۆ وڵات و هەرێمێکی دی
هاوسنووری ئێوە

بۆ شوێنانی مەستەکار و پیرۆزمەند
بۆ بوخارا و سەمەرقەند
لەوێش کۆتکێ لەو شەڕابە ئاڵە یادئامێزەی
جەلالەدینی ڕۆمی و سەهروەردی بنۆشین
لە پاڵ دیوارە دێرینەکانی
پشووێ بدەین و دانیشین
بڵێین ئەوە تۆشمان جێهێشت جۆرجیا
هەر وڵاتێ
جوانی و بۆن و بەرامی خۆی هەیە
ئەویان لەمەی تر جیا
جۆرجیا
جۆرجیا
جۆرجیا



# قەفەزێک لە ناخی باڵندەیەکدا!

گۆران رەئوف

نازانم لەکەیەوە سنووری ئەو رۆژانە دەستنیشانکەم، کە وەک باڵندەیەک، تازە ئاشنای ئاسمانەکان بووە و نازانێت سەرەتا و کۆتایی چ مانایەکیان هەیە... ئەو رۆژێک یەکەمین گەشتی دەستپێکرد، تەواوی ئاسمانەکان تووڕەیی خۆیان دەنارده خوارەوە... ئەو رۆژانە باڵندەکە، بێکەس، بێ ئامانج، بێ نیشتمان، لەبەر رەهێڵە تووڕەکاندا دەهات و دەچوو... باڵندەی بەدبەخت لەو کاتەدا یەکەمین پرسیاری ئەوەبوو: "بەڕاست ژیانی ئەودیو قەفەز هەر ئەمەیە"؟ ئەو نەیدەزانی باڵندەگەلێکی دی هەن لانەیان هەیە و عەشق دەکەن، خودا دەناسن و سەفەردەکەن، نەیدەزانی شەڕدەکەن و جەژن دەکەن... ئەو ئەوەشی نەدەزانی ئەو جێگایەی پیاسەی تێدا دەکرد ناوی ئاسمان بوو، ئەو ناوی ئەستێره و مانگ و بەفر و باران و هەسارەکانیشی نەدەزانی... ئەو کە کاتێک بۆیەکەمجار هەڵفڕی... یان باشترە بڵێم ئازادبوو، ئێوارەیەکی زستان بوو، من لەبیرم نییە چ خەیاڵێک وایکرد بابم بەو ئێوارە سارد و باراناوییە ئەو کەنارییە تازەپێگەیوە ئازاد بکات، بەڵام دەمزانی ئەو کارەی لەخۆڕا نییە، هەڵبەت هەر لەخۆوە پێم باش بوو، بەڵام ئێوارەیەکی هێند ساردبوو گریانم بۆی دەهات. ئاخر باوباپیری ئەو باڵندەیەی کە بابم ئازادی کرد لەنێو قەفەزێکدا ژیابوون، کە بابم ساڵانێکی

پێشووتر بەتایبەت لە ئێرانەوە بۆیان هێنابوو... بابم تەواوی باڵندەکانی تری لەنێو قەفەزە کۆن و دەستکردەکانی ناوخۆی شاردا بەخێو دەکرد، بەڵام لەجوانی و قەشەنگی ئەو جووتە کەنارییەی کە بەرێکەوت لە کابرایەکی گوندنشینی کڕیبوو، هەر لەخۆوە نەیتوانیبوو وەک باڵندەکانی دیکە حیسابیان بۆ بکات، بۆیە ژیانی بۆ سازکردبوون لەو قەفەزە نموونەییەدا... بابم بۆی دەگێڕامەوە کە گوایە باڵندەکانی دیکە لەتاو ئێرەییدا تووشی نەخۆشی هاتبوون کە کاتێک بینیبوویان دوو کەناری نوێ لەوەها قەفەزێکی قەشەنگدا بژین، ئەوانیش بەو هەموو تەمەنەوە پارەیان بۆ بەرهەمهێناوە... ئەو دوو کەنارییە قەشەنگەی کە بابم لە کابرا گوندییەکەی کڕیبوو داپیر و باپیری ئەو کەناریەبوون کە بابم لە ئێوارە ساردەکەدا ئازادی کرد.

چیرۆکی ئەو کەنارییەی وایکرد بابم ئازادی بکات، من نایزانم، یان باشترە بڵێم ئەو هۆکارەی بووە هۆی ئازادبوونی باڵندەکە، نازانم، بەڵام بە بڕوای خۆم وای دەبینم بابیشم نازانێت بۆ لەقەفەز دەریهێنا، هەڵبەت هەرکات دەکەوتمە باسی چیرۆکی ئازادبوونی باڵندەکە، یەکسەر بابم بێدەنگ دەبوو، وەک ئەوەی هەست بکات ئازادبوونی ئەو باڵندەیە پەیوەندی بە خودی باڵندەکەوە هەیە، یان ئەوەی وەک جێبەجێکردنی پەیامێکی ئاسمانی وەهابوو بۆی... بەڵام بەهەرحاڵ ئێستاش تێنەگەیشتم لە بابم بۆ ئەو کەنارییەی لە وەها رۆژێکدا بەردا، هەڵبەت هۆکاری بەربوونی ئەو باڵندەیە لە سەرەتاوە بۆم گرنگ نەبوو، تاکاتێک کە بابم کۆچی دوایی کرد، ئاخر مردنی بابم چیرۆکێکی خۆی هەیە و کەم تا زۆر پەیوەندی بە ئازادبوونی ئەو باڵندەیەوە هەیە.

من لەگەڵ یەکەم چرکەدا کە کەنارییەکە هەڵفڕی رووەو ئاسمان، ئاگام لێبوو، سەیرم دەکرد تا ونبوو، دەمبینی نەیدەتوانی بە هاوسەنگی بفڕێت، لەبەر رێژنەی باران و پاڵەپەستۆی بایەکاندا ئەملاولای دەکرد، دەهاتەوە خوار و بە هێزێکەوە بەرەو ئاسمان دەڕۆیشتەوە، ئەوە یەکەم سات بوو کە هەستم کرد خێرایی دڵم زیادی دەکرد، هەرلەخۆوە دەترسام ئەو کەنارییە کە زۆرکات لەگەڵیدا دەکەوتمە گفتوگۆ و باسی خۆمم بۆ دەکرد ئایندەیم باش نەدەبینی، نەمدەزانی بۆ دڵتەنگ بووم بۆی، بیرم دەکردەوە رەنگە هی ئەوەبێت کە زۆر دواوم لەگەڵیدا، یاخود هی ئەوەی کە من کچ بووم... ئاخر دایکم زۆرکات دەیگووت "ئافرەتان دڵیان ناسکترە لە پیاوان"، هەرواش بوو، چونکە ئەو رۆژەی کەنارییەکە بەرەو ئاسمان فڕی من بۆی گریام، کەچی براکەم پێدەکەنی، ئەو بەوە دەکەنی کە کەنارییەکە

نەیدەتوانی لەبەر باوبارانداا بە هاوسەنگی بفڕێت، ئای چەندە توڕەبووم لێی، چەندەی تر غەمم بۆ خوارد، ئەو ئێوارەیەی کەنارییەکە ونبوو، من تا تەواو تاریکی شەوداهات لە هەیوانەکەمانەوە دەمڕوانییە ئاسمان، تاکو جارێکی دیکە ببینمەوە، بەڵام شەو داهات و بە خەمی ئەوەوە نووستم.

بەیانی بەرلەوەی هێزگرم لە خەو، هەستم دەکرد خەون دەبینم کە کەنارییەکە گەڕاوەتەوە و ئەوەتا دەخوێنێت، بۆیە بەخێرایی هەستامەوە و رووەو حەوشەکەمان دەرپەڕیم، کە بینیم کەنارییەکە گەڕاوەتەوە و لەسەر دار هەنارەکە وەستاوە... ئەی خوایەگیان لەو خۆشییە، یەکسەر دەنگێکی کچانەم لێ بەرزبووەوە و هەردوو دەستم هێنا بە دەموچاومدا، لەوکاتەدا دەمویست بە کەنارییەکە بڵێم ئەم شەو تۆ لەکوێ بوویت؟ نازانی چەندە لە بیری تۆدا بووم؟ ئەی نازانی دونیایەک خەونی جۆراوجۆرم پێتەوە دی؟ دەمویست بڵێم ئێستاش بڕواناکەم ئەوە تۆبی بەسەر ئەو دارەوە؟ ئاخر وام دانابوو تۆ تازە مردووی... دەمویست ئا لەو هەڵیت و پڵیتانەی پێ بڵێم، بابم بە جلی خەوەکانییەوە هات و بینی باڵندەکە گەڕاوەتەوە و تێڕاماوە، ژیان بۆ ئەوەندە سەختە... بەڵام بەرلەوەی بابم ئەو شتانە لە چاوی کەنارییەکەدا بەدی بکات، یەکسەر کەمێک رۆیشتە پێشەوە و یەک دوو وردە بەردی تێگرت تا هەڵفڕی و بۆ دووەمجار لەپێش چاوم ونبووەوە!!

تەماشاکە تائێستاش لە خۆم ناگەم بۆ چیرۆکی ئەو کەنارییە بەدبەختە بۆ هەموو هەڵچوون و داچوونەکانی ژیانم دەهێنمەوە... زۆرکات ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە، لەکاتی خۆشی و ناخۆشی و توڕەبوون و هێمنی و گریان و خەنیندا، هەموو کات یەکسەر کەوتوومەتەوە بیری ئەو کەنارییەی کەوا خەریکم ئاشنات دەکەم بە ژیانی، ئێستاش وادەزانم بەرلەوەی باسی ئێستای خۆمت بۆ بکەم پێویستە بتناسێنم بە ژیانی باڵندەکە، ئاخر تا هەنووکەش کە ئەم پیتانە دەنێم بە یەکەوە وا دەزانم ژیانی ئەو کەنارییە، ژیانی منە و نموونەیەکە کە خودا تەنها بە منی نیشانداوە... من لەبیرمە کە منداڵ بووم زۆرکات خاڵم باسی ئینسانە پاکەکانی بۆ دەکردین، ئەو باسی ئەو رۆحانەی دەکرد کە خودا خۆشی دەوێن و بەردەوام ئاگای لێیانە، بەردەوام دەیبردینەوە بۆ ئەو بابەتە گەورە و قورسانە... من لەبیرمە بە خۆمم دەوت ئاخر خاڵم زۆر سەیرە، ئەی ئەو چۆن دەزانێت ئێمە بەم تەمەنە منداڵەوە لەو بابەتە گرانانە دەگەین، بەڵام دواتر هەرخۆم وەڵامی خۆمم دەدایەوە و دەموت "بەڵێ، خاڵم بێئەندازە زرنگە،

چونکە ئەو گەر نەیزانیبا من و براکانم لە وەها بابەتێک ناگەین، باسی نەدەکرد... ئێستا بەخۆم دەڵێم ڕەنگە من لەو ئینسانانەبم کە خاڵم باسی دەکرد، دەڵێم ڕەنگە خودا منی خۆشبووێت، ڕەنگە من خاوەنی ڕۆحێکی پاک بم، بۆیە چیرۆکێکی وەک ژیانی ئەو کەنارییەی پێ ناساندم، چیرۆکێک کە تەنها من و کەنارییەکە دەیزانین، تەنها من و ئەو لەواتا قوڵەکانی گەیشتین، ئاخر ڕەنگە تۆش ئاشنای ئەو چیرۆکە بیت، سەرسام بیت لەوەی ژیانی باڵندەیەک بۆ دەبێت لە هەموو حاڵەتە دانسقەکانی ژیانمدا وەک نموونەیەک بگونجێت، بۆ دەبێت وەک وەڵامی تەواوی پرسیارەکان وەهابێت، من دڵنیام گەر بۆ چرکەیەک واز لە کەللەڕەقی بهێنیت، تێدەگەی من مەبەستم چییە، من لەوەش دڵنیام بەم نامەیە، یان چوزانم بەو هەموو شتەی من تێکەڵیان دەکەم بۆت... یان باشترە بڵێم نووسینەوەی ئەم چیرۆکە حەقیقەتی تەواوی ڕووداوەکانت بۆ دەردەکەوێت، بەڵام هێشا دەڵێم سەرپشک بە و نامەوێت بڕیاری پێشوەخت بدەیت، نامەوێت سۆز داگیرت بکا و وەک جاران بکەوینەوە کێشەی جۆراوجۆرەوە، من دەمەوێت هەرکات بەتەواوی تێگەیشتی لەم چیرۆکە، ئەوا وایدەبینم کۆتایی کێشەکانمان بێت، ئاخر من هەروا بەسادەییەوە ئەم دێڕانەت بۆ ساز ناکەم، بەڵکو لە تەواوی ژیانمدا گێڕانەوەی چیرۆکی کەنارییەکە کۆتا هەوڵدان بووە و هەر بەڕاستیش کۆتا ڕێگەچارە بووە.

تەماشاکە، من لەو کاتەوەی دەتوانم ژیانی ئەو باڵندەیە بگێڕمەوە، هەستێکی سەیرم لادروست بووە، هەستی ئەوەی گونجاندنی چیرۆکێکی سادە بۆ تەواوی چیرۆکەکانی ژیانم... هەستی ئەوەی کەم ئینسان هەیە لەو بەراوردانەی من بگات... من خۆم دەناسم، مێشکێکی گەلێک وردم هەیە، هەمیشە وەک کچێکی شەرمن لە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە زۆرترین کاریگەریم هەبووە لەسەر ژیان، هەڵبەت مەبەستم ئەو ژیانە لاوەکییانەیە کە بەتەنها خودا و هەندێ ئادەمی دیکە تێدەگەن لێی، سەیرکە من کەسێکی سادە نیم، دەشزانم تۆش بەهەمان شێوەی، بەڵام کەللەڕەقییەکەت و ئەدگارە منداڵانەکەت تێگەیشتنی تۆیان تێکداوە، بۆیە زرنگەبە و لەم ئاماژە کۆتاییانەی نەستم بگە، بڕوابکە ئاگام لە حاڵتە، دەزانم شەوانە بەدزی ماڵەوەتان دەگریەی، ئەوەش دەزانم کە هەندێجار لە خۆپەرستیدا دەتەوێت بگریەیت و لە خۆشتی بشاریەوە... بەڵام وا هەستەکەم تا هەنووکەش دەرفەتێکی باش هەیە بۆ ئاساییبوونەوەی نێوانمان، هەڵبەت ئەمانەی کە دەینووسم لە دەروونێکی ڕووخاو و شکستخواردووەوە نییە، بەڵکو گوزارشتی روخساری هەندێ ڕووی شتەکانە کە دڵنیام تۆی خۆپەرست قەت نەتدەتوانی ڕۆژێک لە

ڕۆژان بیاننووسیت... چوزانم... باسی بکەیت، یان هەر نەبێت خەیاڵی پێوەبکەیت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەبێ ئەوەی شەرم بکەم، بەبێ ئەوەی هەستی غروری دامگرێ دەڵێم گێڕانەوەی چیرۆکی کەنارییەکە ڕووی ڕاستەقینەی منە سەبارەت بەنێوانمان.

لەدوای ئەوەی بۆ دووەمجار کەنارییەکە هەڵفڕییەوە و ون بوو، شتێکی سەیر بەسەر بابمداهات، بابم بەسەختی نەخۆشکەوت، لەماوەی یەک دوو ڕۆژدا ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، هەر دەتوت بەتەواوی وادەی مەرگی نزیکبۆتەوە... من وەک کچێکی منداڵ بەترسێکەوە بەخۆمم دەوت، ئاهی ئەو کەنارییە بابمی والێکرد... ئاخر من دەمزانی ئەو باڵندە بەدبەختە سەرمای بوو، دەمزانی بۆیە گەڕابووەوە تا بێتەوە نێو قەفەزەکەی جارانی، دەمزانی ئەو تووڕە بوو لە ژیان، تووڕەبوو لە ئازادی، دەیویست بێتەوە لانە کۆنەکەی... بەڵام بابم دەریکرد، ئەو دڵڕەقانە دەریکرد... من بیرکردنەوەیەکی وەهام لێکدەدایەوە و دایکم و براکانم دڵتەنگ دەبوون، من نەمدەوێرا باسی وەها شتێک بکەم، چونکە وامدەبینی بابم ئەو باڵندەیەی لەبەرئەوە ئازادکرد کە خودا خێری بۆ بنووسێت، بەڵام نازانم بۆ وامدەزانی بابم تاوانبارە؟!

من هەر لەوکاتەدا جارێکی تر کەوتمەوە بیری ئەو قسانەی خاڵم لەبارەی دین و ژیانەوە بۆی دەکردین، دەیوت هەرکەسێک بەبێ هۆ زیان بە گیاندارەکان بگەیەنێت، تاوانبارە و خودا لێیخۆش نابێت، دەیوت خودا مسقاڵە زەڕرەی لێ وننابێت و هەر سزامان دەدات، بۆیە منداڵینە ئاگاتان لەخۆتان بێت، ئازاری گوێدرێژ و سەگ و پشیلەکانی شار نەدەن"... دەڵێم ڕەنگە تەواوی ئەو شتانەی لە ناخمدا لێکم دەدایەوە لەسەر بابم هۆکارەکەی لە قسە دینییەکانی خاڵمەوە سەرچاوەی گرتبێت، ڕەنگە تەواوی ئەوکاتانەی شتەکانم دەهێنایەوە سەر یەک ڕێگا، هەڵەبووبم و تەنها ڕێکەوت بووبێت، ڕەنگە نەخۆشکەوتنی بابم هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادکردنی ئەو باڵندەیەوە نەبێت، یان ئەسڵەن ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە، دۆخێک بووبێت کە بتوانم ئێستامی تێدا ڕوونکەمەوە...

هەرچی بوو نازانم کام لای شتەکان حەقیقەت بوون، بەڵام لەوە دڵنیام کە دەبێت تۆی دڵڕەق ئاشنابیت بەم چیرۆکە وردیلانە، تا لێرەوە تەماشای ڕووداوە هەنووکەییەکان بکەیت، ئاخر من دەزانم تۆی خۆپەرست، تۆیەک کە پشتتکردووەتە ڕاستییەکان و بە وێنەی شاعیرێکی عەبەسی خۆتت بەندکردووە و لە هیچ شتێک ناپرسیت، تەنها و تەنها خەریکی خواردنەوەی کهول و

سیگارکێشانی، تۆیەک دەستەوەستان لە ئاست تەواوی رابردووت و تەسلیمی ئەو واقیعە ترۆهاتە بوویت، بەڕاستی ئەستەمە چاوەڕوانی شتێکت لێبکرێت، بۆیە ئەم نامەیە دەنووسم تا لێرەوە هێدی هێدی بتناسێنم بەڕاستییەکان... رەنگە تا ئەم چرکەیەش بەهەمان خۆپەرستی جارانەوە بێیتەوەهۆش و بپرسیت "ئاخۆ کێ ئەم هەوالأنەی منی پێدابێت"؟ یان ئەوەی شەرم داتگرێت و هێندەی تر وەک کەسێکی خەجاڵەتبار تورەبیت لەخۆت و لە من و تەنانەت لە خوشکەکەشت، چونکە ئەو بەتەواوی هەموو ژیانی تۆی بۆ باسکردم، هەڵبەت ئەو ژیانەی دەڵێم کە لە دوای من گوزەراندووتە، بەڵام عاقڵبە و هێوربە، چونکە واخەریکە هەنگاوە لەرزۆکەکانت هەڵتدەگرن بەرەو ژیانێک کە تەنها خۆپەرستیت خولقاندوویەتی، ئەگینا شتەکان بەوشێوەیە نین... خوشکەکەت دەیوت دانت بە هەموو شتەکاندا ناوە، دەیوت پەشیمانی و ئێستا شەڕ بەدار و بەرد دەفرۆشێ... دەیوت هەندێ شەو بە زرمەی ئەو لە خەو رادەچڵەکین، سەیردەکەین بە بۆکس هاتووە بە دیواری ژوورەکەیدا و دەگریەت... بەڕاستی مایەی پێکەنینە؟! تۆ لەم ماوەیەدا بەو چەشنە گۆڕابیت، مایەی گاڵتەجاڕییە کە بوویت بە پاڵەوانی دیوار و ئاسن و شووشە... تەماشاکە من بەهیچ شێوەیەک سەرزەنشتت ناکەم بۆئەوەی کە بڵێم بۆ واتکرد؟ یان بۆ وات نەکرد؟ بەڵام دەمەوێت لەم کاتە هەستیارەی تەمەنتدا هاوکاریت بکەم، وەک خوشکەکەت وتی "فریایکەوە"، هەرچەندە حاڵی منیش لە تۆ باشتر نەبووە، بەڵام من تەنها دڵم بەوە خۆشە کە ئەگەر تەواوی شتەکان تێکبچن و بژاکێن بەیەکدا هەر رۆژێک دەبێت حەقیقەت جیابکرێتەوە.

باڵندەکە کە بۆ دووەمجار ونبووەوە و دواتر بابم بە خەستی نەخۆشکەوت، ئیدی نەگەڕایەوە تا ئەو رۆژەی کە بابم دوایین فرمێسکی بۆ رشت و بۆ دوایینجار ماڵئاوایی لێکردین... بابم مرد، بەڕاستی ئەم وشەیە لەناخەوە دەیگریاندم، بەخۆمم دەوت "ئیتر خۆ بابم تازە نابینمەوە"، دەموت "یانی بابم بەتەواوی مرد"، "یانی ئیدی تا کۆتایی دونیا نایبینینەوە؟" ئای لەو رستە بێتامانەی لەو ماوەیەدا وێرانیانکردبووم، من وەک کچێکی منداڵ لەنێوان دووڕیانێکی تەمومژاویدا بووم... هەندێجار لە ناخەوە جنێوم بەو باڵندەیە دەدا... دەموت "دەک تۆش بمری وادەم بوویتە مایەی مردن بۆ بابم"، کە بیرم لە قسەکانی خاڵم دەکردەوە، حەزم دەکرد، ئەو باڵندەیە بگرم و هەنجن هەنجنی بکەم، بەڵام لەلایەکی ترەوە وەک ئەوەی دەنگێک لە ناخەوە پێم بڵێت شتەکان وەها نین کە تۆ بیریان لێدەکەیتەوە، بەڵکو تەواوی ئەو رووداوانە رێکەوتێکی ناخۆش بووە، رێکەوتێکی ناخۆش...

بۆیە منیش کەمێک ڕێگەم بەو دەنگەی ناخم دەدا و بیرمدەکردەوە و دواتر هەر خۆم دڵتەنگ دەبووم بۆ باڵندەکە... سەیرکە جیاوازی من و تۆ تائەم چرکەیەش لەوەدایە کە تۆ هەرگیز نەتتوانیوە گوێ بگری بۆ دەوروبەر، هەرگیز ئامادەیت نەبووە دان بەڕاستییەکاندا بنێیت، بەڵام من بەردەوام گوێم بۆ ئازارەکانی مێشولەیەکیش گرتووە، بەردەوام وابیرم کردووەتەوە ڕەنگە حەقیقەت لە جێگایەکی هێند سادەدابێت کە ئێمەی لوتبەرز نەتوانین بیبینین، نەتوانین سڵاوێکی لێ بکەین و هەر هیچ نەبێت یەک دوو قسەی لەگەڵدا دامەزرێنین.

دایە مەگری، دایە مەگری... سوێندت بۆ دەخۆم مردنی بابم خەتای ئەو کەنارییەی تێدا نییە... من دڵنیام گەر باڵندەکەش لێرەبوایە بۆ بابم دەگریا... کچێ بڕۆ دواوە تۆ نازانی خودا تۆڵەی ئەو باڵندەیەی لە بابت کردووە... دایە شتەکان بەو شێوەیەنین کەتۆ و خاڵم باسی دەکەن... بێدەنگ بە با لەم پرسەیەدا کەس تێنەگات بابت بەو سەرمایە باڵندەیەکی وەدەرناوە... ئاخ... دایە گیان خۆزگە دەمتوانی ئەوەی لە ناخمدایە بمگوتبا... ئاخر کچێ تۆ چی دەزانی، تۆ لە مشکێک دەترسی چی لە شەرعی خودا تێدەگەی. بابم بەحەسرەتەوەماڵئاوایی لێکردین و کۆمەڵێک گومانی لەپاش خۆی بەمیرات بۆ جێهێشتین، من لەو یەک دوو ڕۆژەدا بەتەنها بیرم دەکردەوە، ئاخۆ دەبێت کەنارییەکە لەکوێ بێت؟ دەموت دەبێت ئاگای لەوەبێت کە بابم مردووە؟ یان ڕەنگە ئێستا لەم دەوروبەردا بێت و سەیر بکات، یان بگریەت، ئەرێ بابڕۆم سەیرێکی دار هەنارەکە بکەم، بزانم خۆی لەژێر یەک دوو لقەوە نەشاردووەتەوە... بابزانم بۆنی نایەت، ڕەنگە درەنگانێکی شەو گەڕابێتەوە، کە دیویەتی کەسێک نییە پێشوازی لێ بکات، جارێکی تر سەری خۆی هەڵگرتبێتەوە...

ئای خوایەگیان ئەوە چی دەبینم... وەرن سەیرکەن... وەرن بەچاوی خۆتان ببینن، ئاخر من هەر وتم... دایە، براکانم، خاڵەگیان... وەرن سەیرکەن، ببینن، ئەوەتا... ئەوە باڵندەکەیە... خۆیەتی خۆی، من دەمزانی دێتەوە، دەمزانی ئەو بابمی خۆشدەویست، دەمزانی ئەو هیچ تاوانبار نییە، من دڵنیابووم مردنی بابم پەیوەندی بەو بەستەزمانەوە نەبوو... بەڵکو هەموو شتەکان ڕێکەوت بوو، بەڵێ دەمزانی ڕووداوێکی نائاسایی بوو، نەوەک ئەو تۆڕهاتانەی دایکم و خاڵم کەنارییەکە و بابمیان پێ تاوانبار دەکرد... من بەرلەوەی بانگی ئەوان کەم ئەوەشم دەزانی لەوەش تێناگەن کە دیاربوو، دەمزانی ئەمان چەندە وەڕسکەرن وەختێک دەتەوێت ڕاستییەکیان بۆ ڕوونکەیتەوە... بەڵام دەبوو بانگیانکەم،

دەبوو بە چاوی خۆیان بیاندیبا، هەرچەندە تازە نەدەبووە هۆی کەمکردنەوەی ئازاری مەرگی بابم بۆ ئەوان، بەڵام بۆ من لە یەک کاتدا مایەی دڵتەنگی و مایەی ئاسودەیی بوو، چونکە لەو کاتەوە دڵنیابووم لەوەی هەرکات ئەو دەنگەی ناخم شتەکانم بۆ روونەدەکاتەوە، ئیدی بەسە بۆئەوەی بڕوای پێ بکەم... ئەو دەنگە دەڵێم کە خۆت زۆرکات پێت دەوت (دەنگە ئاسمانییەکە)، زۆر کات بە زمانێکی تەنزئامێز دەتوت "ئێستا دەنگە ئاسمانییەکەت چی دەڵێت"... من لەو رۆژەوە دڵنیابووم ئەو دەنگە راستگۆترین دەنگێکە لە دونیادا... دڵنیابووم کە نائومێدنابم لێی، هەرچەندە ماوەیەکی دوورودرێژیش جێم بهێڵێت، هەر دێتەوە... من کە ئەوانم بانگکرد دەمزانی شتێک لە دەرون و هەستی ئەواندا ناگۆڕێت، دەمزانی هەرئەوەش وادەکات گومان دروستکەم بەرامبەر ئەو دەنگە ناوەکییەم، بەڵام باش بوو هەر زوو تێگەیشتم کە رێگەی من جیاوازە لە دەوروبەرم، تێگەیم کە من چۆن دەڕوانم لە دونیا و ئەوان بەهەموو لێکچوونەکانیانەوە چۆن... خودایە ئاخر یانی ئینسانگەلێکی وەها هەن کە تێناگەن لەوەی پێیان نیشاندەدەم... دایە، خاڵە، براکانم، ئەوەتا... ئەوە خۆیەتی، کەنارییەکە، ئەو کەنارییەی هەموومان خۆشمان دەویست و دڵتەنگ بووین کاتێک بابم ئازادی کرد... ئەوەتا ئەوە خۆیەتی، ئەو کەنارییەیە کە واماندەزانی ئەم بووەتە مایەی مردنی بابم، ئەوەتا ئەها لەژێر دارهەنارەکەدایە... ئەوەتا ئەویش مردووە.

کەنارییەکە و بابم مردن، بەڵام من و تۆ نەمردووین، کەنارییەکە و بابم لەزمانی یەکتر زۆرباش نەدەگەیشتن، من و تۆش وەک ئەوان، من و تۆ کەمێک لێکنەگەیشتن هەیە لەنێوانمان، ئەوانیش هەروابوو، کەنارییەکە و بابم مردن و نەیانتوانی لە یەک بگەن، من و تۆ زیندووین و پێویستە لەیەکبگەین، ئەوان کەسانێک هەبوو کە وڕێنەیان بەدەمەوە دەکردن، من و تۆش کەسانێکی لەو جۆرە دەناسین، لەنێوان کەنارییەکە و بابمدا کەسێک هەبوو لە هەردووکیان باش تێدەگەیشت، لەنێوان من و تۆدا کەسێکی لەوجۆرە نییە و دەبێت خۆمان ئەو کەسەبین... ئەوان لەپاش دوورکەوتنەوە لە یەک شەڕێکی ساردیان هەبوو، من و تۆش هەروایین، بەڵام ئەوەتا من دەمەوێت نەیهێڵم... کەنارییەکە و بابم یەکیان دەناسی، خۆشەویستیان بۆیەک هەبوو، بەڵام بابم ئازادکردنی ئەوی بەباش دەزانی و کەنارییەکە بەپێچەوانەوە، من و تۆش یەک دەناسین و یەکمان خۆشدەوێت و هەردووکمان جیابوونەوەمان پێخۆش نەبوو، بەڵام فریوی کەللەڕەقی و خۆپەرستی یەکترمان خوارد، من و تۆ هەردووکمان دەمانەوێت

بگەینەوە بەیەک و تا ئەم چرکەساتەش کارێکمان بۆ نەکردووە؟ تۆ خەریکی مەی خواردنەوە و سیگارکێشان و تووڕەبوون و ئەم شتانەیت، من چاوەڕوانی کارێکم کەوادەزانم تۆ دەیکەیت، وادەزانم بەردێک دەخەیتە سەربەرد؟ بەڵام ئەوا ئەو چاوەڕوانییە دەشکێنم و هەنگاو دەنێم بە وێنەی کەنارییەکە و دەمەوێت بگەڕێمەوە قەفەزەکەی جاران، بگەڕێمەوە قەفەزی عەشق، با لە دەرەوەی ئەو قەفەزەش بم، خۆ ئەو قەفەزە تێکەڵ بە رۆحم بووە، ئەی کەنارییەکەت لەبیر نییە کە دەیویست بگەڕێتەوە قەفەزەکەی جارانی، ئاخر ئەویش قەفەزەکەی لە ناخیدا بوو، نەوەک ئەو قەفەزەی ئێمە ئاشنای بووین... دەمەوێت لەوێدا بمرم، لەوێدا بیر لەم دونیا پڕوپوچە بکەمەوە، دەمەوێت بگەڕێمەوە لای تووڕەبوونەکانت و دەستێکی هێمنانەیان بەسەردا بهێنم، بڕوابکە تووڕەبوونی تۆ چێژی خۆی هەیە، تێدەگەی چێژی خۆی هەیە... من هەموو ئەو بارە دەروونیانەی خۆمم لێکهەڵوەشاندووە و پێم ناوە بە هەموو ئەو کەللەڕەقیانەدا کە تۆ فێرت کردم، هەموو ئەو تیشکە شەیتانیانەم لە خۆمدا کوژاندووەتەوە، تا لێگەڕێن وەک دادوەرێک نێوان خۆم و تۆ کەشف بکەم، لێگەڕێن دەمار و خانەی ئەو نهێنییانە شیکەمەوە کە ئەوەندە بەچڕی ئاڵۆزکابوون بەمل یەکدا هەمووکات بیرکردنەوە لێیان ماندووی دەکردم و تەنها دەموت لێگەڕێ... ئێستا شتەکان بەجۆرێک دەرکەوتوون، یان باشترە بڵێم کاردانەوەی رووداوەکان خەریکە یەک ئەنجامیان دەبێت، یان بەئەنجام دەگات.

لەبیرت بێت کەنارییەکە یەک دووجار گەڕایەوە و بابم دڵڕەقانە و بەکۆمەڵێک هۆکار کە تەنها خۆی بە حەقیقەتی دەزانین دەریکرد و دەیوت بڕۆ ئازادبە... بڕۆ ژیان ببینە... بڕۆ ئاسمانە دوور و بێکۆتاییەکان تەماشاکە... بڕۆ لە کیشوەرەکانی تر رابمێنە... بەڵام کەنارییەکە لەگەڵ یەکەمین چرکەی ئازادبوونیدا، تێگەیشت لەپاش ئەو ژیانەی نێو قەفەز، ژیانێکی تر وجودی نییە، تێگەیشت ئەوێ هەموو شتێک بوو بۆ ئەو، نیشتمان، ئازادی، بینینی ئەو هەموو باڵندەیەی تر کە دەکڕران و دەفرۆشران، شەقامە دوورەکانی بوو، دەنگی جۆراوجۆری باڵندەکانی تر بازاڕ و شارە گەورەکانی بوو، ئێوارانیش کاتێک بابم بەخۆی و قەفەزەکەیە و بەتەنها دەیهێنایە باخچە بچووکەی ماڵەکەمان و دار هەنار و گوڵە جۆراوجۆرەکانی دەبینی ئەوێ بۆئەو وڵات و گەشتە دوورەکانی بوو، ئێواران کە بە غەمگینییەوە بیری لە ژیانی ئەودیو قەفەزەکە دەکردەوە بابم بێزار دەبوو، خۆیشی دڵتەنگ و داماو دەهات و یەکسەر لەبیری دەکرد و بەخێرایی تەماشایەکی من و براکانمی

دەکرد و دەیڕوانی بە چیمەنی باخچەکەدا و هەستی دەکرد ئەمە هەموو ژیانە بۆی، ئیدی ئەو دیوی قەفەز بە ئەو چی! ئاخر تەواوی ئەوکاتانەی لەنێو ئەو قەفەزەدا بوو، ئەو قەفەزە لەناخیدا سەوزببوو، لە ڕۆحیدا هەموو بیرۆکەکانی ئازادی تێکشکاندبوو، یان باشترە بڵێم قەفەز ببووە پارچەک لە ڕۆحی کەنارییەکە و ڕۆحی ببووە تەواوی قەفەزەکە!!

من نامەوێت بڵێم هەڵچوونەکانی من و تۆ بەم نامەیە شی دەکرێتەوە، یاخیبوون و توڕەبوونەکانی من و تۆ لەوەها نووسینێکدا دادەمرکێتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم من و تۆ ئەوەهابوون، من و تۆ ئەمە هەڵەکەمان بوو، دەبێت لە ڕووداوی کەنارییەکە و بابمەوە تێبگەین من و تۆ لە قەفەزی یەکدا نەبێت دەمرین، لە قەفەزی عەشقدا نەبێت هیچ نین... ئاخر دواجار من و تۆ وەک کەنارییەکە دیلی قەفەزێکین، دیلی قەفەزی عەشقین و بەبێ ئەو سنوورەی سەرما دەمانکوژێت! دووکەڵ و زریانەکانی ژیان لەناومان دەبات! بڕوابکە ئێستا تێدەگەم کەناری داماو بۆ لە ئازادبوونی نێو قەفەز ناڕازیبوو، ئێستا تێدەگەم ژیانی پاش باوەڕ و فیکرە بەهێزەکان هیچ نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ ئەزموونە سادەکان، ئەگینا لەم ماوەیەدا کە لە دوورەوە سەیری رابردووی خۆمانم دەکرد، ئەو هەستەم لادروست دەبوو، کە زۆر کەس هەبوون ئاواتیان بووە وەک من و تۆ بژین، وەک من و تۆ بڕواننە ژیان، بەڵام بەدبەختی نێوانمان لەو کاتانەوە دروست بوو وامانزانی من و تۆ ڕێگرین لەبەردەم فڕینی یەکتردا، لەپاش تێکشکانی ئەو هەموو ڕێگرییانەی نێوانمان، وامانزانی خۆمان ڕێگرین لەئاست یەکدا، بڕوابکە ئەو هەستانە هیچ نەبوون جگە لە تفی شەیتان کە دەیکردە ڕێگاکەمان، هیچ نەبوو جگە لەو نەهامەتییەی کە بەتەنها خۆی مابووەوە بۆ من و تۆ.

ئەی ئەو ئینسانەی لە ژووریکدایت و خەجاڵەتییەکانت دەژمێری، مەگەر لەم وشانە تێناگەی؟ ئەی پیاوێک یەکپارچە لە خۆپەرستی و شەرم، مەگەر ڕووداوی کەنارییەکە و بابمت بۆ ڕوونەکرایەوە؟ تۆ لەو کونە ڕێوییەدا و ژیان بەم دڵڕەقی خۆیەوە، قەد یەکناگرنەوە بەم چەشنە، تۆ کە دونیات بووە بە مەستبوون و وازت لە هەڵمژینی هەوای سپێدە هێناوە بەم شێوەیە ناگەیتەوە بە کەناری خۆشبەختییە وێرانەکان، تۆ بەم هەموو تارکییانەتەوە و بەم ڕووناکییانەی ئەهریمەنەوە دەتەوێت بجەنگی لەگەڵ کوێی ژیاندا؟ دەتەوێت لەکام جێگادا ئاوڕبەیتەوە و لەکام کەشتیدا بڕوانیت بە دەریادا، کە دەزانی هێشتا لە دەربەندەکە گیرت کردووە؟ هێشتا یەکەم هەنگاوت نەناوە؟ تۆ دەتەوێت بەو میوزیکە بیانیانە و بەو

پێکە تیژانەی دەستت لە بگەیتە حەقیقەتی بوونی خودا؟ یان دەترسم وابزانی تۆ ئەو فەیلەسوفەی کە خاوەن ڕێبازی بێدەنگیت؟ ئاخر ئەی بەدبەخت لەم نامەیەوە بگەڕێوە بۆ زبری ڕووداوەکان تا دەستت لە شتێک گیربێت، لەم وڕێنانەی منەوە سەیری نیگاکانی ژیان بکە، تا عەشقی بێمانایی ژیان بیت.

نیوەی شەو
بەیانی دەگاتە دەستت!

کۆتاییهات.

**تێبینی:**

ئەم چیرۆکە لە نۆیەمین فێستیڤاڵی (گوڵ عەنبەر) خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.



# مۆم



بەرزان بابەشێخ

منیش وەک ئەو دەگەڵ باراندا وێڕای بەسەرچوونی چەندەها ساڵ، لەنێوانماندا، ئەوم دەکەوتەوە بیر وەک ئەوەی خۆڵەمێشێک بین باران بمانژێنێتەوە، بە بیری بۆنی خاک و جوانی بارانەوە، پەنجەرەکەم کردەوە.

بەڵام جوانییەکانم تام ناکرد، ئاخر بێ (ژیانکردن) هیچ وجودێکی لای من نەبوو، من تەنها نمایشی ژیانم پێ دەکرا.

(ئاخ، چ بە ئاسانی شەڕی خۆشەویستی دائەگیرسێ، بەڵام بۆ کوژاندنەوەی چ سەختییەکە).

کە دەستم بردە دەرەوە تاڵە شێواوەکانی بگرم، لەپڕێکدا ماشێنەکەی ئەوم بەرامبەر پەنجەرەکە چاو پێ کەوت. ترسێک کەوتە نێو دڵمەوە (راستە لە حاست ئیشق هیچ مەنتقێک بوونی نییە)، وێڕای ئەوەی هەموو گیانم کەوتە لەرزە، ئۆخژنی ئەویشم بوو.

هەم بۆنی بارانەکەم دەکرد هەم تامی، رەنگی، بەڵام ترسی هاتنی بۆ شوێنی

کارەکەم شتێکی تر بوو، پێم وابوو (خۆشییەکانی ژیان تەنها ئەوانەن کە لە ژیان دەڕفێنرێن)، بەڵام ئێستا شتێکی تر بوو.

بۆ ئەوەی جوانی دەستکەوێ لە شتی مەحاڵدا ئەو بۆی دەگەڕێ، بەڵام من تازە لەجیاتی ئەوەی ترس لەنێو خۆمدا بکوژم، ئەو منی کوشتبوو.

پەنجەرەکەم بەکراوەیی بەجێهێشت و کەوتمە لێکدانەوەی. دەبێ چی بکەم؟ هەر دێت، چونکە لەباراندا بەلای یادی من دەچێتە کەللەی و شێت دەبێ.

یاسا بۆیە هەیە تا پێشێل بکرێ زۆرجار وای دەوت، باجی ئەم پێشێلکردنەم پێ نادرێ، دەبێ ئێرە بەجێبهێڵم، سەیرە وەک هاتووە چۆن ئاگاداری نەکردوومەتەوە، نا ئەو لەپڕێکدا پەیدا دەبێ. سەیربوو ئێمە هەردووکمان وابووین، باران یاد و حەز، سۆزەکانمان بۆ یەک دەژیاندەوە، نازانم بۆ؟

وەک ئەوەی پێشتر لەنێو بەفر و بەستەڵەکدا ژیانمان کردبێ، بۆ یەک خۆرەتاوێک بووین.

نا رەنگە ئەم تامەزرۆییە بۆ باران بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە جوانترین یادگاریمان لەو دەمانەدا جێهێشتبوو، دێتە بیرم یەکەم ساڵی خۆشەویستیمان بوو، بەبۆنەی سەری ساڵەوە، هەردووکمان دیاریمان لە یەک وەرگرتبوو، دەبوا بەپێی نامەکەی بوایە من وەک ئاینزانێک، بچمە خەڵوەتێکەوە پێش لێدانی زەنگی سەری ساڵ، هەندێ ڕێ و شوێنم کردبا.

چراکانی ژوورەکەم بکوژێنمەوە، دوواتر مۆمەکە هەڵبکەم لەژێر ئەو رووناکییەدا، نامەکە بخوێنمەوە و موستیلەکەی کە نقێمێکی سووری تێدابوو، لە دواجاردا لە پەنجە بکەم. من لە سەرنجدانی ئەودا بە خەیاڵ وەک ئەوەی چاو لە نێردراوێک بکەم، ئەمەشم سەرباری ڕێوشوێنەکە کرد.

کاتێ ئەو شەوە ڕێک بە چەند چرکەیەک لە تێپەڕاندنی ئەو ساڵە کە زەنگی بۆم کرد، زیاد لە چەندجارێک من نامەکەم خوێندبۆوە.

پێم سەیر بوو لە خوێندنەوەیدا لەحزەکانی ژیان لەژێر پەنجەمدا وەترپەترپ دەکەوت و وامدەزانی گەورەی ئەم هەسارەیەم.

دونیا بێ دڵ بوو، لای من ئێستا دڵی تێگەڕا، کۆمەڵگا بێ ویژدان و ساردوسڕ بوو، ئێستا ویژدان و ڕوسووریان تێگەڕا، ئەرێ ئەم خۆرەتاوە بۆ ئەوەند جوانە تەواوی خەڵکی خودا و خۆرەتاویان بوو، بۆ من ئیتر لەمەولا ئەو و دواتر تەواوی ئینسانەکانی.

من هەموو، دەمێک لە ژیان دەگەڕام، ئێستا لە هەموو کاتێکدا ئەمن لەنێو دەمار و پێستی ژیاندام، چەند بە تام و شکۆ بوو.

ئەرێ بەڵێ سەرەتا خۆشەویستییە.
گەرچی کۆتایی ڕێیەکە پەنهانە
من ئیدی بیر لە کۆتایی ناکەمەوە
مادامەکێ خۆشەویستی هێندە جوانە

دوادێڕی نامەکەی ئەو شەوەی بەم شیعرەی فروغ کۆتایی پێ هێنابوو:
خرمەژنی بارانە کە وەئاگای هێنامەوە.

گەڕامەوە پەنجەرە والآکەم پێوەدا، لە فکری ئەوەدا بووم، چۆن ئەم ئاشووبە وەکوژێنمەوە، دەمزانی ئەو لە مەحاڵ دەگەڕا زۆرجار دەیوتەوە وێڕای ئەوەی شتە جوانەکان لە مەحاڵدا دەدرەوشێنەوە دەشیوت (خۆشترین لەزەت ئەوانەن کە لە ژیان دەدزرێن)، دەسم دایە جانتاکەم و بە بیانوویەکەوە رووخسەتم لەسەر کارەکەم وەرگرت و فەرمانگەکەم بەجێهێشت.

دەمزانی ئەمڕۆ ئێرە بەجێنەهێڵم تووشی شێوانێکم دەکات ئاخر خۆی، وتەنەی من بووبووم بە چاکەتێکی گەرمی کەسێکی تر بۆ ئەویش ساردی، دەمزانی بە باران تووشی بەڵای یادی من دەبێ، بەتایبەت بەڵێنم پێی دابوو، رۆژێک وەک ڕێبوارێک بەڕێکەوت لێی بە دیار دەکەوم. (ڕاستە ڕێکەوت ئەو شتانەیە وەک دەڵێن خودا کارەکانی پێ واژۆ دەکا)، بەڵام لەم واژۆکردنە من ئەمڕۆ دەترسام، هەر من پێم وابوو (هاوسەرگیری سەرکەوتوو هەندێ خیانەتی پێویستە بۆ ئەوەی رزگاری بکا).

بەداخەوە ئەمەش بەر پیاوان کەوتووە. لەو دەمەدا کە لە قاڵدرمەکان دەهاتمە خوارەوە، زەنگی بۆ کردم ڕێ و ڕاست درۆیەکم بۆ هات، بەڵام بێ ئیرادە نیوەی دروست بوو.

(ئەرێ مێردەکەم لە ماڵ چاوەڕێم دەکات، بڕیارە پێکەوە بۆ سەنگاو بڕۆین، من وا دەگەڕێمەوە ماڵەوە) بۆنی هەناسەکانیم دەکرد کاتێ ئیستی بە قسەکانم کرد:

ئەی نازانی باران هەڵیگرتووم، بۆنت دێ، هاتووم تەنها بتبینم تا کەی چاوەڕوان بم، خۆ من کۆیلە نیم. وەک (هەمیشە) بەسەر دێڕی شیعرەکەی شاملوو دەستی پێ دەکرد، ئەمجارە پێم سەیر بوو لە کۆتاییدا.

بێ ئیرادە وەک مۆمی ئەو شەوە بکوژێنمەوە بەدوای وەڵامدانەوەی قسەکانیدا نەڕۆیشتم، بەڵام دەمزانی چ ئاگرێک لەناخیدا سووتانێک وەک دۆزەخەکەی خودا

لە هەردووکیاندا من تەماننام دەکرد مەرگیشیان هەبوایە.

من ئێستا خۆم دۆڕاندووە، نازانم چی بکەم تا ئینسانییەتیم بکڕمەوە، تەنها بۆ لەحزەیەکش بێ. (ئاخ غروور چەند بێ رەحمی کە تەنیایی دەستکردتە و چەند وێرانکەری).

چوومە ئەوبەری شەقامەکە و لە پارکی سەیارەکاندا لە ماشێنەکەی ئەو نزیککەوتمەوە، ئاهێکم هەڵکێشا و دەستێکی میهرەبانیم، بەسەریا هێنا.

تەڕابییەکە هات بەدەستمەوە لەنێو لەپم دیقەتم دا لە شیلەی مۆمی ئەو سەری ساڵە دەچوو، بە چاکەتەکەم سڕییەوە، تەلەفۆنەکەم داخست، بەڵام بریا وام نەکردبا، وەڵامی شێتیسەکانیم دابایەوە.

لە مێشکی خۆمدا بە ئارەقە و خوناویدا چووم، دەمویست زەنگی بۆ بکەم، بەڵام نا، دەرگای ماشێنەکەی خۆم بە نابەدڵییەوە کردەوە و لە چاوەڕوانیدا بووم. هەرچۆنێک بێ بڕیارم دا، کە زەنگی کردەوە وەڵامی دەدەمەوە، بەڵام من زەنگم پێویست نەبوو، پرسیار و وەڵامەکانی (هەمیشە) لە گوێمدا دەزرینگایەوە:

تۆ لەکۆیی
لە پانایی ئەم دونیایە تۆ لەکۆیی؟
– من لە دوورەدەستترین شوێنی ئەم دونیایە راوەستاوم
لای بەژنی تۆ
تۆ لەکۆیی
لە بەرینایی ناپاکی ئەم دونیایە تۆ لەکۆیی
– من لە ناپاکترین شوێنی ئەم دونیایە راوەستاوم
لەسەر ئەو سەوزەڵانەی کە شەپۆلەکانی
دەچریکێنێ بۆ بەژنی تۆ

ئەم شیعرەم بەس بوو، چونکە لەمێژ بوو بڕیارم دابوو، تفەنگ بە رابوردووی خۆمەوە بنێم، بە شت کڕین و نمایشی ژیان و هاتوچۆی خزمانەوە ئەوم بە قەولی خۆم کوێر کردبۆوە (ئاخ ئەویتر چەند دۆزەخی).

نازانم چەندێ لە نزیکم بی تۆ هێشتا دووری، بەڵام دەبێ رابکەم (ئەو وەک مێشەنگوین پڕ هەنگوین بوو، بەڵام هەردووکیان بریا بێ چزوو بان).

نەمزانی چۆن گەیشتمە ماڵەوە، سەیارەکەم کوژاندەوە، ئەوەندەم پێکرا فرمێسکەکانم بەپەلە بسڕمەوە و خۆم هەڵدەمە نێو زیندانەکەمەوە چوارچێوەی

خێزان که هەم کۆیلەتییە و هەم ڕۆتینێکی بێ مانا، کە گەیشمە نێو حەوشە، زانیم کەس لە ماڵ نییە بێ پەروا ژمارەکانیم لێ دا و دواندم (تێگەیشتم ئەو خەریکە بڕوا بۆ شوێنی کارەکەم، بەڵام دڵنیام کردەوە خاترجەم بێ، من وا لەڕێگای سەنگاوم بڕێک تاوانبار و سەرزەنشتی کردم لەدوا قسەکانیدا کە هەمیشە زامێکی بەلەزەتی بۆ فکرکردنەوە جێدەهێشت، وتی (من دەمەوێ بتبینم، ئامانەتییەکم لای ئێوەیە وەریدەگرمەوە، ئیدی تا هەتایە ئێوە لە مێشکی خۆم دەردەکەم، دەمزانی بەم قسەیە دەیویست رازیم بکات تا لێی وەدەرکەوم لە دواقسەکانیدا ئەمەشی زیادکرد (ئێوە ناتانەوێ (ببن)، بەڵکو بەو بوونە رازین، ئەمڕۆ سبەینێ خیزانداری ئێوەش وەک درزیوە، دەڕوخێ، من هەموو شتێکم لەدەست چووە، تەنها ئەوەندەم لەدەست ماوە کە ئاخر شەڕی خۆم رابگەیەنم)، دووا وەڵامم ئاوها دایەوە (غروور نەبایە هەڵبەت ژیانمان وای لێ نەدەهات با بە تۆزی خۆمانەوە دابنیشین).

ویڕای ئەوەش دەمزانی ئەم شەڕە بێ کۆتاییە.

کە گەیشتمە ژوورەوە بێ پەروا ئەو رەنگەی ئەو بەدڵی بوو، لەنێو دۆڵابەکە دەستم بۆی برد، بەدەم خۆگۆڕینەوە، لە کووژاندنەوەی ژمارەکەی ئەودا بووم، سوراوەکانیشم دەستبەجێ سڕییەوە، چونکە ئەو دەیوت ئینسان بە خاک و خۆڵی خۆیەوە جوانە. ئاهێکم هەڵکێشا (بریا لێرەبای) دەمزانی ئەم ئازارە ئێستا لەزەتی لێ دەبینێ، من ئەم شێتییەم کرد، بەڵام دەزانم، هەر شێتییەو دەیکا عەقڵ دەینووسێ، بریا حەڵاڵی بام بەم ڕووتییەوە حەرامەکانی وازی کردبا، نا جوانترین ئافرەت ئەوەیە بەڵێن دەدا و نایەتە جێژووان)، خۆم پۆشتە کردەوە و زیاتر بەوە دڵی خۆم دایەوە (ئەم جۆرە ئازارانە بۆ ئەدیب لە جێی خۆیەتی وەک منی دەست نەکەوت دەمنووسێتەوە).

لە دوا قسەکانید خوێنی دڵم وەقوڵپەی دەدا و زیاتر لە هەژانێکی ناو بوومەلەرزەیەکدابم، کە وێرانییەکانی خۆشی پێ دەبەخشیم (ئامانەتییەکم لەلاتە)، هەر بەڕاستی دەبێ چی بێ کەوتمە بەردەم پەنجەرەی ئاشپەزەکە، بێ ئاگا لەنێو کەوچک و پیاڵەدا نەمدەزانی دەستەکانم لە دۆزینەوەی چیدایە.

لە وەڵامی پەنهانی ئەم قسەیە دەگەڕام، دەبێ بە دوێنێ و ئەمڕۆ و ئایندەدا بڕۆمەوە، خوماراوی لەبەر پەنجەرەکەدا وەک داماوێک مام. لەپڕێکدا سەرنجم کەوتە سەر مۆمێکی سەر پەنجەرەکە لە چەرخێک دەگەڕام (بریا شەوبایە)، وەک سەرخۆشێک بەلادا کەوتم، شەویش بایە نە نامە و نە موستیلە، ئەم مۆمە ساردوسڕە چی لێ بکەم، دامنایەوە وەک ئەوەی ئازاری خۆم بدەم بێ پەروا

چوومە بەر بارانەکە (مادام لە لووتکەدا نیم با لە قوڵایی دۆڵەکەدا بمێنەوە)، لەشم چۆڕ چۆڕی ئاو بوو، روانیم لە دار بییەکەی نێو حەوشەمان، خۆشحاڵ بووم من لەو تەڕتربووم، هاتم بچمە ژوورەوە، قسەکەی (بەختیار عەلی)م رێک بە شایستەی خۆم زانی (هەر کاتێ مێرد و خودا ستایشی ژنیان کرد، ئا لەو کاتەدا تف لە خۆت بکە).

بارانەکە هەزار تفی لێم کردبوو نەبادا مێردەکەم بێتەوە وەک بزانێ شێت بووبێتم، چوومە ژوورەوە، جارێکی تر دەستم دایە مۆمەکە و نامە نێو هەردوو مەمکەکانمەوە، کە چاوم بەسەریدا باران، تەسلیم بە نیانی یادگارییەکانی و فرمێسکەکانی خۆم، بووم، لە سەرمایدا بەئاگاهاتمەوە، روانیمە بەر پێکانم، وەک شیلەی مۆم ئاو لە بەرم دەڕۆیشت، دەستم بۆ مەمکەکانم برد، سەیر بوو پەنجەی باران وشکی کردبوو، نا زانیم من خۆم بوومەتە مۆم.

دەسووتێم و دەتوێمەوە.

کەرکووک

٢٠١٢/١١/١٢



# بیرچوونەوە



عەلی ئەحمەد

لەم ساڵانەی دواییدا، باوکم ئیتر وەک جاران سەفەری نەدەکرد، شوێنە دوورەکەی بۆ شارۆچکەیەکی نزیک لە خۆمان بوو... زۆربەی کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەر دەبرد. کەمتریش لە جاران قسەی دەکرد، زۆر گوێی دەگرت. بەپێچەوانەی رابردوو، کە حەزی لە دەمەتەقەو قسەی نەستەق بوو. کەسێکی حازر بەدەم بوو، ئەو خوێندەوارییەکی باشی نەبوو، بەڵام خاوەنی زانیاری گشتی بوو، زۆریش تامەزرۆی بابەتگەلی ((رۆحی)) بوو...

بەیانییەکی مانگی کانوونی دووەم، رۆمانە جوانـــەکەی (نیکۆس کازانتزاکیس)م بەدەستەوە بوو، (زۆربا) زۆربای یۆنان، چەند لاپەڕەیەکم مابوو تەواوی بکەم. لەنێوان من و باوکمدا زۆبایەکی کۆنی داڕزاو پرتەپرتی بوو، لە دەرەوە نمەبارانێک دەستی پێکردبوو...

ئەو کتێبە چییە دەیخوێنیتەوە، باوکم پرسی؟

- باوکە گیان ڕۆمانە، یەعنی (حەکایەت).

کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی: باسی چی دەکات؟

پارچە کاغەزە بچووکەکە، کە بۆئەوەی لەکاتی دانانی کتێبەکە لاپەڕەکانیم لێتێک نەچێ، خستە ئەو شوێنەی کە پێی گەشتبووم.

- باسی ژیان و مردن و شۆڕش و شتی ترە...

- ئەتوانی شتێکم بۆ بخوێنیتەوە؟

لاپەڕەکانیم ئەمدیوئەودیو کرد، پەڕەگرافێکم بەرچاوکەوت، کە پێشتر زۆر کاریگەری لەسەر خۆم دانابوو. دەستم بە خوێندنەوەی کرد: "بەیانییەکیان دەچوومە سەر کار، لەسەر ڕێگاکە کرمێکی بچووکم بینی لەنێو قۆزاخەکەیدا، خستمە سەردەستم، پێمخۆشبوو حاڵەتی هاتنەدەرەوەی کرمەکە لە قۆزاخەکە ببینم. پاش کەمێک خۆکێشکردنی کرمەکە، بەڵام چونکە خۆر تینی نەبوو بۆ ئەوەی قۆزاخەکە گەرم دابێت، نەیدەتوانی بێتە دەرەوە، منیش چونکە پەلەم بوو بە هەڵمی دەمم قۆزاخەکەم گەرم کرد، کرمەکەش هەر خەریکی خۆکێشکردن بوو، پاش ماوەیەک توانی قۆزاخەکە بەجێ بهێڵێ، کەچی بەداخەوە دوای چەند ساتێک لەناو لەپی دەستمدا مرد، دوای نزیکەی (٣٠) ساڵ هێشتا مردنی کرمەکە ئازارم دەدات، بۆم دەرکەوت زوڵمێکی گەورەم لە سروشت کردووە، بەوەی نەمهێشت سیستەمە ڕێک و ناوازەکەی سروشت کاری خۆی ئەنجام بدات...".

سەرم هەڵبڕی چاوەکانی باوکم سوور هەڵگەڕا بوون، فرمێسک ڕێچکەی بەستبوو بەسەر گۆناکانیدا...

باوکم لەو کەسانە بوو، چەندە بەقوڵی بیری لە مردن دەکردەوە، هێندەش لێی دەترسا ئەو کاتانەش ئیتر لە ژیان بێزار دەبوو، هەر بە نابەدڵییەوە تەمەننای مردنی دەکرد. جارێک باسی مردنمان دەکرد، شیعرێکی (مەولانای ڕۆمی) وت، کە مەلایەک ساڵانی حەفتاکان لە حوجرە لەبەری کردبوو، بۆی کردبوو بە کوردی، شیعرەکە بەم جۆرە بوو: "ئەی ڕۆح هیواداربە خودا لەم قەفەسی چنراوەی خۆی دەرت بێنێ، تەمەنناکە ئەم سەدەفە بشکێ و گەوهەر دەرکەوێ. چیت دەوێ ئەی گیانی من؟ چیت دەوێ؟ هەر ئەوەی (حەق) دەتخوێنێتەوە دڵخۆشبەو پێبکەنە".

کاتێک بەسەر گردەکەدا سەرکەوتم، بەهۆی ئەوەی پلەی گەرما ((٤٠))ی تێپەڕاندبوو، قوڕگم وشک بوو، هەموو گیانم بوو بە ئارەق، هەناسەم سوار بوو، بەنێو گۆڕەکاندا هەنگاوەکانم بەوریاییەوە دەنا، بەڵام گۆڕەکان بەشێوەیەک هەڵکەندرابوون نەمتوانی لە هەندێک جێگا کێلەکان لە یەکتر جیابکەمەوە،

پێمکەوتە سەر هەندێکیان، ئەوە زۆر ئازاریدام...

ئێستا، کە ئەو لە ژیاندا نەماوە، زیاتر لەو شیعرەی (مەولانا) تێدەگەم، هەروەک هەموو شتەکانی تر، دڵنیام هەموومان زۆرێک لە ئاکار و بۆچوونەکانی باوک و دایکمان، کە بەهەڵەشمان دەزانین، دووبارەی دەکەینەوە...

باوکم، (٤) ساڵ و (٢) مانگە مردووە، لەم ماوەیەدا ئەوە سێیەم جارە سەردانی دەکەم، نزیکەی پازدە خولەک گەڕام، تا توانیم گۆڕەکەی بدۆزمەوە، کاتێکیش لە بەرامبەر پیاوێک وەستام، کە بەدرێژایی (٥٠) ساڵ شەڕێکی دەستەویەخەی لەگەڵ ژیاندا دەست پێکردبوو... وەک هەر مرۆڤێکی تر، کە سەردانی مردووەکانی دەکات گریام...، ئەوەی زیاتر درێژەی بە گریانەکەم دا، هەستکردنم بوو بەوپەڕی کەمتەرخەمی، کە نەمتوانیوە زۆر سەردانی بکەم، بەشێوەیەک بەئاسانی گۆڕەکەیم نەدۆزییەوە...

من لەو ئێوارەیەدا، وەک جاران نەمتوانی هەست بکەم کە ئەمانەی ئێرەش پێشتر مرۆڤگەلێک بوون، وەک ئێمە زیندوو بوون، دەمێکە هێندە بەزەوییەوە لکاوین ناتوانین کەمێک ئەولاتری خۆمان ببینین!! بەشێوەیەک سەرمان نەوی کردووە فریای بینینی ئاسمان ناکەوین!! تا بتوانین گەدەمان دەئاخنین، بۆیە دڵمان تەنیا بە شتە پووچ و کاتییەکان دەکرێتەوە.

ئەو ئێوارەیە زانیم چەند لە دونیای سروشت و رۆحەکان دوورکەوتووینەتەوە، لە کاتی بەجێهێشتنی باوکم ئاوڕێکم دایەوە، وێنای ئەوەم کرد بە زەردەخەنەیەک ماڵئاواییم لێ دەکات...

کۆتایی

# ئەوین



بەختیار محەمەد

... ئەو رۆژانە هێدی هێدی هەستم بە کۆتایی دەکرد، هەستم دەکرد بەرەو کۆتایی حیکایەتی خوێندن دەچم، لەگەڵ ئەم کۆتاییەشدا هەستم بە ترسێکی گەورە دەکرد، من لەوەتی خۆم دەناسم هەر وابووم ، هەمیشە لە کۆتاییەکاندا شتی سەیر لە ژیانمدا رووی دەدا، زۆرجار لە کۆتایی ئاهەنگێکدا نیگای حەزینی کیژێک زەمەنێک برینی دەخستە دڵمەوە... هەندێ جار لە کۆتایی سەفەرێکما دڵگرانییەکی زۆرم بۆ پەیدا دەبوو، تەنانەت جار بووە لە دوایین پلەی قادرمەیەک کەوتوومەتە خوارەوە، بۆیە ئەو رۆژانەش هەستێکی سەیر دایگرتبووم، هەستم دەکرد شتێک روودەدات کە بەشێک لە رابردوومی پێوە گیر دەخوات. دوایین ساڵی خوێندنم بوو دەترسام لەو کۆتاییەدا شتێک رووبدات لە توانای ئەندێشەکانی مندا نەبێت.

ئەو ئێوارەیە لەگەڵ چەند برادەرێک بەترسەوە چومە کافتریا بۆ خواردنەوەی چایەک، ئەوەی نەدەبوو رووبدات لەوێ روویدا، بۆ یەکەمین جار (ئەوین)م بینی سەیرم لێدەهات چۆن هێشتا ئەو کچە جاویدانییەم نەبینیوە، هەر لە یەکەمین نیگادا ئەو هەستەم تیا دروست بوو کە ئەمە لەو کچانەیە تەنها نیگایەکیان بەسە بۆ گیرۆدەبوونێکی ئەبەدیی، لەسەر کورسییەکی تەنیشتمان دانیشتبوو بە ویقار و سەنگینییەکی زۆرەوە بەدەم خەندەیەکی نەرم و نیگایەکی مەنگەوە

چای دەخواردەوە و جار جار بەشداری پێکەنینێکی کورتی هاوڕێکانی دەکرد، شۆخێکی سەیر بوو جوتێ چاوی گەش و پرچێکی خورمایی و دونیایەک ناسکی و میهرەبانی هەبوو، کچێک بوو دەتگوت ئاسمان کونی تێبووە و لێوەی کەوتۆتە خوارەوە، گەرچی من پیاوێک نیم سیمای هەموو کچێک سەرنجم راکێشێت و سەرسام بم بە هەموو دەموچاو و بەژنی کچێک، بەڵام دەشێ ئەوین کچێکی ئاسایی نەبێت، دەشێ لە بەهەشتەوە هاتبێت، دەشێ گەشیی ئەو چاوانە هی ئەم دنیایە نەبن.

بەڵام سەیر بوو لە یەکەمین نیگادا هەستم دەکرد پێی ئاشنام. هەرچەندە لە چاوە مەنگەکانی ورد دەبوومەوە هەستم دەکرد دەستێکی خستۆتە رۆحمەوە و دەستەکەی تری لە دڵم ئاڵاندووە، ئیدی لەو رۆژەوە چەندین جاری دی چاوم پێی کەوتەوە، دەیان جار ویستم بچمە بەرامبەری و بڵێم خاتوون هەست دەکەم بەڕۆحی تۆ ئاشنام، هەست دەکەم سەدەیەکە تۆ دەناسم و دەیانجار پێکەوە پیاسەمان کردووە، بەڵام من کوشتەی شەرمێکی ئەزەلی بووم، شەرمێک کە لەگەڵما گەورە بوو بوو، شەرمێک لەگەڵ شیری دایە نۆشم کرد بوو، هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بڕۆم لە بەرامبەریدا راوەستم و بڵێم خانم ئەو سیحری نیگایەت چییە کە من بۆ خۆی رادەکێشێت.

گەرچی نەدەبوو شەرمنی لەمندا هەبێت، نەدەبوو شەرم لە نیگای هیچ کچێک بکەم، نەدەبوو لە تیشکی نیگای هیچ خاتوونێک بترسم، ئاخر من کوڕی بەنازپەروەردەکراوی بەرسێبەری هاوین و گەرمای زستان نەبووم، کوڕێک نەبووم پڕبم لە نەشئەی خۆشی و پێکەنین و شادی بەنیگاکانمدا بچۆڕێتەوە. دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی منداڵی و لاوی و گەنجی و تێپەڕینم بەو جۆگەلەی خوێنانەدا نەدەبوو هێندە شەرمن و ترسنۆک بم... دەبوو تێکەڵاوی نیگاکان هێندە درێژە نەکێشێت و ئەو بۆشاییەی نێوانمان بە وشەیەک پڕکەمەوە، دەبوو ئێوارەیەک بچمە حزوری و بڵێم ببوورە خاتوون من تۆم تووشی دەردی نیگاگۆڕینەوە کردووە، ببوورە من پیاوێکی ئاسایی نیم کە بتوانم خەندەیەک بە نیگاکانت ببەخشم، ببوورە گەرچی وەک پیاوێکی ئازاردیدە، وەک پیاوێکی گەورەی خانەوادەیەک و پیاوێکی ئیشکەر و پیاوێکی تێکەڵ لەگەڵ کۆمەڵگاو جوانی و ناشیرینی میللەتدا نەدەبوو ئەم هەموو شەرمەم هەبێت، بەڵام ببوورە کە دەتبینم زەندەقم لە نیگاکانت دەچێت.

زۆر سەیر بوو کە من بەناو ئەو هەموو ئازارانەدا تێپەڕیبووم، نەمدەزانی بۆ لە بەرامبەر نیگای پڕ لە میهر و موحیبەتی کچێکدا ئەو هەموو ترس و شەرمەم

هەبوو بۆ کە رووبەڕووم دەهات بەو شێوەیە زەرد هەڵدەگەڕام.

ئەو شەوە هەستم کرد کە پێویستە پەیامێکی پێ بگەیەنم، بەڵام نەمدەزانی چی پێ بڵێم، نەمدەزانی نزیک ئەوین لە رۆحمەوە چ پەیامێکە بۆم، تەنها هێندەم دەزانی کە دەبێت حەقیقەتی من بڕواتە بەردەستی و رۆحی رووتی خۆمی پێ بناسێنم. ئەو شەوە تا شەوگار لەنیوە تێپەڕی تەنها بیری نیگا گەشەکانیم دەکرد، پاشان دەفتەرێکم هێنا و چەند پەڕەیەکم لێکردەوە و دەستم کرد بە نووسینی پەیامێک بۆ ئەوین.

(سڵاو... خاتوون ببوورە نازانم بۆچی بەم شێوەیە دێمە نێو بۆشاییەکانی ژیانتەوە، دەبوو ئەم وشانە رووبەڕوو بدرکێنرێن، ئەم نامەیە لە نامەی پیاوێکی وەک من ناچێت، بگرە لە وشەی لاوێک دەچێت کە یەکەم جارە لەگەڵ نیگای کچێک رووبەڕوو دەبێتەوە. ببوورە لە مەحەبەتی نیگاکانت تێدەگەم، بەڵام شەرمنییەکی ئەزەلی منی کوشتووە و ناهێڵی ساتێک حەقیقەت لە نیگای خاتوونێکی وەک تۆدا ببینم، دەمێکە دەمەوێت بێم لە بەرامبەرت راوەستم و بڵێم ئەوین خان تۆ بۆ هێندە لە رۆحمەوە نزیکیت، بۆ نیگاری وێنەکانت لە چاوما جێدەمێنێ و تەنانەت خەونی شەوانیشم پڕە لە تۆ، بەڵام ئەوە لە بوێریی منەوە دوورە، سەیرە منی پیاوی شەوانی تاریکی، منێک کە ئەو هەموو نەهامەتی و جەنگ و خوێنەم بینیوە تەنانەت لە بینینی جۆگەلەی خوێن و تەرمی پارچەپارچەکراویش نەترساوم، کەچی لە تۆ دەترسم و ناتوانم بەرامبەرت راوەستم و وشەیەک بڵێم، خانم دەشێ پێت سەیر بێت کە دەتوانم بەرامبەر سەرۆک کۆماری زلهێزترین وڵات راوەستم و گفتوگۆشی لەگەڵ بکەم.

ببوورە خانم نازانم حەوسەڵەی خوێندنەوەت هەیە یان نا؟ دەبێت خۆمت بۆ بگێڕمەوە، ناشزانم ئەمە بۆ چی دەکەم؟ دەشێ ئەسڵەن پێویستیش نەبێت، گومانی ئەوەش دەکەم هەر نەگاتە دەستی تۆ، بەڵام هەموو وشەکان بەو ئومێدەوە دەنووسم تۆ بیانخوێنییەوە.

هێندە دەزانم گەرمی نیگاکانی تۆش ئاسایی نین، هەرگیز هیچ شۆخێک وەک حەزینی نیگاکانی تۆ لێیان نەڕوانیوم، بەڵام نازانم بۆ زاتی ئەوە ناکەم بڵێم سڵاو خاتوون، بڵێم سوپاس بۆ میهرەبانی نیگاکانت، دەترسم بەشی ئەوە ژیاندۆستی لە چاومدا نەمابێت تا سڵاوێکی لە تۆ پێ بکەم.

خانم دەشێ تۆ نەتزانی بێت بەناو مەملەکەتێکی تاریکدا گەیشتوومەتە بەردەمی تۆ، دەزانی ئێستەش لەبیرمە و هەرگیز وەک دیمەنێکی رۆحکوژ لەبەر چاوم ون نابێت، هەمیشە دەنگەکەی لەگوێما دەزرنگێتەوە، ئەو دەنگەی کە

بووە هۆی کوشتنی دوو برام ئەو دیمەنەم لەبیر ناچێت کە دوای تەقینەوەیەک هەمووان بەرەو شوێنی تەقینەوەکە هەنگاویان دەنا و منیش وەک هەموو گەنجانی ئەوێ بەرەو شوێنی تەقینەوەکە رام کرد، بەڵام لەوێ رووبەڕووی دیمەنێکی ترسناک بوومەوە، دیمەنی مەرگ و خەڵتانی خوێنی کۆمەڵێک منداڵ و لەناویاندا تەرمی دوو براکەمی تیابوو، من ئەوانم لەناو خوێنی خۆیاندا ناسییەوە، ئیدی ئەوە یەکەمین دیمەنی تەرم و خوێن و پارچەپارچەبونی مرۆڤ بوو کە بینیم، تەرمی ئازیزانی من، تۆ نازانی ئەوە چەندە دڵی منی شکاند و چەندە منی غەمگین کرد، غەمگینییەکی ئەبەدی، کە هەمیشە لە تەنهایی و تاریکیەکاندا پڕ دەبم لە فرمێسک و فیراق و نائومێدی، گەرچی ئازاری مەرگی براکانم خەریک بوو دەیانکوشتم، بەڵام ئەو هەموو خوێن و پارچەی جەستانە نەیانترساندم و بە دەستی خۆم تەرمەکانم کۆ دەکردەوە، ئەو هەموو خوێنە هێندەی خۆ ئامادەکردن بۆ سڵاوکردنێک لە تۆ نەیانترساندم.

دەزانم خاتوون تۆ کچێکی پڕ لە بەرائەت و جوانی و میهرەبانیت، گومان دەکەم و دەترسم میهری تۆ باجی ئەم ترسنۆکی و شەرمنییەی من بدات... دەترسم تۆش لە پاکژی دڵی خۆتەوە لە دیمەنەکان بڕوانیت، ئاخر کچان زۆرجار لە دڵی خۆیانەوە حوکم بەسەر بەرامبەریشدا دەدەن و ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لە بەرامبەریشی داوا دەکەن.

ئەوەی منی کوشتووە ئەوەیە، تۆ بێئاگای لە وێرانی رۆحی من ئاگات لە پەرتەوازەیی دونیای من نییە نازانی چەندە وێرانم. دەشێ رۆحی من بەکەڵکی ئەو نیگا حەزینانەی تۆ نەیەت و دونیای من خەندەیەک بە دونیای تۆ نەبەخشێ، رەنگە تۆ ئاگات لە دونیا پڕ لە تاریکییەکانی من نەبێت، دەشێ نەزانی بە چەند هەورازدا هەڵزناوم و چەندە کوێرەوەریم چەشتووە، تۆ ئاگات لەوە نییە لە کورتترین تەمەندا زەمەنی قاتوقڕی نیشتمان هاتەکایەوە و من ئەرکی پەروەردە و بەرپرسیارێتی خێزانێکی گەورەم کەوتە ئەستۆ، خاتوون تۆ نازانی کوڕی ناو رەشماڵی تاریکی و خەمە گەورەکان بەکەڵکی ئەو نیگا حەزینەی تۆ نایەت.

دەشێ تۆ هەست نەکەی ئەم وشکی و بێ هەستییەی من سەرچاوەکەی لەکوێوە هاتووە و دەشێ نەزانی ئەو زەمەنەی کە پێویست بووە خۆم بەنیگای پڕ لە هەستی کیژێکەوە سەرقاڵ بکەم، ئامانجی لەوە گەورەتر و جوانترم هەبووە لە ژیان، ویستوومە چرایەک بم چوار دەورەکەم رووناکیم لێ بەرن، نەک تەنها بەردەمی خۆم رووناک بکەمەوە، دەشێ سووتانی خۆم قبوڵ کردبێت بۆ رووناککردنەوەی بەر پێی ئەوان و لەو پێناوەشدا دەیان کاری سەخت و

ئامانجدارم کردووە لە پێناوی ئازیزانم و هەموو ئەوانە گەنجی رۆحی منیان کوشت، ئاخر من زەمەنی ئەوەی کە دەبوو وەک لاوێک مەستی ئەوینێک بم ناچار بووم شەو و رۆژ سەرقاڵی کار بم و دەستم بە پەروەردەی خێزانێکی گەورەوە بێت.

خاتوون گەرچی هەستم دەکرد دەستێکت لە رۆحمایە، بەڵام ئاشکرابوو کە نامۆی بە برینەکانم و خەندەکانت ئەوەیان دەسەلماند کە چەندە بێئاگای لە نائومێدییەکانم.

تەنانەت هەست ناکەی کە منداڵیشم وەک منداڵێکی ئاسایی تێنەپەڕیوە و منداڵییەکی تەندروست نەژیاوم، هەرگیز ئەو کارانەم نەکردووە کە پێویست بووە هەموو منداڵێک لە دونیادا بیانکات لاوێتی و گەنجێتیشم هەر بەو دەردە چووە و لە کەمترین تەمەندا پێویست بووە خۆم بەو کارانەوە سەرقاڵ کەم کە پیاوە گەورەکان کردوویانە، تۆ هەست ناکەیت و رەنگە نەزانی لە بچووکیدا پێویست بووە وەک کوڕێکی بەناز نەژیم. پێویست بووە خۆم لە سەرما و گەرما لانەدەم و گشت هەوراز و نشێوییەکان بەپێی خۆم ببڕم و سەدان شەو لە تاریکی و نوتەکییدا بمێنمەوە. دەیان رۆژم بەشەو گەیاندووە و دەیان شەو لەگەڵ سەفەری ئەستێرەکان بە رۆژ گەیشتوومەتەوە. تۆ رەنگە هەست نەکەی دەروونی من چەندە بە تاریکی ئاشنایە و کوری دونیای تاریکی ئەستەمە لە رووناکیدا لە دڵەوە پێبکەنێت، دەشێ خاتوون تۆ ئەوەش نەزانی کە لەگەنجیدا هەموو هاوسۆز و هاوکار و پشتیوانێکی من مامێکم بوو، وەک ئەوەی سروشت کاری لەوەش سەختتری پێم هەبێت ئەو مامەشم بە رووداوێکی نەویستراو تیاچوو و ئەرکی سەرپەرشتی خێزانەکەی ئەویش کەوتە ئەستۆی من.

خاتوونی گوڵ دەشێ هەموو ئەمانە وایان کردبێت کە ئێستا نامۆ بم بە نیگای پڕ میهر و موحیبەتی کچێک نامۆ بم بە جوانییەکانی ژیان، نامۆ بم بە خەندەی گوڵێک، دەشێت بەشێک لە نامۆیی من سەرچاوەکەی لەمانەوە بێت، بەڵام تۆ بێئاگا لە وێرانەیی رۆحی من وەک فریشتەیەکی دابەزیوی ئاسمان بە نیگاکانت منت دەگێڕایەوە بۆ حەقیقەتی ژیان، بۆ چەقی جوانییەکان، بۆ ئەو زەمەنەی کە دەبوو مەعشوقەیەک لە نیگاکانیا مەستم بکات، تۆ منت گەڕاندەوە بۆ زەمەنی حیکایەتەکەی کەژاڵ، ئەو کچەی کە لە مێردمنداڵیدا و بەرلەوەی بکەومە ناو نەهامەتییەکانی ژیانەوە، زەمەنێک بەنهێنی یەکمان خۆش دەویست و دونیام دەخستە لایەک و کەژاڵم دەخستە لایەکەی دیکە، بەبێ ئەوەی تەنها وشەیەک یان سڵاوێک لە لێوی یەکێکمان داباری بێت و تەنها لە چاوی یەکەوە ئەو

عیشقەمان دەبینی، خاتوون تۆ منت گەڕانەوە بۆ ئەو بەشەی حیکایەتەکەم و ئاشنات کردمەوە بەو ئەوینە نیوەچڵەی کە هەر لە دروستبوونیدا هەڵوەری و عیشقێ بوو وەک رەشەبا هات و بەلامدا تێپەڕی و بێ ئاوڕدانەوە رۆشت و دونیایەک ئازاری لەدوای خۆی بۆ بەجێهێشتم، عیشقیک لە نیگاکاندا کۆتایی هات و دواجار بە رووداوێک گیانی سپارد و بەشداریم لە ناشتنەکەیدا کرد. هەست دەکەم سەرنجەکانی تۆ نیگاکانی ئەوم وەبیر دێنێتەوە.

رەنگە تۆ هەست نەکەی ئەو ئێوارەیە چەندە بە ئازارەوە پێم نا بە دڵی خۆمدا و هاتم تا هەموو ئەم وشانەت پێ بڵێم کە لێرەدا بۆم نووسیویت، کەچی زۆر بەئەستەم سڵاوێکم پێ کرا و لە بەرامبەرتا دەتگوت لەبەردەم پەتی سێدارەدا راوەستاوم، هەرچەندە لە چاوەکانت ورد دەبوومەوە نەمدەتوانی وشەیەک بڵێم، هەستم دەکرد دەستێک زوبانی راگرتووم و ناهێڵێت وشەیەک بڵێم، وام دانابوو سەدان وشەت پێ بڵێم، کەچی تەنها ئەوەندەم پێکرا کە وتم خانم ئەگەر پێویستت بە کتێبێک هەبوو بۆ سەرچاوەی بەحس وشت من لە خزمەتدام، تۆش بە شەرمێکەوە گوتت سوپاس.

ئێستا تەنها شتێک کە دڵخۆشم دەکات و ئارامیم پێدەبەخشێت ئەو وێنەیەیە کە لەکۆتایی خوێندندا و بێئەوەی بتوانین قسەی دڵمان بۆ یەک بکەین، پێکەوە گرتمان. ئەوە بەنرخترین وێنەی تەمەنی منە، سوپاس بۆ ئەو هەموو نیگا و سەرنجە پڕ لە ئەوین و موحیبەتەت.



# وەرگێڕان

- ژاک دریداو ئەدەب — عوسمان ئەحمەد
- یانزە چامەی بورهان شاوی — جەلال زەنگابادی
- کورتەباسێک لەسەر رۆمانی "پیرەمێرد و دەریا"ی هێمێنگوای — ناسر حەقپەرست
- "ئەو پیاوەی لە پەستا چەترەکەیم بەسەردا دەکێشێت" — قادر عەلی خا
- میرنامە... شاعیر و میر — سەباح ئیسماعیل
- بەستێنی سێهەمی چۆم — یوونس رەزایی



# ژاک دریداو ئەدەب

و. لە ئینگلیزییەوە: عوسمان ئەحمەد



پێکهاتەشکێنی (deconstruction) ئەو وشەیەیە کە ئێستا لەناو تیۆری ئەدەبیدا بە (پرۆسەیەکی رەخنەیی، یان بزووتنەوەیەک ناو دەبرێت)، بەڵام ئەم وشەیە میراتێکی فەلسەفی قووڵی هەیە. وشەی پێکهاتەشکێنی (deconstruction) بەشێوەیەکی چەسپاو پەیوەستە بە ناوی ژاک دریداوە، هەرچەندە دریدا لەم کارەیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی هەردوو فەیلەسوف مارتن هایدگەر و ئەدیمۆند هۆسێرک. دریدا لە ساڵی ١٩٣٠ لە جەزائیر لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ چووە بۆ فەرەنسا، لە سۆربۆن لە ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦٤) وانەی وتووەتەوە، دواتر بووەتە پرۆفیسۆری فەلسەفە لە ساڵی ١٩٦٥دا. لەو کاتە بەشێوەیەکی فراوان پیشەی دریدا وەرگێڕ بووە، لەگەڵ پۆستە سەرەکییەکانی لە فەرەنسادا، گەشتی پرۆفیسۆری بۆ ئەمریکا کردووە و لەوێ (ئەمریکا) لە زانکۆی (Yale)، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئیرڤین و لە زانکۆی کۆرنێل وانەی وتووەتەوە، کاتێ دریدا لە بەریتانیا کاری کردووە بە نزیکی لەگەڵ جیۆفری

بێنکلینتۆن بەشداری دەکات لە ژمارەیەکی زۆر کۆنفرانس و سیمینار و ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەکان، لەوەدا کە پێی دەوترێت بڵاوکراوەی هابەش، دەگاتە لوتکە، لەوانەیە جێی سەرسوڕمان نەبێت، کە ئەم کتێبەی دریدا (١٩٩١ وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٩٣) بە یەکێک لە باشترین پێوانەکانی هزری دریدایی بەشێوەیەکی فراوان ڕەچاوکراوە. هەندێ شێوەی هزری ڕەخنەیی هاوکاتە، یان یەکتر برە لەناو پێهاتەشکێنیدا: ئەمەش لە دوو بواری تایبەتیدا، فەلسەفە و زمانەوانی سۆسێر، کە ئەمانە هەردووکیان لێکۆڵینەوەی تایبەتن لە تیۆری ئەدەبیدا. دەتوانرێت ئەمە لە ڕێگەی یەکێک لە دەستەواژە سەرەکییەکانی دریداو ڕوون بکرێتەوە –difference– کە وشەیەکی داڕێژراوە و دوو واتای ڕووکەش لەخۆ دەگرێت: difference (بۆ جیاوازی) و differ (بۆ فەرامۆشکردن، یان دواخستن) بەکاردێت. ژمارەیەک لەم خاڵانە وایان لێکراوە بە یەکەوە لەگەڵ ئەم وشە تازەیەدا داڕێژراون، دووانیان گرنگترین بوونیان هەیە، کە بریتین لە: ١- واتا لە خودی خۆیدا کە بە ئاراستەی سۆسێرییەوەیە، دیارە ئەمە وەک هەندێ شتی کتوپڕی هەنوکەیی سەیر نەکراوە، بەڵکو وەک هەندێک شت سەیرکراوە کە لە ڕێگەی ئەم کرانەوەیەوە بەرهەم هاتووە، هەرگیز- کۆتایی بە سیستمی جیاوازییەکان نایەت، دواخستەکان و فەرامۆشکردنەکان و فەرامۆشکردنەکان.
٢- ئەوەی لە بەرهەمهێنانی واتاییەوە لەوەوە گلاوە کە بینۆگتۆن پێی دەڵێت ((قۆشمەچێتی)) کە لەم وشە تازەیەوە داتاشراوە: ئەمە جیاوازییە لەنێوان دوو وشەی ئاسایی، ئەمە جیاوازییە لەنێوان وشەی ئاسایی (جیاوازی–deference) (لە زمانی فەڕەنسی)دا و وشەی تازەی (جیاوازی deference)، کە تەنها لە نووسیندا دەتوانرێت دەرببڕێت نەک لە قسەدا لەمەوە نووسین تەنها پێگەیەکی گرنگی نییە لە کاری دریدادا، بەڵکو دواجار، ڕێپیشاندەریشە بۆ پرسیارکردنی بەردەوام لە سنوورەکانی سیستمی دووانەیی بەرەنگاری نووسین- ئاخاوتن، لێرەدا بەشێوەیەکی نەریتی، قسە، یان هەنووکە، لەپێشتری پێبەخشراوە لەسەر نووسین، یان نائامادە. نامۆیی دریدا لە وشەی تازەی (جیاوازی–deference)، لەلایەن ڕەخنەگر (ڕادۆڵف گاسچە) پێی دەوترێت (خراپ بەکارهێنانی زمانەوانی، کەشفکردنی لێکۆڵینەوەی قووڵ تەنها بەهۆی گۆڕانی ڕادیکاڵانەی زمانەوانی سۆسیرییەوە نییە- وەرگرتنی وشە بە وشەی سنوردارکردنەکانی سۆسێر نییە – وەرگرتنی دۆزە فەلسەفییەکەیشییەوەیە. جیاوازی (deference) وەسفی بەرهەمهێنانی واتادار دەکات لەو ڕێگەیەوە کە جیاوازی بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە

(ڕەگەزدۆزی، یان یاریکردن بە وشەی نەویستراوە) لە سیستمە فەلسەفییە نەریتییەکانی هزەرەوە. بۆ نموونە، بیرۆکەی دواخستن چەسپاوە لەناو وشەی (جیاوازی–defference)، کە ئەمەش لەناو جێهێشتنی گرنگی کات لە ڕەخنەی گەورەی هایدگەر لە میتافیزیا سەرچاوەی گرتووە، لە کتێبـی (بوون و کات). ئەمە لەناو بەرهەمهێنانی واتا لە جێهێشتنی ناکۆتاوە گلاوە، کە ئەمە بەردەوام بوار دەدات، واتا ئەوەی دەوترێت هێمای گرافیکییە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو جیاکارییەی کە وەک کاتی واتا دادەنرێت، بەشێوەیەک کە ئەمە هەمیشە لە شوێنێکی ترە (لە داهاتوودا، کارکردنە سەر ڕابردوو، بەڵام هەرگیز بەشێوەیەکی ئاسان لەناو داهاتوو، یان ئێستادایە). ئەم گەڕانەوەیە بۆ کات چەند بەکارهێنانێکی رادیکاڵییە: ئەمە لە کاتێکدا دریدا لە ((گەڕانەوەی)) بۆ ڕەوشتە فەلسەفییەکانی پێشتر، دریدا هەوڵ نادات بۆ جێگرتنەوەی ئەم ڕەوشتانە بەهۆی بناغە، یان بنچینەی تازەوە (واتا ئەمە بەرپەرچدەرەوەی بەشێکی پێکهاتە شکێنی نییە، کە بناغەی لەسەر پرۆسەی لەسەر هۆکاری بەرگریی (Abbuan) هۆسێرڵ داناوە). ئایا چی دەربارەی ئەم ((گەڕانەوەیە)) هەیە؟ لێرەدا ئەوەی هەیە پەیوەندییەکە بۆ هایدگەر لە کەشفکردندا، وەک ئەوەی گاسچە نیشانی دەدات، دەستەواژەی ڕماندن (destruction)ی هایدگەری وەک هەژاندنێک وابوو بۆ لە دەستچوونی میراتی فەلسەفی، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ لادانی بەهۆی فەلسەفەوە پێیدا دراوە و داپۆشراوە و وەک پرسیارێکی هەڵە پرسیاری لێکراوە، یان ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی ئەو وەڵامانەی لەبیر چوونەتەوە کە ئەم وەڵامانە خۆیان یەکەم جار هزر بوون و گرنگییەکی گەورەیان هەبووە. دیارە کە دریدا بە ئاسانی دەیڵێت بۆ بەکارهێنانەکانی هۆسرێڵ، یان هەڵوێستەکانی هایدگەر، تا ڕادەیەک دریدا گەشە دەدات بە کارەکانی ئەم دووانە، ئەمەش لە دەستەواژە سەرەکییەکانی (Abbau) و (Destruction)ەوە وەردەگرێت و لەناو ئاراستە جیاوازەکاندا گەشەیان پێدەدات. هەروەک چۆن پێکهاتەشکێنی لە ڕزاندنی لەدەستچوونی میراتی فەلسەفییە، هەروەها ئەوەش جێبەجێ دەکات کە هاوشێوەی خزمەتکردنی شێوە نەریتییەکانی تیۆری ئەدەبییە.

ئەم بیرۆکەیە ڕێگەیەکی (نوێیە) لە فەلسەفە، یان ئەدەب کە لەڕێگەی پێکهاتەشکێنییەوە ڕێنیشاندەرە بۆ ڕێگای بەدحاڵیبوون. لەکاتێکدا دریدا کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەیە وەک ئەوەی ڕەچاوکردنەکانی پێکهاتەشکێنی– لە فەلسەفە و لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، سەرەڕای بوارەکانی تریش وەک زانستی

تەلارسازیی، هونەرە بینراوەکان- ئەم پرۆسەیە ڕێنیشاندەر نییە لە وازلێهێنانی کۆتایی، یان جێگرتنەوەی دەقی ئەدەبی، یان دەقەی فەلسەفی لەگەڵ هەندێ شت کە بەتەواوی جیاوازن، یان ئەوانی تر. بەرەوپێشچوونەکانی پێکهاتەشکێنی لەڕێی هەندێ دەقەوەیە، کە یان پەسەندکراون، یان پەسەندکراو نین، یەکێک لە سەرەتاترین نموونەکانی دریدا کتێبی (دەربارەی گراماتۆ لۆژیا)یە (١٩٦٧- وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٧٧)، لەم کتێبەدا لەڕێگای بەرەنگاریی قسەنووسین کاری ڕۆسۆ هەڵوەشێنراوە. کتێبی ئاخاوتن بەسەر نووسیندا لەڕێگەی ڕوانگە نێگەتیڤەوە وەک پاشکۆیەک هاتووە. دریدا بەئاسانی ڕۆسۆ سەراوبن ناکات، بەڵکو تاڕادەیەک، چەمکی پاشکۆ وەردەگرێت کە لە (ناوەوە) داگیر دەکرێت. دیارە ئەو بیرۆکەیەی دەبێتە نووسین یان ئاخاوتن بەکاردەهێنێت. خۆی لە کۆتایدا دەیڵێت: دریدا بەشێوەیەکی کرداریی پەنجە دەخاتە سەر تونێللێدانی تاووتوێکردنە بناغەییەکانی ڕۆسۆ. جێگیرکردنی ئەم لێدوانانە لە دامەزاندنی زنجیرەکانی ئاپۆریایە، لەمەوە دریدا دەتوانێت دەستبەسەرداگرتن ئەنجام بدات و دووبارە کار بکاتەوە لەم ڕێگە پۆزیتیڤەدا، کە چەمکی پاشکۆیەتییە بە گوزارشتێکی تر، ئەمە سەراوژێرکردنی چەمکی ئاشکۆیەتییە، چونکە نیشانی دەدات کە چۆن هەمیشە ئامادەیی فرمانەکان لەناو ئەم واتای هەڵوەشاندنەوەدایە، ئەمەش هەر لە دەستپێکەوە فرمانەکانی هەڵوەشێنەرانەیە. (دەربارەی گراتۆلۆژیا) تاڕادەیەک تاوتوێکردنێکی پتەوانەیە دەربارەی زانستی نووسین. ئەو (زانستە) وەک جێگرەوەیەکی خوڵقاندنی باڵا لێکدراوەتەوە بۆ شێوە نەریتییەکانی بەرهەمهێنانی تیۆری ئەدەبی، دیارترین نموونەی ئەمە بەهۆی گریگۆری ئۆلمێرەوە تێبینی دەکرێت. هەرچۆنێک بێت، بەکارهێنانە هەمەلایەنە میتۆدۆلۆژییەکانی پێکهاتەشکێنی لەناو لیستێکی دوورودرێژی وتار و کتێبەکانیدا کەشفکراون، بەشێوەیەکی وەها هەندێ وشە گەشەکردنێکی وەهایان کردووە، وەک جیاوازی (difference)، یان زیادکردن (supplement)... ئەم دەستەواژانە پێیان دەوترێت (دیاری نەکراو-Undesirables)، چونکە لەم ڕێگەیەوە ئەوان بەرەنگاریی دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی بناغەکانی هزر لەناو واتای ترادسیۆنی فەلسەفیدا. کلیلێکی تری (دیارینەکردن) لەناو کتێبی (بڵاوکردنەوە ١٩٧٢) کەشفکراوە (ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨١ کراوە بە ئینگلیزی)، کە ئەمەش واتا فارماکۆنە کە لە کتێبی (فایدرۆس)ی ئەفلاتونەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (ژەهرخواردن)، یان (چارەسەری پزیشکی دێت، فارماکۆن (دیارینەکراوە) بەشێوەیەکی ڕوون،

چونکە لێرەدا ئەمە بە واتای بەرەنگاربوونەوەی دەقی ئەفلاتون دێت، بەڵام لە بەرهەمەکەی دریدادا بەهۆی (فرەیی واتا)) لە ئاراستە فرەکاندا، بەکارهێنانی هەڵەی وشەی (تووندوتیژی)، لەمەوە دریدا بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات و هەندێ شت دەخولقێنێت، کە ئەمەش لە هەمەجۆری گومانکاریی یان زانستییە. ئەمەی وترا واتای ئەوە نییە، چونکە ئەو سیستمانەی نیشاندراون بەرهەمهێنراون لە ڕێگای فرەیی واتا بەهۆی بوارەکانی زۆر لێکردنەوە بەئاسانی ناچارکراون بۆ فرەیی واتا، وەک ئەوەی بەهۆی هەرەس پێهێنانی نیچەیە بۆ ئەفلاتونیزم، کە هێشتا میتافیزیا لەسەر ئەمە دەڕوات و بەرەوپێش دەچێت.

لەمەوە دەتوانرێت هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیای ڕۆژئاوایی وەک کەشفکردنی ئەدگاری گەمەی فرەیی واتا سەیر بکرێت، ئەم کەشفکردنە لە گەڕانەوەیدا پشت دەبەستێت بە ژمارەیەک کلیلی ئەدەبی، یان بەرهەمهێنانە هونەرییەکان لە کاری دریدا دا وەک ئانتۆنی ئارتاود لە (شانۆی دڵڕەقی و داخستنی دەرگای گفتوگۆ لە نیشاندان) و ژین ژنە (Glass ١٩٧٤ وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٨٦)، هەروەها ڕۆڵیان ڤان کۆخ (قەرەبووکردنەوەی) لەنێو هەندێ لەوانی تر. دیارە کارەکانی فرۆید ڕۆڵیان بینیوە لەناو هزری پێکهاتەشکێنیداو پشکێکی گرنگیان هەیە تیایدا (بڕوانە کتێبی: فرۆید و دیمەنی نووسین)، هەروەها کتێبی (بۆسکارت–ی دریدا ١٩٨٠ وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٨٧). لە ڕوانگەی تیۆری ئەدەبییەوە ئەمە کاریگەرییەکی سەرەکییە. ئەو نموونای (Glass) لە خۆی دەگرن، ئەمانە: وتارەکان لەناو حەققەتی وێنەکێشاندا (١٩٧٨ وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ١٩٨٧)، هاندانەکان: شێوازەکانی نیچە (چاپی ئینگلیزی و فەڕەنسی ١٩٧٨، هەروەها پۆستکردن، لە سۆکراتەوە بۆ فرۆید و ئەو لای ئەوان. هەریەک لەم دەقانە کە بەرهەمهێنانی وشەی دوو واتان، تاقیکردنەوەی لێکدانەوەی ئێستاتیکا و فەلسەفە. حەقیقەت لە وێنەکێشاندا دەستپێکردنەکەی بەهۆی وتارێکی سەرەکییە لەسەر نایابییەکانت لە ڕەخنەکەی لەسەر دادوەری کە پێی دەوترێت (کاری یارمەتیدەر)، کاری یارمەتیدەر بریتییە لە هۆکاری دەربڕین، سنووری ئێستاتیکی، بەشێوەیەکی وەها لای دریدا دەرخراوە و دەبێتە هۆی هاتنە گۆڕی دوو چەمکی بڵاوبوونەوەو دابەشکردن.

هەندێ لە هاوکارەکانی پێکهاتەشکێنی، مەودایەکی فراوانیان هەیە لە بوارە تیۆرییە ئەدەبییەکاندا. لەم بوارەدا ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەمریکای باکوور هەر یەک لەمانە دەگرێتەوە: جوناسان کۆلەر، جیۆفری هاتمان، بار بارا جۆنسۆن،

پۆل دی مان، جەی. هیلیس میللەر، هەروەها کاری سەرەتایی گایاتری سپیڤاک لە بەریتانیا، رەخنەگرە دیارەکانیش ئەمانەن: جیۆفری بینیگتۆن و نیکۆلاس رۆیاڵ.

پینیگتۆن و سیڤاک و جۆنسۆن هەموو بەرهەمەکانی دریداریان وەرگێڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی، لێرەدا چەند کتێبێک بە نموونە دێنینەوە: دەربارەی گراماتۆلۆژیا (وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی سپیڤاک، پەرتبوونەکان (جۆنسۆن)، حەقیقەت لە وێنەکێشاندا (پینیگتۆن و مکلیۆد)، دەربارەی رۆح، هایدگەر و پرسیار (پینیگتۆن و بۆولبی). هەڵوەشاندنەوەی تیۆری ئەدەبی زۆر گرنگە لە بەریتانیا هەروەها لەلایەن قوتابخانەی یال (Yale) بەشێوەیەکی فراوان وەک هێمایەکی لێکۆڵینەوە لێکۆڵینەوەی فراوانتری لەسەر کراوە، دیارە ئەمەش گرنگە لە تێبینیکردنی ئەوەی کە هەڵوەشاندنەوەی تیۆری-رەخنەیی چوارچێوەیەکی جیاوازی کارە، لەم کاتەدا ئەمە بە ئاسانی تێوەگلاوە لەناو پرۆسەی دۆزینەوەی ئاپۆریا لەناو رەوانبێژی و پێکهاتە ئەدەبییەکاندا.

گرنگترین کتێبەکانی دریدا ئەمانەن:

١- بنچینەی ئەندازەی ئەدمۆند هۆسیرک (١٩٦٢)، وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی: جۆن . p. لیڤی، Jr. لینکۆڵن (١٩٨٩).

٢- دەربارەی گراماتۆلۆژیا (١٩٦٧)، وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی گایاتاری سپیڤاک (١٩٦٧).

٣- ئاخاوتن و دیاردە و وتارەکانی تر دەربارەی تیۆری هێماکانی هۆسێڕڵ (١٩٦٧)، بۆ ئینگلیزی داڤید B ئەلیسۆن (١٩٧٣).

٤- نووسین و جیاوازی (١٩٦٧)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: ئالان باس (١٩٧٨).

٥- پەرتبوونەکان (١٩٧٢)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: باربارا جۆنسۆن (١٩٨١).

٦- پەراوێزەکانی فەلسەفە (١٩٧٢)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: ئالان باس (١٩٨٢).

٧- هەڵوێستەکان (١٩٧٢)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: ئالان باس (١٩٨٢).

٨- ئارکۆلۆژیای (١٩٧٣)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: جۆن P. لیڤی (١٩٨٧).

٩- Glas(١٩٧٤)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: جۆن P. لیڤی و ریچارد راند (١٩٨٦).

١٠- حەقیقەت لە وێنەکێشاندا (١٩٧٨)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: جیۆف

بینینگتۆن و مکلیۆد (١٩٨٧).

١١- شێوازەکانی نیچە (١٩٧٨)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: باربارا هارلاو (١٩٧٩).

١٢- پۆس کار: لە سوقراتەوە بۆ فرۆید (١٩٨٠)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: ئالان باس (١٩٨٧).

١٣- دەربارەی رۆم: هایدگەر و پرسیار (١٩٨٧)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: بینیگتۆن و راسیل باولی (١٩٨٩).

١٤- تارماییەکانی مارکس (١٩٣٣)، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: پێمی کامۆف (١٩٩٤).



**سەرچاوە:**

fifty keys

Literary theorists

By: Richard. J. lane

# یانزە
## چامەی بورهان شاوی



**پاچڤەو پێشەکی:**
**جەلال زەنگابادی**

– بورهان شاوی: هۆزانڤان، رۆمانڤان، پاچڤەوان، راگەیاندکار، شانۆڤان و سینەماڤانە. لە ساڵی (١٩٦٩)وە دەستی بە نڤیسین کردووەو لە ساڵی (١٩٧١)ەوە لە رۆژنامەو گۆڤارێن عێراقی و عەرەبیدا بەرهەمی پەخشدەبێتەوە.

– کوردی فەیلی و رۆشنهزرێکی چەپڕەوە.

– (١٩٥٥) لە شاری (کووت) لەدایکبووە.

– (١٩٧٨) پاش دەبەسراگرتن و ئەشکەنجەی هۆڤانە بۆ هەندەران هەڵاتووە...

– (١٩٧٩– ١٩٨٠) لە شاری بەیرووت لە بیافی رۆژنامەڤانیی عەرەبیدا کاریکردووە.

–(١٩٨٠– ١٩٨٦) لە شاری مۆسکۆ هونەری سینەمای خوێندووە و بڕوانامەی ماجستێری وەرگرتووە و سەرناڤی ماستەرنامەکەی (کورد لە سینەماداو سینەمای کوردی لە تورکیاو ئێران و عیراقدا) بووە.

– (٢٠٠٦) بابەتی راگەیاندنی لە ئەڵمانیا خوێندووەو تێزی دکتۆرای بە سەرناڤی (راگەیاندنی کوردی لەنێوان پرۆپاگەندەی رامیاری و پرسی نوێگەریدا) ئامادەکردووە.

- (٢٠١٠) بروانامەی دکتۆرای لە زانستە مێژووییەکاندا وەرگرتووە.

- چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا ژیاوەو لە شاری (دیسبۆرگ)دا تیپێکی شانۆیی بە ناوی (زاگرۆس) پێکهێناوە لە ئەکتەرانی کوردو تورک و عەرەب و ئەڵمان و چەندین نمایشنامەی بە ئەڵمانی و کوردی و تورکی بۆ دەرهێناون، لەوانە:

(بێژەری ئا و بێژەری نە) و (پیاوە چاکەکەی سیشوان)ی برێخت/ (ئەندرۆماک)ی جان راسین/ ئادەم و خەڵکانێکی تر)، کە لە تراژیدیای (شا لیر)ی شەکسپیرەوە ئامادەکراوە.

هەروەها لەو ساڵانەدا چەند کورتە فیلمێکی سینەمایی دەرهێناوە، لەوانە:

(کەفتن بۆ بانەوە) و (ئێڤارانێک) کە لە رۆمانی (دۆسێکەی رووداوی٦٧)ی ئیسماعیل فەهەد ئیسماعیل ئامادەکراوە.

سەربارى ئەوانەش لە تەلەڤزیۆنی ئەڵمانیادا کاریکردووە.

-(١٩٩٧-٢٠٠٢) لە رۆژنامەی (الاتحاد)ی میرستانە عەرەبییە یەکگرتووەکاندا سەرپەرشتیاری رۆشنهزریی بووە.

- (دوادوایی ٢٠٠٢ تا نیمەی ٢٠٠٣) لە (کەناڵی ئاسمانیی ئەبوزەبی)دا کاریکردووە.

-(٢٠٠٢) لە کۆلیجی زانست و زانیاری و پەیوەندییە گشتییەکان، لە زانستگەی عەجمان بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا- لقی ئەبو زەبی، مامۆستای میوان بووە.

- (٢٠٠٥ تا نیوەی ٢٠٠٩) رێڤەبەری گشتیی کەناڵی ئاسمانی (الحریە) بووە لە بەغدا.

- (ناڤینی ٢٠٠٩ تا پاییزی ٢٠١١) رێڤەبەری راپەڕاندنی دەستەی راگەیاندن و پەیوەندییەکان بووە.

- لە دوادوایی ٢٠١١-ەوە بە خۆی خێزانییەوە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە و خۆی بۆ نڤیسین تەرخانکردووەو پژگاڵی راپەڕاندنی پرۆژە هەمە جۆرەکانییەتی.

* ئەم کۆچامەیانەی پەخشکردووەتەوە:

(لۆرینەیلی تەوتەم) ١٩٨٣/ (ژیلەمۆی مەجووسی) ١٩٨٧/ (رۆناهییەکی رەش) ١٩٩٧/ (خاکی هەتاو) ١٩٩٨/ (خۆڵەمێشی هەیڤ) ١٩٩٩/ (مۆمەیلێک ئەڕای خانمە سۆمەرییەکە) ٢٠٠١/ (پێنگاڤێن گیان) ٢٠٠٢ و (کۆ هۆزانی تەواو) ٢٠١٢.

* ئەم رۆمانانەی بڵاوکردووەتەوە:

(دۆزەخی پیرۆز) ٢٠٠٨/ (تویکاریخانەی بەغدا) ٢٠١٢/ (وێڵگەی ئادەم) ٢٠١٢ و (وێڵگەی حەووا) ٢٠١٢ و (دۆزەخی پیرۆز) وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەمە کەریم عارف، ٢٠١٢.

* لە بواری رۆشنبیریی گشتییانە، ئەم پەرتووکانەی بڵاوکردووەتەوە:

(روخسارەیلی رۆشنبیریی لە میرنشینە عەرەبییەکاندا) ٢٠٠٠/ (تیورێن راگەیاندن و پەیوەستیی جەماوەری) ٢٠٠٣/ (تەلەزگەی رۆشنهزریی فاشی لە عێراقدا) ٢٠٠٨/ (وەهمی ئازادی) ٢٠١٢/ (مێژووی ژیارییەکانی رۆژهەڵاتی دێرین) ٢٠١٢ کە بەرگی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای (پرۆپاگەندەو پەیوەستیی جەماوەری بەدرێژایی مێژوو)ە.

* ئەم بەرهەمە هۆزانییانەی لە زمانی رووسییەوە وەرگێڕاوەو بڵاوکردووەتەوە:

(چامەکانی کەڤر) ئۆسێپ ماندەلشتام، ١٩٨٩/ (چامەو دەقێن پەخشانی هەڵبژاردە)ی یووسف برۆدیسکی، ١٩٩٨ و (تەرمە قودداسێک و چامەگەلێکی تر)ی ئانا ئەخماتۆڤا، ٢٠٠٢.

* کۆمەڵە پاچڤەیەکی دیکەشی بڵاوکردووەتەوە:

(زمانی هونەری شێوەکاری)ی یۆماتۆڤ/ (مەشقەیلی هەژێتیی جەستەیی ئەکتەر) لە زمانی ئەڵمانییەوە/ یەزدان و زانست)ی جایتۆن و برایەلی بۆگدانۆڤ، لە رووسییەوە، ٢٠٠٠ و (ئینسیلۆپیدیای هاماج) لە ئەڵمانییەوە ٢٠٠٣.

* چەندین دەسنووس (چ نووسین و چ پاچڤە) ئامادەی پەخشکردنن:

(شەوی پەیڤین) کۆ وتار/ (لە گۆڕەپانی فراوانی سینەمادا) کۆ وتار/ (هەڤپەیڤینێن لە رۆشنبیریی و هزردا)/ (چامەگەلێکی هەڵبژاردە)ی ڤلادیمیر ڤیسۆتسکی، پاچڤە لە رووسییەوە/ (چامەگەلێکی هەڵبژاردە)ی رۆزا ئوسلندەر، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (هەڤپەیڤینێن سینەمایی) ئەکیر کورساوا، پاچڤە لە رووسییەوە/ (ژیان لەبان مەڕیخ)ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (ئەوانەی لە ئاسمانەوە دابەزین)ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (هەسارەی ئادەم)ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە.

* (مەینەتی زەرادەشت و چامەگەلێکی تر/ ٥٧ چامەی هەڵبژێردراوە) پاچڤەو پێشەکی: جەلال زەنگابادی).

## زارۆکێن جنۆکەیل

(ئەڕای گەشمردەکانی هەڵەبجە)

**هەتاو پرتەقاڵی یەزدانە**
**کە فڕەیداوەتە ئاسۆی شێت و**
**کوردەیلی زارۆکێن جنۆکەکان**
**پێی شەیداو شێتبوونە**
**ئاخۆ جنۆکەت دیوە شێتبێ؟!**

**هەتاو شەوێکە لە زێڕ**
**هەتاو نەورۆزێکی ئاسمانییە**
**جنۆکەیل خەونیان پێوە دیوە**
**شیلانی گوندێن دەریایان بۆی درێژکردۆتەوە**
**تاجەیلێکیش لە مەڕمەڕ**
**شارەیلێک لە کەفی ئاگریان بۆی راخستووە**
**گوندەیلێ لە عەتری لۆز**
**ئەنفالکراو**
**لە کازیوەدا کوژراو...**
**چاوانێک**
**لە پێشگەی مێژوودا خامۆشکراو**
**دۆلانێک**
**ئەوەی دەریا نەیبینیوە، بینیویانە**
**تا ئەشکی لێبووردن**
**لە چاوی شەوگارەوە باری!**

ئەمە چ بەهارێکی رەشە
بە سەرزەمینی جنۆکەکانا تێپەڕی و
زیوی مەرگی پێشکەشی دایکانی کرد
ئاوی ئاگری پێشکەشی زارۆکانی کرد
زارۆکێن بلوورینی پێشکەشی ئاگری کرد
رووباری خوێنی یاقووتی
پێشکەشی گاکەڤری کرد
کۆساری خوێی پێشکەشمی کرد
نفرینی پێشکەشی خامۆشی کرد؟!

ئا ئەمەیە
پەسڵانی کۆساران
کە لەشکری مامووس و
هۆزەیلی کەرکەدەن
دڕندەکان و گورگەکانی بیابان
پوشتەکان و تایفە بەچەکان
وەل ئەبجەدییەی بەردینا هاتن
تا سەرێن زارۆکانی ئاسۆ ببڕن!!!
حیکمەت سوودی بۆ نووح نەبوو
تەمگەڵ لە مەینەتی جنۆکەکان وێڵبوو
یەقین لە گڵی کینەدا وێڵبوو
پەیڤان لە لمی پەیڤاندا وێڵبوون!

ئا ئەمەیە
پەسڵانی کانیلە پیرۆزەکان
کە لە ئاسمانەوە فسفۆرو ئاسن دەبارێ
کە سەوسەن ستایشی ژیلەمۆ دەلاوێنێتەوە...
خوناڤیش
پەڕتووکێکە کونجگیریی فریشتەکان دەگێڕێتەوە
کە ئاو نکۆڵی لە ئاو دەکا

**رەگەکانیش**
**لە تاریکیی زمرووتا دووردەکەونەوە**
**لە هەسارەی لێبووکان هەڵدێن!!**
**ئاری**
**جنۆکەکان لە کۆسارانا وێڵبوون...**

لۆدنک هاوزن- ئەڵمانیا
٥ی نیسانی ١٩٩١
**أطفال الجن**

## لۆرینی دەریا

**لە کازیوەیەکی دوورا**
**دەریا ئەستێرەی سپێدەی پیرۆزاندو**
**گراڤێک بێداربۆوە**
**بەسەر نەورەسێکا ماسی مردووی دەخواردو**
**ئازارەکانی و پەژارە گچکەکانی لە قومدا دەناشت.**
**لە کازیوەیەکی دوورا دەریا مەستانە سەمایکرد**
**میناک زنگییەکی ئاڵۆشمەند**
**بۆیە گراڤێک گریاو ئەستێرەیەک داکەوت و**
**شەپۆلێکی نیگەران نوشتایەوە.**
**لە کازیوەیەکی دوورا دەریا هاوڕێتی خەمەکانی کرد**
**بە کپوکڕی**
**دەریا لە دەریادا خنکاو ئامێتەبوون**
**دڵۆپێکی خوناڤ کەفتە سەر برژانگی چڵەکاندا**

بەغدا ١٩٧٣
مرثيّة البحر

## لۆرینی شەو

شەو لە شەودا پیردەبێ
جەنگەڵ پیردەبێ
جۆگەڵەو شەپۆلان پیردەبن
سەری درەختانیش.
شەو لە شەودا پیردەبێ
پاسارێن کازیوەش پیردەبن
زەمینیش پیردەبێ
خانووە قوڕینەکانیش پیردەبن
پێنگاڤە خەوندارەکان و سەدەکانیش...
ڤەه!
ئەم کازیوەیە بۆ لە پیریی بێئاگایە؟!

بەیرووت ١٩٧٨
مرثيّة الليل

## لۆرینی ڕێڤینگ

شارەیلێک دەچنە نێو بازنەی خۆیانەوە
دەرگەکانی کۆڤان دادەخەن و
دەنوون
منیش
دەچمە نێو بازنەی خودی خۆم.
سەرگەورەی ماڵ منم
کۆڤان خودان و کرێچییە

**ژووره فراوانەکان و**
**شتگەلی ترو نەفسی بە دەپان بەستراو و**
**هەموو شتەکان لێرەنە**
**بەڵام**
**وازکەر نییە!!**

بەغدا ١٩٧٣
**مرثيّة المسافر**

## ترس

**ئەم زمانە**
**ئەڕا پێچدەخوا؟!**
**ئەم پیتانە**
**بۆ لە دەمما دەکوژێنەوە؟!**
**ئەی گونەسەنە**
**دەربارەی زمانت شتێکمان پێ بڵێ**
**(تەندروستی یارت بێ)**

**ئەی زمانی غەمگینم**
**بە لەرزینی لێوان**
**بدرکێنە**
**بە زەردیی رسوای روخساران**
**بدرکێنە**
**لەپێناو**
**جەستەی ملداوا**
**بدرکێنە**
**بە لەرزینی جومگەکان**
**لە ترسی گوزەرانیی بڕان**
**بدرکێنە**

**لە ترسی زەمان**
**بدرکێنە**
**رۆژێکیان**
**راستی بدرکێنە**
**چەن چرکەیەک**
**راستی بدرکێنە!!**

**ئاخۆ**
**زمانم لەدەسداوە؟!**

بەغدا ١٩٧٧
خوف

## راگەیاندنێک

**کێ چاوی چۆلەکە هەڵدەکۆڵێ**
**کێ دڵەیلی زارۆکان دەخوا**
**کێ هەزارەها درەختی کێوی دەسووتێنێ**
**کێ دەرگا**
**بۆ کۆڤانە نهێنییەکان دەکاتەوە**
**کێیە ئەم بکوژە بناسێ؟!**

**کێ درەختانێک دەچێنێ**
**بەرهەمەیلیان**
**کەلاکان و کەپۆڵانی کوندارو**
**دەزگای ئاسایشی نهێنی بێ**
**کێیە ئەم بکوژە بناسێ؟!**

**کێ جیهانی سپیمان**
**بە کراسی رەش دەپۆشێ**

کێ بۆمبێکی قورمیشکراو
دەداتە برسییەک
کێ شەپۆلانی رۆخ مینرێژ دەکا
کێ
تیرۆرت دەکا
گاڤا ماڵێ، شەقامێ، کارگەیە،
کۆمپانیایەک لە کۆشت دەگرێ؟!

سا بەئاگابن
بەئاگابن، بەئاگابن
هەرکێ ئەم بکوژە دەناسێ
با کەڤرێک فرێبداتە نێو گۆمەکەوە

بەغدا ١٩٧٣
إعلان

## سترانێک بۆ ئاو... سترانێک بۆ هەژارگەل

کێ لە نوێنگەی شاژنا
ئاگر دائەگرسێنێ،
لەژێر پەنجەرەی شازادەشا
سترانۆکێکی پەشۆکاو دەسترێ...
کێ قوودداسی خیلافەی بە کۆڤانان رەنگکردو
پێواربوو
ئاگر بەرداتە جەنگەلێن مەودا
کێیە ئەوەی هات بسترێ
گوڵی خورافەی هەڵگرتووە
دەنگێک:
ئەم سترانبێژە بکوژن!
واوەیلا لەم پیرە شاژنە

**که دەخوازێ**
**گیتارەکەم بکاتە حەوزو**
**چاوەیلم بە ماسی**
**ئاە لە مەلە مشەختانە!**
**کێ**
**بە رەنگێن درەختچەکان و**
**کۆڤانێن مەلە گەڕاوەکان**
**چاوەیلیانی رەنگاندووە.**
**ئەز منەی نەخشەیەک بۆ ئاو دەکەم**
**نەخشەیەک بۆ هەژاران و**
**بۆ جەنگەڵە سووتاوەکەم دەسترێم**
**دەنگێک:**
**پەتی قەنارەیان خستە ملی هۆزانڤان و**
**چنگێ قژیان بەسەر گیتارەکەیاو**
**نامەیەک و پاشان خەفتن**
**هۆزانڤان:**
**هەتاو لەبەرچاوم**
**بووە پرتەقاڵێک، بەلام نەخەفتم**

بەغدا ١٩٧٣
**أغنية للماء... أغنية للفقراء**

## میژوویەکی کۆن

**لەسەر دەرگا**
**نەخشی هەرچییەک- پەیم پێی نەبردبوو- کرد:**
**تەوتەمی فیل**
**رۆحی پڵنگ و خۆرم لە کۆهەسارەی ئەژدیها بینی**
**بەلام**
**گاڤا کەڤری بەر ئاسانەم هەڵگرد**

**دووپشک لنشکا بۆم دەرچوو**
**(ئەڵماسێکی رەشی چاوگەش بوو)**
**یەکسەر زانیم کە تیادەچم و سەردەکەفم و**
**ئاوڕمدایەوە**
**سوپاسی پێشوازیی هۆزی مێرووچەم کردو**
**شکۆمەندیم بۆ ژیلەمۆ بەجێهێڵا**

٢٠/١٠/١٩٨٦ کۆلۆن
**تاريخ قديم**

## چامەیەکی ئەڤین

**لە خۆری چێشتەنگادا زاوی...**
**جەستەت تەژی هەتاوی گەرمبەخشە...**
**لەسەر قوما رادەکشێم**
**دەریا خرۆشا**
**لە ئاسۆدا شیراعێکی سپی و**
**لە دەشتانا مامزەیلی شاد تەراتێنی دەکەن**
**گیا گاکەڤری بڵند دەپۆشێ و لەزەت لێتەوە لێشاوە...**
**ئاسمان بەرین و گەشاوە**
**لێ بۆ بێزاری؟!**
**ئەز لە بیابانا بێداردەبمەوەو بیابان درێژدەبێتەوە...**
**رەنگە ئیمشەو کەس نەبێ بێزارییە کوشندەکەم هەڵگرێ...**
**تەنیام...**
**ئەز منەی تۆ دەکەم...**

١٩٨٣
مۆسکۆ
قصيده حب

## ژیلەمۆی مەجووسی

(بۆ ئەوەی کە ڕۆژێکیان من بووم)

**لە ڕێڕەوە کورتەکەدا**
**راوەستابووی.**
**گولیلکی خامۆشی و**
**حەپەسانی دیلکەر**
**مامزەیل بەدەورتا شاد غاردەدەن،**
**دار بەڕوو دەشەکێتەوەو**
**ئاو لە جۆگەڵەدایە!**
**لە ڕێڕەوە درێژەکەدا**
**راوەستابووی**
**گولیلکی ڕۆناهی و تاسەی دامرکاو**
**ئاە...**
**چ کۆڤانێکە...!**
**ئەم جوانە**
**بۆ تەماشامان ناکاو**
**ئەم دەربارە بە نیگای ڕەق تێدەگرێ...؟!**
**مەجووسەیل لە وڵاتی دوورەوە هاتن**
**کەچی ئەستێرەکان لەیرە دەمرن**
**لە ئاسمانی ڕێڕەوە کورتەکەو**
**ڕێڕەوە درێژەکە... درێژەکەدا**
**چکو تەپوتۆز دەربارەکەی لەوتاندووەو**
**شێ خنکێنەرە**
**کە لەوێ مامزێک نییەو**
**داربەڕوویە و ئاوێ یان جۆگەڵەیە!**

**جا هەمرە پەیڕەوی کام ئەستێرە دەکەی**
**ئەی مەجووسی جوان...؟!**
**دەچیتە نێو کام کانیاو...؟!**
**کام ئاو نها پاکژت دەکاتەوە...؟!**
**کام زانین پاش ئەم دۆزەخە هەمرە دەربازت دەکا؟!**

١٩٨٤/١١/٢٣ مۆسکۆ
رماد المجوسی

## گاڤژمێرەکان

(ئەڕای فەرەجی برام)*

**زەمانێک بەسەر لەپەیلەوە لەبەردەڕواو**
**یەکێکی تر وەل خاچەکانا**
**لە کەپکی کلێسەکانا**
**دەگری**
**سێیەمیش لەسەر دیوارانا**
**دەژاکێ**
**گاڤژمێران میناک یەکترن**
**تیکتاک... تیکتاک لێدەدەن**
**کۆچکردنی رادەگەیەنن**
**تیکتاک دەکەن**
**گوزەشتی تەمەن رادەگەیەنن**
**بنەتا رادەگەیەنن!**
**زەمانێکە ریایی دەنوێنێ**
**لە پیربوونا سپییەکی گەش دەجلۆێ**
**لە دڵا رەشی خەڵووزانە**
**لە گیانا کە دەپڵژێ**
**لە گۆڕستانانا کە سکاڵا دەکەن**


لە زەردیی گەڵاکانا
لە چڵە وشکەکاناو
لەم تاریکستانا!
زەمانێکە بێ دڵ
گڕۆژیمان دەگەڵ دەکاو
لە ڕۆخەکانا
مینا شیراعەیلی دڕاو
فڕێمان دەداو
وەک کەشتیوانان و دەریاوانان
وەلێ
سوودی کەشتی چییە؟!
بگرە
سوودی شیراع چییە؟!
ئەرێ نابینی
دەسەیلت بێ هێزن و
چاوی کزت لە ئاسۆیەکی دووردا وێڵ دەبێ؟
ئەرێ نەورەسەیل نیشتنەوە
یان هەور ڕوویایەوە؟
یان هەڵەشەیی دەریایە کە کەف دەکا
یاخود چیای مەڕمەڕە؟!

زەمانێکە
گاڤژمێرەکان لە ناڤینی شارن
لە گیرفانانن
زەمانێکە
سەوزیی گیایە لەو باغچەیە
بزەی هەتاوە
سترانی هەسارەکانە
ئاگر لە گاکەڤرانا خۆی مەڵسداوە
ڕۆناهی لە یاقووتدا لە چاوەیل دەبریسکێ
لەرزینی لاجوەردە بازرەقەی تاڤگەیە.

**گاڤژمێران یەکترئاسان بێ زمان دەمانگەفێنن**
**ئاگادارمان دەکەنەوە**
**تیکتاک دەکەن**
**ئێمەش بێگومان و دڕدۆنگین**
**مۆمێک خامۆش دەکەن**
**یەکێکی تر دادەگیرسێ**
**ئینجا قەدێک بڵند دەکەینەوەو**
**لەمیانی ئاپۆڕەدا بزردەبین!**

١٩٨٤/١٠/٨ مۆسکۆ

* فەرەج شاوی (١٩٤٨– ١٩٩٦): لە (کووت) لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٧٦دا خوێندنی لە کۆلیجی بنەمایانی ئایینی لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٧٨دا گیراوەو ئەشکەنجەدراوە، گەرچی سەربەخۆ بووە و پەیوەستی سیاسی نەبووە. لە ساڵی ١٩٨٠دا بە خێزانەوە بۆ ئێران کۆچێندراوەو لە ١٩٩٦/٩/٢٦دا لە تاران کۆچی دوایی کردووە. لە ١٩٨٩دا کۆچامەی (غەزەلی دەریا)ی پەخشکردووەتەوە.
– الساعات



# مرۆڤ لەناو دەچێت، بەڵام شکست ناهێنێت

## کورتەباسێک لەسەر رۆمانی "پیرەمێرد و دەریا"ی هێمینگوای

ن: ماریۆ بارگاس یوسا

و. لە فارسییەوە: ناسر حەقپەرست

پیرەمێرد و دەریا بەسەرهاتێکی ساکارە: لە پاش تێپەڕبوونی ٨٤ رۆژ هەوڵی بێ ئاکام، ماسیگری پیر دەتوانێت دوای دوو رۆژ و دانێک تەقەلا، ماسییەکی گەورە راو بکات. ماسییەکە لە بەلەمەکەی دەبەستێ، بەڵام رۆژی دواتر لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا کە کەمتر لە شەڕێکی تەواو نییە، لە کیسی دەچێت و ماسییەکە دەبێتە خۆراکی قەپاڵە زلەکانی دڕە ماسییەکانی دەریای کارائیب. پیاوێک لەگەڵ رەقیبێکی کینەدار تێکهەڵچووە و لە کۆتاییدا چ سەرکەوتوو یا دۆڕاو، هەست بە شکۆ و گەورەیی زیاتر دەکات و کەسێکی باشتری لێ دەردەچێت. بەڵام ئەم مۆتیڤە لە هیچکام لە رۆمان و داستانەکانیدا کە پێشتر نووسیونی لەو بەسەرهاتە کامڵتر نییە کە ساڵی ١٩٥١ لە کوبا نووسیوێتی. بەسەرهاتێک کە گەڵاڵەیەکی ساکار و پێکهاتەیەکی بێ کەموکوڕی هەیە و خاوەن وەها واتا و ناوەرۆکێکە کە لەگەڵ باشترین رۆمانەکانیدا کێبڕکێ بکات. هێمینگوای بۆ نووسینی ئەم رۆمانە براوەی خەڵاتی پۆلیتزێری ١٩٥٣ و نۆبڵی ١٩٥٤ بوو.

هونار
ژمارە ٨٥ فێبرایەری ٢٠١٣
وەرگێڕان

"پیرەمێرد و دەریا" رواڵەتێکی ساکار و خەڵەتێنەری هەیە، وەک ئەو بەسەرهاتانەی ناو ئەنجیل یان ئەفسانەکانی ئارتۆر کە دەتوانی لەوپەڕی ساکاریاندا واتاگەلێکی ئاڵوز و قوڵی ئەخلاقی یا حەقیقەتە مێژووییەکان و یان دەروونناسی دەستەبەر بکەیت. ئەو رۆمانە بە سەرنجدان بە روانگەی هێمێنگوای نەک هەر بەسەرهاتێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، شرۆڤەیەکە بۆ دۆخی مرۆڤ و تا رادەیەکیش رێگە دەربازبوونێکە بۆ نووسەرەکەی.

کتێبەکە لەپاش یەکێک لە گەورەترین شکستە ئەدەبییەکانی هێمێنگوای خۆی نووسراوە، واتە دوای کتێبی "سەرتاپا رووبار و لەناو دارستان دا" کە رۆمانێکە لێوانلێو لە کلێشەو یاریی بە زمان، پێدەچێت نووسەرێکی مامناوەند، ئەوی لە رۆمانی "خۆرەتاو هەروا دەدرەوشێتەوە" کۆپی کردبێت. نەک هەر رەخنەگرانی ئەمریکایی، بەڵکو رەخنەگرانی وڵاتانی تری جیهانیش بە توندی رەخنەیان لەو کتێبە گرت و تەنانەت هەندێک لەوان وەک "ئێدمۆند ویلسۆن" ئەویان بە خاڵی چارەهەڵنەگری هەرەسهێنانی ئەدەبی هێمێنگوای ناوزەد کرد. هەڵبەت ئەمانە هۆشدارێکی جیدی بوون، چونکە هێمێنگوای چووبووە ناو قۆناغێک لە ژیانی دەسکەوت و داهێنانەکانی کاڵتر ببوونەوە و نەخۆشی و مەیخۆری لەپێیان خستبوو و وزەیەکی کەمتری بۆ ژیان پێمابوو. "پیرەمێرد و دەریا" گەورەترین بانگەوازی نووسەرێک بوو لە نشێوی ئەدەبیدا. هێمێنگوای بە نووسینی ئەم رۆمانە باشە لەجیاتی ئەوەی بەرەبەرە ببێتە نووسەرێکی گەورە، هەروەک فاکنەر پێشبینی کردبوو، لەناکاو بوو بە نووسەرێکی گەورە و "پیرەمێرد و دەریا" بە پێچەوانەی کورتی و چڕییەکەی بوو بە باشترین کتێبی ئەو. گەلێک لەو کتێبانەی هێمێنگوای کە لە کاتی بڵاوبوونەوەیاندا وا پێدەچوو بە نەمریی بمێننەوە، بە تێپەڕبوونی کات، تازەیی و تامی خۆیان لەدەست دا و بوونە بەرهەمگەلێکی تێپەڕ: یان بەسەرهاتەکە لەگەڵ فەلسەفەی خۆیدا ناتەبایە، یان ئەوەی تەنانەت هێندێک جار ناوەرۆکێکی دەستکرد بەخۆیەوە دەگرێت، وەک: "زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێن" و تەنانەت رۆمانی گەورەی "خۆرەتاو هەروا دەدرەوشێتەوە"، بەڵام بەسەرهاتی "پیرەمێرد و دەریا" وەک هەندێکی تر لە چیرۆکەکانی هێمێنگوای بێ ئەوەی بڕوشێت لەداوی زەمان دەربازی بووە و ئێستاش کە ئێستایە سەرنجڕاکێشە و سەمبولگەرایی بەهێزی ئەو وەک ئوستورەیەکی مۆدێرن بە هەژمار دێت.

ناتوانی ئۆدیسەی سانتیاگۆی پیرەمێردی تەنیای چیرۆکەکە و شەڕی لەگەڵ ماسی زەبەلاح و دڕەماسییە بێبەزەییەکانی کەنداوی کوبا بخوێنیتەوە و وێنەی

رووبەڕووبوونەوە و چەنگاوژبوونەوەی هێمینگوات نەیەتەوە یاد، لەگەڵ ئەو دوژمنانەی کە لە ناخی خۆیدا دەژین. ئەو دوژمنانەی سەرەتا زەین و دواتریش کەوتنە جەستەی، هەر ئەوانەی لە ساڵی ١٩٦١ ئەو هێمینگوا بێتوانایەی کە زاکیرە و رۆحی لەدەست داوە، ناچار دەکەن، بەو چەکەی زۆری خۆشدەویست و گیانی گەلێ ئاژەڵی پێ دەستاند، ئەوجار بچێتە سۆراغی خۆی و خۆی پێ بکوژێت.

ئەوەی بەسەرهاتی ماسیگری کوبایی لەو ناوچە گەرمێنییە وا سەرسووڕهێنەر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر هەوڵی سانتیاگۆ لە شەڕی دوژمنێکدا کە گەرەکییە شکستی پێ بێنێت، وەها جیهانی و نەمر بێتە بەرچاو، بریتییە لەوەی ژیان نەبەردێکی بەردەوامە و بە بوێری لە خەبات و شکۆیەک کە ماسیگر لە چیرۆکەکەدا پێی دەگات، خوێنەر وا هەست دەکات بەلایەنی رۆحییەوە بەرزتربووەتەوە و هۆیەکی بۆ بوون لە جیهاندا دەستەبەر کردووە، گەرچی لەوانەیە لە نەبەردیشدا سەرنەکەوێت. ئەوە هەر ئەو هۆکارەیە کاتێک سانتیاگۆ ماندوو و هیلاک و بەدەست و پلی خوێناویی دەگەڕێتەوە ناو گوندۆچکەکەیان، ئێسقانەکانی ماسییە زەبەلاحەکە کێش دەکات، کە دڕەماسییەکان کڕاندوویانەتەوە. لێرەدایە پێمان وایە ئەو کەسە بە پێچەوانەی ئەزموونی بێ ئاکامی پێشووی، بەلایەنی رۆحییەوە دۆخێکی باشتری هەیە و بەنیسبەت پێشوو لە پێشترە و بە لایەنی جەستەیشەوە توانایە بەرتەسکەکانی مرۆڤی فانی، بەرزتر کردووەتەوە.

چیرۆکەکەی هێمینگوای خەماوییە، بەڵام رەشبینانە نییە. بەپێچەوانەوە، هێمینگوای دەیسەلمێنێت هەمیشە و لە هەر دۆخێکدا، تەنانەت لە کاتی رەنج و ئازارا هیوا هەیە: کردەوەی مرۆڤ دەتوانێت شکستی بۆ بکاتە سەرکەوتن و مانا بە ژیانی ببەخشێت. سانتیاگۆ کاتێک لە ماسیگرتن دەگەڕێتەوە، زیاتر لە رابردوو شیاوی رێزلێگرتنە و هەر ئەوەشە "مانۆلین"ی منداڵ دەکاتە گریان: رێزێک کە لەو پیرە پیاوە لێنەبڕاوەی دەگرێت، زیاترە لەو رێزەی بۆ مامۆستای ماسیگرتنی خۆی دایدەنێت. "مرۆڤ نابووت دەبێت، بەڵام هیچکات شکست ناهێنێت" ئەوە ئەو رستە ناودارەی سانتیاگۆیە لەناو زەریادا، ئەو رستەیە درووشم و رەمزی ژیانی ئێرنێست هێمینگوایە. گشت کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکانی هێمینگوای: لە گاباز، راوچی و قاچاخچییەوە بگرە تا سەرکەشەکانی تری... خاوەن گرنگترین پێناسەکانی قارەمانێتی لای هێمینگواین: بوێری.

سانتیاگۆی کتێبی "پیرەمێرد و دەریا"ش هەر لەو کەسە بوێرانەیە. پیاوێکی لەخۆبووردووە: لە کۆخێکی وێرانەدا دەژی و جێخەوەکەی بە رۆژنامە کۆنەکان چندراوە و لەناو کوخێکی کەسێکی ناسراوە. کەسێکی تەنیایە، گەلێک ساڵ

لەمەوبەر هاوسەرەکەی لەدەست داوە و تەنیا بیرەوەرییەک کە بۆی مابێتەوە: ئەو بەلوعانەیە کاتی هاتوچۆ لەسەر پاپۆرە هەڵمییەکان لە کەنارەکان ئەفریقیا، ئەو کاتەی لەوێ کاری دەکرد، بەدی دەکردن. هەروەها یاریزانانی بەیسباڵی ئەمریکایی وەک جۆ دایمگیۆ و مانۆئێل ئەو منداڵەی سەردەمانێک لەگەڵیدا دەهات بۆ ماسیگرتن و ئێستا دایک و باوکی ناچاریان کردووە بچێتە لای ماسیگرێکی تر. ماسیگرتن بۆ سانتیاگۆ هەمان ئەو واتایەی نییە کە بۆ هێمینگوای و گەلێکی تر لە کەسایەتییەکان هەیەتی، کە بریتی بێت لەوەی وەرزش، یان کات بەسەربردن یاخود بۆ بردنەوەی خەڵات و کێبڕکێ بێت، بەڵکو پێویستییەکی بژێوییە، کارێک کە بە هەوڵ و ماندوویێتی زۆر بۆ تێرکردنی سکێکی برسی بەڕێوە دەچێت. شەڕی نێوان سانتیاگۆ و نێزەماسی دەیکاتە مرۆڤێکی سەرسوورهێنەر کە بە ساکاری و لەخۆبووردوویی تەواو وەک قارەمانێک هەڵسوکەوت دەکات و بێ ئەوەی غروور بێت و بەخۆی بنازێت، تەنیا بە ساکاری ئەرکەکەی بەجێدێنێت.

هێمینگوای بۆ داڕشتنی ئەو رۆمانە کەڵکی لە ئەزموونی شەخسی وەرگرتووە: هۆگرییەکی ئێجگار زۆر بە ماسیگرتن و ئاشنایی بە گوندەکە و ماسیگرەکانی کوجیمار، کارخانە، باری پریکوو، لاترزا کە مەکۆی لەدەوری یەک کۆبوونەوە و خواردنەوەیە. کتێبەکە لەژێر کاریگەری ئاشنایەتی نووسەر بە ناوچەی کەناری و پیاوان و ژنانی دورگەی کوبادایە و "پیرەمێرد و دەریا" قەرزداریانە.

رۆمانەکە خاوەن دوو خاڵی سەرەکییە کە بەسەرهاتەکەی سانتیاگۆ دەگۆڕێت، یەکەمیان رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ماسییە زەبەلاحەکە و ئەوەی تر هێرشی دڕەماسییەکان، کە چیرۆکەکە بەرەو ئەندێشەگەلی داروینی دەبەن، بەو واتایەی مرۆڤ لەپێناو مانەوەیدا ناچارە بوونەوەرێک بکوژێت و کاتێکیش شکۆی لە مەترسیدایە، گشت ئازایەتی خۆی بۆ بەرگریکردن بەکاردێنێت. ئەو بوێرییەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی سانتیاگۆ لە شەڕ لەگەڵ ماسیدا، نەک هەر بۆ بژێویی هەوڵ بدات، بەڵکو بچێتە ناو ئەزموونێکەوە تا رادەی شکۆ و خۆڕاگریشی دەرکەوێت. ماسیگرەکە خۆشی بە لایەنی ئەخلاقی و میتافیزیکی ئەو کارەی دەیکات ئاگایە و دەڵێت: "نیشانی دەدەم کە مرۆڤ دەتوانێت چ کارێ بکات و چ شتێک تەحەمول نەکات". بەم روانگەیەوە بەسەرهاتی تەنیا ماسیگرێک نییە کە بەدوای نێچیرەکەوەیە، بەڵکو بەسەرهاتی مرۆڤایەتییە و دەکەوێتە ناو ئۆدیسەیەکەوە کە نە کەسێک چاودێریی دەکات و نە بڕیاریشە لەکۆتاییدا خەڵاتێکی پێ ببەخشن، لەو جێیەدا کە بڕوای هەر تاکێک رۆڵێکی دیاریکەری هەیە.


بۆ گەیشتن بەو تێگەیشتنە گشتییە لەگەڵ کۆمەڵێک هەست و هەڵچووندا

بەرەوڕووین: ئەو خاڵانەی بەرەبەرە ئاسۆی دیتنمان بەڕووی چیرۆکەکەدا روون و روونتر دەکەنەوە و روانگەیەکی کامڵمان پێ دەبەخشن. نووسەر بۆ گواستنەوەی ئەو تێگەیشتنە شارەزایەکی تایبەت بەکاردێنێت و لە نووسینەوەی بەسەرهاتەکەدا وەگەڕی دەخات. هەمووشتزان کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و بەرەبەرە بۆ ناو وردەکارییەکانی بەسەرهاتەکە کێشمان دەکات، وێڕای ئەوەی خۆی لەپشت یەکە بەیەکەی رستەکان حەشارداوە: چیرۆکی پیرەمێردێکمان بۆ باس دەکات کە ماسییەکی زەبەلاحی بە بەلەمەکەیەوە بەستووەتەوە و بە نیگەرانی و چاوەڕوانییەوە دەیەوێت راوی بکات. لە کۆتاییدا گێڕەرەوە بە وریاییەوە بەسەر وردەکاریی بەسەرهاتەکەدا زاڵتان دەکات و ئەوەش قەرزاربارى ئەو زمانە ساکارەیە کە وا پێدەچێت هەمان زمانی ماسیگری پیر و ساکار بێت. وردەکارییەکان لە سانتیاگۆوە بگرە تا بوونەوەرەکانی ژێر زەریاکە شی دەکاتەوە. نووسەر بە شارەزایی تەواو هەوڵ و نەبەردی سانتیاگۆ و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هێزە بێبەزەییەی پیرەمێردی دەریاوان و کۆنەکار تێک دەشکێنێت، وەسف دەکات.

وردەکارییە تەکنیکییەکانی چیرۆکەکە، رێگەمان پێدەدات تا باشتر پەی بە راستییەکانی ناو بەسەرهاتەکە بەرین و رۆبچینە ناو ئەو خاڵانە کە زیاتر سەمبول و ئوستوورەیین: هەر ئەو خاڵانەی ژیانی سانتیاگۆمان نیشان دەدەن: بەلوعەکان، یارییەکانی بەیسباڵ و کەنارە سەرسامکەرەکانی دیمێگیۆ. وێڕای ئەوەی پیرەپیاوەکە ژیانێکی سادەو ساکاری هەیە، چەند دەستکەوتێکی گەورەی هەیە. سانتیاگۆی وێران و نەخوێندەوار، نمای مرۆڤێکە لە باشترین دۆخی خۆیدا: بڕیار دەدات بەسەر خۆیدا زاڵبێت و بچێتە شەڕی خواوەندەکان و ئەفسانەکان.

ماوەیەکی کورت پاش بە چاپگەیشتنی ئەو کتێبە، فاکنەر وتی هێمینگوای "خوای دۆزیوەتەوە". وتەیەکی راستە، گەرچی ناکرێت بسەلمێنرێت. هەروەها فاکنەر وتی، تەوەری سەرەکیی چیرۆکەکە "هەستە": ئەوەش هەر ئەو خاڵە گرنگەیە کە ئەو ئاماژەی پێکردووە. لەو چیرۆکە سەرسووڕهێنەرەدا، هەستگەرایی بە نەبوونی خۆیان، خۆ دەنوێنن. سانتیاگۆ هەر وەک ئێسپارتەکان لەناو زەریا لە بەلەمەکەیدا دانیشتووە. خاڵی سەرەکی بەسەرهاتەکە کە دزەی کردووەتە ناو یەک بەیەکی واتاکانی و خۆی حەشارداوە، بریتییە لەوەی کاتێک سانتیاگۆی پیر هیلاک و ماندووە و بە کۆڵێ خەم و پەژارەوە کەوتووەتە سەرەولێژی: تیرەکی بەلەمەکەی بەدەستەوە دەگرێت و بەناو گوندی خەواڵوودا رێ دەکات. ئەوەی خوێنەر لەو ساتەدا هەستی پێ دەکات و ناتوانێت بە سانایی شی بکاتەوە،

ئەوەش هەمان ئەو رازەیە کە لە هەناوی کتێبە گەورەکاندایە. رەنگەی رازی "دلۆڤانی"، "سۆز" یا "مرۆڤایەتی" بێت، بەڵام هەرچی بێت پێوەندی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە.




**سەرچاوە:**

سیب گاز زدە

http://sibegazzade.com

# ”ئەو پیاوەی لە پەستا
# چەترەکەیم بەسەردا دەکێشێت“



**نووسەر: فێرناندۆ سورپێنتینۆ**
**و. لە فارسییەوە: قادر عەلی خا**

کابرایەک فێربووە پەیتا پەیتا چەترەکەیم بە سەردا دەکێشێ. لەو رۆژەوە ئەم خووەی کەوتووەتە سەر، ماوەی پێنج ساڵ تێدەپەڕێ. لە هەوەڵەوە توانای خۆڕاگرتنم لە بەرانبەر لێدانەکەی ئەودا نەبوو، کەچی ئێستا بە تەواوی خووم پێ گرتووە. نازانم ناوی چییە! بەڵام ئەوە دەزانم کە مرۆڤێکی گەلێک ساکار و ئاساییە. جلوبەرگێکی هەژارانەی لەبەردایە، قژە سەرێکی خۆڵەمێشی و روخسارێکی ئارام و لەسەرەخۆی هەیە.

پێنج ساڵ لەمەوبەر، لە بەرەبەیانی رۆژێکی گەرمدا چاوم پێی کەوت. لەنێو باخی نەتەوەی ((پالرمۆ دا)) لەسەر تەختی بن سێبەری دارێک دانیشتبووم رۆژنامەم دەخوێندەوە. لەناکاو هەستم کرد شتێکم بەسەردا دەکێشن. لێدانەکە کاری ئەم کابرایە بوو. هەر ئێستاش کە خەریکی نووسینم لەوپەڕی هێمنیدا ئارام، ئارام چەترەکەیم لەسەر رادەکێشێ، ئەوەڵ جار بە تووڕەییەوە سەرم

هەڵبڕی. (با ئەوەش بڵێم لە وەختی رۆژنامە خوێندنەوەدا ئەگەر کەسێک بێت و خۆیم تێ هەڵقورتێنێ دەهری دەبم)، بەڵام ئەو هێدی هێدی بە چەترەکەی بە سەرمدا دەکێشێ و درێژە بە کارەکەی دەدا. گەڕامەوە پێم وت کاکە شێت بوویت، بۆ وا دەکەیت؟ خۆی گێل کرد، وەک ئەوەی هەرنەشی بیستبێت، وا بوو بە تووڕەییەوە پێم وت شکایەتی پۆلیست لێ دەکەم... ها... کەچی ئەو لەوپەڕی هێمنیدا درێژەی بە کارەکەی خۆی دەدا، دوای چەند ساتێک زانیم لە یەخەم نابێتەوە، هەستام و مستێکم بە نێوچاوانیدا کێشا، زانیم کە مرۆڤێکی گەلێک لاوازە. سەرەڕای ئەوەی تووڕەیی هێزی دەستمی زۆر بردبووە سەرێ، مستەکەم توند لێ نەدا، بەڵام ئەو هاوارێکی لێ هەستا و لەبەر پێمدا تخێل بوو، زۆر زوو بە هەوڵدانێکی بە رواڵەت زۆرەوە هەستایەوە سەرپێ و درێژەی بە لەسەر کوتانەکەم دا، خوێن بە لووتیدا دەهاتە خوارێ، بەڵام نازانم بۆ لەو دەمەدا لە بەرچی دڵم پێی دەسووتا، بە دیتنی ئەو خوێنەی دەمولووتی گەلێک ژیوان ببوومەوە و بۆی ناڕاحەت بووم. ئاخر ئەو زۆر سووک لێی دەدام، تەنانەت ئێشیشی پێ نەگەیاندم، بەڵام ئەو جۆرە لێدانە مرۆڤ دەهری دەکات، نیشتنەوەی مێشک لەسەر تەوێڵی مرۆڤ هیچ ئازارێکی پێ ناگەیەنێت، بەڵام قەڵسی دەکات، ئەو چەترە وەک مێشێکی گەورە وابوو، کە بەنێوان چەند ساتێکی دیاریکراو دەنیشتە سەرسەرم و هەڵ دەستایەوە، چاکتر وایە بڵێم، مێشێک بە قەرای شەمشەمەکوێرەیەک لە بەرانبەر ئەم شەمشەمەکوێرەیەدا توانای خۆڕاگرتنم لەدەست دابوو، کە زانیم پیسم لێ قەوماوە، دەم لەسەر پشت تێم قووچاند و بۆی دەرچووم. (با ئەوەش بڵێم لە کاتی هەڵاتندا کەم کەس تۆزم دەشکێنێت). ڕەپێم کەوت بە دەم هەڵاتنەوە هەوڵی دا یەک دوو چەترم بەسەردا بکێشێت. هەناسەبڕکێیەکی توندی، پێکەوتبوو، وەهای دەهاسکاند، ترسم لێ نیشت، گوتم ئەگەر ئاوا هەڵێم حەتمەن دەمرێت، بەو هۆیەوە شلەم دایە بوومەوە و دەستم کردەوە بە ڕێگا رۆیشتن، چاوێکم لێ کرد، لە روخساریدا نە هەست بە پێ زانین دەکرا و نە پێت وابوو پەشیمانە، هەروا زوو زوو بە چەترەکەی لە کەڕاکەی سەرم رادەکێشێت، لەبەر خۆمەوە وتم واچاکە بچمە لای پۆلیس و بڵێم ئەو کابرایە بە چەترەکەی بەردەوام بەسەرمدا رادەکێشێ و لەیەخەم نابێتەوە، دوایی بیرم کردەوە شەڕی ئاوا هەرگیز رووی نەداوە. بێ گومانەوە چاوم لێ دەکا و پێناسەی لێم دەوێت، پرسیارم لێ دەکات و ئەمنیش دەپەشۆکێم لە دوایشدا دەمگرێ، گوتم چاکە بڕۆمەوە بۆ ماڵێ، خۆم لەنێو خەتی ژمارە شەستوحەوت کوتا، کابراش کە جارێکیش لە لێدانم خافڵ نەبوو بەدوای مندا خۆی تێ کوتا و لە

پەنامەوە رۆنیشت، دەستی چەپی لە دەستگیرە چەرمییەکە گیر کرد و بە دەستی راستی چەترەکەی هەڵ دەهێنا و دایدەناوە و زۆر بێ رەحمانە بە سەرمنیدا دەکێشا، دانیشتووانی نێو ئۆتۆمبێلەکە هەوەڵجار بزەیان دەهاتێ و بە گاڵتەوە تێیان دەڕوانین، شۆفێرەکەش لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیری دەکردین وردە وردە شەپۆلێ پێکەنینەکە بوو بە قاقایەکی گەورەو بە تەواوی نێو ئۆتۆمبێلەکەی ئاخنی، لە شەرمانا لە وانەبوو ببم بە قەترەیەک ئاو و بە عەرزیدا بچمە خوارێ. کابراش بێ سەرنجدان بە موسافیرەکان چەترەکەی بە سەرمدا دەکێشا لە گەڕەکی ((پاسیفیوکو))دا دابەزیم، یان باشتر بڵێم دابەزین، شەقامی و ((سانتافە)) مان گرتەبەر و وەڕێکەوتین، هەموو رێبوارەکانی سەر ئەم شەقامە ئاوڕیان لێ دەدایەوە و سەیریان دەکردین، ویستم بگەڕێمەوە بڵێم ئاخر نەفامانە تاکو ئێستا کەسێکتان نەدیوە بە چەتر بەسەر کەسێکی دیکەدا بکێشێت؟ بەڵام وام بەبیردا هات شایەدیش هەرگیز نەیاندیتبێت پێنج، شەش منداڵی بزۆزەوە شوێنمان کەوتبوون و هەراوهوریایەکیان سازکرد بوو مەپرسە، دەتوت شێتیان دیوە. لەو حاڵەدا بیرێک بە مێشکمدا هات، واچاکە نەهێڵم بێتە ژوورێ و دەرگاکەی لەسەر داخەم، کەچی ئەو دەستی خۆی پێشخست و دەستگرەی دەرگاکەی قۆزتەوە و دوای پاڵەپەستۆی زۆر لەگەڵ مندا خۆی لە ژوورێ کوتا، لەو کاتەوە تاکو ئێستا بێ پسانەوە، تەنانەت وچانێکیشی نەگرتووە، درێژەی بەو کارەی خۆی داوە، تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێ نە شتێکی خواردووە، نە دیتوومە تاوێک بنوێت، کاری هەر ئەوەیە چەترەکەی بەسەر مندا دەکێشێت، لە هەموو کاتێکدا تەنانەت لە کاتی کارە تایبەتییەکانیشدا لەگەڵمدایە و جێم ناهێڵێت، لە ئەوەڵەوە لەبەر ئەو بەسەرداکێشانەی نەمدەتوانی ساتێک بنووم، کەچی ئێستا بێ ئەو کارەی تاوێک خەوم لێ ناکەوێت، بەو حاڵەشەوە نێوانمان زۆر خۆش نییە و زۆرجار بە قەڵسییەوە پێم وتووە، بۆ لە یەخەم نابییەوە؟ تکام لێ کردووە هۆی ئەم کارەیم پێ بڵێت، بەڵام بێکەڵک بووە، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، هەروا ئارام وەک رابردوو چەترەکەی دەکوتێتە سەرم، جارجاریش بە مشت و پێ لاقەش بەردەبمە گیانی، خودایە بمبوورە، تەنانەت بە چەتریش لێم داوە، کەچی هەموو ئەوانەی بە گرنگی کارەکەی زانیوە، سەبوورانە خۆڕاگری کردووە، بێدەنگییەکەی کوشتوومی، بۆ جارێکیش قەڵس نابێت، لەبەرچاوم گیان لەبەرێکی سامناکە، زۆرجار ئەو بیرە بە مێشکمدا دێت کە تۆ بڵێی ئەو کابرایە کارێکی گرنگ و دژواری بەدەستەوە نەبێت، سەرەڕای ئەوەی پێداویستییەکانی ((فیزیۆلۆژیکی)) نییە، بەڵام باش دەزانم کاتێک لێی دەدەم ئازاری دەگاتێ، زۆریش لاوازە، ئەوەش دەزانم رۆژێک

دەمرێت، هەروەها ئەوەش دەزانم ئەگەر گوللەیەکی لەسەر راکێشم بۆ هەمیشە لە دەستی رزگاریم دێ، کەچی ئەوەی نایزانم ئەوەیە، تۆ بڵێی دوای مەرگیشمان لە کۆڵم نەبێتەوە و هەروا چەترەکەیم بەسەردا کێشێت، ئەوەش نازانم کە گوللەکە دەبێت بەرەوڕووی ئەو بتەقێنرێت یان بەرەو رووی من، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هیچ کەڵکێکیان بۆ من نییە، نە ئەوم پێ دەکوژرێت، نە توانای خۆکوشتنم هەیە. سەرەڕای ئەمانە تازە بۆم دەرکەوتووە کە بەبێ لێدانی ئەو کابرایە ناتوانم ساتێک بژیم، هەتا دێ هەستی پێش رووداوێک زیاتر ئۆقرەم لێ هەڵدەگرێت و ئازارم دەدات، گەلێکم ترس لێ نیشتووە، لەوەی کاتێک پێویستێکی زۆرم بەم کابرایە هەبێت سەری خۆی هەڵبگرێت و جێم بهێڵێت، لەم لێدانەی کە ئێستا وەک لایە لایە دەمخەوێنێت، بێبەشم بکات.

**سەرچاوە:**

http://www.pouyan.ws/archives/000708.php



# میرنامە... شاعیر و میر

سەباح ئیسماعیل

ڕۆمانێکی ناوازەی ڕۆماننووسی کوردی نووسی ڕۆژئاوای کوردستان (جان دۆست)ە. کە ساڵی ۲۰۰۸ لە شاری ئەستەنبووڵ بەکوردی چاپی کردووە و دواتر هەر خۆی کردوویەتی بە عەرەبی، لە **دار الکلمة لة (ابو ظبـي)** چاپکراوە. شایانی باسە ئەمە سێیەمین ڕۆمانی نووسەرە. مخابن لە چاپە عەرەبییەکەدا بەشێکی گرینگی ڕۆمانەکە بە بەهانەی باس لە نەشیاو دەکات و سنووری بڕیوە، ئەویش بەشی "دەموچاو هەڵپێچراو"ە لەلایەن سانسۆرەوە قرتێنراوە.

ئەم ڕۆمانە وەک ڕەمز باس لە شاعیری مەزن ئەحمەدی خانی دەکات، چۆن لە مزگەوت گوتارەکانی و لە نووسینەکانیشیدا هانی خەڵک دەدات بۆ دژوەستانەوەی میر و دەرەبەگە خۆفرۆشە کوردەکان و نەچوونی کوردان و

بەشداری نەکردنیان لە شەڕی سەفەوی و تورک. هانیان دەدات خۆیان نەکەنە سووتەمەنیی شەڕی داگیرکەران و لە دژیان بوەستنەوە، لە ئەنجامی ئەم کارانەیدا میر پیلانی ژەهر دەرخوارددانی بۆ دادەڕێژێت و خانی بە نەخۆشییەکی پەنهان گیانی لەدەست دەدات، لەو رۆژەشدا کە بەرەو گۆڕستانی بەڕێی دەکەن، لەبری باران مەرەکەب دەبارێت، وەک ئەوەی ئاسمانیش بۆی بگری.

رۆمانێکە فەنتازیا و تەکنیکی نوێی تێدا بەکارهێناوە، لە هەر بەشەدا کاراکتەرێک دەیگێڕێتەوە و لە دید و بۆچوونی خۆیەوە بۆ مەرگی خانی دەڕوانێت. بەشێوەیەک هەر یەکێک لە کاراکتەرەکان لە رۆمانەکە دابڕین و مافی ئاخاوتنی لێ بستێنینەوە ئەوا رۆمانەکە کەلی و ناتەواوی بەجەستەوە دیار دەدات.

رۆمانێکە هەر کە دەیخوێنیتەوە خەمی ئەوەت لەدڵدا دەڕوێت بۆچی ئێمەی کورد نووسەرانی پارچەکانی تری کوردستان ناناسین، حەیف و مخابن دەچێژی بۆ ئەو رۆمانە ناوازانە، کە نەمان خوێندوونەتەوە، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کار بکرێت بۆ نزیککردنەوەی دیالێکتەکان لە یەکتر...

جێگەی خۆیەتی ئەوە بڵێم لە رێگەی نووسەر عەتا محەمەدەوە ئەم رۆمانەم بینی و بۆی ناردم و هەر لەڕێگەی ئەویشەوە جان دۆستم ناسی و پرۆژەی وەرگێڕانی رۆمانەکەمان داڕشت.

ئەمە چیرۆکی یەکەمی رۆمانەکەیە لە عەرەبی و بەسوودوەرگرتن لە کوردییەکەشی وەرمگێڕاوە.

بەخاک سپاردن

(سپێدەیەکی باراناوی بوو)

دەموچاوهەڵپێچراو بەدەستی راستی جلەکانی و جەمەدانییەکەی لە خۆڵی تێکەڵ بەبارانەکە تەکاندن، لە ناو گۆڕەکەوە بەدەنگی بەرز گوتی:

– بەسیەتی.

هەینێ دەستیان بۆ درێژ کرد و دەریان هێنا، پڕ بە سییەکانی هەوای تەڕی هەڵمژی و بەدەنگێکی ژنانەوە گوتی:

– ئۆۆۆۆۆۆۆۆە. سوپاس بۆ خوا، تووشی شاخ نەهاتین.

ئینجا بەچاوی پڕ لە رەزامەندییەوە تەماشایەکی ناو گۆڕەکەی کرد.

خامۆشییەک شایان بەترسی مەرگ بێت ئەو هەرایەی خەڵکی دەوروبەر گۆڕەکەی لەو بەیانییە باراناوییەدا پێچابووەوە، تەواو چون جەمەدانییەکە رووخساری گۆڕهەڵکەنەکەی شاردبووەوە، کەچی ئەو خەمەی روخساری

هەمووانی داگرتبوو ناشاردرایەوە، هەندێک لە زەلامەکان رووخساریان لەناو لەپیاندا دەشاردەوە و فرمێسکەکانیان دەسڕینەوە، نەکو یەکێک بیانبینێت، هەرچی ئەوانی تریش بوون پشتیان دابووە دارچنارەکانەوە و بەبێدەنگی لەو بانەوە نیگای تاشەبەردەکانیان دەکرد، کە بێدەنگییەکەیان قووڵتر دەکردەوە. تەنیا دەموچاو هەڵپیێچراو نەبێت دەیتوانی بەچاوە جوانە وشکەکانییەوە خەم و پەژارە بە سیمای هەر یەکێک لەوانەوە بخوێنێتەوە.

یەک یەک بەسەر زەلامەکاندا تێدەپەڕی و دەیگوت:

- کاشکی دواییمان وەک ئەم بوایا! بۆ خۆی دنیای فانیی جێهێشت.

کاتێک دارتەرمەکە بەدەرکەوت، کە لاشەی شێخ ئەحمەدی خانیی لەخۆ گرتبوو، دەموچاو هەڵپیێچراو بەرەو لایەوە هەنگاوی نا، چوار زەلام ئەملا و ئەولای دارتەرمەکەیان گرتبوو و لەسەرخۆ هەنگاویان دەنا، کفنی لە تەرم پێچراو چون باران نەباریبێت تەڕایی پێ نەگەییبوو، وەلێ تەرم هەڵگران بەمەیان نەدەزانی، مەلا سمایل کە لە پێشەوە لای راست تەرمەکەی هەڵگرتبوو، سەلاحەدینی کاغەزسازی ئاگادار کردەوە، کە لای چەپەوە بوو:

- ئەرێ تۆش تێبینیی ئەمەت نەکردووە؟

وەستا سەلاحەدینی کاغەزساز دڵۆپە بارانە تێکەڵ بەفرمێسکەکەی لەسەر روخسارە لاوازە میهرەبانەکەی سڕییەوە و پرسی:

- تێبینیی چی بکەم؟

مەلا سمایل دەنگی کز کرد و گوتی:

- لە هەموو تەمەنمدا تەرمی وا سووکم نەبینیوە!

یارۆی دەموچاو هەڵپیێچراو بە دەنگی بڵند ئایەتی (کل من علیها فان)ی خوێندەوە و دواتر چپاندییە بن گوێی مەلا سمایلەوە و گوتی:

- تەرمی قورس پێوەندیی بە پیسیی رۆحی کەسەکەوە هەیە، هەرچی ئەم شێخەیە زاتێکی پاک بوو، سووکیی تەرمەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پاقژیی رۆحی، ئەو یەکپارچە رووناکی بوو، چما رووناکی هیچ کێشی هەیە مەلا سمایل؟

مەلا سمایل، کە لای راستی لە جەمەدانییەکەیەوە تاکو سۆڵەکانی تەڕ بووبوون، ئاوڕی دواوەی دایەوە، دەمی داچەقاند و رووپۆشە تەڕەکەی کابرای لادا و پرسیارێکی وشکی لێ کرد: ئەرێ تۆم لەکوێ بینیوە؟!!!

***

خامۆشییەکیی بە باران شۆراو، پیاوانی غەمباری دەوری گۆڕە تازە هەڵکەنراوەکەی خانی بێدەنگی دایگرتبوون، هەروەها ئەو چوار زەلامەش،

که تەرمەکەیان بەسەر شانەوە بوو و بە بەر بارانەکەدا ڕێیان دەکرد، لە ماڵە کۆنەکەی مەلا قاسمی برای خانی وەکو قوماشی ئاوریشم دڕابێت شین و ڕۆڕۆی ژنان تەنانەت گەیشتە بەفرەکانی چیای ئاگری.

ئافرەتە ڕەشپۆشەکان دەسماڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیان لە قۆڵیان دەکردەوە و بارانی ئەسرینی چاویانیان پێ دەسڕییەوە. ڕۆندکی هەندێک لەو ئافرەتانەی بیریان چووبوو کلی چاویان بسڕنەوە، دەتگوت دڵۆپە مەرەکەبە و بەسەر کوڵمیاندا دەهاتە خوارێ.

فرمێسکی پەریی خوشکە گەورەی خانی بەسەر گۆناکانیدا ڕێی دەکرد و دەلالایەوە:

**هاوارە لە من هاوارە**
**هاوارە**
**ئەمڕۆ کاکم ئەحمەدی**
**خودان خامە زێڕین و**
**کاغەزی بەفرین**
**میوانی ئاخا سارد و سڕە**
**هاوارە لە من**
**هاوارە**
**دێهاتینە**
**دراوسێینە**
**ماڵباتینە**
**ئەمڕۆ چرای بایەزید خامۆشە**
**ژوور و کۆشک و گوومەز و منارە لە تاریکیدا نقوم بوون**
**هاوارە لە من هاوارە**
**هاوارە**
**لە هەوران باران دەبارێت**
**لە چاوان فرمێسک دێنە خوارێ**
**ئەحمەدی برام**
**کاتبی دیوانی میران**
**خاوەنی مەم و زینە**
**ئەمڕۆ ئاسمان هۆن هۆن ئەسرینی بۆ دەڕێژێ**
**گڕ لە دڵی چاکان بەربووە**

**له حەسرەتا بەفری سەر چیای ئاگری داغیش توایەوە**
**وای لە منێ**
**لە منی هەشبەسەر و داماو**
**هاوارە هاوارە هاوارە**
**ئەو فۆتە کەسرەوانییەی بە هەنییەمەوەیە فڕێ دەدەم و**
**لە تاو براکەم کەزیە چەرمووەکانم دەبڕم**
**لە ژێر دار بییەکە دادەنیشم و لقەکانی رادەوەشێنم**
**دەڵێم مادامەکی رۆحم تێدا ماوە:**
**هاوارە لە من هاوارە**
**دۆستینە**
**دراوسێینە**
**گوندینە**
**هاوارە لە من هاوارە**
**ویییییییییییی.**

بەو ویە درێژەی، چەقۆی گریە و زاری بە ئەوکیدا هات و هاوارەکانی کپ کردن. لەنێوان گشت ئەو ئافرەتانەی شین و رۆڕۆیان بۆ ئەحمەدی خانی دەکرد دەنگی شەنگیی خاتوونی جەلالی چون شەرم و فەدی بکات نەدەهاتە بیستن، وەلێ گریانەکەی ئەو لە ناخی دڵەوە دەهات و وەک تروسکەی مۆمی بەر با چۆن بهەژێت ئاوا رۆندکی لە چاوان دەوەری، سەری ئەحمەدی کوڕە پێنج ساڵەی لەسەر ئەژنۆی دانابوو و سەری بەلای چەپ و راستدا رادەژەند، لەکاتێکدا بە دوو قامک کەپووی دەگووشی، چون فرمێسکەکانی لە دیدەکانییەوە بەرەو دفنی بخزێن و فیشکە فیشکی پێ خستبێت. هەندێک لەو ژنانەی کە دەیانناسی، تەماشایان دەکرد و رووی تورش و تاڵیان پێ نیشان دەدا، وەک ئەوەی پێی بێژن:

– ماڵ خراپ، ئەوە بۆچی دوو دڵۆپ فرمێسک بۆ خوالێخۆشبوو ناڕێژی! چما دڵی تۆ بەردە، ها!

ئەوان گریانی دڵی ئەویان نەدەبیست.

***

(وەلێ کفنەکە تەڕ نەبووبوو)

هەینێ مەلا سمایل پرسیارە وشکەکەی کرد، دەموچاو هەڵپێچراو لەژێر تەرمەکەوە جرتەی بۆ کرد و چون لە یەکێک بگەڕێت ئەملاو ئەولای دەکرد،

دواتر چووە لای گۆڕەکە و لە لێواری وەستا. یەکێک لەو دوو زەلامەی لە دواوە تەرمەکەیان هەڵگرتبوو، گوتی:

– بلەزینن، باتەرمەکەی سەیدا تەڕ نەبێت.

میرزا سەبری کە لە دواوە گۆشەیەکی تەرمەکەی گرتبوو، دەستی راستی لە کفنەکە دا، درکی بەوە کرد کفنەکە تەڕ نەبووە، موچوڕکێکی پەنهان دایگرت و بەگوێی مەلا فەریدی، کە بەتەنیشتییەوە تەرمەکەی هەڵگرتبوو، چرپاند:

– ماوەیەکە ئێمە بەژێر بارانەکەدا رێ دەکەین، کەچی هێشتانەکینێ کفنەکەی سەیدا وشکە و تەڕ نەبووە!

مەلا فەرید ئاهێکی قووڵی بەکفنی رەش پێچراوی پەشیمانیی هەڵکێشا، پاشان گوتی:

– سەیدا ئاگرێکی کڵپەسەندوو بوو، چۆن کفنەکەی تەڕ دەبێت!!

***

لەودەمی رووهەڵپێچراو دیسانەوە لەسەر لێواری گۆڕەکەی بەخۆی هەڵیکەندبوو وەستا، شێخ سەیفەدینی جبەشین بە گوێیدا چرپاند:

– دەستخۆش، گۆڕەکەیت باش لێداوە.

دەموچاو هەڵپێچراو نیگایەکی بێ سنووری شانازیی بەخۆوەکردنی بڕییە بنی گۆڕەکە و بە دەنگێکی پۆزلێدەرانەوە گوتی:

– ئەزبەنی، من ویستم قووڵتری بکەم، لێ هەر ئەوەندەم پێ کرا.

شێخ سەیفەدین دەستی لە پشتی دا و گوتی:

– ئەگەر کێلەکەشیت بنەخشاندایا جوانت دەڕازاندەوە، خەتەکەت تابلێی جوانە.

یارۆی دەموچاو هەڵپێچراو چاوی لە بەرد دەگێڕا، بەنیگای رووپۆشکراو بەتەمێکی خەست لەسەر بەردی خەیاڵی نەخشی نەبینراوی هەڵکۆڵی. دۆستۆی دەنگبێژی ورمێیی و سۆفی حەیدەری قەرسی بە غەمگینییەوە وەستابوون تەماشای بنی گۆڕەکەیان دەکرد، کە پەیتا پەیتا بارانەکە تەڕی دەکرد.

ئەو دووانە قسەکانی شێخ سەیفەدین و دەموچاو هەڵپێچراویان نەدەبیست، لێ رەزامەندیی خۆیان بۆ باش هەڵکەندنی گۆڕەکە دەربڕی.

بوهاریی شاعیر دوور لە حەشاماتەکە وەستابوو، پشتی دابووە کەڤرێکی زلەوە و کتێبێکی بەدەستەوە بوو، هەر کە چاوی بەمەلا ساڵحی جزیری کەوت، کتێبەکەی داخست، لێ مەلا ساڵح زوو خۆی گەیاندێ و گوتی:

– ها بوهاری ئەفەندی!! چما باران لە کتێبەکەت نادات! سوێند دەخۆم ئێستا

مەرەکەب لە لاپەڕەکانی دێتە خوارێ.

بوهاری، کە لە ناوی بوهارییەوە نازناوی بوهاریی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، خەنییەوە و گوتی:

– نا، نا! ئەم کتێبەی من بەمەرەکەب نەنووسراوە.

پاشان چون لە پێکەنینەکەی ژیوان بووبێتەوە و بۆی دەرکەوتبێت خەنینەوە شایان بە پایەی مەرگ نییە، درێژەی پێ دا:

– بەخودای مەلا ساڵح ئەز غەمبارم. حەیف و حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشم، بەر لە چەند رۆژێک بینیم هێند بەهێز بوو دەتگوت چیایە!!

مەلا ساڵح بێ ئەوەی بەرسڤی بداتەوە جێیهێشت. رووی لێ وەرگێڕا و خۆی گەیاندە دارتەرمەکە، تاکو لەگەڵ ئەوانی دیدا هەڵی بگرێت.

لە دوورەوە سوارێک بەدەرکەوت، دەنگی سمی پێی ئەسپەکەی لە قوڕەکەدا بێدەنگیی ئەو بەیانییەی شێلوو دەکرد. یەکێک لە ناو ئاپۆراکەوە چاوی تێ بڕی، برۆکانی بەرزکردنەوە و دەستی خستە بەر ئەنیەی و گوتی:

– قەستەم بەخوا ئەوە حاجی زوهدییە! لەگەڵ خوڵامەکەی بەرەو ئێرە دێت.

حاجی زوهدیی جەلالیی بازرگان گەیشت، بەیارمەتیی خوڵامەکەی کە لە پێشییەوە بوو لە ئەسپەکەی دابەزی. حاجی، کە عەبا فەروەکەی نەیتوانی ورگە زلەکەی بشارێتەوە، راست رووی لە حەشاماتی دەور گۆڕەکە کرد و گوتی:

– گەلی براینە بمبوورن، من تازە لەگەڵ کاروانەکەی لە ورمێوە هات گەیشتم. هەندێک شاڵی نوێم لەوێوە هێناون، لەگەڵ گەیشتنمدا کەسم نەبینییەوە کوتاڵەکان دابگرێت. هۆیەکەیم نەزانی بۆیە رووم لێرە کرد. گوێم لە شین و شەپۆڕ بوو لە ماڵی مەلا قاسمی رەحمەتییەوە دەهات، بەڵکو خێر بێت؟

حاجی زوهدی بەسوخمە سپییەکەیەوە، کە باران بەپیتە ئاوییەکانییەوە خاڵ خاڵی کردبوو، بێ وەستان قسانی دەکرد. پەیڤەکان وەک لێزمەی بارانەکە بەخوڕ لە زارییەوە دەردەپەڕین بێ ئەوەی بوار بەکەس بدات بەرسڤی بدەنەوە، لەنێو حەشاماتەکەوە گوێی لە دەنگی زەلامێکی نابینا بوو، کوێرە چەند جارێک گۆچانەکەی بەزەوییە تەڕەکەدا کێشا و گوتی:

– خانی، خانی!! چووە بەر دلۆڤانیی خودا!

حاجی زوهدی سوخمەکەی لەژێر عەباکەیەوە رێکخست و دەستی خستە سەر ورگی و گوتی:

– واخ واخ واخ، نوێژتان لەسەر تەرمەکەی کرد؟

کابرای کوێرە چون بەگاڵتەوە قسان بکات، پەیڤەکانی درێژ کردنەوە و گوتی:

- بەڵێ نوێێێێێێژمان کرد. نەمانزانی تۆ لێێێێێرەی. خوا لە بەرەکەتی نوێژی بێبەری کردیت حاااااااااااااااجی. وەلێ بەختیار بوویت خۆت گەیاندە نزای تەڵقین، ئەی بازرگان بەگ.

کابرای کوێرە ویستی بەو وەڵامەی گاڵتە بە حاجی زوهدیی بازرگان بکات. تەنانەت هەندێک لەوانەی لەوێ بوون خەریک بوو بخەننەوە، لێ هەر کە چاویان بەتابوتەکە کەوت هەندێک کەسی ناسراو هەڵیان گرتبوو و دەگەیشتنە لێواری گۆڕەکە، ئەوانی تەماشایان دەکرد رێگەیان بۆ کردنەوە بۆ دابەزینی تەرمەکەی خانی، کە بەکفنی سپیی تەڕنەبوو پێچرابووەوە، بۆ ناو گۆڕەکە.

هەر هێندەی خەڵکەکە بینییان کفنەکە وشکە و تەڕ نەبووە، واقیان وڕما، ئیدی بارانی پرسیار هەڵی کرد و لافاو لە دۆڵی خەیاڵی سەرجەم ئامادەبوواندا هەڵی کرد. کابرای روخسار هەڵپێچراو هەموو ئەو پرسیارانەی خوێندەوە کە بەدەموچاویاندا دەهاتنە خوارێ، بە بازێک چووە ناو گۆڕەکەوە و گوتی:

- سەیرتان نەیەت گەلۆ! ئەمە سیفەتی پیاوچاکانی خوایە.

میرزا سەبرییش، کە لای چەپی تەڕ بووبوو دابەزییە ناو گۆڕەکەوە، هەردووکیان بەوانی دەوری گۆڕەکەیان گوت:

- دەی برایان دەی، تەرمەکەمان بدەنە دەست، سوننەتی پێغەمبەرە مردوو زوو تەقەت بکرێت.

هەندێک لەوانەی لە لێواری گۆڕەکەدا بوون نووشتانەوە و تەرمەکەیان شۆڕ کردەوە. میرزا و رووهەڵپێچراو لێیان وەرگرتن و رووە و قیبلە خستیانە ئەو چاڵاییەی دوو بست دەبوو. پاشان ریزێک بەردیان نایە بان چاڵەکەوە و ئیدی خانی بەکفنە وشکەکەی و حەسرەتە کڵپەسەندووەکانییەوە لە چاو ونبوو.

میرزا سەبری، کە لەناو گۆڕەکە هەناسەی تەنگ بووبوو، ویستی پێش دەرچوونی رووهەڵپێچراو بکەوێت، بە مەلا فەریدی گوت، کە لە لێواری گۆڕەکە وێستابوو:

- ئەزبەنی دەستتم بدەرێ، ئیدی ئێمە سەیدامان بەگۆڕ سپارد.

کەچی مەلا فەرید رووی خۆی وەرگێڕا و فرمێسکە تێکەڵ بەبارانەکەی سڕی و لە گۆڕەکە دوورکەوتەوە، دوو زەلام دەستی میرزا و رووهەڵپێچراویان گرت و دەریانهێنان.

هەردووکیان وەک لە سەفەرێکی دوور گەڕابنەوە گەشانەوە، رووهەڵپێچراو چون خۆڵەکە لە دەستی بکاتەوە دەستەکانی بەیەکدا کێشان و گوتی:

- ئەلحەمدولیلا، لە ناشتنەکەی بووینەوە.

پاشان بلەز بەرەو ئەو دوو زەلامەی دوور لەژێر دار چنارەکە وەستابوون، ملی نا. لە سیمای ئەو دوانەی بەزەردەخەنەوە پێشوازییان کرد دیاربوو غەوارە بوون و خەڵکی ئەو مەملەکەتە نەبوون، تەنانەت جلەکانیشیان لەوانی حەشاماتی دەوری گۆڕەکە جیا بوون، یەکیان عەبایەکی ناوپۆش بەفەرووی سیمۆرەی لەبەردا بوو و بە روخسارە کۆسەییەکەیەوە لە ئاسمانی هەورینی دەڕوانی، هەرچی ئەوەی تریش بوو سوخمەیەکی قەدیفەی رەشی لەبەر کردبوو و کلاوێکی درێژی قووچەکی لەسەر نابوو.

میرزا سەبری نیگایەکی تژی لە رەزامەندیی بڕیە رووهەڵپێچراو و رووی لە بەنگینی دەرگەوانی میر کرد و لێی پرسی:

– میر نەهات؟

– نا، نایەت. مژووڵی ئیشوکار بوو، منی لە شوێنی خۆی نارد.

پاشان بەخاکەناز تەرمەکەی خانییان، کە لە کفنێکی سپیی وشک پێچرابوو، بەخۆڵ داپۆشی.

***

(پشکە مەرەکەبەکان وەک ئەسرینی ژنێکی چاوبەکل وابوون)

ئاخاوتنی تێکەڵاوی ئەوانی دەوری گۆڕەکە تێکەڵ بەخشە خشی خاکەنازەکان دەبوون، چون هەر یەکە و بۆ خۆی قسان بکات، کەس گوێی لەوی دی نەدەگرت و نەیاندەزانی چ دەڵێن! هەریەکە و سەرپێییانە بەوی دی دەگەیشت پرسیارێکی دەکرد و دەڕۆیشت.

لەو بێدەنگییە شێدارەدا بەنگینی دەرگەوان، کە تازە گەیشتبوو، چاوی لە مەلا سمایلی بایەزیدی دەگێڕا و رێکەوتی کێی بکردایا پرسیاری ئەوی دەکرد، تاکو زەلامێک بەدەنگی نیمچە بڵند پێی گوت:

– خەڵکینە ئەوە بۆ وامان بەسەر هاتووە! ئەمڕۆ هەموومان وەک گێژ بەدەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە، بەنگینە فەندی، هۆ ئەوە مەلا سمایلە، کە تۆ لێی دەگەڕێی!

بەنگین ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، سڵاوی لە مەلا سمایل کرد، ئینجا دەستوبرد چەند کاغەزێکی پارەی پێچراوی پەستایە گیرفانییەوە و لەگەڵیدا کەوتە پسەپس.

میرزا سەبری و رووهەڵپێچراو، کە تازە لای دوو پیاوە نەناسراوەکە گەڕابوونەوە، ویستیان گوێ لە قسەکانیان بگرن، کەچی لەپڕ لەناو حەشاماتەکەوە دەنگێک هات:


– براینە، وەرن با نزای تەڵقینی سەیدا بخوێنین.

شێخ سەیفەدین جبە شینەکەی تا ناوقەدە ئەستوورەکەی هەڵکێشا و لای کێلی سەری خانییەوە دانیشت، تاکو دەست بە تەڵقین خوێندن بکات.

بارانەکەش چون بیەوێت گوێ بۆ تەڵقینی پیاوێکی زیندوو بۆ کەسێکی مردوو رادێرێت لە ئاخاوتنە ئاوییەکەی کەم کردەوە. ئەو دڵۆپانەی دەبارین پەیتا پەیتا رەشی دایدەگرتن، لێ سەرنجی کەسیان رانەکێشت، تاکو دەنگی تەیمووری مەیخۆر، ناسراو بەتەیمووری فاسق، ورتە ورتەکەی شێخ سەیفەدینی بڕی، کاتێک بەتوندی و ترسەوە قیڕاندی:

– ئەی هاوار! ئەمە چییە!! مەرەکەب دەبارێت.

# بەستێنی سێهەمی چۆم



**خۆئاو گۆئی ماڕائیس رۆسا**

**و. لە فارسییەوە: یوونس رەزایی**

باوکم پیاوێکی ئەرکناس و بەمشوور و قسە لە روو بوو. بە گوتەی زۆربەی ئەو باوەڕپێکراوانەی کە بۆ خۆم لێم پرسیبوون، لە مێرمنداڵییەوە یان تەنانەت هەر لە منداڵییەوە، ئەو تایبەتمەندییانەی هەبووە. ئەوەندەی بۆخۆم لە بیرم بێت، ئەو لەو پیاوانەی دەمناسین نە شۆخ و بەدەماختر بوو، نە تێکشکاو و خەمینتر. رەنگە هێندێک لەوان هێدی و لەسەرخۆتر بووبێت. دایکم ئاغا و کوێخای ماڵەوە بوو، نەک باوکم. دایکم هەموو رۆژێ ئێمە؛ واتە من و خوشک و براکەمی سەرکۆنە دەکرد. خوداوڕاستان رۆژێک باوکم گەمییەکی بە دروستکردن دا.

زۆر لەسەر ئەوکارەی سوور بوو. بەڵێن وابوو گەمیەکە تایبەتی ئەو بێت و لە چێوی ئەقاقیا سازکرێت. دەبوو هێند باش و قایم بێت، بەرگەی بیست سیساڵ بگرێ و تەنیا جێی کەسێکیشی ببێتەوە. دایکم لەسەر ئەوە پرتە و بۆڵەیەکی زۆری کرد. ئاخۆ بەڵێن وابوو مێردەکەی، لە پڕێکدا ببێتە ماسیگر؟یا راوچی؟ باوکم هیچی نەگوت. ماڵی ئێمە هەر فەرسەخێک لە چۆم دوور بوو. چۆمیش لەو ئاستانەوە قووڵ و مەند و هێند بەرین بوو، ئەو بەری لێوە دیار نەبوو.

قەت قەت ناتوانم ئەو رۆژە لە بیربەرمەوە کە گەمییەکەی وەرگرتەوە. باوکم هیچ چەشنە شادی و هەستێکی دیکەی دەرنەبڕی. تەنیا وەک هەموو ساتەکانی دیکە کڵاوەکەی نایە سەری و ماڵئاوایی لێکردین.

هیچ چەشنە خواردەمەنی و جانتا و بوخچەیەکی لەگەڵ خۆی نەبرد. چاوەڕوانی ئەوە بووین دایکم تووڕە بێت و بیکاتە هەڵڵاوبگر، بەڵام وای نەکرد. ڕەنگی بەڕووەوە نەمابوو. لێوی دەکرۆشت. تەنیا گوتی:" ئەگەر دەڕۆی هەر لەوێ بمێنەوە. نەچی بگەڕێیەوە ها".

باوکم هەر گوێی نەدایە. زۆر لەسەر خۆ چاوی لێکردم و بە ئاماژە تێیگەیاندم پیاسەیەکی لەگەڵ بکەم. لە تووڕە بوونی دایکم دەترسام. بەڵام لە خۆشیان خەنی بووم و گوتم بەسەرچاو. پێکەوە بەرەو چۆمەکە وەڕێکەوتین. هەستم بە بوێری و دڵخۆشییەکی لە رادەبەدەر دەکرد، هەر بۆیە گوتم: "ئەرێ بابە منیش لەگەڵ خۆت نابەی؟"

خێسەیەکی لێکردم، پاشان ماچیکردم و بە ئاماژەیەک تێیگەیاندم کە بەرەو ماڵێ بگەڕێمەوە. هێندێک رۆیشتم و هەرکە ئاوڕیداوە، خۆم لە بن پنچکێک مات کرد. دەمەویست ئاگام لێ بێت و بزانم چی دەکا. باوکم سواری پاپۆڕەکە بوو. سەوڵەکانی هێناو برد و دوورکەوتەوە. سێبەری پاپۆڕەکە درێژ و هێور وەک تیمساحێک بە سەر ئاوەکە دا دەخزا.

باوکم نەگەڕاوە. بەڵام ڕاستت بوێ بۆ هیچ کوێش نەچوو. ئەو هەر سەوڵەکانی دێنا و دەبرد و لە پانتایی چۆمەکەدا بۆ ئەولاولا دەچوو. خەڵک بە گشتی سام دایگرتبوون. ئەوەی قەت رووی نەدابوو، ئەو شتەی کە نەدەبوو ببێ، خەریکبوو رووی دەدا. خزم و کەس و دەر و دراوسێ و ناسیاوەکان هەموو دەهاتنە لامان تا لەو باسە بکۆڵنەوە و سەرە داوێکیان دەستکەوێت.

دایکم تک تک ئارەقی شەرم بە ناوچاوانیەوە پوورەی دەدا. زۆر کەمی قسە دەکرد. ئاکاری هێمن و لەسەرەخۆ و بە حەیا بوو. لەبەر ئەوە خەڵک پێیان وابوو باوکم شێت بووە.(ئەگەرچی راستەوخۆ وایان نەدەگوت). تاقمێکیش لە سەر ئەو رایە بوون کە رەنگە باوکم نەزری کردبێ و بیەوێ شەرتەکەی بەرێتە سەر و لە ڕێی خودا یان یەکێک لە پیاوچاکان دا کارێکی باش بکات. یان رەنگە تووشی نەخۆشییەکی ترسێنەری وەک گولی بووبێ و تەنیا لەبەر ئێمە ماڵێی بە جێهێشتبێت و بەو حاڵەشەوە پێیخۆشە تا بۆی بلوێ لێمان نزیک بێت.

ئەوانەی بە درێژایی چۆمەکەدا سەفەریان دەکرد و دانیشتوانی ئەوبەروبەری چۆمەکە بوون، دەیانگوت باوکم نە بە شەو و نە بە رۆژ پێی نەناوەتە وشکانی.

ئەو تەنیا لە سەر چۆمەکە بۆئەولاولا دەچوو. تەنیا و بێ مەبەست. وەک ئاوارەیەکی بەرەڵڵا و بێکەس و کار. دایکم و خزم و کەس و کارەکانمان بە تێکڕا پێیان وابوو ئەو خواردەمەنییەی کە لە گەمییەکەدا شاردوویەتەوە بە زوویی تەواو دەبێت و ئەوسا ئەو ناچار یا چۆمی بە جێدێڵێ و بەرەو هەرێمێکی دیکە بارگەی دەپێچێتەوە (کە ئەوە لانی کەم ماقوولانەترە) یان ئەوەی تۆبە دەکات و دەگەڕێتەوە ماڵێ و قوون دەداتە سەر دۆشەکی خۆی).

ئەوان هەر نەیاندەزانی چ باسە. باوکم کونە خواردەمەنییەکی دیتبۆوە. ئەویش من بووم. من هەموو رۆژێ خواردەمەنیم لە ماڵێ دەدزی و بۆم دەبرد.

یەکەم شەوی دوای رۆیشتنی، هەموومان چوینە قەراغ چۆمەکە و ئاورمان کردەوە. هەرامان لێکرد و لێی پاڕاینەوە. من زۆر بە پەرۆش بووم و پێموابوو دەبێ کارێکی لەوە باشترم لە دەست بێت. رۆژی دواتر بە کوللێرەیەکی گەنمەشامی و هێشوویەک مۆز و چەند کولۆ نەباتەوە چوومە قەراغ چۆم. ماوەیەکی دوور و درێژ بە حەوسەڵەوە چاوەڕوان بووم. لە پڕدا لە دوورەدەستەوە پاپۆڕەکەم دیت، تەنیا و بچووک، چەشنێ بە سەر چۆمەکەدا دەخزا، کە هەست بە جوولانەوەی نەدەکرا. باوکم لەسەر گەمییەکە دانیشتبوو. دیتمی، بەڵام بەرەو من گەمییەکەی سەوڵ نەدا. هیچ ئاماژەیەکیشی پێ نەکردم. خواردەمەنییەکەم پێشان دا و بۆم لە قەڵەشتی مابەین رەوەزی قەراغ چۆمەکە دانا. لەوێ نە بوونەوەران دەستیان پێی رادەگەیشت، نە بارانی بەسەردا دەباری و نە زوقمی لەسەر دەنیشت.

هەموو رۆژێک ئەوە ببووە پیشەم. پاشان بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە تێگەیشتم کە دایکم پێی زانیوە و هەر بە تایبەتی هێندێکی خواردەمەنی لەو شوێنانە داناوە کە دزینی بۆ من ئاسانتر بێت.

دایکم ناردییە شوێن براکەی هەتا بێت و لە کاروباری مەزرا و بازرگانیدا یارمەتیمان بدا، بە مامۆستای قوتابخانەشی راگەیاند بێت و لە ماڵێ دەرسمان پێ بڵێت، چونکە لە دەرسەکانمان وەدوا کەوتبووین. رۆژێک قەشە بە ویستی دایکم، عەباکەی لەبەر کرد و چووە قەراغ چۆم. ویستی ئەجندە و شەیاتینی و شتی وا کە دەستیان لە باوکم وەشاندبوو، بە زەبری دووعا و پاڕانەوە لە باوکم دوورخاتەوە. ئەو هاواریکرد و گوتی: دەبێ باوکم دەست لەو بەدفەڕی و قۆشمەگەرییە هەڵگرێ. رۆژێکی دی دایکم لەگەڵ دوو چەکدار قسەی کرد و بڕیاریان دا بێن و بەهەر لەونێ بێت بیترسێنن. باوکم گوێی بەو قسانە نەدەبزووت و هەموو ئەو کارانە بێکەڵک بوون. باوکم لە دووری دوورەوە دەڕۆی. جاری وابوو هێند دوور دەبۆوە لە چاوان نەدیو دەبوو. قەت قەت وەڵامی

کەسی نەداوە و کەسیش نەیتوانی لێی نزیک بێتەوە. کاتێکیش چەند هەواڵنێر بە سواری پاپۆڕێکەوە گەیشتنێ و ویستیان وێنەی بگرن، باوکم گەمییەکەی بەرەو ئەوپەڕی زەڵکاوەکان سەوڵدا. بۆ جێیەک کە بۆ خۆی وەک بەری دەستی بەڵەدی بوو. بەڵام ئەگەر کەسێک نامۆ بوایە هەر زوو تێیاندا ون دەبوو. ئەو شوێنە هەزار کەلێن و قوژبنی بوو. نەباتێکی چڕ و پڕ و قامیشەڵانێکی تێکلکاو وای داپۆشیبوو وشتری تێدا ون دەبوو. ئەو قامیشەڵانەش تا چەند فەرسەخ درێژەی بوو. ئەو شوێنە ببوە داڵدەی باوکم.

دەبوو بەو بیرەوە کە باوکم لەسەر چۆم دەژی رابێین. دەبوو وابکەین. بەڵام نەماندەتوانی. کوڕە جا شتی وا چۆن بە ئێمە دەکرا. پێموایە من تەنیا کەسێک بووم هێندێک لەوە حاڵی بووم کە باوکم چی دەوێت و چی ناوێت و مەبەستی لەو ئاکار و هەڵسوکەوتە چییە. ئەوەی من ئێستا و ئێستاش تێی نەگەیشتم ئەوە بوو کە چۆن بە چەرمەسەری و ناڕەحەتی ئەو کەشوهەوایە رادەهات. شەو و رۆژ لە ژێر تیرێژی تاو و رێژنەی باران دا، لە گەرمای سووتێنەری قرچە قرچی هاوین و سەرمای سەختی چلەی زستان دا، کڵاوێکی کۆن لە سەردا و هێندێک جلوبەرگی دیکەش لەبەردابوو. حەفتە بە حەفتە و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵی تەمەنی لە وەها بارودۆخێک دا رادەبوارد. گوێی نەدەدا ئەو بیابان و چاڵاییەی ژیانی تێیدا دەفەوتا. قەت قەت پێی نەنایە وشکانی و شیناوەردی بەستێن و لە دوورگە و بەستێنی چۆمەکە نزیک نەبۆوە. بێشک جار جار لە پەنا و پەسێوێک، یا رەنگە لە کلکەی دوورگەیەک دا، گەمییەکەی دەبەستەوە و سەرخەوێکی دەشکاند. قەت ئاورێکی نەکردەوە و شەمچەیەکی هەڵنەکرد. چراگازیشی پێ نەبوو. تەنیا ئەو هێندە خواردەمەنییەی هەڵدەگرت کە لە قەڵەشتی مابەین رەوەزەکانی قەراغ چۆمەکەم دادەنا. ئەویش وەکی من بیری لێدەکەمەوە، هەر بەشی مانەوەشی نەدەکرد. ئاخۆ لەش و لاری چی لێهاتووە؟ ئەی چۆن هێز و گوڕێکی دێتەوە بەر بۆ ئەوەی بتوانێ بجووڵێ و بژی؟ چۆن دەتوانێ بۆ پاراستنی گەمییەکەی سەوڵەکان ببزێوێ؟ کاتی لەنگێزە و لافاوی بەهاران، چۆن گیانی دەرباز دەکات؟ ئەو دەمەی ئاوی چۆم هەر لرفەی دەهات و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی رادەدا، شتی وەکوو بنەدار و کەلاکی تۆپیو، کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرا بە گەمییەکەدا بدرێن و ئاوەژووی نێو ئاوەکەی کەن؟

قەت لە گەڵ هیچ رووح لەبەرێک نەدوا. ئێمەش قەتمان باس نەدەکرد. تەنیا بیرمان لێدەکردەوە. نا...نا...قەت نەماندەتوانی باوکمان لەبیر بەرینەوە. ئەگەر بۆ چاو ترووکانێکیش وامان کردبایە و لە بیرمان چووبایەوە، ئەوە هەر بە قەت

سووکە خەوێکی دەخایاند و بە وەبیرهێنانەوەی حاڵ و باڵی پڕ مەترسی ئەو، کتوپڕ ئەو خەوەشمان لە چاو دەپەڕی.

خوشکم مێردی کرد. بەڵام دایکم بە زەماوەندەکەی قایل نەبوو. شاییەکی ئاوا تەنیا کارەساتێکی بۆ دەبووژاندینەوە، چونکە ئێمە هەر کاتێک خواردەمەنییەکی بە تام و بۆنمان دەخوارد، وەبیر ئەو دەکەوتینەوە. لە شەوی پڕ گژە و گڤەی زریان و سەرمادا، لە توێی نوێنی گەرم و نەرممان دا، بیرمان لەوە دەکردەوە کە لەوێ تەنیا و بێ دالّدە، بە یارمەتی دەستەکانی و پەلکە نارگیلێکەوە هەوڵی دەدا ئاوی نیو گەمییەکە بەتاڵ کات. جار جاریش لەو و لەوم دەبیست کە من رۆژ بە رۆژ زیاتر شێوەی باوکم دەدەم. بەڵام من دەمزانی تا ئەو ساتە بێشک قژ و ریشی ئاڵۆز و شێواوە و نینۆکیشی درێژبۆتەوە. لە بیرە خەوم دا ئاوام دێنا بەر زەینی خۆم: کز و نەخۆش، سەراپا رەش و تاوەسووت، هەرچەند جار جار جلوبەرگیشم بۆ دادەنا، بەڵام رووت و قووت.

پێموانییە هەر ئێمەی لە بیر بێت و بایەخمان بۆ دانێت. بەڵام من خۆشمدەویست و رێزم بۆ دادەنا. هەر کاتێکیش کارێکی باشم کردبا و رێزیان لێنابام دەمگوت:"باوکم وای فێر کردووم".

ئەو قسەیەم بە راست نەبوو، بەڵام چ بکەم، درۆیەکی لە راست نزیک بوو. هەر وەک گوتم، باوکم بە رواڵەت بیری لای ئێمە نەبوو. بەڵام ئەگەر وایە ئەی بۆ هەر لەو دەوروبەرانە مایەوە؟ بۆ بەرەو ژوور یان بەروە خوارووی چۆمەکە نەڕۆیشت. بە دوور لە کەڵکەڵەی ئەوەی کە بیبینین یان بمان بینێ؟ بەڵام تەنیا بۆخۆی وەڵامی ئەو پرسیارەی دەزانی.

خوشکم کوڕێکی بوو. پێیخۆش بوو نەوەکەی باوکی، بە باوکی نیشان بدا. رۆژێکی خۆش و فێنک هەمووومان چوینە قەراغ چۆمی. خوشکم جلە سپییەکەی بووکێنی لەبەر کردبوو، منداڵەکەی بە دەستەوە گرتبوو. مێردەکەشی چەترێکی بۆ سێبەرکردن بە سەریانەوە راگرتبوو. بە دەنگێکی بەرز هاواری باوکمان کرد و چاوەڕوان ماینەوە. وەدیار نەکەوت. خوشکم لە پرمەی گریانی دا. هەمووومان باوەشمان بە یەکدا کرد و گریاین.

خوشکم و مێردەکەی بۆ شوێنێکی دوور کۆچیان کرد. براکەم ماڵی چوو بۆ شار. زەمانە گۆڕا، بەو پەلە پەلە هەست پێنەکراوە بەردەوامەیەوە. ئاخرێکەی دایکیشم بوخچەکانی تێکەوە پێچا. ئەویش وردە وردە پیر ببوو. چوو لە ماڵی کچەکەی ژیان بەرێتە سەر. هەر من مامەوە، جێماو لە خێڵ و ناسیاو، قەت قەت نەمدەتوانی بیر لە ژنهێنان بکەمەوە. بە تەنیا لەوێ مامەوە. بە هێندێک بارگەوبنە

و کەل و پەلی پێویست بۆ ژیان. باوکی سەرلێشێواو و تەنیا و بێکەسم لە سەر چۆمی، پێویستی بە من بوو. دەمزانی پێویستی بە یارمەتی من هەیە. هەر چەندە هەرگیز تەنانەت پێی نەگوتم کە بۆچی وادەکات. ساتێکیش ئەو پرسیارەم بە پاڕانەوە و پێداگرییەوە لە خەڵک دەپرسی، هەموویان لە وەڵامدا دەیان گوت: هەر ئەوەیە پێمان گوتی، باوکت باس و خواسی خۆی بۆ ئەو کابرایە گێڕاوەتەوە، کە گەمییەکەی بۆ ساز کردووە. بەڵام ئەو پیاوە ئێستا مردبوو، کەسیش شتێکی وای لەو بارەیەوە نەدەزانی و لە بیریان نەمابوو. ساتێکیش بارانە بە خوڕەم و بۆ ماوەیەکی زۆر دەباری ئەو چیرۆکە شێتانەیە دەهاتە گۆڕێ کە گوایە باوکم وەک حەزرەتی نووح پیاوێکی زانا و بە هۆش و گۆش بووە و ساتێک زانیویە سێڵاو دێ، گەمییەکی بە دروست کردن داوە. وەک خەونێک لە بیرمە خەڵک ئاوایان دەگوت. سەرەڕای ئەوانە باوکمم لەبەر ئەو کارەی دەیکرد بە تاونبار نەدەزانی. قژم وردە وردە بۆز دەبوو.

هەر هێندێ قسە و باسی پڕ خەفەتم بۆ گوتن پێیە. من چ تاوانێکم کردبوو. تاوانی گەورەم چی بوو؟ باوکم هەموو سات بێسەر و شوێن و بێسەر و شوێنیەکەشی لە سەر من. چۆمیش بەردەوام هەر چۆم بوو. بەردەوامیش لە تازە بوونەوەدا بوو، چۆم، بەردەوام. وردە وردە لە دەست پیری –کە ژیان تێیدا وەدرەنگ کەوتنە – جاڕز دەبووم. هێرشی نەخۆشی و دڵەڕاوکە ئازاری دەدام. تووشی رۆماتیسمێکی نالەبار ببووم و ئەویش! کەس نازانێ بۆ وای دەکرد؟ دڵنیام زۆری ژان دەبینی. یەکجار پیر ببوو. بەو بێ هێزی و لاوازییەوە لەوانەیە نەتوانێ پێش بە وەرگەڕانی گەمییەکەی بگرێ، یان رەنگە بە دەم چۆمی دادا تا هێندێ لە گەڵ خۆی رادا، سەرەنجام لە بەرزایی هەڵدێرێکەوە بکەوێتە نێو کەف و لیتەی خوارەوە. ئەو بیرە دڵی پڕ دەکردم. ئەو لەوێ بوو، منیش بۆ هەمیشە لە هێمنی و ئارامی خۆم دوور کەوتبوومەوە. تاوانێکم لە ئەستۆیە نازانم هۆیەکەی چییە؟ ژانیشم برینێکی ئاواڵەیە لە دڵم دا. رەنگە ئەگەر کەش و هەوا جۆرێکی تر با، بمزانیبایە. وردە وردە زانیم گرێپووچکەی کار لە کوێ دایە.

دانی پێدا بنێ! ئاخۆ شێت بووم؟ لە ماڵی ئێمەدا ئەو وشەیە هەرگیز بە سەر زاری کەس دا نەهات. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا، قەت قەت کەس کەسی پێ شێت نەبووە. چون کەس شێت نییە. یان رەنگە هەموان شێت بن. هیچم نەکرد، جگە لەوەی کە چوومە ئەوێ. دەسرۆکەیەکم راشەکاند تا بەڵکوو خوداوڕاستان بمبینێ. تەواو ئاگام لە ویست و کاری خۆم بوو. هێندێکم خۆڕاگرت. لە ئاکام دا لە دوورە دەستەوە وەدیارکەوت. لەو لا بۆ ئەو لا، لەو لا بۆ ئەولا، قەدو باڵایەکی

لێڵ، که لەسەر گەمییەکە دانیشتووە. دوو سێ جارم هەرام لێکرد. ئەوەی کە من ئاوا تاسەی کوتنیم بە سوێند و ئایەتانەوە بوو بە سەر زارم داهات، هەتا هێز و قەوەم بوو گوڕاندم:

" بابە گیان، تۆ زۆر لە دەرێ ژیاوی، ئیتر پیر بووی...بگەڕێوە، ئیتر مەجبوور نیت درێژە بەوکارەت بدەی...بگەڕێوە. من لە جیاتی تۆ دەچم. ئەگەر بتەوێ هەر ئێستا دەچم. هەر کاتێک تۆ بڵێی، دەست و برد سواری گەمییەک دەبم و جێی تۆ دەگرمەوە".

ساتێکیش ئەوەم گوت دڵم توندتری لێیدەدا.

گوێی لە دەنگم بوو، هەستایە سەر پێ، سەوڵەکانی بە دەستەوە گرتوو گەمییەکەی بەرەو من رادا. بە قسەی کردم.

لە پڕدا دڵم کەوتە لەرزین و چەق چۆ. چونکە ئەو دەستی هەڵهێنابوو و رای دەوەشاند.- بۆ یەکەمجار دوای رابواردنی ئەو هەموو ساڵە. منیش نەمدەتوانی... سام گەستە، بە قژی سیخ بۆوە و ترس و خۆفەوە رامکرد. وەک شێتان هەڵهاتم. چونکە دەتکوت لە دونیایەکی دیکەوە دێ و من بە پاڕانەوە و گریانەوە داوای لێبووردن دەکەم. بە پاڕانەوە و لالآنەوە.

لە ترسان چەق و چۆ کەوتە گیانم، نەخۆشکەوتم. دوای ئەوە ئیتر نە کەس چاوی پێی کەوت و نە هەواڵێکی لێ بیسترا. من ئەو شتەم کە نەدەبوو قەت ببێ. من ئەو کەسەم کە دەبێ بێدەنگ بێت. دەزانم تازە زۆر درەنگە. دەبێت لە دەشت و سارا بێ نێونیشانەکانی ژیانمدا بمێنمەوە. پێشموایە بۆخۆم کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنم. بەڵام کاتێ وادەی مەرگ بێ، دەمەوێ هەڵمگرن و لە پاپۆڕێکی چکۆلەم خەن، بە دەم ئەو ئاوە بەردەوام خوڕێنکەی مابەین بەستێنەکانم دادەن. جا منیش . بەرەو خوارووی چۆم، ون بوو لە چۆم دا...لە چۆم دا...چۆم...

**سەرچاوە:**

مارائیس روسا، خوێو گوئی مارئس روسا، مجموعەداستان، سومین کرانە رود، ترجمە: مراد فرهادپور، تهران، انتشارت روشنگران.

# هونەر

- زریان و نزیکبوونەوە لە ئەسترۆفسکی! — کامەران سوبحان
- دیدار لەگەڵ نیهاد جامی — سازدانی: عەبدولستار جەباری
- دیدار لەگەڵ غەمگین فەرەج — سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا
- دیدار لەگەڵ ئازەر نەجیبی — سازدانی: شۆڕش محەمەد
- سینەمای سێرجی بارادجانۆف — و. هێمن مەحمود حەسەن



# زریان و نزیکبوونەوە لە ئەسترۆفسکی!

کامەران سوبحان

**ئەسترۆفسکی... وەک تارمایییەکی گەش.**

من پێشتر چانسی ئەوەم هەبوو کە هەردوو شانۆگەری (مەرگ و کچ، هەزار و یەک شەوە)ی دەرهێنەر و پسپۆڕی شانۆیی د.فازیل جاف ببینم، ڕەنگە نەوەی من تا هەنووکە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر مەبەستم بوو ئەزموونی ئێستای ئەو دەرهێنەرە شانۆییە ببینم، بۆ ئەوەی خاڵی جیاواز و لێکچوی بەرهەمەکانی بە ڕونتر ببینم، لەبەر ئەوەی پێم وایە قۆناغی هەنووکەیی ئەو دەرهێنەرە شانۆییە قۆناغێکی تایبەتمەندە، بەو پێیەی لە کۆلیژی هونەرەجوانەکان کار دەکات و کۆمەڵێک ئەکتەر و قوتابی شانۆی لەبەردەستدایە کە ئەزموونی هونەرییان جیاوازە، لەوەش گرنگتر بۆ ئەو دەرهێنەرە شاکارێکی ئەدەبی رووسی و دەقی (زریان)ی ئەسترۆفسکی نمایش کرد، کە مێژووی نووسینەکەی بۆ ساڵانی دەوروبەری ١٨٥٠ دەگەڕێتەوە، دوای ئەو ماوەیە بەسەر نووسینی ئەو شاکارەدا کاتێک دەرهێنەرێکی بە ئەزموونی کورد ئەو دەقە دەخاتە سەر تەختەی شانۆ، بینەران لە کاتی بینیندا وا دەزانن ڕووداوەکانی

له کوێره دێیەکی کوردستاندا روویداوەو هەموومان چاوەڕێی ئەو کۆتاییە تراژیدییە دەکەین کە بە مەرگی کاترینا کۆتایی دێت و کارەکتەری کابانۆڤا وەک دایکێکی بزوێنەری رووداوەکان ململانێ و کێشەی چیرۆکی شانۆییەکە دەگەیەنێتە ترۆپکی تراژیدیا، ئەمە زۆر گرنگە رووداوێک لە پێش زیاتر لە دوو سەدە لە ژینگە و جوگرافیا و سرووشتێکی جیاوازەوە بە هەمان ریتم و شێوە لە سەردەمی مۆدێرندا بەو تەکنیکە ئاست بەرزە بۆ بینەران بخەیتەڕوو، ئەمەش هێندەی تر بینەری لە تارمایی و رۆحی ئەسترۆفسکی نزیک کردەوەو توانی ئەو تارماییە وەک خۆی و بە بێ هیچ گرێ و تاریکییەک بخاتەڕوو.

دیارە ئەو رووداوە کۆمەڵایەتییەی کە لەو قۆناغەی رووسیادا روویداوە، رووداوێکی بێ جێگە و بێ شوێن و بێ ناوە، چونکە ئەو روداوانە و لە هەموو شوێن و لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا روو دەدەن، بەڵام بە شێوەو جۆری جیاواز، هەندێ جار کێشەی کۆمەڵایەتی و ئەڤینداری و نەبوونی کچ بۆ کوڕێک و خۆکووشتنی یەکێک لەو دوو کارەکتەرە کە هێندە بێزراو و دووبارە بووەتەوە، تەنانەت لە گێڕانەوەشیدا بەرامبەر تووشی بێزاری و مەلەل دەبێت، بەڵام ئەسترۆفسکی لە شانۆگەری (زریان) دا، هێندە رۆمانسییانە و هێندە بە تەکنیکێکی بەرز ئەم شانۆگەرییە نووسیووە نەک بۆ نمایشکردن، تەنانەت بۆ خوێندنەوەش چێژ و تامێکی زۆری هەیە و رووداوەکانی بینەر و خوێنەر بەدوای خۆیدا رادەکێشێت.

ئەم رووداوانەی نێو شانۆگەری زریانیش بە هەمان تام و بۆن و سەرنجڕاکێشییەوە لە پرۆسەی دەرهێنان و نواندن و سینۆگرافیا و ئایدیا و ریتمی رووداوەکاندا بە بەردەوامی ئەو تام و چێژەی دەبەخشێ بە بینەران، ئەمەش خاڵی گەشی ئەم شانۆگەرییەیە کە ئێمە لەم بەشانەدا هەڵوێستە لەسەر ئەو رەگەزانە دەکەین کە خاڵی دیاری شانۆگەرییەکەن.

**دەرهێنان لە زریاندا**

یەکەم رەگەز کە بینەر بەر ئەم شانۆگەرییەی ئەسترۆفسکی دەکەوێت، لە پێش هەموو رەگەزەکانی ترەوە دەرهێنانە، ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، کە رەنگە بە پلەی یەکەم بۆ ئەزموون و توانای ئەو دەرهێنەرە بگەڕێتەوە کە لە پشت ئەو کارەوەیە، بەبڕوای من د.فازل جاف لەگەڵ ئەوەی خاوەن ئەفسسوونێکی تایبەتە لە نووسیندا و دەتوانێت کەمەندکێشی هۆش و هەستی خوێنەر بکات و کاتێک خوێنەرێک وتارێک یان لێکۆڵینەوەیەکی ئەم دەخوێنێتەوە

مەحاڵە بتوانێت دەستی لێ هەڵبگرێت تا تەواوی دەکات، بە هەمان شێوەش لە دەرهێنانەکانیدا بەتایبەتیش ئەو سێ شانۆگەرییەی کە من بینوومە ئەو توانایەی هەیە و بینەر بەدوای خۆیدا کێش دەکات، ئەمەش بەهرەیەک نییە لەودا درووست بووبێت، بەڵکو توانستێکە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و پرۆسەی دەوڵەمەندبوونی بینینی ئەوەوە درووست بووە، هەر بۆیە دەبینین جێگە دەست و بینینی ئەو نەک لەسەر رووکاری دەرەوەی نمایش و دیمەن و بەشەکانی شانۆییەکە دەبینرێت، بەڵکو لەسەر پرۆسەی نواندن و توانستی ئەکتەرەکانیش بەدەر دەکەوێت، بەشی زۆری ئەو ئەکتەرانەی کە لەم شانۆگەرییەدا رۆڵیان بینی پێشتر وەک ئەکتەر نەمان ناسیوون، یان کەم ئەزموون بوون، بەڵام لە (زریان)دا بە ئاستێک دەرکەوتن ناچاربووین چاویان لەسەر هەڵنەگرین، ئەمەش بە پلەی یەک بۆ توانستی ئەو دەرهێنەرە دەگەڕێتەوە کە دەتوانێت مامەڵەیەکی سایکۆلۆژییانەی ورد لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بکات، تەنانەت بیستمان لە زۆرێک لە ئەکتەرەکان کە رۆژانی مەشق و پڕۆڤەمان وەک لابۆر و وۆرک شۆپ وابووە، چەندێک سودمان لە توانای دەرهێنەر رووی پراکتیکییەوە وەرگرتووە دە ئەوەندە لە رووی تیۆرییەوە.

**نواندن و توانستی ئەکتەر لە جوڵاندنی ململانێکاندا**

دووەمین رەگەزی گرنگی ئەم شانۆگەرییە لە دوای دەرهێنانەوە، رەگەزی نواندن و ئەکتەرە، جگە لە فرمێسک مستەفا کە مامۆستای کۆلیژی هونەر و خاوەن ئەزموونێکی کەڵەکەبووە لە کاری نواندندا، هیچ کام لە ئەکتەرەکانی تری ئەم شانۆگەرییە لە قۆناغی سەرەتایی کارکردنی نواندندان، چونکە تا هەنووکە هەموویان قوتابی شانۆن لە کۆلیژی هونەر، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری ئەم شانۆگەرییەیە کە زۆر کەس بە شانۆی قۆناغی خوێندن و دیراسی ناویان دەبرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەرەکان هەموویان توانیان ئەو ململانێ و چیرۆکە تراژیدییەی دەقەکە تا ئاستێکی باش بگەیەنن، بە تایبەتی ئەزموونی نواندنی فرمێسک مستەفا دوای دابڕانێکی زۆر لە چاوی بینەر جارێکی تر توانی لەو شانۆگەرییەدا ببێتەوە وێستگەیەکی گرنگی رووداوی شانۆییەکە و بە وریاییەوە ئەو کێشە و چیرۆکەی لە شانۆگەرییەکەدا بەڕێوە دەبرد، کارەکتەرەکانی (کابانۆڤا، کۆلگین، کابانۆڤ و کاترینا) هەستت دەکرد ئەو هەناسە رووسییەیان پێوە دیارە کە ئەسترۆفسکی نووسیوویەتی، ئەمە بۆ من گرنگە کاتێک شاکارێکی جیهانی دەبینم و کارەکتەرەکانی دەناسم پێویستە ئەکتەر و دەرهێنەر لە کاتی

نمایشکردنیدا رووخساری ئەو کارەکتەرانەم بۆ نەشێوێنن و وەک خۆیان پیشانی بینەری بدەن، پێشتر زۆر کارەکتەر و شاکاری جیهانیم بینوە ئەگەر لە دەلیل و پۆستەری شانۆییەکەدا نەنووسرایە هەرگیز هەستم بەوە نەدەکرد ئەمە کارەکتەری هۆراشیۆ یان ئۆڤیلیا، یان ستۆکمان و ...هتد ئەگەر من هەست بەوە نەکەم، ئەی بینەرێکی تر چۆن هەستی پێدەکات!

لەم شانۆگەریی زریاندا دەرهێنەر و ئەکتەر زۆر بە دەستاپاکییەوە رۆحی ئەو کارەکتەرانەیان پاراست، پێم وایە ئەگەر ئەسترۆفسکی خۆی لە ژیاندا بمایە دەستخۆشی لەو ئەکتەرانە دەکرد کە کارەکتەرەکانیان بەو راستگۆییە خستووەتە بەرچاوی بینەران.

**سینۆگرافیا وەک روخسارێکی تری نمایش.**

رەگەزێکی تر ئەم شانۆگەرییە پێویستی بە قسە لەسەرکردنە، سینۆگرافیا و دیکۆری شانۆگەرییەکەیە، کاتێک بینەر لە هۆڵێکی گەورە دادەنیشێت و لە رووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە رادەمێنێت یەکەم بەرکەوتنی بینینی لە روکاری دەرەوەی شانۆییەکەوەیە کە ئەویش دیکۆر و سینۆگرافیایە، کە پێم وایە سینۆگرافیا و پانتایی شانۆگەرییەکە بەو ئاراستەیە کاری لەسەر کراوە کە دەرخەری ئەو کەشە گشتی و ئەو باگراوندە هونەرییە بێت کە وەک نەخشە رێگەیەک بۆ خستنە رووی بابەتی شانۆگەرییەکە کاری لەسەر کراوە، ئەگەر لە پێشتردا شانۆ لە رێگەی مۆزیک و جلوبەرگ و ئێکسسوارەوە توانرابێت گوزارشت لە رووخساری نمایش بکرێت، ئەوە لە شانۆی مۆدێرندا سینۆگرافیا جێگیرەوەی هەموو ئەو باس و تایبەتمەندییانەیە، کەرەستەی دانانی سینۆگرافیا لەم شانۆگەرییەدا کەرەستەیەکی ساکارە، بەڵام تەکنیکی شانۆییەکە و ئەو شێوازە کارکردنە تێیدا بووەتە ئەڵقەیەکی تەواو نەکراوی رەگەزەکانی تر و هەموویان پێکەوە توانییان رۆحی کارکردنی ئەسترۆفسکی لە شانۆگەرییەداکە بخەنە روو، بۆ ئەم مەبەستەش پێکهاتەی دیمەن و رەگەزەکانی تری شانۆییەکە هاندەر و پاڵپشتییەکی زۆر باشی دەرکەوتنی سینۆگرافیا بوو بە تایبەتیش رووداو و ململانێی شانۆگەرییەکە بوویە هۆکارێک بینەر زیاتر هۆش و بینینی بەر سینۆگرافیا بکەوێت.

**ریتم وەک رەگەزێکی پۆتۆپی.**

یەکێک لەو رەگەزە شانۆییانەی جاروبار شانۆکاران باسی لێوە دەکەن، ریتمی

شانۆییە، ئەم تەوەرەش لە کۆڕە ڕەخنەییەکە و لەدوای پێشکەشکردنی نمایشە شانۆییەکە بووە خاڵی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی ئەو پرسە، ریتم لە کاری شانۆ و فیلم و تەنانە نمایشێکی ئۆرکسترالیشدا، بوونێکی بەرجەستەکراوی نییە، تەنها رەگەزێکی یۆتۆبییە و لە ئەنجامی شێوازی نواندن و مۆزیک و ململانێ و توانستی دەرخستنی ئەکتەرەوە بە بینەر دەگات، هەموو بینەرێک ناتوانێت دەستنیشانێکی زانستی ریتم بکات، چونکە ریتم تیشک ئاسا بە بەرچاو و بینیندا دەڕوات مەحاڵە هەموو کەس بتوانێت دەستنیشانی بکات، لە کاتی بینینی نمایشەکەدا من یەکێک بووم لەو بینەرانەی کە هەستم کرد گرفت لە ریتمی شانۆگەرییەکەدا هەیە، بەڵام دوای خوێندنەوەی دەقەکە و بە وردی سەرنجدان لە ململانێی ئەکتەر و ڕووداوەکان ئەوەم بۆ دەرکەوت هێشتا پێویست بوو دەرهێنەر زیاتر دەست بە ریتمەوە بگرێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە رۆحی ئەسترۆفسکی نزیکمان بخاتەوە ئەو چیرۆکە تراژیدییە و ئەو مەرگە ئەڤیندارییەمان پێ نیشان بدات!

هەربۆیە ئەوانەی باس لە خاوی و خێرایی ریتم دەکەن پێویستە رەچاوی چیرۆک و ململانێ و شێوازی بونیادنانی تەکنیکی نووسینی ئەو دەقەش بکەن، ناکرێت نووسەرێک ڕوودا و ململانێش دەقێکی شانۆی بە رتمێکی خاو و هەندێ جار بێزارکەر نووسیبێت دەرهێنەرێکی ئەو ریتمە تێک بشکێنێت و ڕووداوەکان هێندە خێرا بکات بینین و هەستی بینەر نەتوانێت بە ڕووداوەکان بگات.

Kamaran.subhan@gmail.com





# نیهاد جامی:

## دەمانەوێ هەموو شوێنێکی ئەم شارە بکەین بە شانۆ، ئەگەر لە ماڵەکەی ئێوە شوێنێکی شیاو هەبێت دێین لەوێش شانۆ دەکەین

**سازدانی: عەبدولستار جەباری**

**جۆن لۆک دەڵێت: "هەر بیرێک نوێ بێت، گومانی لێدەکرێ و پاشان بەرهەڵست دەکرێت، چونکە جارێ نەبۆتە بیرێکی ئاسایی". تیپی شانۆی ئەزموونگەری کە لە شاری کەرکوک داتان مەزراند بەم قۆناغانەدا تێپەڕین؟**

هەر وتەیەکی فەلسەفی کە لە سیاقی خۆی دەرت کرد دوور نییە بەدەرەنجامی ترسناکتدا ببات، دیارە ئەو وتەیە ئەگەر لەسیاقی بەکارهێنانیدا مەبەست لە پڕۆژەی تازەگەری فەلسەفی بێت ئەوە دیارە پەیوەستە بەو قبووڵ نەکردنەی پڕۆژەکە لەلایان کۆمەڵگاوە، مەرج نییە هەر وتەیەکی فەلسەفی توانای ئەوەی هەبێت لە شانۆدا ڕاست بکەوێتەوە، دەشێ دەرەنجامی ئەزموونکارانی شانۆ زۆر سوود مەندتر بن لەبۆچوونی فەیلەسووفێک، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە نەتوانین تێڕوانینی فەلسەفی بگوازینەوە بۆ شانۆ، دیارە ئەوەندەی فەیلەسووفانی وەکو جۆلیا کریستیفا و جاک دریدا لە پڕۆژەی شانۆی توندوتیژیی ئارتۆ قسەیان کردووە شانۆکارەکان هێندە وردبین نەبوونە لەسەر شانۆی ئارتۆ، تەنانەت دریدا لەکتێبی (تارمایەکانی مارکس) کە دەیەوێ وەڵام بە بۆچوونەکانی فۆکۆیاما بداتەوە لەبارەی تێزی کۆتایی مێژوو، ئەم کارەی لەڕێگەی شانۆگەری

(هاملێت) ئەنجامداوە، هەروەها کریستیفا توێژینەوەیەکی قووڵی هەیە بەناوی (ناوی ژیان یان مردن) لەڕێگەی کارەکتەری هاملێتەوە توێژینەوەیەکی دەروونیی و نەخۆشیی زهان دەخاتە روو، ئەوە جگە لە پڕۆژە تیۆریەکەی بەناوی (ئەزموونی شێتی لە شانۆی ئارتۆ) ئەوانە دەرخەری ئەو راستیەن کە پەیوەندیەکی نزیک هەیە لەنێوان شانۆ و فەلسەفە، بەدوای ئەزموونی شانۆی توندوتیژیی و شانۆی هەژار شانۆ لەناو زانستەکانیش بوونی خۆی سەلماند، بۆیە ئەمڕۆ (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) و (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) وەک دوو زانستی شانۆیی دەرکەوتوون و چەندان ئەنترۆپۆلۆژیست و سۆسیۆلۆژیستی شانۆیی وەکو یۆژینۆ باربا و تاداشی سوزوکی وەک دوو ناوی ئەو زانستە شانۆیە دەیانبینین، ئەوانە مانای وایە پەیوەندی شانۆ بە زانست و فەلسەفە لەیەکتری دابڕاو نین، بەڵام ئەو قسەیەی جۆن لۆک کە ئێوە کردوتانە بەدەروازەیەک بۆ پرسیارەکەتان، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە تیپی شانۆی ئەزموونگەری بیری نوێی نەهێناوەتە ناو شانۆ، بەڵکو ویستویەتی گۆڕان لە گوتاری شانۆ درووست بکات، لەسەر ئاستە جیاوازەکانی شانۆ، لەڕووی ئەزموونە جیاوازەکانی شانۆ، هێنانی شانۆ بۆ شوێنەوارە مێژوویەکان و ئەزموونکردن لە ژوور، بنیاتنانی ئەزموونێکی جیاواز بوو، دەمانەوێ هەموو شوێنێکی ئەم شارە بکەین بە شانۆ، ئەگەر لە ماڵەکەی ئێوە شوێنێکی شیاو هەبێت دێین لەوێش شانۆ دەکەین، هەروەها گۆڕینی وشە بە جوڵە و دواتر ئامادە بوونی دەنگ و بنیاتنانی ریتوال، خوڵقاندنی ئەزموونێکی تایبەتە بە تیپی ئەزموونگەری، ئێمە تێڕوانینی بینەران بە دژایەتی ناو نابەین، کەسانێک هەن ویستویانە لەڕێگەی کردەی وەرگرتن بەشێ بن لەو پڕۆژە ئەزموونکارییە کەسانێک کە نەیانتوانیوە لەو ئەزموونە بگەن و بچنە رەهەندە سرووتیەکەی وێنەوە، ویستویانە کارەکە کەم بایەخ بکەن، ئێمە واسەیری ئەوانە ناکەین کە دژی پڕۆژەی ئێمەن، وەک مەسیح دەڵێت: "خوایە بیانبوورە گوناهن" گوناهن بە مانا میتافیزیکیەکەی نا، بەڵکو چەمکی گوناه بەمانا هەژاریەکەی لەڕووی مەعریفەوە، لە خاچدانی مەسیح سزایەک نییە بەڕووی مەسیح، بەڵکو سزادانی کۆمەڵگایە، چونکە نازانن راستی لەخاچ دەدەن، بەواتای ئەوە مەسیح نەبوو هەڵەی کرد بەڵکو جەهلی کۆمەڵگا بوو، ئەو جەهلە بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبووە، ئۆدیب یەکێکە لەو جاهیلانە کاتێ باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی مارە دەکات، ئەوانەی سوکرات ژەهرخوارد دەکەن لەناو ئەو جەهلە دان، ئەوە پێشبینیەکە سوکرات بۆ ئەو جەهلە مەعریفیە چاوەڕوانی دەکات، بۆیە دەڵێت: "جیاوازی من لەگەڵ خەڵکی ئەسینا ئەوەیە من دەزانم کە هیچ نازانم،

بەڵام ئەوان نازانن کە هیچ نازانن" با هەر بەو وتە فەلسەفییە لەسەر پرسیارەکە بووەستین، من لەسەرەتای کارکردنەوە دەزانم شتێکمان نییە ناوی شانۆ بێت، دەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە بەشە نازانراوەکان بگەین، بەڵام ئەوانیتر نازانن کە شانۆمان نییە، دڵنیایی دەدەنە خۆیان کە شانۆی ئێمە لە قۆناغێکی زێڕیندایە.. ئەوە خەوی غەفڵەتی ئەوانە، تۆ دەزانی پاڵەوانەکەی (هارۆڵد بنتەر) دیڤز دیڤز لە شانۆگەری پاسەوان خەون بە پێڵاوێکەوە دەبینێ، خەونی ئێمە ئومێدێکە بۆ هاتنە دی، خەونی ئەوان هەست کردنە بەوەی خەون هاتۆتە دی، من هەمیشە لەگومانێکی قووڵدام بەرامبەر بە شانۆ، بەوەی من دەتوانم چیبکەم؟ هەست دەکەم بە پانزە کاری شانۆیی هێشتا بەوە نەگەیشتووم کە دەمەوێ، ئایا ئەو کارانەی من ئەنجامم دان شایەنی ئەوەن هەر بینەرێک بیبینێت و پێمان بڵێت ئەو شانۆیە دەتوانێ ببێت بە شانۆیەکی گەردوونی؟ ئەوە بیرێکی نوێ نییە ئێمە خستبێتمانە روو، بەهۆی ئەوەی پڕۆژەی بیرکردنەوە لەبنەڕەتدا لە شانۆی کەرکوک بوونی نییە، بەڵام کاری ئێمە پڕۆژەی پشکنین و گەڕانە لەپێناو ئەزموونی جیاواز، بۆیە هەر رەتکردنەوە و دژایەتیەک بێتاقەتمان ناکات، چونکە ئێمە خەمی شانۆمان هەیە، خەمی شانۆ بۆ ئێمە وامان لێناکات کە ساردببینەوە لەکارەکان، بەڵام کاتێ دوو قۆناغی شانۆیی بە نۆ ئەزموونی شانۆیی بەڕێ دەکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە شانۆی ئەم شارە لە ئاستی ئێمەدا نییە، بۆیە لەقۆناغی سێیەممان کارەکانمان دەگوزاینەوە بۆ شانۆی شارەکانی تر، بۆ ئێمە گرنگە بینەرێک هەبێت توانای گفتوگۆ کردنی لەگەڵماندا هەبێت، شانۆی کەرکوک لە ئاستی توانای مندا نییە ناتوانێ گفتوگۆ لەبارەی ئەزموونەکانمان بکات، هیوادارم ئەوە بە لەخۆبایی بوون لێک نەدرێتەوە، بەڵکو ئەوە واقعی شانۆی ئەم شارەیە، ئێمە بەدوای کارەکان گفتوگۆی رەخنەیمان سازکردووە، بەڵام گفتوگۆکان لە ئاستێکی هێندە نزم بووە مرۆڤ شەرم دەکات لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکات، دیارە ئەو قسانەم سەرنج و تێبینیەکانی هاوڕێی شانۆکارمان (کاردۆ) ناگرێتەوە، هەروەها سەرنجەکانی سینەماکار (ئەسعەد عومەر) لەبارەی (ئۆدیبی زەردەشت) و کۆمەڵناس (زیرەک عەبدوڵلا) لەبارەی (ئەنتیگۆنای قەڵا) ناگرێتەوە.

**باکۆتین دەڵێ "وێرانکردنیش هەر داهێنانە" ئایا لە شانۆشدا وێرانکاریی هەر داهێنانە؟**

ببورە من ئەو ناوە ناناسم ناشزانم لە بواری فەلسەفە کار دەکات یان شانۆ، بەڵام وتەکە دیارە چیمان پێ دەڵێت وێرانکردن کاتێ دەبێ بە داهێنان کە تەواوی

بنەماکانی ئەو رابردووە بسڕێتەوە و بوونێکی تر بنیات بنێت، وێرانکردنی برێخت بۆ شانۆی ستانسلافسکی بە داهێنان دەزانم، هەروەها پڕۆژەی ئیلیا کازان لە شانۆی لنکۆڵن سنتەر لە سەر شانۆی ستانسلافسکی داهێنانە، ئەگەرچی ئەو تێگەیشتنی ئەمریکی لەسەر ستانسلافسکی دەگۆڕێت وەک خۆی دەڵێت: "من دژی ستانسلافسکی نیم.. بەڵکو دژی تێگەیشتنی ئەمریکیەکانم بۆ ستانسلافسکی"لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لای شانۆکاری کورد وێرانکردن داهێنانە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زەحمەتە، چونکە ئێمە پڕۆژەیەکمان نییە توانیبێتی گۆڕان لە شانۆ درووست بکات تا بە داهێنان ناوی بەرین، وێرانکردنی کوردی شێواندنی زیاتری شتەکانە، قڵپ کردنەوەی چەمکەکانە بۆ ئاقارێکی تر، جا بێینە سەر ئەوەی کە ئایا ئێمە شانۆی کەرکوک وێران دەکەین بۆ ئەوەی داهێنان بکەین؟ کە لەوە دەچێت پرسیارەکەت بەشێکی پەیوەندی بە شانۆی کەرکوکەوە هەبێت و بەتایبەت بە پڕۆژەی تیپەکەی ئێمەوە، ئێمە شتێکمان لەبەردەستدا نەبووە وێرانی بکەین، نا بە پێچەوانەوە ئێمە هاتووینەتە سەر وێرانە، ئێمە هیچ شتێکمان وێران نەکرد، شانۆیەکی لاواز ئارەزووی نواندن هەبووە نەک مەعریفەیەکی شانۆیی هەبووبێت ئێمە ئەو مەعریفەیەمان لەبەردەستدا بووبێت توێژینەوەمان لەسەر کردبێت و بە مەعریفەی تر گۆڕیبمان، ئەوەی ئێمە کردومانە هەوڵی خۆمان بووە لەسەر کەلاوە خابوور و زەویە وێرانەکان، ئێمە هیچمان وێران نەکردووە تا داهێنانی تیا بکەین نا شتەکان خۆیان بەپێی رۆژگارەکە وێران بووە، ئەگەر توانیبمان کۆشکێکی جوان لەسەر ئەو وێرانەیە درووست بکەین، با دوای ئێمە کەسانێکیتر باس لەو کۆشکە بکەن نەک خۆمان، هەوڵ مەدە پرسیاری ئەوە لەمن بکەیت کە ئەگەر کەس باسی لەو کۆشکە ئەزمونکارییە نەکرد، پێت دەڵێم گرنگ نییە رۆژێک دێت کەسانێک بە ئینسافەوە قسە بکەن و کاریگەری ئەو کۆشکە لەسەر نەخشەی شانۆی ئەم شارە دەست نیشان بکەن.



**ئێوە لەنێو هەندێ لە شانۆکارانی کەرکوکدا بەوە تۆمەتبار کراون کە کارە شانۆییەکانی کەرکوک لەماوەی پێش دامەزراندنی تیپی ئەزموونگەری زەڕبی سفر دەکەن؟**

بۆ ئەوەی پێت بڵێم ئەوە تەنیا تۆمەتێکە، من دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیم کتێبێک بنووسم لەبارەی مێژووی شانۆی کوردی لەکەرکوک، نووسینی ئەو کتێبە باشترین وەڵامە بۆ ئەو قسانە، تۆ لەو کتێبەوە تێدەگەیت کە ئێمە لەناو چ نائومێدیەکی گەورە دەژین، کامەیە هەوڵە شانۆیەکانی ئێمە شانازی پێوە بکەین، با ئەو قسانە هەڵگرین بۆ کتێبەکە، ئێمە ئەو مێژووە ناشێوێنین، بەڵام هەق وایە شتەکان وەک خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەوەی بزانین کامە هەوڵ و گروپ و شانۆکارە کە ئەو بزووتنەوە شانۆییە بەرەو پێش دەبات کامەشە تەنیا خەریکی حیکایەت گێڕانەوەیە، ئەوانەی باس لە مێژووی خۆیان دەکەن ئامادە نەبوون هاوکاری ئەو پڕۆژە مێژووییەی ئێمە بکەن، ئێمە کە ئەو مێژووە بە چاوی گومانەوە سەیر دەکەین کەچی هاتین کتێبێکمان بۆ نووسی، ئەوەش گەواهی ئەوەیە کە خۆمان دانەبڕیووە لە شانۆی ئەم شارە، بەڵام کەسانێک ناتوانن ئەزموونی نوێ و داهێنانی ئەوانیتر ببینن، ئەو کتێبە لەدوای چاپکردنی نائومێدیەکانی شانۆی ئەم شارە دەخاتە روو، ئەوە هەوڵێکە بۆ لابردنی ئەو دەمامکەی کە کەس نەیویستووە لەسەر رووخساری ئەو شانۆیە لای بدات کە تەمەنی ٥٠ ساڵە، بۆیە ئێمە بەدوای درووست کردنی ئارگۆمێنتێک بۆ ئەو شانۆیە بەشێکمان تەرخان کردووە بە ناوی "٥٠ ساڵ لە نائومێدی"، ئەو کتێبە دەبێتە بۆمبایەک بۆ بە ئاگا هاتن لەو خەوە قووڵە، ئەگەرچی زۆرن ئەوانەی نایانەوێ لەخەونی قووڵی رابردوو بە ئاگا بێن، سەبارەت بەوەی کە ئێمە ئەو رابردووە رەت دەکەینەوە و تەنها وێنەیەک بۆخۆمان درووست دەکەین، لەو باوەڕەدا نیم ئەو تۆمەتانە راست بن، بەڵکو ئەوە لە شەڕە کەڵەشێر دەچێت، کەڵەشێری دۆڕاو لەداخا دەچێت لەکۆلیتێک مریشکێکی کڕ کەوتووی سەر هێلکە دەبینێت و بەسەریدا دەفسێ، ئەو قسانە بەو شێوەیە دەبینم، بەهۆی ئەوەی کە ئێستا من وەڵامی ئەو دیدارەی تۆ دەدەمەوە، ماوەی پێشوو دیدارێکی ترم لەگەڵ سازکرا بۆ گۆڤاری نەوشەفەق، هەر ئەم ئێوارەیە دیدارێکی شانۆیی ترم هەیە لەگەڵ رۆژنامەی میدیا، هەفتەی داهاتووش لەگەڵ ئەو گۆڤارە نوێیەی کۆمەڵەی رووناکبیری دەری دەکەن، ئەوانە گەواهی چین؟ ئێوەی رۆژنامەنووسان بۆ ناچن دیدار لەگەڵ ئەو لەشکرە شانۆکارە ساز بکەن، بەڵام دیارە ئێوەش تێبینیی ئەوەتان کردووە کەئەوانە لەناو زەمەنی حیکایەتدان، بۆچی هەموو

ئاراستەکان بەرەو لای ئێمە هاتوون، لەکاتێکدا زۆرجار ئەو گفتوگۆیانە رەت دەکەینەوە، کەسانێک پێیان وایە ئەوە لەخۆبایی بوونی ئێمەیە، بۆیە ئەوەتە بە ناچاری ئەمجارە هەموو دیدارەکانم لەم ماوەیە قبووڵ کردووە، چونکە دەزانم ئێوەش لە پەرۆشیتان بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەم شارە دەتانەوێ دیدو بۆچوونی ئیمە بخەنە روو.

**شانۆکار مەرجە مرۆڤێکی تەواو بێت لەڕووی جەستەیی و ئەقڵیەوە؟**

پێویست بوو ئەو پرسیارە بەجۆرێکیتر بێت، بەڵام هەوڵ دەدەم بەپێی ئەوەی ئێوە دەپرسن چەند سەرنجێکی گشتی بخەمە روو، ئایا هەموو ئەوانەی خاوەنی جەستەیەکی تەندرووست و تۆکمەن شانۆکاری داهێنەرن؟ ئەوە بۆخۆی گومان کردنەوەیە لەجۆری پرسیارەکە، ئایا داهێنەران کێن؟ عاقڵەکان یان شێتەکان؟ ئایا تا ئەمڕۆ شێتی ئارتۆ و بەندکردنی لە شێتخانە حەقیقەتی داهێنانی نەبوو؟ ئایا لەبواری فەلسەفەدا ئەوەی نیتچەی کرد بە گەورەترین فەیلەسووف شێتی نەبوو، تەنانەت من لە کتێبە توێژینەوە فەلسەفیەکەم بەناوی (ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی) ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە و گەیشتوومە بەو دەرەنجامەی کە قبووڵ نەکردنی ژیانی هاوسەری لۆسالۆمی بە نیتچە وای کردووە کتێبی "وەهای گووت زەردەشت" بنووسێت، ئەگەر بگەڕێمەوە سەر شانۆ دیارە داهێنەر کائینێکی کۆمەڵایەتی نییە، د. عەلی وەردی قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: "مرۆڤ تا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دوورە پەرێز بێت و خۆی دوور بگرێت زیاتر بەرەو داهێنان دەڕوات" بۆیە بەدووری مەزانە لە داهاتوودا داهێنەرانی ئێمە بیر لە ژیانی هاوسەری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان نەکەنەوە یاخود ئەوانەی لە ژیانی هاوسەریدا دەژین بەهۆی کێشەی داهێنان و خۆ تەرخان کردن بۆ کاری هونەری ناچاربن هاوسەرەکانیان فەرامۆش بکەن و لێیان جیا ببنەوە، چونکە داهێنەر ناتوانێ بەپێی ئەو دیسپلینە عەقڵیەی کۆمەڵگا بجوڵێتەوە، داهێنەر کۆمەڵگا بە عاقڵی نازانێت، بەڵام چی لە عەقڵ بکەین، ئایا عاقڵەکان بریتین لەو کەسانەی خەریکی کۆمپانیا و شەڕو کوشتار و پارە کۆکردنەوەن؟ ئایا عاقڵەکان ئەوانەن گازی ژەهراوی بەسەر هەڵەبجەدا دەکەن؟ ئەوانەن لەهەر جەولەیەکی شەڕی حزبەکان کراسە رەشەکان لە دۆڵابی پیرەژنەکان دەردەهێننەوە و دەیکەنە بەر خۆیان و کچەکانیان بۆ براو مێرد و باوک؟ ئەوانەن نوقمی نێو پارەن و ژیان لە کۆکردنەوەی پارە دەبینن و چێژ لەسەردانی و میوانداری خزمەکانیان دەبینن؟ ئەگەر وایە من پیاوێکی عاقڵ نیم، چونکە هەموو ئەوانەم تیا بەدی ناکرێت، ژیانی

من بریتیە لە شانۆ و نووسین، ئەمڕۆش نییە خێزانەکەم بە تایبەت دایکم پێی وتوم کە من کەسێکی شێتۆکەم ڕۆژێک تەمسیل و ئەو کتێبانە شێتم دەکەن، بەڵام ئەو شێتییە بۆ خۆی قسەکردنەوەیە لەسەر داهێنان، ئەوە ئەگەر ڕۆژێک من توانیم کەسێکی داهێنەر بم، کە باوەڕم وانییە، بەڵکو ئازارە خودیەکان و تێکشکانە ڕۆحیە گەورەکان ناچارم دەکەن خەریکی شانۆبم، بەڵام لە شانۆدا بەدوای زمانێکی جیاواز بگەڕێم کە پێش من ئەم زمانە ئەزموون نەکرابێت، ئەوە بۆ چەمکی عەقڵ هەرچی پەیوەندی بە جەستەوەیە دیارە باوەڕم وایە ناتەواوی جەستە لای ژان لۆی بارۆ بووە هۆی ئەوەی گەشەی تەواو بە جەستە لە شانۆ بدات و قوتابخانەی تایبەت لە بانتۆمایم دابمەزرێنێ، کاردۆ لە ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) ڕۆژانە بەدوو دارشەقەی ژێر باڵەکانیەوە دەهاتە پرۆڤە لەهەموو ئەکتەرەکان هۆشیارتر و زیاتر دەردەکەوت، لە نمایشەکەشدا بینیتان بوونی ئەو کاریگەریەکی چەند گەورەی لەسەر ئەو پرۆژەی ئەزموونکاریە هەبوو. هەرچی پەیوەندی بە خۆشمەوە هەیە، من منداڵیم بریتی بووە لە جەستەیەکی قەڵەو و ترسنۆک کە لەلایان منداڵان جەستەی من مایەی سووکایەتی کردن بووە، بەهۆی ئەوەی منداڵێکی ترسنۆکیش بوومە نەمتوانیوە جەستەم بە ئارەزووی خۆم بجولێنم و لە کۆڵان یاری بکەم، لەیاری تۆپێنیش لە پشت گۆڵ دانراوم تا تۆپیان بۆبێنمەوە، لەپشت گۆڵ لەسەر بەردێک دانیشتووم و خەیاڵم کردووە گەورە بوومە و بوومە بە پلاتینی و زیکۆ و باولۆ ڕۆسی، هەموو ئەوانە لای من چەپێنراون تا دواجار لە بڕی ئەوەی ببمە یاریزانی تۆپی پێ بوومە شانۆکار و خەیاڵەکانم لەناو شانۆ تەقیونەتەوە، بەڵام ئێستاش ئارەزوویەکی سەیرم بۆ سەیرکردنی یاری تۆپی پێ هەیە، لەسەرەتای هەشتاکانەوە کە منداڵ بوومە هەڵبژاردەی بەرازیلم خۆش ویستووە تا ئەمڕۆش عاشقم بۆی هەیە هەروەها لە یانە عیراقیەکانیش یانەی تەڵەبە ئێستاشی لەگەڵ بێت بە بردنەوەکانی خۆشحاڵ دەبم، بابگەڕێمەوە بۆ شانۆ من ئەگەر منداڵیەکی ئاسایم هەبوایە هەرگیز بەو شێوەیە نەدەبوومە گەڕیدەی جەستە لە شانۆدا، ئەوە سیانزە ساڵە من خەریکی توێژینەوەی جەستەم لە شانۆدا، جگە لەوەی دەنگ کە لەناو ماڵی کوردی دەچەپێنرێت و بێدەنگ دەکرێت تادەگات بە دامەرزاوەکانی وەکو قوتابخانە و مزگەوت، بۆیە دەنگ لای من بەم دواییە بووە بەشێکی تری ئەو پرۆژەی پشکنینی شانۆییە، بە کورتی دەکرێ من لەڕووی دەروونی و جەستە و عەقڵیەوە کەسێکی تەندرووست نەبم لە شانۆدا، وابزانم تۆش واسەیری من دەکەیت بۆیە ئەو پرسیارەت ڕووبەڕووم کردۆتەوە، دەمەوێ شانۆیەک بکەم بەرەنجامی

گەڕان بێت نەک دەق و پلانی دەرهێنانی نووسراو و ئامادەکراو، شانۆ لای من گەڕانە بەدوای ون بوون و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ناخی مرۆڤ، پشکنینی دیاردە کولتوریەکان و ئامادە بوونی فیگوری هەر مرۆڤێکە لەڕووی جەستە و دەنگەوە، ئەوەش وای لێکردووم کاتێ پێم دەڵێن تۆ کە لە کەرکوک لە دایک بوویت و لەهەولێر ژیاویت خۆت بە خەڵکی چ شارێک دەزانی، من ئێستاش خۆم بە خەڵکی ئەمارەتی شانۆ دەزانم من کوڕی شانۆم و هاووڵاتیەکی شانۆکارم.

**دوا رۆژی شانۆی کوردی چۆن دەبینی لە شاری کەرکوک؟**

ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە هەمیشە بە ترسەوە سەیری دەکەم، من ناتوانم پێشبینی بۆ داهاتوو بخەمە روو، بەتایبەت لەم رۆژگارەدا کە تا ئێستا دەزگایەکی شانۆیی لەم شارە بوونی نییە، هەوڵە شانۆیەکان هەوڵی چەند گروپ و گەنجێکی بواری شانۆیە، بەدووری مەبینە ئەو بزووتنەوە شانۆییە بەبێ پشتگیری و هاوکاری ماددی لە داهاتوودا کۆتایی بەخۆی بێنێت، چونکە ئێمە بە تەنیا پێویستمان بەوە نییە نمایشی شانۆیی بەرهەم بێنین، بەڵکو پێویستمان بە گفتوگۆ و بازنەی دیالۆگی شانۆییە کە سیمینار و کۆڕی شانۆیی بگرێتە خۆی، ئەوە جگە لە بوونیماڵپەڕێکی شانۆیی کە رۆژانە نوێژەن بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە شانۆی جیهانی دانەبڕێین و ببێت بە سەرچاوەیەکی دانسقەی شانۆ، هەروەها بوونی مانگنامەیەک لە شێوەی رۆژنامە کە تێڕوانینی رۆژنامەنووسی بۆ بزووتنەوە شانۆیەکە بەرهەم بێنێت، ئەوە جگە لە گۆڤاری شانۆیی و پڕۆژەی چاپکردنی کتێب و هەروەها کردنەوەی وۆرک شۆپ و لابۆری شانۆیی، هەموو ئەمانە ئەگەر لە داهاتوودا دەزگایەکی شانۆیی لە کەرکوک نەیگرێتە خۆی، بە دڵنیایەوە شانۆ بەرەو سست بوون دەچێت و لەوانەیە ئەو بزووتنەوەیە بە تەواوی کپ بێتەوە، ئەگەرچی ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری پڕۆژەیەکمان هەیە ئەگەر بێت و کێشەی ماددی پڕۆژەکە پەک نەخات هەوڵ دەدەین نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوری دابمەزرێنین بەناوی ماڵی شانۆ کە بریتی دەبێت لە "تیپی ئەزموونگەری، گۆڤاری شانۆکار، مونتەدای شانۆی لاوان، ماڵپەڕی شانۆ، پڕۆژەی ١٠٠ کتێبی شانۆیی، لیژنەی رەخنەگرانی شانۆ" بەڵام کێ دەڵێ رەشەباکان بەدژی ڕێرەوی کەشتیەکەی ئێمە رێ ناکەن و هەموو خەونەکانمان لەبار نابەن، هەر بۆ وەڵامی ئەو قسەیەی تۆ قسەیەکی پیتەر بروک دێنمەوە یاد ئەو دەڵێت: "بەداوی شانۆگەری مهابهارتا لێم دەپرسن دوای ئەو شاکارە گەورەیە بەرهەمی داهاتووت چی دەبێت پێیان دەڵێم جەنگ و ئاشتی تۆڵستۆی،

لەڕاستیدا من قەت بیرم لەو کارەی تۆڵستۆی نەکردۆتەوە" لەژێر تێڕوانینی ئەو قسەیەدا دەڵێم: من ناتوانم باس لە دوا ڕۆژی شانۆی کەرکوک بکەم، بەڵام بۆخۆم دەزانم بە پێی بەرنامەیەک کە دووساڵە دام ناوەو بە وردی کاری بۆ دەکەم بەشێکی هاتۆتە دی، کەبریتی بووە لە دامەزراندنی تیپێک و دەرکردنی گۆڤارێکی شانۆیی و ئێستا لە خەیاڵی کردنەوەی ماڵپەڕێکی شانۆیم خەونی گەورەم ئەوەیە کە هەموو پڕۆژەکان لەناو ماڵی شانۆی کەرکوک کۆبکەمەوە، بەڵام ئایا ئەوانە تەنیا خەونی من نین؟





# غەمگین فەرەج

## سامناکترین و کاریگەرترین بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونی میوزیکی کوردیدا، میوزیکژەنەکانن

سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا

**غەمگین فەرەج یەکێکە لە موزیسیانە بەتواناکانی کوردستان، کە هەر لە منداڵییەوە سەرگەمی کاری میوزیک بووە، کاری بۆ زۆر هونەرمەندی کورد کردووە، لەم دیدارە تایبەتەیدا تیشک دەخاتە سەر میوزیکی کوردی و بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی میوزک، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە**

**میوزیک چی دەگەیەنێت لای تۆ؟**

میوزیک ئەو هونەرە پڕ لە رۆحەیە کە هەمیشە ئارامی و ئومێدی پێ بەخشیوم، کام ساتە وەختەی زۆر ماندوو و بێزار بووم لە هەموو ململانێ و گەمە ناجۆرەکانی ژیان، پەنام بۆ میوزیک بردووە، بە تەنها میوزیکە کە تەواو خاڵییە لە هەموو ناشرینییەکان. ئیتر میوزیک بۆ خۆی ئەو زمانە پڕ لە ئەفسوونەیە کە توانای تۆمارکردن و گێڕانەوەی سەرجەم چرکەساتەکانی ژیانی هەیە، زۆر خۆشبەخت و شادوومانم کە لەم کایە گرنگەی دنیای هونەردا خۆم دۆزیوەتەوە.

**بۆچی میوزیک و بەتایبەتیش کەمانت هەڵبژارد؟**

دیارە هەڵبژاردنی میوزیک بۆ من پەیوەست بووە بە پێشینەیەکی منداڵیمەوە، من وەک خەڵکانی تر ناڵێم کە هەر لە منداڵییەوە خولیای میوزیک بووم، بەڵکو هیچ زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم من کە منداڵ بووم بۆ خۆم توانا و سەلیقەیەکی خۆڕسکی میوزیکم تیا درووست بوو بوو، ئیتر ئەمە پاداشتێکی خواوەند بوو یا نازانم، هەر کە منداڵ بووم بە ئامێری ئۆکۆردیۆن زۆر لە ئاواز و میلۆدییە کوردی و فارسی و عەرەبییەکانم دەژەنی بەبێ ئەوەی مامۆستایەکم هەبێت هەمیشە بەدوای ئاوازی نوێدا دەگەڕام، دواتر بەهۆی پشتگیری خانەوادەکەمەوە چوومە نێو ناوەندی میوزیکەوە، کاتێک تەمەنم نۆ ساڵان بوو چوومە تیپی میوزیکی منداڵانی پیرەمێرد بەسەرپەرشستی بەڕێز مامۆستا سەلاح رەوف. دواتر پاش بەردەوامی و فێربوونی شتی تازە کە چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی میوزیک، لەوێ ئامێری کەمانم بۆ هەڵبژێردرا، بەڕاستی هەڵبژاردنی ئەم ئامێرە خواستی خۆمی تیا نەبوو، من لە پەیمانەگە هەستم کرد کە ئەو بوارەی لە دنیای میوزیکدا لە منەوە نزیکە، بواری ئاواز و میوزیک دانان بوو، هەر لەو ساتەوەختانەشەوە هێندەی گرنگیم بەو بوارە داوە، هێندە گرنگیم بە ژەنین و بوارەکانی تری میوزیک نەداوە، هەمیشە یەکێک بووم لەو میوزسیانانەی کە هەوڵم داوە بۆ جێگیربوونی پسپۆڕی و تایبەتمەندی لە بواری میوزیکدا، بۆیە هەمیشە پێم وا بووە هەریەکەو بۆ بوارێک لە بوارەکانی ژیان خوڵقاوە.

**چ کاتێک پەنا بۆ میوزیک دەبەیت؟**

هەمیشە ئەو کاتانە پەنا بۆ میوزیک دەبەم کە دڵنیابم لەوەی کە تێمەو بیرۆکەیەکی میلۆدیم لا درووست بووە و دەبێت چیتر لای خۆم نەمێنێتەوە و ببێتە هەوێن بۆ بەرهەمێکی میوزیکی نوێ، ئەمە جگە لەوەی کەی بزانم جەنجاڵییەکانی ژیان خەریکە ماندووم دەکات، دەچمە ژووری میوزیکەکەی خۆم و گۆرانی و میوزیک بۆ خۆم دەڵێم ئەو ساتەوەختانەم بۆ وەسف ناکرێت، ئەو ئەتمۆسفێرە پڕ لە جوانی و راستگۆییە بەتەنها میوزیک پێی بەخشیووم لە ژیانمدا.

**رەوشی میوزیکی کوردی لەئێستادا لەچ حاڵێکدایە؟**

من ئەم پرسیارەم چەندین جار لێ کراوە، پێم وانییە هیچ کام لەو جارانەی کە ئەم پرسیارەم لێ کراوە وەڵامێکی چڕ و درووستم دابێتەوە، پێم وایە پرسیارەکە قورسە و هەمیشە وەڵام بۆ ئەم پرسیارە وا دەخوازێت کە سەرجەم لایەنەکانی

میوزیکی کوردی بە هەند وەربگیرێت، ئەمەش بۆ خۆی شرۆڤەکارییەکی ورد و چڕی پێویستە. بە بڕوای من میوزیکی ئێمە ئەمڕۆ بە کاریگەری ئەو تەوژمانەی کە گڵۆبالیزم لەتەک خۆی هێناویەتی تاڕادەیەکی باش بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە، ئەمڕۆ ژەنیاری زۆر باش هەیە تەکنیک و شێوازی تۆمارکردن بەرەوپێش چووە، گۆرانیبێژی تاڕادەیەک باش کە لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بڕۆن، سەریانهەڵداوە، بەڵام ئەو دەردە کە زۆر کوشندەیە بۆ ئەم کایەیەی دنیای فەرهەنگی ئێمە، بریتییە لەو تەوژمە ترسناکە لە لاساییکردنەوە و جووینەوەی میوزیک و گۆرانی وڵاتانی دراوسێ و بەردەوام هەوڵدان بۆ ئەوەی کتومت هەموو شتێکمان لەوان بچێت، تەنانەت میدیا و پرۆگرامەکانی تیڤیکانیشمان هەر راستەوخۆ لاساییکردنەوەیەکی دەقاودەقی تورکی و فارسی و عەرەبییە، من نازانم میوزسیان و سترانبێژی ئێمە بۆ نابێت خۆیان بن بۆ بە پشتبەستن بەو هەموو ژێرخانە دەوڵەمەندەی میوزیکی خۆمان نەتوانین ببینە خاوەن شێواز و ئایدیای میوزیکیی خۆمان. لەڕاستیدا ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و زۆریش گرنگە کە ئەم پرسیارانە و مەترسییەکانی ئەم بارە ئاڵۆزەی میوزیکمان دامودەزگا و لایەنی پەیوەندار خەمی لێ بخۆن و بەوپەڕی هەستکردن بە لێپرسراوێتی مێژوویی لە بەرامبەر کلتوور و فەرهەنگی میلەتێک هەنگاوی هەنووکەیی و جدی بنێن.

**بۆچی هەندێ لە هونەرمەندان پەنا دەبەنە بەر میوزیکی بیانی، ئایا ئەمە بێ متمانەیە بە میوزیسیانانی کوردستان، یان چییە؟**

ئاخر نەهامەتییەکە ئەمەیە، ئەمڕۆ جۆرە میوزیک و گۆرانییەک بەرهەم دێت کە هی گەلانی ترە و بۆیە هەر بۆ جێبەجێکردنیشیان دەبێت پەنا بۆ خۆیان ببرێت، خۆ ئەگەر کار و بەرهەمەکان لە ئایدیا و بیرۆکەی خۆمان پێکهاتبێت، هەر خۆشمان بە شێوازێکی زۆر جوان دەتوانین رایپەڕێنین، گرفتەکە ئەوەیە پێدەچێت تا ئەمڕۆش میوزسیانانی ئێمە شتێک لە بنەماکانی میوزیکی خۆیان نەزانن و بەتەنها رەنگە وابزانن کە ژەنینی جوان تەنها ئەوەیە کە ژەنیارێکی تورک یا فارس پێشکەشی دەکات، لەکاتێکدا ئەو ژەنیارە بەتوانایانەی ئێمە گەر بەدوای بنەماکانی میوزیکی خۆماندا بگەڕێن، ئەو کات هەست بەوە دەکەن کە میوزیکی ئێمەش دنیایەکی هێندە پڕە لە میلۆدی جوان، کە لە ژەنینی هەریەک لەو میلۆدیانەدا چەندین شێواز و تەکنیکی ژەنینی زۆر تایبەت جێی دەبێتەوە کە بێ شک سیمایەکی وا جوان دەبەخشێتە میوزیکمان، کە هیچی لە میوزیکی گەلانی

دنیا کەمتر نەبێت، جێی داخە کە ئێمە خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزامان لەو بوارەدا نییە کە بەشێوەیەکی ورد کار بۆ دارشتنی بنەماو سیما دیارەکانی میوزیکی کوردی بکەن، چەند هەوڵێکی کەم لێرەو لەوێ هەن کە هیچ دەستگیرۆییەک ناکرێن، بەتەنها بەم هەوڵە کەمانەش میتۆد و تیۆرە بنەڕەتییەکانی میوزیکی کوردی نایەنە ناساندن. زۆرجار قسەی لەم جۆرانە دەکرێت، بەڵام هیچی بەهەند وەرناگیرێت، ئەم کارانە کاری دەزگا و موئەسەساتی دەوڵەتییە، ئەو دەوڵەتەی لە خەمی زیندووراگرتن و پاراستنی فەرهەنگ و کلتووری گەلەکەیدا نەبێت بێ شک زۆر بەرگە ناگرێت و زوو دادەڕمێت.

**پەیوەندی میوزیک چییە بە رۆحەوە؟**

میوزیک بۆ خۆی یەکێکە لە هونەرە رۆحییەکان، میوزیک بەردەوام لە دیالۆگێکی رۆحیدایە لەگەڵ مرۆڤ، بۆیە زۆرجار کە گوێبیستی میوزیک دەبین هەست دەکەین ڕایەڵێکی بەهێز لەنێوان جەستە و رۆحمان و میوزیکەکەدا هەیە، هەمیشە میوزیک بە زیندوویی لە ناخماندا دەمێنێتەوە، هەر بۆیە یەکێک لەو کایانەی ژیان کە وێنە و چرکەساتە پڕ لە یادەوەرییەکانی ژیانمان بە نەمریی لە ناخدا دەهێڵێتەوە، میوزیک و گۆرانییە، هەریەکێک لە ئێمە لەگەڵ میوزیکێک یا گۆرانییەکدا یادەوەرییەکی وەبیر دێتەوە، بۆیە کاری میوزسیان گەلێک قورسە و مامەڵەیاکی ژیرانە و وریایانە دەخوازێت، میوزیک دۆستی ڕۆح و ناخی مرۆڤەکانە، بۆیە کاری میوزیسیانە کە بەردەوام ئەو رەگەزانەی کە میوزیک و ئاوازەکان بە نەمریی دەهێڵنەوە، تەنها کەرەسەتەی کارکردنیان بێت لەتەک سەرجەم تیۆرە زانستییەکانی میوزیکدا.

**میوزیکی بیانی چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر میوزیکی کوردی؟**

گەر بڕوانینە میوزیکی هەموو دنیا، دەبینین کە میوزیکی گەلەکان سەرجەمیان کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە، کە ئەمەش بۆ خۆی شتێکی تەندرووستە، بەڵام ئەم کاریگەرییانە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە بنەما نەتەوەیی و ڕەسەناکانی میوزیکی ئەم گەلانە لەق بکات و شوناسی میوزیکییان کاڵ بکاتەوە. ئێمە لە وڵاتێکی رۆژهەڵاتدا دەژین کە میوزیکی هەموو وڵاتەکانی دراوسێمان نامۆ نییە پێمان و بەهەمان تیۆر و فۆرم و شێوازی میوزیک کار دەکەین و رەنگدانەوەی میوزیکی هەریەک لەم وڵاتانەی دەوروپشت بەسەر یەکدییەوە بەڕوونی دیارە، بەڵام جیاوازی ئێمە وەک کورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی

دەورووپشت ئەوەیە کە میوزیکی ئەوان بنەما و شوناسی میوزیکیی خۆیان تاڕادەیەکی باش چەسپاندووە، بەجۆرێک کە تێکەڵبوونی میوزیکی بیانی زیان بە ڕەسەنایەتی میوزیکیان نەگەیەنێت، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد وێڕای ئەوەی ژێرخانی میوزیکیمان لە زۆر وڵاتی دنیا دەوڵەمەندترە و بگرە زۆر وڵات سوودمەندبوون لە میوزیکی ئێمە، بەڵام لەبەرئەوەی شوناسی میوزیکمان روون نییە، کە دیارە ئەمە یەکێکە لە خەمە گەورەکانی بێ وڵاتی، بۆیە وەک دەبینین میوزیکی بیانی، بەتایبەت میوزیکی دراوسێکانمان کە تێکەڵ بە میوزیکی کوردی بوون، زیانیان گەیاندووە بە میوزیکەکەمان، هەر بۆیە ئەمڕۆ زۆربەی ئەو میوزیک و گۆرانییانەی گوێمان لێ دەبێت یان تورکییە یا فارسی یا عەرەبی یا لاساییکردنەوەیەکی ستایلە باوەکانی دنیای ڕۆژاوایە کە زۆرجار ئەم کارانە زۆر بە نەشارەزایانە و ساویلکانە دەکرێت. بۆیە هۆشمەندی و بەئاگایی میوزسیان لەم بوارەدا زۆر گرنگە. سوودوەرگرتن لە میوزیکی بیانی و گەلانی تر بە مانای سڕینەوە و لەناوچوونی کەسایەتی میوزیکیی خۆمان نییە.

**بۆچی زۆرجار هەر گۆرانیبێژ دەردەکەوێت و میوزیسیانەکان وەک سەربازی ون وان؟**

ئەمڕۆ لە دنیای میوزیکی کوردیدا بەگشتی تەنها فۆرم و شێوازێک کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاری لەسەر دەکرێت، شێوازی گۆرانییە، ئیتر وەک ئاشکرایە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم شێوازەی میوزیک گۆرانیبێژە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە زیاتر گۆرانیبێژ دیار دەبێت و ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لەبەرئەوەی سرووشتی ئەم فۆرمەی میوزیک بۆ خۆی وایە. ئەوەشمان بیر نەچێت کاتێک میوزیسیان یا کۆمپۆزەری ئەم جۆرە بەرهەمانە دیار نابن و ناناسرێن پەیوەستە بە هۆشیاری گوێگرەوە کە تا چەند لە خەمی ئەوەدان بزانن کام میوزیسیان و ژەنیار و تەکنیککار لەپشت کارەکانەوەن، ئەم هۆشیارییەش لەکاتێکدا دروست دەبێت کە گوێگر بەدوای زۆرێک لە فۆرم و شێوازەکانی میوزیکدا بگەڕێت بۆ گوێگرتن، هەر لەوێشەوە دواجار کە گوێ بۆ فۆرمی گۆرانی رادەگرێت، چونکە شتێک لە میوزیک تێدەگات، بۆیە لە خەمی ئەوەدا دەبێت کە میوزسیانی پشت گۆرانییەکان بناسێت، سەرئەنجام بەلای منەوە ئەمە زۆر گرنگ نییە کار و بەرهەمی شایستە و جوان و نەمر دواجار خاوەنەکەشی بەنەمریی دەهێڵێتەوە.

**بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی میوزیکی کوردی چین؟**

لەڕاستیدا سامناکترین و کاریگەرترین بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونی میوزیکی کوردیدا بە بڕوای من خەمساردیی ئەو کەسانەیە کە سەرگەرمی کارکردنن لەم بوارەدا، میوزیکی کوردی یەکێکە لەو میوزیکانەی لە تەواوی ئەم ناوچەیەدا یەکێکە لەو میوزیکانەی کە هەڵگری چەندین بنەما و سیمای جوان و هونەرییە کە بەرەوپێشچوون و ناساندنی بەشێوەیەکی شایستە کارێکی گران نییە، بەڵام بەو ئاسانییەش نییە، موزیسیانی ئێمەو خەڵکانی ئەم کایەیەی هونەر دەبێت بەتەواوی بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەو میوزیکەی ئێمە پێویستی بە پشتبەستن نییە بە میوزیکی گەلانی تر و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی میوزیکیی گەلانی تر تا بناسرێنرێت، بەڵکو میوزیکی ئێمە دەبێت شرۆڤە و توێژینەوەی زانستی بۆ بکرێت و دواتر دیاری دەدات کە دەبێت چی بکرێت تا ئەم میوزیکە پێشبخرێت و شوناسی خۆی وەرگرێت، بە بڕوای من وەک هەنگاوی یەکەم ئێمە گرنگە بتوانین بەشوەیەکی ڕوون و ڕەها شوناسی میوزیکی خۆمان بناسێنین، کە ئەمەش کاری دەوێت و بەم خەمساردیی و بێئاگاییەی ئێستای ناوەندی میوزیکی کوردی و شارەزایانی فەراهەم نابێت. ڕەنگە چەندین بەربەستی تر هەبن لەبەردەم بەرەوپێشچوونی میوزیکی کوردیدا، بەڵام من سەرجەم بەربەستەکان لەبەردەم ناڕوونی شووناسی میوزیکی کوردیدا بە بەربەستی لاوەکی دەزانم و سەرجەمیان جێبەجێبوونیان دەکەوێتە پاش ئەو قۆناغەی کە بنەماکانی میوزیکمان دیار بوو و ئەم بنەمایانە بوونە تیۆر و دەزگا و کەرەستەی ئەفراندن و جوانکاریی لە دنیای میوزیکماندا.

**ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چی بووە لە پەرەپێدانی میوزیکی بیانی و پەراوێزخستنی میوزیکی کوردی؟**

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئێمە لەبەرئەوەی لە بنەماوە پرۆفیشناڵانەو پیشەیی کار ناکەن، بۆیە نەک زیانیان بە میوزیکی کوردی و ناسنامەی میوزیکی کوردی گەیاندووە، بەداخەوە زیانیان بە سەراپای کایە فەرهەنگی و کلتوورییەکانی ئەم میلەتە بەدبەختە گەیاندووە. یەکێک لەو هەڵە کوشندانەی کە بە بەردەوامی کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردی پیادەی دەکات، پەروەدەکردنی چێژی بینەر و گوێگرەکانییەتی، بەجۆرێک لە میوزیک کە بە تەنها ڕەگەزەکانی میوزیک و گۆرانی کوردی تیا نییە و بە کوردیش ناوزەدیان دەکەن. من هەرگیز لەگەڵ داخراندا نیم بەڕووی میوزیکی دنیادا، بەڵکو پێم وایە گوێگری ئێمە لەڕێگەی

گوێگرتن لە میوزیکی تری دنیاوە دەکارێت ئاستی رۆشنبیری میوزیکیی پەرە پێ بدات، بەڵام ناکرێت گوێگر و بینەری کورد وا تێبگەیەنرێت کە ئەگەر میوزیکی کوردی لە هی وڵاتانی تر نەچێت، ئیتر میوزیکێکی بێ ئەرزش و ئاست نزمە، کاری راگەیاندنە کە موزیسیانەکانی وڵاتەکە بەوە مەحکوم بکات کە ئەرکی نەتەوەییان بەجێبێنن بە نمایشکردنی بەرهەمێک کە هەڵگری سیما و بنەما رەسەنەکانی میوزیکی کوردی بەڕوونی تیا دیاربێت، نەک بەپێچەوانەوە. دواتر ئێمە نابێت پێمان وابێت بە لاساییکردنەوەیەکی ستایل و شێوازە نوێکانی میوزیکی دنیا و نمایشکردنیان لە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆمانەوە ئیتر میوزیکی ئێمە لە ئاستی ئەواندایە و پێکەوە بەیەک رێڕەو دەڕۆین، وڵاتانی دنیا لە خەمی ئەوە تێپەڕیون کە میوزیکیان چییە و بنەمای میوزیکیان چییە، ئێمە یەکێکین لەو میلەتانەی دنیا کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێت کەناڵەکانی راگەیاندنمان بۆ ناسینی فەرهەنگ و میوزیکمان زۆر بە پرۆگرامێکی داڕێژراو کاربکەن، ئێستا بۆ نموونە بڕوانە کەناڵەکانی تیڤی ئەرمەنی یا ئازەری لەوێوە دەزانرێت کە پارێزگاریکردن لە فەرهەنگ و میوزیک چییە و چۆن میلەت و بینەری خۆت بەشێوەیەک پەروەدە دەکەیت، کە میوزیکی خۆی زۆر پێ مەزن و شایستە بە گوێگرتن بێت جێی ئیفتیخاری بێت. بەڕاستی سەرجەم پرسیارەکانت دەرئەنجام دەمانگەیێنێتەوە بەو خاڵەی کە سەراپای کێشەو بەربەست و کەموکورتییەکانی هەریەکێک لە کایەکانی کولتووری و فەرهەنگی هەر میلەتێک پەیوەستە بە ستراتیژی کولتووری دەوڵەتەوە، مەترسییەکانی کاڵبوونەوە و لەناوچوونی بنەماو شوناسە فەرهەنگییەکانی هەر میلەتێک بەلای منەوە هێندەی خەمی بێ زەمینی و بێ وڵاتی قورسە.

**دوایین کار و پرۆژەی هونەرییت چییە؟**

دوا پرۆژەم دانانی میوزیک و ئاواز بوو بۆ بۆ درامای رۆژژمێری شارێک کە بەرهەمی تیپی شانۆی سالارە و نووسینی دڵشاد مستەفا و دەرهێنانی هونەرمەندی ئازیز ئەرسەلان دەرویشە ، گۆرانی دراماکە هاوڕێی ئازیزم کاک عەدنان کاریم دەیڵێت، هاوکات کار لە بەرهەمێکی تری کاک عەدنان-دا دەکەم کە دەبێتە یەکێک لە بەرهەمەکانی سی دی تازەی، هەندێک کاری ترم لەبەردەستدایە، کارێکی ترم لەبەردەستدایە کە پێم خۆشە لەسەر شانۆ نمایش بکرێت، ئەم کارە کارێکی هونەریی گەورە دەبێت نامەوێت زۆر بچمە ناوەرۆکیەوە، بەهیوام کە زەمینە بۆ بەجێهێنانی ئەم بەرهەمە بڕەخسێت. زۆرجاریش بۆ ماوەیەکی درێژ

بێدەنگ دەبم و بەرهەمم نییە، چونکە پێم وایە ئیتر هەندێک جار بێدەنگیش پێویستە و تاڕادەیەکی باش لە مەترسی زۆریی و بۆریی و کاڵوکرچی بەرهەم دەتپارێزت.

**پرۆفایلی غەمگین فەرەج**

غەمگین فەرەج عەبدوڵڵا

لەدایکبووی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٦٩

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢.

بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٩ تەواوکردووە.

مامۆستای بەشی میوزیکی پایمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٦.

ئەندام بووە لە تیپی مزسیقای (پیرەمێرد) لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٦ و دواتر دۆست و ژەنیاربووە لە (تیپی مۆسیقای سلێمانی) تا ساڵی ١٩٨٩،

ئەندام و سەرۆکی بەشی مۆسیقای (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد-مەڵبەندی گشتیی سلێمانی بووە) لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٦.

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.

لە ساڵی ٢٠٠١-ەوە ئەندامە لە هەردوو رێکخراوی هونەری (ستیم) لە وڵاتی سوید و (کۆدا) لە وڵاتی دانیمارک.

خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کار و بەرهەمی میوزیک و گۆرانییە بۆ زۆر لە گۆرانیبێژانی دیاری کورد و لە ژمارەیەکی زۆر لە فێستیڤاڵە هونەریی و میوزیکییەکانی عێراق و کوردستان بەشداربووە، لەزۆربەی فێستیڤاڵە کلتووری و کۆنسێرتە هونەرییە کوردییەکان لە وڵاتی سوید بەشدارییەکی دیاری هەبووە.

خاوەنی چەندین بابەت و نووسینە لەسەر میوزیک لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانی ئینتەرنێت.

خاوەنی کتێبی (دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی میوزیک)ە، کە تایبەت بە باسی فۆرمە میوزیکییە جیهانییەکان و ئێستا وەک پرۆگرامی خوێندن لە بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەخوێنرێت.

کاری میوزیکی بۆ سی دی چەندین گۆرانیبێژ ئەنجامداوە لە وڵاتی سوید.

لە ساڵی ٢٠٠١-ەوە وەک مامۆستای میوزیکی ئامێرەکانی ڤیۆلین و پیانۆ لە خانەی چالاکی لاوان لە شاری ئۆپسالا لە وڵاتی سوید کار دەکات.

# ئازەر نەجیبی:
# زۆرێک لە هونەرەکان تێکەڵاوی یەک بوون

سازدانی: شۆڕش محەمەد
فۆتۆ: یوسف عەبدوڵڵا

**ئازەر نەجیبی خانمێکی دەسترەنگینە لە بواری دیزاینی جلوبەرگ و دیکۆری شانۆییدا، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لەو بوارەدا، کە لە زانکۆی تاران بەدەستیهێناوە. لە سەرەتای مانگی دیسەمبەری ٢٠١٢ لە هۆڵی تەوار پێشانگەیەکی کاری دەستی کردەوەو لەو کاتەشدا بە پێویستم زانی کە ئەم دیدارەی لەگەڵ ئەنجام بدەم.**



**ئەو کارە هونەرییانەی کە لەم پێشانگەیەدا نمایشتان کردووە دەچێتە خانەی چ جۆرێک لە هونەرەوە؟**

– ئێستا لە دونیای مۆدێرندا ناتوانین وەکو جاران هونەرەکان بەشێوەی ستاندارد پۆلێن بکەین و بڵێین ئەمە شانۆ یان سینەما یان شێوەکاریی و هەڵکۆڵین و هتدە. ئێستاکە زۆرێک لە هونەرەکان تێکەڵاو یەکبوون و بە هونەری نوێ و مۆدێرن ناوزەد دەکرێت.

ئەم کارانەی من، چونکە بۆ خۆم لە زانکۆ وانەی دیکۆر و دیزاین و جلوبەرگی شانۆ دەڵێمەوە، کە لە شانۆدا کاردەکەیت وا کار ناکەیت، کە مرۆڤێکی موقەیەد بیت و ئەوەت لە هزردا بێت کە دەبێت بنەماکەی وابێت و موقەیەد بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زهنت خەلاق دەبێت و ئاوەڵا دەبێت. کە زهنیشم وابێت، زۆر کاردەکەم و پێمخۆشە هەموو شتێک، تەنانەت کەرەستەکانی ماڵی خۆم بۆ خۆم دروستی بکەم و تەنانەت جلوبەرگەکانی خۆشم خۆم دروستی بکەم، وەک لەوەی کە بچمە بازاڕ و دیزاینەری خەڵکی دیکە بەکاربهێنم. دەستم بە توانایە و فیکریشم هەیە و زۆر شتیش کە بۆ خۆم نەمتوانیوە ئەنجامی بدەم داومە بە ئافرەتانی دیکە تا بۆم دروست بکەن.

ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم هونەرەی من نمایشم کردووە، ڕەنگە لە هیچ تەرزێکی باوی هونەری ناسراو نەبێت، بەڵام پێی دەڵێن هونەری تەلفیقی، بە واتای هونەرێک کە تێکەڵاوی چەند هونەرێکە. بۆ نموونە من لێرەدا ئاوێنەم دروست کردووە، کە لەسەر شێوازی وەرەقی ئاڵتونی کارم کردووە لەسەری دیکۆباژ، کارم کردووە لەسەر نەقاشی فەڕەنسی کارم کردووە. بەواتای ئەوەی نەقاشیەکەی فەڕەنسام هێناوەو وردم کردووەو شتێکی دیکەم لێ بەرهەمهێناوە.

**تاچەند ئەم جۆرە کارانە پەیوەست دەبنەوە بە کایەی بە بازاڕکردن و فرۆشتنەوە؟**

– هەموو شتێک پێش ئەوەی لە بازاڕ خەڵک بیکڕێت و بیبات، بێگومان کەسێک داهێنەرو دیزاینەری بووە. وەک باوە هەموو شتێکی نوێ ڕەنگە سەرەتا خەڵک نەیەوێت، بەڵام مۆدێل زۆر شتی دەوێت و دەخوازێت، بە نموونە جاران ژن لە چێشتخانەی ماڵەکەیدا بە سێ تا چوار کەرەستە کاری چێشتلێنانی دەکرد، بەڵام ئێستاو لەم ڕۆژگارەدا ڕەنگە سەد کەرەستەی هەمەجۆر بەکاربهێنێت. ئێستا من پێموایە زۆر شت بەلای منەوە کە سەیر بوو لە بینینی ژنانی ئەم بەشە، ئەوە بوو کە من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووم دەبینم ئاوێنەم داناوە، کە بەلای منەوە مانای تیشک و ڕووناکی دەبەخشێت، سەیر دەکەم هیچ گرنگی پێ نادەن و بایەخی پێنادەن. چونکە بەلای منەوەو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئاوێنە واتای

ڕۆشنایی دەگەیەنێت. ئافرەت و ژنانی ئێرە وا چاو لە ئاوێنەکە دەکەن وەک ئەوەی کە تەنها بۆ تەماشاکردن بێت. نەخێر لەلای ئێمە و لە فەرهەنگی کوردیدا ئاوێنە وەک سیمبولی ڕووناکی و تیشک دێت، کە پێویستە لە هەموو ماڵێکدا هەبێت.

دەبێت لەم بوارانەدا فەرهەنگسازی بکرێت و خوێندنەوەمان بۆ شتەکان بگۆڕدرێت. من هەموو ئەو کەرەستانەی کە لەم پێشانگەیەدا دامناوە، بەتەنها وەک شتێکی جوانکاریی دروستم نەکردووە، چونکە من هەر شتێک کە دروست دەکەم دەبێت هەم جوان و هەم بەکارهێنەر بێت.

**گفتوگۆیەکی زۆر هەیە سەبارەت بە پەیوەندیەکانی نێوان هونەرو ناسیۆنالیزم. تۆ تاچەند بۆ ئەم لایەنە کاردەکەیت؟**

-من بە فەرهەنگ و کەلتووری کوردی گەورە بووم، بەلای منەوە زۆر زۆر گرنگە کە بە کەلتوری کوردییانە کاربکەم. ئەگەر ساڵەهاش بچمە ئەورووپاو لە ئەمریکا ژین بکەم، ئەوەی لە دڵمایە و پێی گەورە بووم لە گەڵمدایە و لێم دانابڕێت، بیرەوەرییە کوردییەکەم لەگەڵمدا هاوڕێیە. ئەمەش بەلای منەوە زۆر گرنگە. زۆر کاری مۆدێرنو نوێ دەزانم و ئاشنام پێیان، بەڵام ئەو مۆدێرنێتەیە دەبێت لەگەڵ بیرەوەرییە کوردییەکەمدا تێکەڵ بکەم و نامەوێت بەتەنها وەک کارێکی مۆدێرنانە نمایشی بکەم، بەڵکو دەبێت ئەو مۆدێرنێتەیە تێکەڵ بە کەلتووری کوردی بکەم. چونکە پێموایە جیهان، فەرهەنگ و کەلتوورو دڵپاکی کورد ناناسێت و دەبێت بناسرێت. من بە بەشی خۆم و ئەو شتەی کە خۆم دڵم پێیخۆشە، ئەوەیە کە تا ئەو جێگەیەی دەتوانم ئەم کارە پیشان بدەم. بۆیە بەلای منەوە پێویستە بەهرەمەندەکانی کورد لە هەموو کایە جیاوازەکاندا بەهەمان کارهەستن.

**کاری شانۆ و دیزاینی شانۆت کردووە. ئەزموونت لەو بوارەدا چی بووە. بەتایبەت لەگەڵ شانۆکارە کوردەکان؟**

-ئێمە لە زانکۆ وانەیەکمان هەیە بەناوی دیزاینی شانۆیی. من خۆم ماستەری شانۆم هەیە لە بواری دیزاینی جلوبەرگی شانۆدا. دیکۆر و جلوبەرگ ئامادە دەکەم بۆ کاری دراما و شانۆ و ریکلام، کە لە ئێران زۆر کاری ریکلام دەکرێت و وا دیارە لێرە ئەو لایەنە کەمتر بێت. کاری دراماو شانۆم زۆر پێخۆشە، کارکردنم تیایدا ئاسوودەم دەکات.

زۆرکەس داستان و ڕۆمان دەخوێنێتەوە و کەمتر بەلای خوێندنەوەی شانۆدا دەچێت، بەڵام بەلای منەوە ئەگەر شانۆ بخوێننەوە، ئەوا گومانم لەوە نییە کە عەشقی شانۆ دەبن. چونکە شانۆ کارێکی زیندووە و کاریگەرییەکەشی ڕاستەوخۆیە.

لەشاری تاران لەگەڵ کۆمەڵێک لە شانۆکار و دەرهێنەری شانۆیی پرۆفیشناڵدا کارمکردووە و ئەزموونێکی خۆش بووە بۆ من. ئەوەندەی خۆم لە بینینی جلوبەرگەکان لەبەر ئەکتەرەکان و لەسەر تەختەی شانۆ چێژ دەبینم و خۆشحاڵ دەبم پێی بە جۆرێک تێکرای رۆژەکانی نمایش چوومەتە هۆڵەکە و تەماشای نمایشەکەم کردووە. دەمەوێت بڵێم من بەکاری خۆم و بەوەی کە خوێندوومە چێژ وەردەگرم. پێدەچێت ئەمە چانسێک بێت کە خودا بەخشوییەتە من، کە هەم ئەو وانەیەم خوێندووە و هەم چێژ لە کارەکەم وەردەگرم.

لەو دەرهێنەرانەی کە من کارم لەگەڵدا کردوون بریتین لە دکتۆر قوتبەدین صادقی کە لێرە زۆر بەناوبانگەو لە دواهەمین کارم لەگەڵ دەرهێنەر (هانی مزربان) بوو کە دواهەمین کارم لەگەڵیدا بوو.

پاشان لەگەڵ چەند دەرهێنەرێکی دیکەش لە سەقز کارم کردووە و وۆرک شۆپم سەبارەت بە جلوبەرگی شانۆیی کردۆتەوە.

**دیکۆرو جلوبەرگ، تاچەند بایەخیان هەیە لە شانۆدا، تا چەند ئەم دوو لایەنە بۆ پرۆسەی نمایش‌و شانۆ پێویستن؟**

-من هەمیشە کە لە زانکۆ وانە دەڵێمەوە بە قوتابییەکان دەڵێم پێش ئەوەی پەردەی شانۆ لابدرێت و ئەکتەر دەرکەوێت و خەڵک تەماشای ئەکتەر و جوڵەی شانۆکارەکان ببینن یەکەمین شتێک کە بینەر بەرکەوتنی لەگەڵ دەبێت‌و دەیبینێت دیکۆر و جلوبەرگە. خۆ ئەگەر دیکۆرەکە خراپ بێت، ئەوا لەسەر بایەخ و نواندنی ئەکتەرەکە رەنگدانەوەیەکی سلبی بەجێدەهێڵێت. ئەو شتەی کە بە چاو دەبینرێت زۆر زوتر دەچێتە مێشک و وەردەگیرێت وەک لە دیالۆگ، واتا ئیمەیج و وێنە رۆڵێکی گەورەی هەیە و زۆر زووتر کار لە بینەر دەکات. خراپە لەم بەشەی کوردستان ئەم بوارە لە زانکۆ و پەیمانگە هونەرییەکاندا ئەم لایەنە و ئەم بەشە لە خوێندن نییە. من وام هەستدەکرد کە بێمە کوردستان ئەم بەشە دەبێت و دەتوانم لێرە وانە لەو بەشانەدا بڵێمەوە. ئەو لایەنەش لایەنێکی گرنگە و هەر دەبێت زانکۆ و پەیمانگە هونەرییەکان داییمەزرێنن.

**پرۆژە و خەونی داهاتووتان چییە، لێرە بەئەنجامی بگەیەنن؟**

-بۆ نەورۆز پێشانگەی جلوبەرگی کوردی مێژوویی ئەنجام دەدەم. کارەساتێکی دیکەش ئەوەیە کە باشووری کوردستان هیچ کتێبێکی کوردیتان نییە لەسەر جلوبەرگی مێژوویی کوردیتان، لێرە هیچ سەرچاوەیەک نییە. خەونم ئەوەیە لەبواری ئەو کتێبەدا کتێبێک سەبارەت بەو بوارە گرنگە لەچاپ بدەم.

# سینەمای سێرجی بارادجانۆف



نووسینی: ئەمین ساڵح
و. لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن

(سێرجی بارادجانۆف) بەیەکێک لە دەرهێنەرە سینەماییە رەسەن و پێگەیشتووەکانی سۆڤێت دادەنرێت، ژمارەیەک شاکاری هونەری زۆر جوانی پێشکەشکردوە، تەنانەت (ئەندرێ تارکۆفسکی) بە بلیمەتی سینەمای لە قەڵەمداوە، بۆ چەندینجار دوچاری ستەم و چەوساندنەوە بۆتەوە، نزیکەی ١٦ ساڵی لە بێدەنگیەکی زۆرەملێ یان لە زینداندا بەسەر بردوە، زۆرێک لە پرۆژە سینەماییەکانی رەتکراونەتەوە یا لەباربراون ، سانسۆرێکی زۆر لەسەر کارەکانی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا فیلمە مەزنەکانی سنوریان بڕی و گەیشتنە شاشەکانی جیهان، سەرنجی زۆرێک لە رەخنەگرانیان بەلای وزەیەکی داهێنەرانەی دەگمەندا راکێشا. لەگەڵ (تارکۆفسکی)دا و بە تێڕوانینێکی نوێ و رەسەن و داهێنەرانەوە جۆرە سینەمایەکی جیاوازیان دروستکرد. بە شێوازێک کە زمانێکی مەجازی هەیە. گێڕانەوەیەک کە مۆرکێکی خەیاڵی و سوریالی و شاعیرانەی هەیە، جیاواز

لەوەی کە لە ڕۆژئاوا دروستدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوەندە سینەماییەکانی جیهاندا زۆر ناسراو نییە، تەنیا لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا نەبێت. تەنانەت مەعجەمە سینەماییە تایبەتەکانیش بە شێوەیەکی کورت باسی دەکەن و ئاماژەی بۆ دەکەن. ئامراز و کەرەستەی فیلمەکانی لە ئەفسانە و کەلەپوری میللییەوە وەرگرتووە. فیلمەکانی بریتین لە زنجیرەیەک وێنەی سەرنجڕاکێش کە زۆر بە وردی و وریاییەوە دانراون، پڕن لە کەسایەتی ڕەمزی و خەیاڵی: فاڵگرەوە، گۆرانیبێژ، چیرۆکخوان، کەسانێک کە بەسەر گوریسدا دەڕۆن. (ئەلیکسی کۆروتیۆکۆف) لە بارەیەوە دەڵێت: فیلمەکانی (بارادجانۆف) باس لەوە ناکەن کە پێویستە شتەکان چۆن بن، بەڵکو باس لەوە دەکەن کە شتەکان چۆن دەبن ئەگەر ئەم خۆی دروستکەریان بێت. ناوی ڕاستەقینەی (سەرکیس بارادجانیان)ە، لە ۹ ی حوزەیرانی ۱۹۲٤ لە (تەبلیسی) پایتەختی (جۆرجیا) لە دایک و باوکێکی ئەرمەنی لە دایکبووە. لە ساڵی ۱۹٤۲ – ۱۹٤٥ لە پەیمانگای مۆزیک لە تەبلیسی مۆسیقای خوێندوە و لە ژەنینی ئامێری کەماندا لێهاتوبووە. لە ساڵی ۱۹٤٦دا چۆتە پەیمانگای سینەما لە (مۆسکۆ)، لە ۱۹٥۲ – ۱۹٥٤ وەکو یاریدەدری دەرهێنەر لە ستۆدیۆکانی (دۆفچینکۆ) لە (کییڤ)ی پایتەختی ئۆکرانیا لە ژێر چاودێری (ڤلادیمێر برۆن)دا کاریکردوە.

ساڵی ۱۹٥٤ لەگەڵ (یاکۆف بازلیان) لە دەرهێنانی فیلمی (Andriesh) دا بەشداربووە.

لە ساڵی ۱۹٥۷دا سێ کورتە فیلمی پێشکەشکردوە.

لە ساڵی ۱۹٥۸دا فیلمێکی درامی درێژی بە ناونیشانی (یەکەم کوڕ) دەرهێنا.

پاشان لە ساڵی ۱۹٦۱ دا(ڕابسۆدی ئۆکرانی )و لە ساڵی ۱۹٦۲ دا (گوڵێک لە سەر بەردێکی بچوک)ی دەرهێنا. بەڵام فیلمی (سێبەرەکانی باووباپیرانی ونبومان) سەرەتای چونە ناو فەزای سینەمای جیهانی بوو، نووسینەکانی مژدەی دەرکەوتنی بەهرەیەکەی دەگەمەن و وزەیەکی داهێنەرانەیان دا کە بە هێزەوە خۆی دەسەپێنێت. فیلمەکە دۆزینەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، شاشەی سۆڤێتی نمونەی وای لە شاعریەت و گۆرانی و تایبەتمەندێتی میسۆلۆجی و داستان ئاسادا کە لە بیرەوەری میللییەوە وەرگیراوە بەخۆوە نەدیوە.

ئەو فیلمە لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکاندا زیاد لە ۱٦ خەڵاتی بەدەستهێنا. دوای ئەو فیلمە کێشەکانی (بارادجانۆڤ) لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆڤێتدا دەستیپێکرد و ڕێگەی پێنەدرا ئامادەی ئەو فێستیڤاڵانە بێت کە فیلمەکانی ئەوی تێدا نمایشکراو هەندێکیشیان خەڵاتی خۆیان پێبەخشی. دەسەڵاتدارانی سۆڤێت ژمارەیەک

لەو سیناریۆیانەیان ڕەتکردەوە کە (بارادجانۆڤ) نوسی بوونی، ناچاربوو لە فیلمی دەرهێنەرانی تردا ڕۆڵی بچوک بچوک بگێڕێت. ساڵی ١٩٦٥ دوای ئەوەی کە چەند داواکارییەکی بۆ جیاخوازانی ئۆکرانی ئیمزاکرد، ڕۆژنامەکان بە (نەتەوەپەرستێکی ئۆکرانی)یان تۆمەتبارکرد و فیلمەکانیان بە (فۆرمالیستی) لەقەڵەمدا. دەسەڵاتداران لێی توڕەبون و بە بیانوی خواستی بورجوازیەت و ڕۆحی سۆفیگەری و لادانی ئایدۆلۆژی ڕێگەیان نەدا فیلمی (تابلۆی کییڤ) تەواو بکات. ساڵی ١٩٦٨ لە (کییڤ)ەوە گواستییەوە بۆ (یێریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا. ساڵی دواتر شاکارێکی هونەری بە ناوی (ڕەنگی هەنار) بەرهەمهێنا، دەسەڵاتدارانی سۆڤێت داویان لە (بارادجانۆف) کرد دووبارە فیلمەکەی مۆنتاژ بکاتەوە کە بە (ناڕوونی و چەواشەکار) لە قەڵەمدرابوو، بەڵام (بارادجانۆف) ڕازی نەبوو، بەو شێوەیە ڕێگەنەدرا فیلمەکەی نمایش بکرێت. دەرهێنەر (سێرجی یۆتکفیچ) ڕاسپێردرا فیلمەکە مۆنتاژ بکاتەوە و ٢٠ خولەکی لێ ببڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیلمەکە تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ نمایشنەکرا ئەوەش لە چەند هۆڵێکی بچوکی سینەمایی دیاریکراودا بوو. (بارادجانۆف) نوێنەرایەتی بیری لیبرالی دەکرد کە لە شەستەکاندا لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانەوە بڵاوبۆوە، ئەوەی کە زۆر دەسەڵاتدارانی نارەحەتدەکرد بەرگریکردنی بەردەوامی بوو لە دیموکراسی و مافی نەتەوەکان لە پاراستنی کلتوری نەتەوەی و ئایینی خۆیان، هەروەها لە دژی دەستگیرکردنی ڕۆشنبیرەکانی ئۆکرانیا بوو، دەسەڵاتدارانی سۆڤێتیش لەو کارەی خۆش نەبون کە ڕازی نەبوو شایەتی لە دژی (ڤالەنتین مۆرۆز)ی جیابۆوە بدات. (بارادجانۆف) لە دیسەمبەری ١٩٧٣دا و دوای ئەوەی کە وەزیری کاروباری سینەما ڕازی نەبوو چاوی پێببکەوێت، بروسکەیەکی بۆ وەزیر نارد کە لە ٣٤٠ وشە پێکهاتبوو، تێیدا نارەزایی خۆی لە بەرامبەر خراپبونی بارودۆخی هونەری سینەمایی لە یەکێتی سۆڤێت دەربڕیبوو، حکومەتی بەوە تاوانبارکرد کە گیانی دەستپێشخەری دەکوژێت و ڕێگرە لە گەشەکردنی هەر جۆرە بیرێکی سەربەخۆ.
دوای دوو ڕۆژ لە ناردنی بروسکەکە دەستگیرکرا و چەند تۆمەتێکی ئاراستەکرا لەوانە: بازرگانیکردن بە کاری هونەری و پارچە مێژوییەکان (کە لە کاتی وێنەگرتنی فیلمەکانی لە جوتیارەکانەوە دەستیکەوتووە)، مامەڵەکردن بە دراوی بیانی بە شێوەی نایاسایی، مامەڵەکردن لەگەڵ بازاڕی ڕەشدا، کاری هۆمۆسێکشواڵی، ناچارکردنی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری هۆمۆسێکشواڵانە، کۆکردنەوەی وێنەی ڕووت، بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی زاووزێ، هاندان بۆ خۆکوشتن. (بارادجانۆف) لە بارەی تۆمەتەکانەوە دەڵێت: لە کاتی لێکۆڵینەوەدا

سێ کەس شایەتیان لە سەرم دا کە گوایە ناچارمکردون کاری هۆمۆسێکشواڵانە بکەن. هەر سێکیان دوای ماوەیەک خۆیان کوشت. یەکێکیان (میشیا سینسین)ە کە کوڕی سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی ئۆکرانییە. تەلارسازێکی زۆر بەهرەمەند بوو، بەڵام بووە قوربانیی حکومەتی ئۆکرانی بە تایبەت خودی (ڤلادیمێر شێربتسکی) کە سکرتێرێکی بۆ لیژنەکە دانا و لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوە کە لەسەردەمی (بریجینێف)ەوە وەریگرتبوو. (یۆری ئەلینکۆ) کە وێنەی فیلمی (سێبەرەکانی باووباپیرانی وونبومان)ی گرت لە دادگاییکردنەکاندا ئامادەبوو، سەبارەت بەو پیاوەی کە گوایە (بارادجانۆف) دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەری دەڵێت: لەشولاری لە لەشولای یاریزانێکی تۆپی پێی ئەمریکی دەچێت، لە کاتێکدا (بارادجانۆف) پیاوێکی بچوکی کورتە باڵایە. دەوترێت (بارادجانۆف) لە دادگاییکردنەکەیدا و بە قسەی شایەحاڵێک دانی بەوەدا ناوە کە هۆمۆسێکشواڵە. لە راستیدا هەموو ئەو تۆمەتانە تۆمەتی دروستکراو و بێ بنەما بوون، تەنیا بۆ ئەوە بوون کە دادگاییکردنەکە نەبێتە دادگاییکردنێکی سیاسی. لە کۆتاییدا بەهۆی نەبونی بەڵگەی پێویستەوە دادگا تەنیا یەک تۆمەتی ئاراستەکرد کە ئەویش ئاودیوکردنی کەرەستەی هونەری بوو. دوای دادگاییکردنێک کە سێ ساڵی خایاند، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا دادوەر حوکمی شەش ساڵ زیندانی و کاری سەختی بۆ دەرکرد. (بەهۆی فیلمەکانم و زمانە زبرەکەمەوە خرامە ناو بەندیخانەوە) ئەمە قسەی (بارادجانۆف)ە کە لە ساڵی ١٩٧٨دا واتە تەنیا دوای چوار ساڵ لە زیندان هاتە دەرەوە، لەوانەشە هۆکەی ئەو هەڵمەتە جیهانییەی راگەیاندن بێت کە داوای ئازادکردنی دەکرد. بەڵام دەسەڵاتدران رێگەی سەفەرکردیان لێگرت، هەروەها رێگەیان نەدا هیچ فیلمێکی تر دەربهێنێت، ئەوەبو بە تۆمەتی کۆبونەوە لەگەڵ کەسانی بیانی ناحەزدا بۆ جاری سێیەم دەستگیرکرایەوە، بەڵام دوای بەسەربردنی شەش مانگ لە بەندیخانە ئازادکرایەوە.(جاری یەکەم لە سەردەمی ستالیندا بوو، دەووترێت دوای ئەوەی کە بە کاری هۆمۆسێکشواڵی تۆمەتباردەکرێت لە گرتوخانەیەک دادەنرێت بەمەبەستی راهێنان و هۆشیارکردنەوە. لەو ماوەیەدا لە بەرئەوەی لە گرتنی کامێرا بێبەش بووە پەنای بردوە بۆ فڵچەو چەندین تابلۆ و کۆلاجی کێشاوە، پەنای بردۆتە بەر پێنوس و جگە لە بیرەوەرییەکانی رۆژانەی چەندین سیناریۆشی نوسیوە. (بارادجانۆف) لە رێگەی فیلمە کەمەکانییەوە گوزارشتی لە سیاسەتەکانی (ستالین)کردوە لە بەرامبەر نەتەوەکانی تر، شانازی بە مێژووی کۆمارە نا روسییەکان و کلتوری سەربەخۆیانەوە کردوە، لە فیلمی (رەنگی هەنار)دا باس لە ژیاننامەی شاعیری ئەرمەنی (ئاروتیان) دەکات کە بە

ناوی (سایات نۆڤا) ناسراوە. هەروەها گێڕانەوەی ئەفسانەی بەرگریکردن لە جۆرجیا لە فیلمی (ئەفسانەی قەڵای سورام)دا. لە فیلمی (ئاشیک کریب)یشدا باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی ناو کلتوری ئیسلامی ئازەربایجان دەکات کە هاوشێوەی (هەزار و یەک شەو)ەیە. (بارادجانۆف) لەسەردەمی (پرۆسترۆیکا) دا دوو فیلمی بەرهەم هێنا: (ئەفسانەی قەلای سورام) لە ساڵی ١٩٨٤ و (ئاشیک کریب) لە ساڵی ١٩٨٨دا. هەروەها کورتە فیلمێکیشی دەرهێنا کە ماوەکەی ٢٥ خولەکە بە ناونیشانی (ئەرابیسک لەسەر باسەکانی پیرۆسمانی)، ساڵی ١٩٨٨ لە فێستیڤاڵی رۆتردامدا بەشداریکرد و خەڵاتێکی بەدەستهێنا. ئەو فیلمەی باس لە ژیانی وێنەکێش (پیرۆسمانی) ناکات کە لە ١٨٦٢- ١٩١٨ ژیاوە بەڵکو تابلۆکانی ئەو وێنەکێشەی بەکارهێناوە لەگەڵ چەند دیمەنێکدا کە رەنگدانەوەی زمانە رەمزیەکەی (بارادجانۆف)ە، بەو جۆرە چەندین رەهەندی تر بۆ کارەکانی (پیرۆسمانی) دروست دەکات .

(بارادجانۆف) لە ساڵی ١٩٩٠ دا دوای توشبونی بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**بارادجانۆف باسی چەند بابەتێک دەکات:**

**بەندیخانە**

ئەو ساڵانە نەمرییەکی سەرسوڕهێنەریان پێبەخشیم. نەمردم و رزگارم بوو، چونکە پەیمانم دا وەکو هونەرمەندێک بمێنمەوە، قوتابخانەیەکم لە دەوری خۆم دروستکرد و ناوم نا (قوتابخانەی زەنبەقی). بۆیاخمان نەبوو لەبەرئەوە گوڵی وشککراومان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی ئەو وێنە جوانانە کە دواتر رەوانەی جیهانی ئازاد و (لیلیا) و (بریک) و کەسانی ترمان کردن. کاتێک لە بەندیخانە دەرچوم دەزگای ئاسایش قوتابیەکانمی بانگکرد و داوای لێکردن واز لە وێنەکێشان و دروستکردنی کۆلاج بهێنن، بە بیانووی ئەوەی کە گوایا ئەو کەسەی کە رۆیشتوە (واتە من) شێت و درۆزنە. لە بەندیخانە کاتێک بەندکراوەکانی تر لە دز و جەردە زانیان من هونەرمەندم داوایان لێکردم وێنەی (رووت) یا پۆرنۆگرافیان بۆ بکێشم بۆ ئەوەی بتوانن دەست پەڕ بکەن. نەمتوانی داواکەیان بەجێبهێنم، لە جیاتی ئەوە تابلۆی سروتێکی ژاپۆنیم بۆ کێشان کە ژنە ئیمپراتۆرێکی ژاپۆنی لە شەوی گواستنەوەیدا ئەنجامی دەدات، بەڵام پۆشتەیە، ژن و مێرد هەردووگیان جلوبەرگی رەنگاوڕەنگیان لەبەردایە. تابلۆکە پەست و توڕەی کردن ، چونکە ئارەزوەکانیانی تێرنەدەکرد، لەبەرئەوە بە دار و بەرد تێمکەوتن.

**ئەمریکا**

من لەسەر دەستی سینەمای ئەمریکی و دەرهێنەران و ئەکتەرەکانی گەورە بووم. هەر لەو قوتابخانەیەش دەرچووم.

**جەماوەر**

من بەدوای کۆمەڵێک تەماشاکەری زۆردا ناگەڕێم، ئەگەر کەسێک لە نێو سەدان کەسدا کارەکەمی بە دڵ بێت ئەوا بە موعجیزەی دادەنێم . بۆ ئەوەی جەماوەر بۆ سینەمای شیعری کێش بکەیت و وایان لێبکەیت لە مەجاز و تەداعی تێبگەن، ئەوا پێویستت بە کاتێکی زۆرە. من ناڵێم کە دەبێت فیلم شیعری بێت و هەمووتان لاساییم بکەنەوە و قوتابخانەو قوتابیم بدەنێ. نەخێر، پێویستە بە تەنیا خۆم لە سینەمای سۆڤێتیدا بمێنمەوە تا بزانم مرۆڤایەتی پێویستی بە هونەرەکەی منە یان نا.

**بناغەی هونەریی**

هونەرم و فیلمەکانم گرێدراوی یەکترن. بەبێ یەکتری هیچ کامێکیان بونی نابێت. بناغەی هونەری سینەماییم پێکهێنا، ئەو رووناکیەیە کە لە سەردەمی رێنساسەوە دێت. بناغەی تەواوی کاری هونەریم مینیاتۆری فارسی و نەخشی بیزەنتیە، کە زۆر سادە و ساکارن، بەڵام قوڵییەکی ستاتییەکیان هەیە.

**تارکۆفسکی**

تارکۆفسکی کە ١٢ ساڵ لە من منداڵترە مامۆستای منە. لە (منداڵیی ئیڤان) دا یەکەم کەس بوو وێنەی خەونەکان و بیرەوەرییەکان بەکاربهێنێت بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵە حاڵەتێکی مەجازی .(تارکۆفسکی) یارمەتی خەڵکیدا بۆ ئەوەی گرێکانی مەجازی شیعری بکەنەوە. بە تێڕامان و لێکۆڵینەوە لە (تارکۆفسکی) و پێشکەشکردنی ئەدای هەمەجۆری جیاواز لە بارەیەوە زۆر لە رابردوو بەهێزترە.

**جارێکیان (تارکۆفسکی) لێی پرسیم: بەڕای تۆ من وەکو دەرهێنەرێک لە چ شتێکم کەمە؟**

پێموت: تەنیا لەوەت کەمە کە یەک ساڵ لە بەندیخانەیەکی سۆڤێتیدا بەسەر

بەریت. بەندیخانەی گشتی نا، بەڵکو بەندیخانەیەک کە پاسەوانییەکی توندی لەسەرە.

بە جدیەتێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ وەڵامەکەمدا کرد و وتی: کەواتە تۆ مەبەستت ئەوەیە کە من بەبێ ئەوە ناتوانم ببمە دەرهێنەرێکی گەورە؟

پێموت: تۆ ئێستا دەرهێنەرێکی مەزنی، بەڵام ئەگەر لە من بپرسیت لە چ شتێکت کەمە، ئەوا دەڵێم تۆ لەو جۆر تێڕوانینەت کەمە.

### سینەما بۆ کەڕوولاڵەکان.

وابزانم باشترین سینەمایەک کە دەکرێت دروستبکرێت ئەو سینەمایەیە کە کەڕولاڵەکان پێشوازی لێدەکەن. ئێمە زۆر قسە دەکەین، وشەگەلیکی ئێجگار زۆر هەیە. ئێمە بە وشە داپۆشراوین. تەنیا لە بالێدا هونەرێکی پەتی و پاک دەبینین، ئەدایەکی بێدەنگ و پاک . ئەوە ئەو شتەیە کە من حەزم لێیەتی.

### تەکنیکی بارادجانۆف

گرتە بەلای (باردجانۆف)ەوە بەڵگەیەکی بینراو نییە بۆ رستەیەکی نووسراو، بەڵکو بەیانێکە کە قورسە بە قسە گوزارشتی لێبکرێت یا وەسف بکرێت. گرتە شتێک نییە کە رێکەوت بدۆزرێتەوە، بەڵکو بەدوایدا دەگەڕێیت و دەیدۆزیتەوە.

تێگەیشتنی (بارادجانۆف) بۆ دراما چەندین ساڵی تیشکی لە تێگەیشتنی باوەوە دورە. بەلای ئەوەوە تێڕامان لە بوون درامایەکە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرنجڕادەکێشێت زیاتر لە رووخساری دەرەکی کە دینامیکی ترە. ئەو دراما رەتناکاتەوە، بەڵکو دەیباتە دەرەوەی گێڕانەوە و دەیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە نێوان دەنگ و وێنەدا.

لای (بارادجانۆف) بێدەنگی و جێگری بارگاوین بە ووزە. ئاماژەکان بەردەوام شیعری و سروت ئامێزن. وشە بەهۆی کێشکردنییەوە بەرەو شیعر و گۆرانی دەکەوێتە جوڵە. سروشتی بێدەنگی بەبەراورد لەگەڵ چیرۆکدا لە زۆر حاڵەتەدا بەهۆی جوانییە رەسەنەکەیانەوە بزوێنەر و هاندەر دەبن. هەر فیلمێک لە هەندێ رووەوە لە کۆمەڵە شیعرێکی هەڵبژێردراو دەچێت، یەکێتیەکی سەرتاسەری کە رەنگدانەوەی خۆی لە هەموو لاپەڕەیەکدا دەبێت، نەک وردە وردە لەسەر یەکتری کەڵەکە ببن.

(بارادجانۆف) لە وتارێکی بچوکدا کە لە ساڵی ١٩٨٥دا نووسی، کاری بەکارهێنان و خستنەگەڕی سەرچاوە وێنەییە شێوەکارییەکانی روونکردەوە،

گرنگییەکی کەمی بە پێکهاتەکانی خودی تابلۆکاندا، دەریخست کە شەیدای ڕەنگ و شێوە و رووخسارە ئەبستراکتەکان لە تابلۆکاندا و لەو ڕێگەیەوە خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ یەک ڕێکدەخاتەوە.

**لە فیلمەکانی..**

**ڕەنگی هەنار**

ئەم فیلمە کە (سێرجی بارادجانۆف) لە ساڵی ١٩٦٩دا دەریهێناوە باس لە ژیاننامەی رۆحی شاعیری ئەرمنی (ئەرۆتیۆن سایادیا) دەکات کە بە (نۆڤا) ناسراوە واتە (شای گۆرانی)، لەو فیلمەدا هەندێک لە کارەکانی بەکارهێناوە وەک کلیلێک بۆ ئەو نەریتە ئایینی و کلتوریانەی کە ناوچەکانی قەوقاز و ئەرمینیا و جۆرجیاو ئازەربایجانیان پێدەناسرا، بەڵام فیلمەکە هەروەک بە ناونیشانەکەیدا دیارە ژیاننامەیەکی نمونەیی خودی ئەو شاعیرە ئەرمەنیە نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی سینەما بۆ گوزارشتکردن لەو وێنانەی کە لە ناو شیعرەکانیدان.

(سایات نۆڤا) وەک یەکێک لە شاعیرە (ترۆبادیی)یەکان و داهێنەرانی گۆرانی خۆشەویستی کە خۆی بە ژەنینی ئامێریکی عودەوە پێشکەشی دەکرد ناوبانگی دەرکردوە. لە (تەبلیسی) لە خێزانێکی ئەرمەنی هەژار لە دایکبووە. سەرەتا فەرشی چنیوە، دواتر بۆتە گۆرانیبێژی کۆشکی شاهانە لە جۆرجیا. بە چەندین زمانی جیاواز نووسیویەتی و گۆرانی وتووە. لە ساڵی ١٧٧٠دا چۆتە کڵێسا و لە ساڵی ١٧٩٥دا لەلایەن داگیرکەرانی فارسەوە کوژراوە.

فیلمەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و هەشت بەش و کۆتایی. سەرەتای پێشەکییەکە بە هۆنراوەیەک دەست پێدەکات کە کە (سایات نۆڤا) خۆی نوسیویەتی (من ئەو کەسەم کە رۆحی ئازار دەچێژێت) ئەو قسەیە هاوشێوەی ئازارەکانی مەسیح و نەهامەتییە مێژووییەکانی گەلی ئەرمەنییە. لەو دەستپێکەدا دەقێک دەبینین کە چەند هۆنراوەیەک لە خۆدەگرێت شانبەشانی کۆمەڵێک هێمای پیرۆز و دنیایی کە بەسەر فیلمەکەدا زاڵدەبن. هەشت بەشەکە هاوتای قۆناغەکانی ژیانی (سایات نۆڤا)ی شاعیرن. لە بەشی یەکەمدا ( تەنیا بەشێکە کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە راستییە زانراوەکانی شاعیرەوە هەبێت) منداڵێتی شاعیر لە ناو خێزانێکی هەژاردا دەبینین. (ئەرۆتیۆن)ی بچوک لە کڵێسە فێری ئەوە دەکرێت کە چۆن رێز لە کتێب و هزر و وشە نووسراوەکان بگرێت. خێزانەکەی کە لە (تەبلیسی) جێگیربووە خوری کۆدەکاتەوە و فەرش دەچنێت. ئەو کوڕە بچوکە خۆی فێری سێ پیشە دەکات. فێردەبێت کە چۆن خوری ڕەنگ بکات چۆن تەون چارەسەر

بکات و فەرش بشوات. ئەو کوڕە بچوکە لە ڕێگەی سەیرکردنی پیاوان و ژنانەوە لە گەرماوە گشتیەکاندا درک بە جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەکات، ئەو دۆزینەوەیە لە پڕ دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری. بەشی دووەم باس لەو گەنجە شاعیرە دەکات. (ئەروتیۆن)ی هەرزەکار واز لە تەون دەهێنێت و دەست دەداتە ئامێری عود. ئەو بونەوەرە سروش ئامێزە یا ئەو (من)ە مێینەیەی دووەم کە فریوی دەدات و لە پیشەکەی دوری دەخاتەوە و بە خەونی شاعیرانە دایدەپۆشێت، بەرەو جیهانێکی تری دەبات، جیهانی خەیاڵ و ئارەزو رازو نهێنی. لە کۆتاییدا ژورەکەی بەجێدەهێڵێت تا لە دەرەوە ژیانێکی نوێ تاقیبکاتەوە. لەو قۆناغەدا دەبینین بۆتە مۆسیقاژەنی کۆشکی شاهانە کە شازادەیەکی گەنج حوکمی دەکات. ژیانی ناو کۆشکی شاهانە پڕە لە هەست و شەهوەت و هەڵوەشانەوە. دوای هەڵمەتێکی سەرکەوتوی راو، شازادە لە ناکاو دەمرێت. (ئەروتیۆن) هەست بە خەمێکی قوڵ دەکات. دەگەڕێتەوە بۆ ژورەکەی و هەستەکانی یا وزە سێکسیەکەی دەگۆڕێت بۆ ئامانجێکی باڵاتر. بەڵام لە دەرەوە هەرچی کەرنەڤاڵەکانی ئارەزو و شەهوەتی مرۆیی هەیە لە کوتینی دەهۆڵی شەیتان بەردەوام دەبن. (ئەرۆتیۆن) ژیانی تەنیایی و خواپەرستی هەڵدبژێرێت.

لە بەشی چوارەمدا لە کڵێسە وەردەگیرێت و دەبێتە ڕەبەن. وا دەردەکەوێت کە کڵێسە کۆمەڵگایەکی خۆش بێت و پشت بەخۆی ببەستێت و نان و شەرابی خۆی دروست بکات. (ئەرۆتیۆن) درک بە مەودای نێوان خۆی و ڕەبەنەکانی تر دەکات. لە ئاهەنگە ئاینیە گرنگەکاندا کە دانیشتوانی گوند دەیگێڕن سەرۆکایەتی قوداسەکان دەکات، هەمان شتیش سەبارەت بە زەماوەند و بەخاکسپاردنی مردووەکان و تەعمیدکردن. ئەو خەونێکی هەیە: کڵێسەیەکی پڕ لە مەڕ. لە بەشی پێنجەمدا (ئەرۆتیۆن) بە تەنیا دەبینین. خەون بە منداڵیی خۆی و دایک و باوکە بێدەروەستەکەیەوە دەبینێت. بەخاکسپاردنی باوکی خۆی دەبینێت. لە ناکاو زریانێک هەڵدەکات.

بەشی شەشەم، شاعیرێکی پیرەمێرد بە نائومێدیەوە کڵێسە بەجێدەهێڵێت و بیریشی لای منداڵی خۆیەتی. بە جۆرێک هۆگری عودەکەیەتی وەک ئەوەی ساڵانی رابردوی بۆ بگێڕێتەوە. بە تەنیا دەڕوات، بە ئازارەوە، هەستدەکات ژیانێکی پوچی هەیە. پێشبینی ئەوە دەکات کە فارسەکان وڵاتەکەی داگیربکەن و کڵێسە بڕوخێت.

لە بەشی حەوتەمدا توشی خەمۆکییەکی توند دەبێت و شەیدای ئەوەیە ژیانی خۆی بەجێبهێڵێت. وا بیردەکاتەوە کە مردن (من)ی دووەمیەتی و لەکاتی ناشتنیدا

باوکی و منداڵێتی خۆی لە نێو ئامادەبواندان.

لە بەشی هەشتەمدا (ئەرۆتیۆن) خۆی بۆ مردن ئامادەدەکات. (من)ی دووەمی لە شێوەی فریشتەی زیندوکردنەوەدا دەگەڕێتەوە. داوای لێدەکات لێیخۆش بێت. لە ساتەوەختی مردنیدا خۆی وەک منداڵێک دەبینێت کە بووە بەفریشتە. شاعیر دەمرێت بەڵام (من)ی دووەمی بە نەمری دەمێنێتەوە.

لە رووی مێژوییەوە شتێکی زانراوە کە (سایات نۆڤا) لەساڵی ١٧٩٥دا کۆچی دوایی کردوە، کاتێک فارسەکان بە سەرۆکایەتی (ئاغا محمد خان) هێرشیان کردە سەر جۆرجیاو شاری (تبلیسی)یان گەمارۆدا و هەڕەشەی کۆمەڵکوژییان کرد.

ئەو کاتە (سایات نۆڤا)ی بەساڵاچوو سەرۆکی ئەسقوفەکان بوو. کاتێک بەوەی زانی، کڵێسەکەی بەجێهێشت و روویکردە پایتەخەت بۆ رزگارکردنی خێزانەکەی. توانی منداڵەکانی خۆی رزگاربکات و بیانگوازێتەوە بۆ شارێکی تر، بەڵام نەیویست واز لە ئەرکەکانی خۆی بهێنێت، ئەوەبوو لە رۆژی داگیرکردنی پایتەختدا لە لایەن سوپای فارسەوە گەڕایەوە بۆ شارەکە. لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکدا پەنای بردە بەر کڵێسەیەک کە دواتر لەلایەن فارسەکانەوە گەمارۆدرا و داوایان لێکردن بێنە دەرەوە و بێنە سەر ئایینی ئیسلام، بەڵام ئەوان ئەویان رەتکردەوە، ئەوەبوو بە زۆر هێنرانە دەرەوە و (سایات نۆڤا)یان لە بەر دەرگای کڵێساکەدا کوژرا.

فیلمەکە بریتییە لە زنجیرەیەک رووداوی سەربەخۆ، دیمەنەکان لە یەکتر جیاوازن، ئەو بەشانە هیچ گرێچنێک بە یەکیانەوە نابەستێت، تەنیا پەرەسەندنی کەسایەتی (سایات نۆڤا) نەبێت لە قۆناغی هەرزەکارییەوە بۆ گەنجێتی و پاشان بۆ کاتێک کە دەبێتە پیاوێکی تەواو، لە شاعیرێکی ناو کۆشکی شاهانەوە بۆ عاشقێک و پاشان بۆ رەبەنێک، ئەوە جگە لە پەیوەندی شاعیر بە هونەر و خۆشەویستی و قەدەر و مردنەوە.

لێرەدا چیرۆکێکمان نییە، هێڵە چیرۆکێک هەیە کە ملکەچی ریزبەندیەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو تایبەتمەندی هۆنراوەیەکی وێنەیی لە خۆدەگرێت، بە جۆرێک خۆمان لەبەردەم هەشت بەشی شیعری وێنەییدا دەبینینەوە کە گوزارشت لە قۆناغەکانی شاعیر و ئاواتەکانی و ئەو ویستگانەی دەکات تا دەگاتە قۆناغی پیری و مردنی .

فیلمەکە پێکهاتەیەکی نائاسایی پڕ لە وێنەی دڵگیر هەیە، کە بەشێوەیەکی زۆر جوان رێکخراون و پێکهاتەی وێنەییان تا بڵێت جوانە و لێوان لێوە لە لایەنی

مەجازی. دیمەنەکان بە شێویەکی ئێجگار جوان و نامۆ و سەرسوڕهێنەر بە دوای یەکدا دێن. لێشاوێک وێنەی مەجازی شاشەکە پڕ دەکات و بەسەر تەماشاکەردا دەبارێت. جێی ئاماژە پێدانە کە تەواوی گرتەکان بە کامێرایەکی جێگیر گیراون. زۆرجار کەسایەتییەکان لە کادرەوە دورن و هەندێک جاریش تەماشای کامێرا دەکەن.

**ئەفسانەی قەڵای سورام**

دوای ئاوابوونێکی زۆرەملێ لە شاشە و لە ئەنجامی چاکسازییەکانی یەکێتی سۆڤێتی (بارادجانۆف) گەڕایەوە و فیلمی (ئەفسانەی قەڵای سورام)ی دەرهێنا کە لە کتێبـی (دانییل شونگادزە)وە وەرگیراوە، لە ڕێگەی ئەو فیلمەوە ئەفسانەیەکی دێرینی جۆرجی دەگێڕێتەوە.

ئەفسانە و فیلمەکە باس لە قەڵایەک دەکەن کە هەمیشە لەبەر هۆیەکی نەزانرا و نادیار درز دەبات و دڕوخێت. هەمووجارێک دروست دەکرێتەوە و دەڕوخێتەوە. لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشەیە پەنا دەبەنە بەر فاڵگرەوەیەک ، پێیان دەڵێت کوڕی ئەو پیاوە بکەن بە قوربانی کە عاشقی قەڵاکە بووە دواتر ڕۆیشتووە، ئەو کات قەڵاکە خۆڕاگر دەبێت. پێویستە ئەو گەنجە لە ناو قەڵاکەدا زیندەبەچاڵ بکەن بۆئەوەی قەڵاکە بۆ هەتا هەتایە بمێنێت، ئەگینا هەموو جارێک قەڵاکە دەڕووخێت.

(بارادجانۆف) وەک خۆی دەڵێت کتێبەکەی زۆر بەدڵ نەبوە: کتێبەکە لە رووی ئەدەبیەوە روون و بەپێزە. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام ڕەوتی چیرۆکەکە نەبوو. کتێبەکە لە رووی نەریتی زارەکییەوە باس لە بابەتەکە دەکات و ئاماژیەکی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت کە هاوشانی مانایەکی ویژدانی دیاریکراوە. لە کتێبەکەدا (زهراب) خۆی دەکاتە قوربانی بۆ رزگارکردنی شوراکانی قەڵایەک کە خەریکە دەڕوخێن. پێشبینی هەموو شتێک دەکرێت، ژنێکیش هەیە کە دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، ئەو ژنە خۆشەویستی باوکی (زوهراب)ە. ئێمە چیروکەکەمان گۆڕیوە و قوربانیەکەمان کردۆتە گەنجێک کە هەوڵدەدات خۆی لە خیانەتکاریەکەی باوکی رزگار بکات و خۆی بکاتە قورباتی تا گەلەکەی بپارێزێت. قوربانیدانەکە بە مانا رۆژهەڵاتیەکەی هاتوە، فیلمەکە رەهەندێکی رەوشتی و نیشتمانی وەردەگرێت کە ئیلهامی لە ئەفسانەیەکەوە وەرگرتووە.

ئەم فیلمە وەکو فیلمەکانی پێشوی کراوە بەچەند بەشێکەوە، هەر بەشەو ناونیشان و دەست پێکێکی هەیە، چەند گرتەیەکی یەک لە دوای یەک لە خۆدەگرێت

که بونیادێکی هونەری زۆر دڵگیری هەیە و تێیدا جوڵەیی و جێگیری ئاوێتەی یەکتری بوون. وەکو فیلمەکانی تر رەنگەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە بەکارهێنراون، دەنگ بە شێوەیەکی نائاسایی بەکارهاتووە ، ستاتیکایەکی زۆر سەرنجڕاکێش هەیە .

فیلمەکە لە شێوازەکەیدا سود لەو شێوازە هونەری و ئەدەبیانە وەردەگرێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باوبون. لەم فیلمەشدا وەکو (رەنگی هەنار) کادرەکان لە پێشەوە وێنەگیراون، بەڵام لەگەڵ سودوەرگرتنێکی قوڵتری شوێن و بەکارهێنانێکی فراوانتری دیمەنی سروشتی .

**ئاشیک کریب**

(ئاشیک کریب ١٩٨٨)، دواین فیلمی (سێرجی بارادجانۆف)ە و پێشکەشە بە (تارکۆفسکی)، ئەو فیلمە لە بارەی نەهامەتییەکانی گۆرانیبێژ و شاعیرێکی گەڕیدەی تورکەوەیە کە شەیدایە و لە خۆشەویستەکەی دورە. فیلمەکە لە کورتە چیرۆکێک وەرگیراوە کە شاعیری بەناوبانگی روسی (میخائیل لیرمەنتۆڤ) نوسیویەتی .

مێژوی روداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرین لە ئازەربایجان. بەخشندەی خوایی رووخسارێکی جوان و دڵێکی پاکی و داوە بە (ئاشیک)ی گۆرانی بێژ، ئەوە جگە لە دڵسۆزی و ئەمەکداری بۆ (ماگول)ی خۆشەویستی، دەچێتە داوای، بەڵام باوکی (ماگول) کە بازرگانێکی تورکە، زۆر بە ناشرینی داواکەی رەتدەکاتەوە، چونکە حەز دەکات بیداتە کەسێکی دەوڵەمەند.

(ئاشیک) و (ماگول) پەیمان دەدەن بۆ هەتا هەتایە ئەمەکداری یەکتربن، دواتر (ئاشیک) وڵات بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی کار بکات پارە کۆبکاتەوە. (ماگول) پەیمانی دەداتێ هەزار شەو و رۆژ چاوەڕوانی بکات و رازی نەبێت شوو بەو پیاوە دەوڵەمەندە بکات کە هاتۆتە داوای.

(ئاشیک) دەکەوێتە رێ، دەیەوێت دەوڵەمەند بێت و ناوبانگ پەیدابکات و مارەیی بوکێ کۆبکاتەوە. لە گەشتەکەیدا رووبەڕووی فێڵ و ناپاکی و ستەم و غەدری کەسانێکی پارە پەرست و زاڵم و ستەمکار دەبێتەوە. بەڵام لە سەر دەستی قەشە (جۆرج)یش بە دڵسۆزی و جوانی و سیحر و شتی سەرسوڕهێنەر ئاشنا دەبێت.

(بارادجانۆف) شیکردنەوەیەکی سوریالی بۆ چیرۆکەکە پێشنیاردەکات. کارێکی پڕ لە هێما و وێنەی مەجازی پێشکەش دەکات، دەڵێت: وەکو کارێکی دۆکیومێنتاری وێنەی فیلمەکەمان گرت. لە شیعرەکەی (لێرمەنتۆف)دا کە تا رادەیەک قورسە

بیخەیتە سەر شاشە جلوبەرگ و دیمەنی سروشتی و گاڵتەوگەپێکی بچوکمان بەدیکرد. ئا لەوەدا چیرۆکێکی ئەفسانەیی لە دایک دەبێت.

(بارادجانۆف) ئاراستەی کاری (لیرمەنتۆف)ی لە چیرۆکێکەوە کە لە بارەی سۆز و خۆشەویستیەوەیە گۆڕیوە بۆ چیرۆکێک لە بارەی ستەم و زۆرداریەوە.

(بارادجانۆف) بەم فیلمەی سیانیە قەوقازیەکەی تەواو دەکات ، دوای (رەنگی هەنار) کە لە چیرۆکێکی ئەرمەنیەوە وەرگیراوە (قەڵای سورام) دەردەهێنێت کە چیرۆکێکی جۆرجیە، دوای ئەو دوانەش سود لە چیرۆکێکی ئازەبایجانی وەردەگرێت.

**(بارادجانۆف) لە بارەی ئەو فیلمەوە دەڵێت:**

هەر کەسێک کە لە پێناوی خۆشەویستیدا یا بەهۆی خۆشەویستییەوە تێدەکۆشێت، هەر کەسێک کە بەدوای نمونەی باڵادا وێڵە و دڵی پڕە لە خۆشەویستی، ئەو کەسەی کە گەڕیدە و سەرلێشێواوە، ئەو کەسەی کە دەیەوێت کەڕوڵاڵەکانیش بهێنێتە ناو کۆرسەکەوە. ئەو کەسە (ئاشیک کریب)ی شاعیرە. خوازە و مەجازەکان لە ئاستی منداڵدان، قوڵ و فەلسەفی نین. ئەگەر تۆ شاعیربیت ئەوا قەڵغانەکان لەگەڵ گۆرانییەکەتدا لێکدەخشێن. ئەگەر کوێرەکانت بینی دڵسۆزی خۆتیان پێببەخشە. چاکە و ناسکی لە خەسڵەتەکانی کەسایەتی (ئاشیک کریب)ن. خوازە و مەجاز و شیعر و گۆرانی و کاری زهنی.. ژیانی منداڵ خۆشەویستتر دەکەن. دڵە پاکەکەی (ئاشیک کریب)ە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆشەویستەکەی و ئەویش بە چاوەڕوانی و جوانی خۆی پاداشتی دەکات.

شێوازی فیلمەکە تا رادیەک هاوشێوەی وێنە و تابلۆکانی پێشەون لە فیلمی (رەنگی هەنار)دا لەگەڵ جوڵاندنی کامێرا و دیالۆگ و چیرۆکخوانێک لە پشتی کادرەوە. وێنە شیعریەکان، ئەو هەموو رەنگە، شتێکی ئەفسوناوی و سەرنجڕاکێشن.

**سەرچاوە:**

سینماتک.

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە